تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

# تێگەیشتن لە تیۆرە سیاسییەکان

منتدى اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com
للكتب ( كوردي , عربي , فارسي )

نووسینی
تۆماس سپراگێنز

وەرگێڕانی لە فارسییەوە
فەرشید شەریفی

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقرَا الثقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافي)

بزدابهزاندنى جۆرهها كتيب:سهردانى: (مُنتَدى إقرَا الثقافِي)

www. Iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.Iqra.ahlamontada.com

للكتب ( كوردى ، عربي ، فارسي )

تۆماس ئارتۆر سپراگێنز

# تێگەیشتنی تیۆرە سیاسییەکان

وەرگێڕانی لەفارسییەوە:
فەرشید شەریفی

**ناوی کتێبه بەفارسی**

**فهم نظریه‌های سیاسی، توماس سپریگنز، ترجمهء: فرهنگ رجایی، چاپ سوم ۱۳۷۷. مؤسسهء انتشارات آطاه**

Understanding Political Theory

by Thomas .A. Spragens

Translated by: Farshid Sharifi

# تێگەیشتنی تیۆرە سیاسییەکان




تۆماس ئارتۆر سپراگێنز

وەرگێڕانی: فەرشید شەریفی

**حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**وەزارەتی رۆشنبیری**

**بەڕێوەبەرایەتیی خانەی وەرگێڕان**

**www.roshnbiri.org**

**khanaywargeran@yahoo.com**

- ناوی کتێب: تێگەیشتنی تیۆرە سیاسییەکان
- ناوی نووسەر: تۆماس سپراگێنز
- وەرگێڕانی لە فارسییەوە: فەرشید شەریفی
- بابەت: فەلسەفە
- نەخشەسازی کۆمپیوتەر: نازەنین ساڵح
- نەخشەسازی بەرگ: سۆران عەبدوڵڵا
- زنجیرە: ٩٠
- تیراژ: ١٢٥٠
- ژمارەی( ١٢ )ی وەزارەتی رۆشنبیری سلێمانی پێدراوە.
- چاپ: چاپخانەی کارۆ

ئەم وەرگێڕانە پێشکەشە بەو کەسەی کە ڕۆژانێکی زۆر گوێ

بیستی ئازارەکانم بوەو هاوخەمی دەردەدڵەکانم...

بە شۆڕش جوانڕۆیی

# پێرست


پێشەکی وەرگێڕ (نووسەر لەچەند دێڕێکدا) ١٣

پێشەکی نووسەر ١٥


## وتاری یەکەم


دەسپێك: سیاسەت و تیۆرە سیاسییەکان ١٧

ئامانج و ئامراز لە سیاسەتدا ١٨

ئامانج و گونجانی تیۆرە سیاسیەکان ٢٣

میتۆدەکانی تێگەیشتنی تیۆرە سیاسییەکان ٣٣

"لۆژیکی ناوەکی" لە بەرانبەر "لۆژیکی سەرلەنوێ دروست کراودا" ٣٦

خوێندنەوەی بەرهەمە کلاسیکەکان ٤٢

تیۆری سیاسی: چوارچێوەیەکی چالاك ٤٧

## وتاری دووهەم

قەیران و بینینی بێنەزمی ٥٦

بە کۆمەڵایەتی کردن و رووخاندن ٦٠

بینینی بێنەزمی ٦٩

نیکۆلۆمەکیاڤیلی و قەیرانی سەقامگیری ٧٩

تۆماس هۆبس و قەیرانی دەسەڵات ٨٢

جۆن لۆك و قەیرانی رەوایەتی ٨٦

فەیلەسوفە ڕۆشنگەرەکان و قەیرانی "رژێمی کۆن" ٨٩

ئێدمۆند برێك و قەیرانی شارستانییەت ٩١

کارڵ مارکس و قەیرانی سیستمی سەرمایەداری ٩٣

ژان ژاك رۆسۆ و قەیرانی یەکسانی ئاکاری ٩٦

ئەفلاتوون و قەیرانی دادپەروەری ئەسینایی ١٠٠

## وتاری سێیەم

دەستنیشانکردنی کێشە ١٠٩

هۆکارەکان و چارەسەرەکان ١١١

مەسەلە گشتییەکان لەبەرانبەر مەسەلە تاکەکەسییەکاندا ١١٤
هۆکارە سروشتییەکان لەبەرانبەر هۆکارە دەسکردەکاندا ١٢٥
کێشەی نەزانی: تۆماس پاین لەبەرانبەر ئیدمۆند برێکدا ١٣١
کێشەی شەپاشۆیی: دەستنیشانکردنیڕەش بینانە ١٣٤
کێشەی شەپاشۆیی: دۆزینەوەی ڕەگورپیشەی گەش ١٤٢
دەستنیشانکردنەجۆراوجۆرەکان و دەسنیشان کردنە ١٥٣
مەسەلەکانی تری قۆناغی دەستنیشانکردن ١٥٨
بارودۆخی سروشتی وەك ئامرازێکی دەستنیشانکردنیهۆکارەکان ١٦٢
بابەتی دەستنیشانکردنلە دایلۆگی سیاسی هاوچەرخدا ١٦٦

## وتاری چوارەم

نەزم و خەیاڵ، بنیاتنانەوەی کۆمەڵگا ١٧٠
هەڵوەشانەوەو بنیاتنانەوە ١٧١
کارکردەکانی یۆتۆپیا ١٧٤
دینامیزمی بنیاتنانەوە ١٧٨
نۆرمەکان: مۆدێلەکانی سیستەمەکان ١٨١

دۆزینەوە و داهێنان لە بنیاتنانەوەدا ١٨٣

رەهەندی وجوودیی بنیاتنانەوە ١٨٦

جۆرەکانی بنیاتنانەوەی تیۆری ١٨٩

ئەفلاتوون و کۆمەڵگای دادپەروەر ١٩٦

بناغەدانەرانی کۆمەڵگای ئەمریکا و "ئازادی لەبار" ٢٠١

تۆماس هۆبس و کۆمەڵگای ئاسایش ٢٠٧

ژانژاك رۆسۆ و کۆمەڵگای ئاکاری ٢٠٨

ئەریك فرۆم و کۆمەڵگای ئاقڵ ٢١١

کارڵ مارکس: دوای شۆڕش ٢١٢

بنیاتنانەوە: بواری مێژووی و پێوەندی هەمیشەیی ٢١٧

## وتاری پێنجەم

رێگەچارە ٢٢٢

تەجویزکردنی حەقیقەتەکان وەك رێگەچارە ٢٢٣

پێوەندی نێوان "هەیە" و "دەبێ" ٢٢٧

قورسی و ئاڵۆزیی زانیارییەکان ٢٣٥

ئاسۆی تواناییەکان (قابلییەتەکان) ٢٣٨

سنووورداربوونی ئیمکاناتەکان ٢٤٠
سنوورەکانی "زەرووورەت" ٢٤٥
واقعییەتەکان و وەهمەکان ٢٥٧
واقعییەتە کێشەسازەکان ٢٦٧
بەرنامەوپلان و ئەولەوییەتەکان ٢٧٣
پێشنیارەکان وەك بیروڕاگەلی دوورئەندێش ٢٧٧

## وتاری شەشەم

ئەنجامگیری: تێڕوانین، ڕێگەچارە و باشترین زانست ٢٧٨
توێژینەوەی تیۆری ٢٧٩
نمونەکان ٢٨٤
باشترین زانست ٢٨٩
"تێڕوانین چارەسەرئامێز" و ئەقڵی کردەیی ٢٩٤
سەبارەت بە کەسایەتی و هەندێ ڕووداو و کتێب و ٢٩٨
وشەوزاراوەکان ٣٠٩
سەرچاوەکان ٣١٧

[redacted]

# نووسەر لەچەند دێڕێکدا

تۆماس ئارتۆر سپراگێنز، ساڵی ١٩٤٢ لە ئەمریکا لەدایک بوە. ساڵی ١٩٦٨ لە زانکۆی "دۆك"دا دۆکتۆرای وەرگرتووەو هەر لەهەمان ساڵیشەوە لەو زانکۆیەدا وانەی وتۆتەوەو ئێستاش بەردەوامە لەسەر وتنەوەی وانەکانی تیۆرە سیاسییەکان. سپراگێنز لە بواری تیۆری سیاسیدا چەندین کتێبی نووسیوە و ئێستاش سەرنووسەری گۆڤاری "سیاسەت"ە. لە نووسینەکانیدا داکۆکی لە قوتابخانەی سوننەتگەرایانی زانستی سیاسەت دەکا. لایەنگرانی ئەم قوتابخانەیە پێیان وایە کە بەمەبەستی خوێندنەوەی لقەکانی زانستی سیاسەت، دەبێ کەڵك لە میتۆدی مێژوویی، فەلسەفی و مرۆڤناسی وەربگیردرێت. پۆزیتیڤیستەکانیش کە بە خاڵی بەرانبەری ئەوان لەقەڵەم ئەدرێن، وێڕای ئاکارخوازەکان، لەو باوەڕەدان کە لە زانستی کۆمەلایەتیشدا دەبێ کەڵك لە میتۆدی ئەزمونگەرانی وەربگیردرێت، چونکە ئەوشتانەی کە لەسەر شتە بابەتی و ئەزمونییەکان رانەوەستابن بایەخی زانستییان نییە.

سپراگێنز لەم کتێبەدا و لە کتێبەکانی تریشیدا ئەوەمان پیٚدەڵیٚ کە زانستی کۆمەڵایەتی لەسەداسەدی ئەزموونیی بوونی نییە و لەگەڵ ئەوەشدا بەرهەمەکانی گەورە نووسەرانی ئەندیشەی سیاسی، یەکجار زۆر بەکەڵکی مرۆڤی ئەمڕۆ دێن. شێوەی لێکۆڵینەوەکانی سپراگێنز، ئەو توانایە بە مرۆڤ دەبەخشێت کە باشتر ڕەهەندە قورسەکانی ئەندیشەی سیاسی دەرك بکات.

زانکۆگەلێکی زۆر لە جیهاندا وەك کتێبێکی دەرسی، لە پۆلەکاندا کەڵك لەم کتێبەی سپیراگێنز، وەردەگرن لەوانە لقی زانستی سیاسی زانکۆکانی ئێران. هەربۆیە بە پێویست دەزانریٚ وەك سەرچاوەیەك بۆ خوێندنەوەی تیۆرگەلی سیاسی لەبەردەستی خوێنەری کورددا هەبێت" چونکە تێگەیشتن و دەرك پێکردنی تیۆرە سیاسییەکان، هەنگاوێکە بۆ سەقامگیرکردنی دایلۆگی کۆمەڵایەتی.

دواجار، جێی خۆیەتی ئاماژە بەخاڵێك بدەین، کەسەرچاوەی فارسی ئەم کتێبە لەبەردەستی خوێنەرانی کورد زمانی بەرێزدایە، دوو پێشەکیی وەرگێڕی فارسیەکەی تیایە کەیەکەمیان بۆ چاپی دووەمو دووەمیان بۆ چاپی یەکەمی نوسیون، لەبەرئەوەیی هیچ کامێکیان بەهایەکی زانستیو تیۆری وایان نەبوو بەپێویستمان نەزانی ئەوان وەربگێڕینو لەتوێی ئەم کتێبەدا بڵاویان بکەینەوە.

**فەرشید شەریفی ـــ پاوە ـــ ٢٠٠٢**

# پێشەکی

تیۆرە سیاسییەکان، لای زۆربەی ئەو کەسانەی کە خەریکی خوێندنەوە، یان وتنەوەیانن، شتێکی ئاسایین و گرنگییەکی ئەوتۆیان لایان نەماوە. ئەوان دەزانن کە تیۆرە سیاسییەکان، پیشاندەری رەنگدانەوەی هەندێ لەو زەینە مۆڵئەندێشانەن کە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو مەسەلە گرنگانە ئەکەن کە هەموو مرۆڤێك رووبەروویان دەبێتەوە. ئەوان دەرکیان بەوە کردووە کە بەبێ کەڵك وەرگرتن لە چەمکەکان و هەروەها رێساوچوارچێوەکانی ئەندیشەی سیاسی پێشینان، ناتوانین بە ئاسانی لە سەرگەردانی و پشێویەکانی بارودۆخی ئەم سیاسی سەردەمە هاوچەرخ تێ بگەین.

ئەوان هەروەها دەرکیان بەو زەرورەتە کردووە کەئەبێ راستەوخۆ بگەرێینەوە بۆ سەرچاوەی سەرەکیی تیۆرە سیاسییەکانەوە. چونکە بە خوێندنەوەی هەڵبژاردەیەك لە تیۆرە بەرجستە سیاسییەکان، ناتوانین دەرك بە یەکپارچەیی و لێکهەڵپێکراوی (انسجام) و گرنگیی تیۆرسازیی سیاسی بکەین. ئەو جۆرە هەڵبژاردانە، لەراستیدا رەنگە بە کۆمەڵێك لە نووسینە شەخسییەکانی پێشینان لە قەڵەم بدرێن. بەواتایەکی دیکە، ئەوانە نموونەگەلێکی هەڵبژاردەی وتارو، نامیلکەو قسەو باسە ئەو نووسەرانەن کەبە شێوەی جۆراوجۆر دەرئەبردرێن.

هەڵبەت، لێکۆڵەرەوەی چالاك، سەرەنجام ئەم پشێوی و سەرگەردانی و جیاوازییە ڕواڵەتییانە تێ‌ئەپەڕێنێت و لەچەندوچونی مەسەلەکەش تێ‌ئەگات. بەلاّم بەهەرحاڵ ئەم مەسەلەیە هەروا کارێکی ئاسان نییە، بە تایبەت کە سەرمەشقە دیاردەناسی و متافیزیکییەکانی ئەم سەردەمە، کە توانایەکی یەگجار زۆریشیان هەیە، ئەم کارەیان دژوارتر کردووە.

نووسەر هەوڵی داوە ئەم نووسینە، کە بە شێوەیەکی گشتی توێکاری؟ لە تێورە سیاسییەکان دەکا، بۆ هەموو ئەو خوێندەوارانەی کە حەزیان لە بابەتی ئەندیشەی سیاسییە، ئاسان بێت و بە ئاسانی تێی‌بگەن. مەبەست ئەوە بوە کەبابەتەکان سەرەڕای سادەبوونیان، خوێنەر هیلاكوماندوونەکەن و لەهەمانکاتدا کە رەسەنایەتیشیان بپارێزرێت، وەڕوخەری بیرکردنەوەیەکی تایبەت نەبن.

کاتێك دەتوانین قسە لەسەر سەرکەوتنی ئەم کتێبە بکەین کە بزانین لە فێرکردنی تیۆرە سیاسییەکاندا چ رۆڵێکی ئەبێت و تا چەند خوێنەر تێ‌ئەگەینێت. چونکە تێگەیشتن لە تیۆرە سیاسییەکان، گرنگترە لەوەی کە تەنها کتێبەکانی فەلسەفەی سیاسی بخوێنینەوە و هیچی‌تر. تێگەیشتن لە تیۆرە سیاسییەکان، ڕێگایەکە بەرەو ژیانی تاقی‌کراوەی تاکەکەسی و هەنگاوێکە بۆ دامەزراندنی گوتارێکی کۆمەڵایەتی کە خۆی لە خۆیدا گرێدراوە بەبوونی کۆمەڵگایەکی ئازادەوە.

**تۆماس. ئا سپراگێنز**

## وتاری یەکەم

### دەسپێک:

# سیاسەت و تیۆرە سیاسییەکان

دەستەواژەی "تیۆرە سیاسییەکان" واتای جۆراوجۆری هەیە. ئەمڕۆ، زانستی سیاسەت وەك بینایەکی چەند نهۆم وایە. هەرکام لە نهۆمەکان، یان بەشەکانی زانستی سیاسەت، بەجۆرێك لەجۆرەکان پێوەندییان بە "تیۆر"ەوە هەیە. ئەو کۆمەڵە لە تیۆرە سیاسییەکان، کەلەم کتێبەدا لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکرێ، بە بیروڕای هەندێ کەس، بە "تیۆری گەلی نۆمارتیڤ"و، بە بیروڕای هەندێکی تریش بە "فەلسەفەی سیاسی" لە قەڵەم ئەدرێن. بەوتەی پرۆفیسۆر "شلدۆن ڤۆلین" تەنانەت دەشێت بتوانین ئەو تیۆرانە بە تیۆریگەلێکی "حەماسی" ناودێر بکەین.

ئەگەر بمانەوێت بە باشترین شێوەو بە کەڵك وەرگرتن لە هەر چەمکێك، ناوەڕۆکی ئەم کتێبە دەسنیشان بکەین، [ئەبێ بڵێین کە] ئەو تیۆرەسیاسییانەی تیایداخراونەتەڕوو، هەمان ئەو بابەتانەیەکە لەناو دەستنوسە کلاسیکەکانی وەك "کۆمار"ی

ئـەفلاتوون، "لویاتـان"ی تۆمـاس هـۆبس، هـەروەها "پـەیمانی کۆمەڵایەتی" رۆسۆدا بەرچاو دەکەون. ئەم شاکارانە ئەیانـەوێت وێنایەکی کامڵ و یەکپارچە لە ژیانی سیاسی بە دەستەوە بدەن. وشەی یۆنانی "تیۆریەن" کە وشەی "تیۆری" لـەوەوە وەرگیراوە، بەواتای "روانین، سەرنج دان و تێڕامان"ە. ئەمە هەر ئەو کارەیـە کـە هزرمەنـدە گـەورەکان و کەسـانی تـری وەك ئـەوانیش، کـە چـەندین سـەدە قسـەیان لەسـەر تیـۆرە سیاسـییەکان کـردووە، داوایان لـە مرۆڤ کردووە ئـەنجامی بدەن. ئـەم هزرمەندانـە، مرۆڤ فێری جۆرە تێڕوانینێك ئەکەن کە ئەمە واتاکەیـەتی: "وێنـایەکی هێماییـە لـە گشـتێکی سیسـتماتیك". ئـەوان سـەبارەت بـەدنیـای سیاسـەت ــ کـە مـرۆڤ ناچـارە تیایـدا بـژێت ــ تێـڕوانین و تێگەیشتنێکی هەمەلایەنە ئەخەنەڕوو.

## ئامانج و ئامراز لەسیاسەتدا

بەشێکی گرنگی زانسـتی سیاسـەتی هاوچـەرخ، لێکۆڵینـەوە لەسەر دەسەڵات و هێز ئەکات. زانسـتی سیاسـەت لـە وەڵامـی ئـەم پرسـیارە کـە ئـەڵێ "چ کەسـێك حکوومـەت ئـەکات؟" رێگـە جۆراوجۆرەکـانی بڕیـار دەرکـردن ڕاڤە ئـەکاتو هـەوڵ ئـەدات کـە سەرچاوەکان و چۆنیەتی دەرکردنـی بڕیـارە سیاسـییەکانی نـاو کۆمەڵـگا بدۆزێتـەوە. بەوتـەی "دێڤـد ئەسـتۆن" ئـەرکی زانسـتی سیاسـەت ئەوەیـە کـە "بـەهاکان بـە شـێوەیەکی ئامرانـە لـە نـاو

کۆمەڵگادا دابەش بکات". هەروەها "هارۆڵدلاسڤێل" ڕاشکاوانە دەڵێ "زانستی سیاسەت، لێکۆڵینەوە لەسەر ئەوە دەکا کە" کێ ئەبات، چی ئەبات، کەی ئەباتو چۆن ئەبات؟" خوێندنەوەی ڕەوتی بڕیاردەرکردن، هەم سەرنج ڕاکێشەو، هەم گرنگیشە. هیچ کەسێ ناتوانێت بانگەشەی ئەوە بکات کە بە تەواوەتی کۆمەڵگا دەناسێ، مەگەر ئەوەی کە تێگەیشتنیکی دروستی هەبێت سەبارەت بە بەرنامە و ڕەوت و تایبەتمەندییەکانی ئەو کەسانەی کە بڕیارە سیاسییەکانی ئەو کۆمەڵگایە دەرئەکەن. هەر لەبەر ئەوەشە کە "کۆمەڵناسیی دەسەڵات" بەشێکی زۆری خوێندنەوەکانی زانستی سیاسەت پێکئەهێنێت.

لەگەڵ ئەوەشدا، سیاسەت چەندجۆری هەیە و تەنها بە واتای ململانێکردن بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات نییە. ئەگەر بڕیار بێت ئەو کۆمەڵگایەی لێکۆڵینەوەکەی لە سەر دەکرێ، دۆخی "جەنگی هەموان لەگەڵ یەکتریدا" تێ بپەڕێنێت،ئەوا لەوکاتەدا سیاسەت، شتێکە لە سەرووی "ململانێکردن بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات". هەروەها کۆمەڵگای سیاسی، چوارچێوەیەکە بۆ ئەو پێوەندییە سیستماتیکانەی کە تیایاندا تاکەکان، پێکەوە دەژین و داواکاری و پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکانیان جێبەجێدەکەن. بە کورتی، کۆمەڵگای سیاسی تەقەلایەکی مەبەستمەندی مرۆڤییە کەهەر تەنها ڕووداو، یان دیاردەیەکی ئاسایی نییە. کۆمەڵگای سیاسی، دەسکردی

ئاگایی مرۆڤە، کە بەمەبەستی بەئەنجام گەیاندنی ئامانجە گرنگ و پراکتیکییەکان دائەمەزرێت و بەڕێوە ئەبرێت.

دوائامانجەکانی سیاسەت، لە پێداویستییەکانی ژیانی مرۆڤایەتییەوە سەرچاوە دەگرن. تەنانەت درێژەدان بەژیان لەم دنیایەدا، پێویستی بە هەوڵوتەقەلای ڕێکخراو هەیە. پێکهێنانی جۆرە ژیانێک کە مەبەستی هەر تەنها "مانەوە" نەبێت، هەرچی زیاتر پێویستی بە ڕێکخستنی دەزگا ئاڵۆزە سیاسییەکان هەیە. تاکەکانی مرۆڤ بە مەبەستی رزگار بوون لە بەڵاسروشتییەکان و هەروەها دەسدرێژیکردنی مرۆڤەکانیتر، داوای ئاسایش دەکات. ئەوان پێویستیان بە خواردەمەنی، پۆشتەمەنی و خانووهەیە. ئەوان هەروەها بەڕادەیەکی کەمتر لە پێداویستییە زەرورییەکان، پێویستیان بە کەرەسەگەلێک هەیە کە بەهۆی ئەوانەوە، توانایییە مرۆڤییەکانیان بخەنەگەڕ و گەشەیان پێبکەن. بۆ نموونە، ئەوان پێویستیان بە شێواز گەلێک هەیە بۆ بەدەستهێنانی شوناس و دۆزینەوەی هاوڕێ.

هیچ پێویستیەکی مرۆیی بە تەنها بە "ئارەزووکردن" نایەتەدی. مرۆڤ لە بەهەشتی بەریندا ناژی تا سروشت هەموو داواکارییەکانی بۆ جێبەجێبکات. مانەوە و پێشکەوتنی مرۆڤ، پەیوەستە بە هەوڵ و تەقەلاکانی خۆی. مرۆڤەکان دەبێ بە یارمەتی مێشک و هەروەها دەستەکانیان، دەزگاگەلێک

دابمەزرێنن کە ئەو توانایەیان پێ ببەخشێت تا ببنە "بوونەوەرێکی شارستانی".

بەم پێیە بێ کەواتە ئامانجەکان و کارکردەکانی کۆمەڵگای سیاسی، جۆراوجۆرو فرەچەشنن: لە بنەڕەتدا ئەرکی سیستمی کۆمەڵایەتی، ئەوەیە کە پارێزگاری لەئەندامەکانی خۆی بکات. واتە دەبێ سەلامەتیی گیانی ئەندامەکان مسۆگەر بکرێت. هەروەها سیستمی کۆمەڵایەتی ئەبێ بە شێوەیەك هەوڵ بدات دەسڕەنجی کاروچالاکی تاکەکانی بپارێزێت. بەرتەسکترین زەیینیەت و تێگەیشتن لەسەر کۆمەڵگای سیاسی، ئەبێ لە خۆگری (شامل) ئەو شتە بێت کە جۆن لۆك، بە "پاراستنی گیان و ماڵ و ئازادی" ناودێری ئەکات. جیالەوەش، لەناو زۆربەی کۆمەڵگا مرۆڤییەکاندا، سیستمی بەرهەم هێنانی ئابووری — بەرهەم هێنانی کالاو خزمەتگوزارییەکان - پێویستی بە هەوڵ و تەقەلایەکی بەکۆمەڵی سیستماتیك هەیە. هەر بۆیە پێویستە بەمەبەستی بەرهەم هێنان و دابەش کردنی سەروەت‌وسامان دەزگاگەلێك دابمەزرێنرێت. دامەزراندن و رێکخستنی ئەمجۆرە دەزگا ئیدارییانە، یەکێك لە ئەرکە سیاسییە گرنگەکان. هەر بەو شێوەی کە تیۆرسێنەکان لەسەردەمی ئەرەستۆوە تا سەردەمی مارکس پیشانیان داوە، بوونی ئەم جۆرە دەزگایانە، بۆ ژیان و حکوومەتکردن لەناو هەموو سیستمێکی سیاسیدا یەگجار پێویستە.

لە ئاستێکی بالاترو ئالۆزتردا، کۆمەڵگای سیاسی چوارچێوەیەك دەستنیشان دەکا کە ماناو بایەخ بەژیانی تاکەکانی دەبەخشێ. کۆمەڵگای سیاسی، جۆرە رێکخستنێکی مرۆیی ئەخاتە جێی بێسەروبەرەیی و پشێویەکان. کۆمەڵگای سیاسی وەك درامایەك وایە کە بۆ هاولاتیانی خۆی، رۆڵ دیاری ئەکات. خەڵکیش بە پێی ئەو رۆلانە مانا بە ژیانی خۆیان دەبەخشن. بەوتەی یەکێك لە تیۆرسێنە سیاسییە هاوچەرخەکان، کۆمەڵگای سیاسی، "دنیایەکی بچووك، یان مەنزوومەیەکە کە لەناوەوەو بەهۆی ئەو تاکە هەمیشە داهێنەرانەی کە کۆمەڵگای سیاسی بە ئامرازێك دەزانن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان، مانا پەیدا ئەکات".

کۆمەڵگا سیاسییەکان فەلسەفەی بوونی خۆیان – ئامانجە سەرەکی و بونیادییەکان ـــ بەتەشریفاتێکی زۆرەوە نمایش ئەکەن و پۆلێنیان ئەکەن. ئەندامانی کۆمەڵگایەك، بەوتنی سروودی میللی، سوێندی وەفادار بوون بە ئالاو هەروەها رێزگرتن لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵگای سیاسی، پشتیوانی خۆیان لەو ئامانجە هەرە گەورانەی کە کۆمەڵگا خوازیاریانە، دەرئەبڕن. لە هەندێ کۆمەڵگادا ئەم رێورەسمانە تایبەتمەندی خۆیان هەیە. قوتابخانەکان، چاپەمەنییەکان و یانەهونەرییەکان هەوڵ ئەدەن ئامانجەکانی کۆمەڵگا لە رێگەی بەرنامەکانی خۆیانەوە بەخەڵکی ڕابگەینن. لەناو ئەو کۆمەڵگایانەی کە دیکتاتۆریەتی

ڕەها باڵا دەستە، ئەم هەوڵانە تاڕادەیەك ڕێكوپێك و هەماهەنگ ئەکرێن، تاکوو بە یەك دەنگ و بەیەك ڕەنگەوە ئاراستە بکرێن. تەنانەت لەو کۆمەڵگایانەشدا کە پلووراليزم بە سەریاندا زاڵە، بوونی کۆمەڵگا، نەك تەنها لە ڕێگەی ڕێکخراوە ڕەسمییەکانەوە، بەڵکوو بەهۆی هەستی نیشتمانپەروەری خەڵکییەوە ــ کە لەشێوەی سروودی کێبەرکێ وەرزشییەکاندا دەرئەکەوێت ــ بە حەزو تاسەیەکی زۆرەوە شانازی پێوە ئەکرێت.

## ئامانج و گونجاوی تیۆرە سیاسییەکان

کۆمەڵگا سیاسییەکان، وەك هەموو ئەو دەزگایانەی کە بە دوای ئامانجێکی دیاریکراوەوەن، دەشێت سەرکەوتن بە دەست بهێنن، یان شکست بخۆن. ئەوان، یان بە ئامانجەکەیان ئەگەن، یان بە خراپترین شێوە ئەڕووخێن. کۆمەڵگای سیاسی بەدابین کردنی ئاسایش، پێشکەوتن، دادپەروەری و هەروەها دابینکردنی شەخسییەتی تاکەکەسی بۆ هەموو تاکەکانی، دەشێت ژیانیان بگەینێتە باشترین ئاستی خۆی، یان لە جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەدا، سەرکەوتن بەدەست نەهێنێت و ژیانی تاکەکانی وەك دۆزەخێك لێبکات و، تووشی بەدبەختی، خوێن ڕشتن، ستەم و هەستی پوچیان بکات.

وتمان ئامانجی تیۆرە سیاسییەکان، فەراهەمکردنی "تێڕوانینی هەمەلایەنە"یە لەسەر کۆمەڵگای سیاسی. تیۆرسێنی

سیاسی هەوڵ ئەدات سیاسەت بخاتە پانتاییەکی بەرفراوانەوەو پاشان، "وێنایەکی کامڵ" لە سیاسەت بخاتە بەردەستی موخاتەبەکانیەوە. ئەو، بە تایبەت لەرێگەی لێکۆڵینەوە لەسەر بابەتگەلێکی وەك سروشتی مرۆڤ و تایبەتمەندییەکانی دیکەی جیهانی دەوروبەری، ـــ کە وەك کەرەسەیەکی خاون بۆ خوێندنەوەکانی ـ سیاسەت وەسف ئەکات.

تێڕوانینێکی هەمەلایەنەی لەوجۆرە، هەم تەوسیفیـیە، هەم نۆرماتیڤ (normative) تیۆری سیاسی لە رووی تەوسیفییەوە، گرنگترین ئەکتەرەکان، هۆکارەکان و ئەو چوارچێوانەی کە ژیانی سیاسی ئەهێننە ئاراوە، دەسنیشان دەکا. جیا لەوەش پێوەندییە بنەڕەتییەکانی نێوان ئەو دیاردانەی کە دەستنیشانی کردوون، روون دەکاتەوە. بۆ نموونە، تیۆری مارکسیستی، "هێزە ئابوورییەکان" و تێزەکانی چینە کۆمەڵایەتییەکان" پیشان ئەدات و پێیوایە کە، لە ریزی گرنگترین پرۆسە سیاسییەکاندان. ئازادیخوازەکانی سەردەمی رۆشنگەری، هێزە زانستییەکان و هەروەها بیرکردنەوەیان بەهاندەری پێشکەوتنی مرۆڤ لە قەڵەم ئەدا. تۆماس هۆبس، ئەفلاتوون، ئەرستۆ (وەئەوانی دیکەش) راڤەکارییەکی زۆریان کردووە سەبارەت بە کاریگەریی هەست و نەست و فرەخوازییەکانی مرۆڤ لەسەر سیاسەت. جرمی بێنتام و جیمز مەدیسۆن، بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لەسەر ئامانجی سیاسەت، رۆڵی یاسادانان و

سیستمی "دەستوری" ئەخەنە بەر ڕاڤە و لێکۆڵینەوە. گەڵاڵەی گشتی هەموو تیۆرێیەکی سیاسی، وەسفکردنی هەمەلایەنەی ئەو هەموو "کار" و "کاردانەوە"یەیە، کە لەسەرووی هەراوهوریاکانی سیاسەتدایە.

ئاساییە کە ئەم جۆرە وەسفکردنە هەمەلایەنەی چالاکییەکانی مرۆڤ، بەهۆی بەربڵاوی و بەرفراوان بوونیەوە، ڕەهەندێکی گرنگی نۆرماتیڤیشی هەیە. ئەو دیدگا سیاسییەی کە تیۆرە سیاسییەکان دەیخەنەڕوو، ئاسۆیەکی بەرفراوان لە زانیاریگەلێکی بێلایەن نییە، بەڵکوو ڕەنگدانەوەیەکە لە ڕێکخراوی یان پشێوی، سەرکەوتن یان شکستێکی دڵتەزێن، هاریکاری کۆمەڵایەتی یان جەنگ، پێشکەوتن یان لێکهەڵوەشانەوەن. تیۆرسێنی سیاسی بەخستنەڕووی وێنایەکی گشتی لە سیاسەت، ئەو توانایی بە مرۆڤ ئەدات کە بزانێت کام یەك لە دەزگاکان و ڕەفتارە سیاسییەکانی، وێرانگەر، ناکامڵ، بێ ئەقڵانە، یان نالۆژیکین. بۆ نموونە، ئەرستۆ ئەوە پیشان ئەدات کە هەرکاتێك بەبێ لەبەرچاوگرتنی فەرهەنگی کۆمەڵگایەك، هەندێ دەستوری بۆ دابڕێژرێت، ئەگەرێکی زۆر لە ئارادایە کە ئەو کۆمەڵگایە شکست بخوات. ئەفلاتوون ڕاست نەکردنەوەی هەواو داخوازە دەرونیەکانی ، بەشتێکی مەترسیدار لە قەڵەم ئەدات. هۆبس کێشەکانی پێڕەوی کردنی ئەو داخوازە کورتبینانەی پیشان ئەدات کە بیر لەو کارەساتانە ناکەنەوە

کەدەشێ دواجار لێیان بکەونەوە، مارکس نالۆژیکی بوونی "کالاپەرستی" روون دەکاتەوە، دواجاریش مەدیسۆن ئەوە روون دەکاتەوە کە ئەگەر حکوومەت بە تاکێك بسپێردرێت، چ ئاکامگەلێکی خراپی لێدەبێتەوە. تیۆری سیاسی، بە لەبەرچاوگرتنی زەمینەی گشتی پێداویستییەکان و تواناییەکانی مرۆڤ ـ کە پێش هەمووشتێك لە سیاسەتەوە سەرچاوە دەگرن ـبوار بۆ ئەوە ئەڕەخسێنێت کە کاروبار و هەروەها پلەوپایە سیاسییەکان بە شێوەیەکی ئاقلانە داوەرییان لەسەربکرێت. هەروەها دیدگایەك دێنێتە ئاراوە تا لە رێگای ئەو دیدگایەوە، بزانین چی ئەکەین و کارەکانمان چۆنن؟

کەواتە، تەواو ئاشکرایە کە تیۆرە سیاسییەکان، تەنها حەزو ویستێکی وانەیی و زانکۆیی نین، بەڵکوو بە تەواوەتی پێوەندییان بە بابەتە کردەیی و رۆژانەکانی سیاسەتەوە هەیە. راستە کە تیۆرسێنی سیاسی، تارادەیەك بۆ تێرکردنی داخوازە شەخسییەکانی خۆی ـ واتەبۆ تێگەیشتن لەو جیهانەی کە تیایدا دەژی ـ دەنووسێت، بەڵام تا رادەیەکی زۆریش بۆ قازانج و کەڵك وەرگرتنی موخاتەبەکانی خۆی دەنووسێت. تارادەیەك هەموو تیۆرسێنە سیاسییەکان، ئاگاداری ئەوەن کە ئەگەر خەڵك گوێ لە رێنماییەکانیان بگرێت، بارودۆخەکە باشتر دەبێ. بۆ نموونە، هۆبس ئەڵێ "ئەم حەقیقەتە تیۆرییە، بگۆڕن بە حەقیقەتێکی پراکتیکی". کەواتە ئامانجی تیۆرە سیاسییەکان ئەوەیە، وا لە

جیهانی سیاسەت بکەن کە بەئاسانی تێی بگەن، تاکو لەو ڕێگەیەوە بەرەو ڕێگەی ڕاست ڕێنمایی بکرێین. لە سیاسەت، نەقشەیەکی جوغرافیاییمان بۆ ئەکێشێت تا پێمان بڵێ لە کوێین و چ ڕێگایەك ئەمانگەیێنێتە ئەو شوێنەی کە مەبەستمانە؟

هەندێ لە تیۆرسێنەکان لەو باوەڕەدان کە مرۆڤ بە پێڕەوی کردنی وتە حەکیمانەکانی ئەوان، دەتوانێ کێشمەکێش و نەداری و هەژارییە کۆمەڵایەتییەکان لەناو بەرێت و سیستمێکی ڕێکوپێك و لەباری سیاسی بهێنێتە ئاراوە. ئەو کەسانەش کە کەمتر گەشبینن، ئومێدەوارن کە تێگەیشتنی سیاسی، بەلانی کەمەوە لە ژمارەی کارەساتە "بالقوە"کان کەم بکاتەوە. بۆ نموونە، هۆبس کە بەگشتی دیدگایەکی سیاسی ڕەشبینانەو تراژیدیانەی هەیە، لەو باوەڕەدایە کە تیۆرە سیاسییەکانی ئەو، ئێمە لەو ژیانە ڕزگار ئەکات کە "تەنیا، بێ ئەنوا، ناشیرین، دڕندەوکورت"ن.

ڕاستییەکەی ئەوەیە تیۆرە سیاسییەکان، تێڕوانین گەلێ سەبارەت بە سیاسەت ــ وێناگەل سەمبولێکی لە گشتێکی سیستماتیك ــ ئەخەنەڕوو. ئەوانە لە ناو ئیستعارەگەلێکدا شاراونەتەوە کە لەبەشێکی زۆری کتێبە کلاسیکەکاندا بەرچاودەکەون. جیالەوەش، زۆربەی ئەم ئیستعارانە بە دەستەواژەگەلێك بەیانکراون کە گرنگیی کردەیی ئەو تیۆرانە پیشان بدەن. ئامانجی تیۆرە سیاسییەکان، سڕینەوەی ئەو کەمو

کوڕیانەیە کە زۆربەی کات لە سیاسەتدا دەبینرێن و رەنگە هەندێ ئاکامی خراپیان لێبکەوێتەوە. موناجات نووسەکان لەو باوەڕەدان کە ئەگەر "تێروانین" نەبێت،لەناوچوونی خەڵك شتێکی حەتمییە. زۆربەی تیۆرسێنەکان دەتوانن ئەم ئامۆژگارییە بکەن بە دروشمی خۆیان.

بۆ نموونە رەنگە مرۆڤ بە هۆی (کورتبینییەکی) لەڕادەبەدەرەوە، تووشیچەرمەسەرییە سیاسییەکان بێت. سەرقاڵ بوون بەداواکارییەکان و کێشە زەرووریەکان، هێندە مرۆڤ لە "دوور ئەندێشی" دوور ئەخەنەوە، تا دەرفەتەکە لەکیس بچێت. مرۆڤ بە پێداگرتن لەسەر بەدەستهێنانی ناوبانگ و سامانی تاکەکەسی، یان رەنگە بە هۆی کەمتەرخەمییەوە، ئەوەش کە بەدەستیهێناوە لە دەستی بدات. رەنگە تاکەکان بە هۆی بەدواداچوونی داخوازیە تاکەکەسییەکانیان و بایەخنەدان بە ئاکامی کردەوەکانیان، ببنە هۆی سەرهەڵدانی شەڕەناوخۆییەکان و هەروەها ئاژاوەو پشێویگەلێکی سیاسیی رووخێنەری سیاسی. بیرکردنەوەیەکی قووڵ و دروست کە بتوانێت وێنایەکی کامڵ بەدەستەوە بدات، رەنگە رێگری لەبەردەم رووداني ئەو جۆرە کارەساتانەدا بکات. کتێبی "لویاتان"ی تۆماس هۆبس کە بە "شاکاری فەلسەفەی سیاسی بە زمانی ئینگلیزی" لە قەڵەم دراوە، بەلای کەمەوە ئامانجێکی وای هەبوو. ئەو، ئومێدەواربوو کە بە هۆی تیۆرە سیاسییەکەیەوە، کە بە "زانستی ئاکارو

مەدەنییەت" ناودێری کردووە، ئەو مەسەلە بخاتە بواری جێبەجێکردنەوە. ئەو ئەڵێ:

مرۆڤایەتی بەحوکمی غەریزە، "زەڕەبین" گەلێکی هەیە (مەبەست داواکارییەکان و خۆپەرستییەکانە) کە لە ڕێگەیانەوە هەموو خۆبەختکردنێك ئەگۆڕێت بەناڕەزاییەکی گەورە. بەڵام ئەو "زەڕەبین"انەی نییە (واتە زانستی ئاکار و مەدەنییەت) تا بە هۆی ئەوانەوە بزانێت کێشەکانی مرۆڤ بەبێ ئەو خۆبەختکردنانە چارەسەرنابن.

ئەفلاتوونیش لە کتێبی کۆماردا ـ کە یەکەمین کتێبی فەلسەفەی سیاسی خۆرئاوایە ـ بەمەبەستی دەربڕینی مەبەستەکانی، بەردەوام خوازە بەکاردەهێنێ. ئەو لاربینییانەی کەئەفلاتوون لە مرۆڤدا ئەیانبینێت، لەگەڵ ئەو کورتبینییانەی کە هۆبس وەك کێشە سەرەکییەکانی پشێویی سیاسەتی مرۆڤایەتی لەقەڵەمیان ئەدا، جیاوازییەکی زۆریان هەیە. ئەفلاتوون لە ناوەڕاستی نامیلکەی کۆماردا تەمسیلە بەناو بانگەکەی "ئەشکەوت" وەك نموونە ئەهێنێتەوە، تاکێشەکانی مرۆڤی پێ وەسف بکات. ئەو ئەڵێ: زۆربەی خەڵك وەك ئەو کەسانەن کە هەموو تەمەنیان لە ئەشکەوتێکدا بەسەر بردووە. ئەوان هەر چییەکیان بینیوە، لەوشتانەی کە بە دیوارەکانی ئەشکەوتەکەوە ئەلەرانەوە، لە هەندێ سێبەر و شەبەح زیاتر هیچیتر نەبوە. ئەوان هەرگیز ڕووناکایی ڕاستەوخۆی دەرەوەیان هەست

پێنەکردووە. نازانن ئەوشتانەی کە ئەیانبینن، لە سێبەر زیاتر هیچ نین. ئەوان بەبێ ئەوەی کە بتوانن پەی بەحەقیقەتەکان دەرک بەرن لە ناو دنیایەکی سیاسی خەیاڵیدا ئەژین کە خۆیان هێناویانەتە ئاراوە. بەڵام لەبەرئەوەی کە خەیاڵ گەرایی دەتوانێ لە "کورتبینی" مەترسیدارتر بێت، ئەوان کوێرانە ئەکەونە ناو ئەو چاڵە سیاسیانەی کە رەنگە ببێتە هۆی لەناوبردنی رۆح و جەستەیان.

رێگەچارەی ئەم تەسکبینییە، ئەوە نییە کە "زەرەبین"یك فەراهەم بکرێت بۆ تێڕوانینی باشتر. بە بڕوای ئەفلاتوون، مرۆڤ نەك تەنها دەبێ بتوانێت باشتر ببینێت، بەڵکوو دەبێ روانینیشی بگۆڕێت. مرۆڤ پێویستی‌بە"زەرەبین" نییە، بەڵکوو پێویستی بە رووناکاییە. دابینکردنی چاویلکە، رێگەچارەنییە. مرۆڤ ئەبێ سەرلەنوێ پەروەردە بکرێت و رابهێنرێتەوە. ئەبێ تێگەیشتنەکانی مرۆڤ لەسەر جیهانی دەرەوە گۆڕانیان بەسەردا بێت. بە بیروڕای هۆبس، تیۆرە سیاسییەکان بە فێرکردنی "دوور ئەندێشی" بەئامانجەکانیان دەگەن، لە کاتێکدا لای ئەفلاتوون ئامانجی تیۆرە سیاسییەکان، ئەوەیە کە هەموو لایەنەکانی مەسەلەیەك لەبەرچاو بگرن و ئاوڕیان لێبدەنەوە، وەك چۆن ئەگەر چاو بیەوێت لە تاریکییەوە بۆ رووناکایی بڕوانێت، پێویستە هەموو ئەندامەکانی لەشی رووبکەنە ئەو شوێنە، هەر بەو جۆرەش پێویستە لە هەموو شتە مادی و زەمینییەکان

چاوپۆشی بکرێت تاکوو نەفس بتوانێت خوا ببینێت و تیشکەکانیشی تەحەمول بکات. ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە ئێمە ناو مان لێناوە "خێر".

سەرنج بدەنە نموونەیەکی تری ئەم سەردەمەی ئێستا. "هێربێرت مارکۆزە" لەو باوەڕەدا بوو کە شێوازەکانی فێرکاری و هەروەها بیرکردنەوە سیاسییە زاڵەکان، تێڕوانینی سیاسی مرۆڤ سنووردارو بەلاڕێدا دەبەن. ئەوانە، جۆرە "شعوورێکی درۆیین" ئەهێننە ئاراوە کە کاریگەرییەکی زۆریشی ئەبێت. مارکۆزە لە کتێبی "مرۆڤی تاك ڕەهەند"دا دەڵێ:

ئەوەندەی پێوەندی بە حەقیقەتێکی تایبەتەوە هەبێت، بیرکردنەوەو رەفتار، شعورێکی درۆیین ئەهێننە ئاراوە کە رێکخستنێکی درۆیین بە واقعییەتەکان دەبەخشن و پارێزگاریشیان لێ دەکەن. ئەم شعوورە درۆیینە. لە شێوەی ئامرازە تەکنیکییە زاڵەکاندا دەرئەکەوێت کە بەنیسبەت خۆیانەوە، بەرهەم هێنەری ئەم شعوورە درۆیینەن.

بە بیرورای مارکۆزە، ئەم جۆرە لار بینییە و هەروەها ئەم شعوورە درۆیینە، ئاکامگەلێکی قووڵی سیاسییان لێدەکەوێتەوە. ئەوانە ئازادی زەوت ئەکەن. ئەوانە رێگە لە گەشەو نەشونماکردنی ئەو بەهرە ئینسانییانە دەگرن کە بەهۆی پێشکەوتنی کۆمەڵگا پیشەسازییەکانەوە هاتوونەتە ئاراوە. ئەرك، ئارەزوو و هیوایەتی تیۆرە سیاسییەکان ئەوەیەکە مرۆڤ لە

تەسـك بينييـەكان و پاشـانيش لـە كـۆتوبەنـدی سيسـتمە كۆمەڵايەتييـە سـەركوت كـەرەكان رزگـار بكـەن. تێڕوانينێكـی گرنگی ئەقڵی كە لە تيۆرسازی سياسيدا شاراوەتەوە "هێزێكـی رووخێنـەر"ە كـە ئـەو توانايـە بـە مـرۆڤ دەبەخشـێ كـە ئـازادی راسـتەقينە بەدەسـتبهێنێت. ئاسـاييە كـە تيـۆرە سياسـييەكانی هـۆبس، ئـەفلاتوون و مـاركۆزە، لـە شـتە بچووكەكاندا (جزئيـات) ناكۆكييـەكی زۆريـان لەگـەڵ يەكـدیدا هەيـە، لەراسـتيدا ناكۆكييەكانيشـيان، ئێجگـار گـەورەن. لەراسـتيدا قسـەكانی تيۆرسـێنە سياسـييەكان، تـەواوە يەكناگرنـەوە بـەڵام، لەگـەڵ ئەوەشـدا جـۆرە دايلـۆگ، يـان وتوويـژێك ئەهێننـە ئـاراوە. تيۆرسـێنە سياسـييەكان، تێگەيشـتنيكی سـەرەكی وێكچـوويان هەيـە سـەبارەت بـە شـێوەی راڤـەكردن و لێكۆڵينـەوە، كـە ئـەو توانايـەيان پـێ ئەبەخشـێت سـەرەڕای بـوونی جياوازييـەكان لـە بواری زمان، شوێن و فەرهـەنگی سياسيدا، لـە قسـەكانی يـەكتری تێبگەن. ئەوان پێ لە سەر ئەوە دائەگرن كـە نـاتوانين بـە ئاسـانی و بـە تـەواوەتی لـە سياسـەت تـێبگـەين. لـەڕاسـتيدا تێگەيشـتنی مـرۆڤ بەگشـتی "سنوردار"ەو، زۆرجـاريش بەتـەواوەتی تـەحريف كـراوە. ئـەم نەتوانينـە بـۆ تێگەيشـتن لـە سياسـەت، بەگشـتی مەسەلەيەكی مەترسيدارو رووخێنەرە. كەواتە، پێويستە هێندەی بۆمـان بكرێـت بەسـەر تەسكبينييە سياسـييەكاندا زاڵ بـين. ئـەم زەروورەتە، ئەركی تيۆرە سياسييەكان دەستنيشان ئەكات.

## ڕێگاکانی تێگەیشتن لەتیۆرە سیاسییەکان

هەندێرێگای جۆراوجۆرو بەکەڵك هەن کە سنوور و پانتایی هەر لێکۆڵینەوەیەك پێناس و دەسنیشان ئەکەن. بۆ نموونە، لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا کە ئەڵێ "تیۆرە سیاسییەکان چین؟" ڕەنگە سەرنج بدرێتە ئەو مەسەلانەی کە لە تیۆرە سیاسییەکاندا دەخرێنە ڕوو، یان ڕەنگە لێکۆڵینەوە لەسەر ئامانجەکانیان بکرێت، یان تەنانەت ڕەنگە لێکۆڵینەوە لەسەر "ڕێگەچارە دیاریکراوەکان" بکرێت.

ئەگەر بۆ پێناسە کردنی تیۆرە سیاسییەکان، مەسەلەکان و کێشەکان وەك خاڵی دەست پێکردن وابن، دەتوانین چەند بابەتی دیاریکراو، کەلە مێژووی ئەو تیۆرانەدا دوابەدوای یەك دووبارە بوونەتەوە، دەسنیشان بکەین. ئەم پرسیارە "هەمیشەییانە" کە بەردەوام و بەجەختەوە سەرهەڵئەدەن، وەك سەنتەری سەرقاڵییە زەینییەکانی تیۆرە سیاسییەکانن. "پێوەندییە دروستەکانی نێوان تاك و کۆمەڵگا کامانەن؟"، "دەسەڵات دەبێ بدرێتە دەست کێ؟"، "چۆن دەوڵەت دەتوانێ ئازادییە مرۆڤییەکان دابین بکات و چۆنیش چوارچێوەیان بۆ دائەنێت و سنووردariyan ئەکات؟". مرۆڤ چ شۆڕش بکا بەسەر کۆمەڵگای سیاسیداو، چ بیەوێت چاکسازی تیابکات، بەناچار ڕووبەڕووی ئەم مەسەلانەو هەندێ پرسیاری دیکەی لەو جۆرە دەبێتەوە. هەموو تیۆرسێنەکان، بە

جۆرێـك رووبـەرووی ئـەو پرسـیارانە بوونەتـەوە و بـە شـێوەی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ هەر دەبێ وەڵامیان بدەنەوە. کەواتـە ناسـین و دەرككردنـی بابەتـە هەمیشـەییەکان، لـە تیـۆرە سیاسییەکاندا، دەتوانێ تارادەیەکی زۆر یارمـەتی ئـەوەمان بـدات کە بتوانین لە کۆمەڵگای سیاسی تێبگەین.

ئـەتوانین بـە ئاسـانی لـە سروشـت تیـۆرە سیاسـییەکان تـێبگـەین، ئەگـەر بـەوردی خوێندنـەوە لەسـەر ئامـانج و ئاکامەکانیان بکەین و هەروەها بزانین کە تیۆرسێنەکان بەدوای چ شتێکدا دەگەڕێن؟ ئەوان دەیانەوێ چ شتێك بزانن؟ کەسانێك کە بـەدوای ئـەم بۆچوونانەدا ئەچن، زۆربـەی کـات بـەو دەرەنجامـە ئەگـەن کـە تیـۆری سیاسـی، تەقەلایەکە بۆ تێگەیشتن لـە توخمـە پێكهێنەرەکانی "کۆمەڵگای باش". بۆ نموونە، "لیڤی شتراوس" کە یەکێکە لە خاوەن بیروڕا بەرجستەکانی تیۆری سیاسـی، لـەو باوەڕەدایـە کـە فەلسـەفەی سیاسـی، هـەوڵ و تەقەلایـەکی پـاك و ڕاسـتگۆیانە بـۆ ناسـینی سروشـت کاروبـارە سیاسـییەکان و هـەروەها دەرككردنـی چییەتی سیسـتمی سیاسـی دروسـت یـان چاك.

لـە ڕاستیشـدا ئـەوە پێنـاس کردنێکـی گەلـەك بەکەڵکـە. بەڕاسـتی هـەموو تیۆرسـێنە سیاسـیە گـەورەکان، ئاوڕیـان لـەم مەسـەلەیە داوەتـەوە. ئـەوان، هـەموو ئـەو توخمانـەی کـە کۆمەڵـگایەکی بـاش ئەهێننـە ئـاراوە ـــ کۆمەڵـگایەك کـە مـرۆڤ تووشـی نەهامـەت و بەدبـەختی ناکـات و ژیـانێکی پـڕ لـە

ئاسـوودەیی بـۆ دابـین ئـەکات ـــدەناسـن و ڕاڤـەکاری و لێکۆڵینەوەیان لەسەر ئەکەن.

سەرەنجام، رەنگە بتوانین تیۆرەسیاسییەکان هەر لە رێگەی ئەو رێگەچارانەی کە خۆیان دەستنیشانیان ئەکەن، بخەینەبەر ڕاڤە و شیکردنەوەوە. تیۆرە سیاسییەکان چ ئیدیعایەکان هەیە؟ چ مەسەلە گەلێك ئەخەنەڕوو؟ لەبەرئەوەی کە تیۆرە سیاسییەکان هەندێ رێگەچارە و پێشنیار دەستنیشان ئەکەن، لە مێژووی تیۆرە سیاسییەکاندا بە تیۆری "تەجویزی"ش ناودێر ئەکرێن. بەواتایەکی دی، تیۆری سیاسی "تەجویزی" هەوڵئەدات فێری ئەوەمان بکات کە "چی بکەین"، هەروەها بانگەشەی ئەوەش دەکا کە ئەرك و ئامانجەکانمان دەناسێ.

هەرکام لەم تێڕوانینانە، چ بەتەنهایی و چ وەك کۆمەڵ، تێگەیشتنیکی قووڵ و بایەخدار لە کرۆکی تیۆرە سیاسییەکان بە دەستەوە ئەدەن. لە ڕاستیدا بە هیچ شێوەیەك ناتوانین لە چالاکییەکی فیکری تێبگەین، مەگەر ئەوەی ئەو کێشە بنەڕەتییانەی کە رووبەڕووی دەبنەوەو هەروەها ئامانجە رۆشنبیرییەکانی و هەروەها ئەو رێگەچارە و مەسەلانەش کە ئەیانخاتە ڕوو، بەباشترین شێوە دەرکبکەن.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم شێوازانە سەرەڕای پێویستبوونیان، ناتەواون و تەنها بەشێك لە لێکۆڵینەوەکان ئەگرنەوە. بۆ نموونە، ئەگەرچی ئەو شێوازانە قسەلە سەر "سەرچاوە" و "سەرەنجام"ی تیۆرە سیاسییەکان ئەکەن ـ واتە ئەو پرسیارانەی کە خراونەتەڕوو و ئەو وەڵامانەش کە دراونەتەوە ـ بەڵام

سەبارەت بە "مەودای" نێوانیان و هەروەها چۆنیەتی تێپەڕین لە قۆناغێکەوەو، گەیشتن بە قۆناغێکی‌تر، بێدەنگییان هەڵبژاردووە. بۆ کامڵ کردنی ئەو وێنایە، نەك تەنها دەبێ پرسیارە چارەنووسسازەکانی تیۆرسێنەکان بناسین، بەڵکوو دەبێ رێگەکانی گەیشتن بەو ئامانجانەش بزانین. ئەبێ ئەو رێگەچارانەی کە دیاریکراون، یاخود دیدگاکانیان بناسین. لەگەڵ ئەوەشدا ئەبێ سەرچاوە و جۆری ڕوونکردنەوەی رێگەچارەکانیش بناسین.

## "لۆژیکی ناوەکی" لەبەرانبەر "لۆژیکی سەرلەنوێ دروست کراو"دا

پێم وابێت بۆ ئەوەی بەتەواوەتی پەی بەهەر لێکۆڵینەوەیەك بەرین، دەبێ بەدروستی لە رەوتە فیکرییەکانی تێبگەین. دەبێ بە تەواوەتی سەرنج بدەینە ئەو شتەی کە پرۆفیسۆر "ئابراهام کاپلان" بە "لۆژیکی ناوەکی دیاردەکان" ناوزەدی ئەکات. هەر بەو شێوەی کە ئەو ئەڵێ، لە رشتەیەکی زانستی‌دا، ئەو لۆژیکەی کەپاش تەواوبوونی کارو، بەهۆی پۆلێن کردنی ئەو بابەتانەی کە خراونەتەڕوو، سەر لە نوێ بەرهەم ئەهێنرێتەوەو چاکسازی تیا دەکرێ، جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ رەوتە کردەییەکانی مەعریفە، یان لۆژیکی ناوەکی‌دا. جیا لەوەش، ناتوانین ئەم رەوتانە لەگەڵ "لۆژیکی سەرلەنوێ دروست کراو"دا، بەیەك شت

لە قەڵەم بدەین و ناشتوانین هێندە لە پلەوپایەیان کەم بکەینەوە. ئەگەرچی لۆژیکی ناوەکی، لەگەڵ لۆژیکی سەرلەنوێ دروست کراودا، تێکەڵاوییەکی ئاشکرایان هەیە، بەڵام ناتوانین بە یەکسانیان لە قەڵەم بدەین. یان وەك چۆن ناتوانین وتەکانی "گیبۆن"ی مێژوونووس سەبارەت بە رووخانی دەوڵەتی رۆما، لەگەڵ وتەکانی پزیشکێك سەبارەت بە "تاو"ی نەخۆشێك بە یەکسان لە قەڵەم بدەین، ناشتوانین تەسەور بکەین کە ئەم دوو میتۆدە، پێوەندییەکی دروستیان لەگەڵ یەکدیدا هەیە.

هەڵبەتە لەرووی لۆژیکییەوە دەتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین کە لۆژیکی بازسازیکراوی رەوشی تۆیژینەوە، بە بێ کەڵك وەرگرتن لە بزۆزبوون (دینامیك)ی لۆژیکی ناوەکی، رەنگە پێناسەیەکی گومڕاکەرو تەحریفکراو لەسەر بابەت بەدەستەوە بدات. لۆژیکی سەر لەنوێبنیات نراو، جگە لە وێنایەکی یۆتۆپیایی لە سەربابەت زیاتر، هیچی تر نییەو لەگەڵ ئەوەشدا وێنایەکی ئەبستراکتیشە. هەر بابەتێکی ئەبستراکت و ئامانج خوازانە، بە چاوپۆشی کردن لە لایەنە پۆزەتیڤەکانی، لە خراپ لێکدانەوەیەك زیاتر هیچیترنیە.

ئەگەر بۆ تێگەیشتنی هەر بابەتێك، جەخت بکرێت لەسەر بنیاتنانەوەگەلی دیکەی فۆرمێکی دیاریکراوی لێکۆڵینەوە، وەك بناغەیەك بۆ تێگەیشتن لەو مەسەلەیەی کە مەبەستمانە، لەو

کاتەدا نوقسانی و کەموکوڕی دێتە ئاراوە. لە راستیدا رەنگە دەرەنجامی کارەکە گومڕاکەربێت. بۆ نموونە، تۆماس کۆهن لە کتێبێکدا بە ناوی "بنەمای شۆڕشە زانستییەکان" ئەڵێ: ئەمە بە تەواوەتی ئەو کارەساتەیە کە زانستە ئەزموونگەرییەکان تووشی بوە. بەبیروڕای ئەو، لەو روەوە کە مرۆڤ بە مەبەستی دەرك کردنی زانستەکان، تێڕوانینەکانی خۆی لەسەربنەمای سەرکەوتنە زانستییە کامڵەکانەوە دائەمەزرێنێت، خۆی هەرچی زیاتر گومڕاتر کردووە.

لەزانستی تەجروبیدا ئەم مەسەلە حاشاهەڵنەگرە کە ئەگەر تێورە سیاسییەکان وەك "کۆمەڵێك مەسەلە" چاولێبکەین، ناتوانین بە شێوەیەکی دڵخواز دەرکیان بکەین. دیارە ئەم جۆرە رەوشانە، شتگەلێکمان فێرئەکەن بەڵام شتگەلێکی زۆریشمان لەدەست ئەچێت. رەنگە ئەوشتانەش کە لەدەستمان ئەچێت، زۆر گرنگ بن. هەروەك پێشتر باسمان کرد، تیۆرە سیاسییەکان سەمبولێکن لە "گشت" گەلێکی سیستماتێك. ئەوانە رەوش گەلێکن بۆ دەرك کردنی جیهان. هەرکاتێك تیۆرسێنێك بیەوێت بیروڕاکانی خۆی بەسەر گوێگرانیدا بسەپێنێت و ناچاریان بکات کە لە روانگەی ئەوەوە لە جیهان بڕوانن، ناچارە بەکەڵك وەرگرتن لە هەندێ ڕێگەچارەو ستراتیژ و تێکەڵەیەك لە فۆرمە گرامرییەکان (فۆرمگەلی رێزمانی) ئەو کارە بکات. ئەو، جگە لەڕستە سادەکان، تەمسیلەکان، خوازەکان، پرەنسیپە

**بابەتییەکان** (اصـــول مـوضـــوعە)، **چیرۆکە خەیاڵییەکان، ئەفسانەکان و هەروەها ئەو ڕستانەی بۆهاندان بە کارئەهێنرێن و تەنانەت لە ڕستە "داخواز"ییەکان کەڵك وەردەگرێ. ئەو، ناتوانێت بە بێهیچ گیروگرفتێك تەنها کەڵك لە تەعبیر و وشە باوەکان وەربگرێت. چونکە ئەم وشانە، واتاکانی خۆیان لەو گەمە زمانییە وەردەگرن کەتیایدا چالاکن، (لۆدڤیك ڤیتگنشتاین فەیلەسوفی بەرجستەی ئەم سەردەمە، بە باشترین شێوە ئەمەی پیشان داوە)، ئامانجی تیۆرسێنی سیاسی ئەوەیە کە کایەیەکی یەکجار تازەمان پێبناسێنێت.**

**جیالەوەش، لۆژیکی ئەبستراکت، جەخت لەسەر ئەوە دەکا کە پێویستە ئەو شتەی کە "هەیە" لەو شتەی کە "دەبێ ببێت" جیابکرێتەوە. ئەگەر تەنها بە شێوەی لۆژیکی سەرنج بدرێتە بابەتەکە، ئەو دەستەواژانەی کە "هەیە"کان روون ئەکەنەوە، هەرگیز ناتوانن ئەو شتەی کە "ئەبێ ببێت" روون بکەنەوە. کەواتە هونەری گەورەی تیۆرە سیاسییەکان دەستنیشان کردنی ڕێگایەکە، کە بەهۆی ئەو ڕێگایەوە، ئەم دوو نۆرمە ـ ئەگەر بە لۆژیکیش نەبێت، بەلانی کەمەوە بە شێوەی "سروشتی" ـ تێکەڵی یەکدی بکرێن. لۆژیکی سەرلەنوێ بنیاتنراو، مرۆڤ ناچار دەکا کە بەشی "تەوسیفی" لە بەشی "تەجویزی" تیۆرەسیاسییەکان جیابکاتەوە کە دەرەنجامەکەی ئەمجارەش لە تەحریف زیاتر هیچیتر نیە. تایبەتمەندییەکانی لۆژیکی وەستاو**

(راكد)ی ئەو كارەی كە دواتر ئەنجام دەدرێت، مرۆڤ ناچار ئەكات تا بەرانبەر یەكێك لە گرنگترین رەهەندەكانی تیۆرە سیاسییەكان كەمتەرخەمی بكات. ئەم جۆرە تێگەیشتنە، چۆنیەتی پێوەندی نێوان ئەو جیهان بینییەی كە خراوەتەڕوو، لەگەڵ پەرچەكردارییە سروشتی و گونجاوەكانی هەمان ئەو جیهانبینییە ئەپچڕێنێت. جیا لەوەش ئەم رەوشە، ئامرازەكانی دەرككردنی ئەم واقعییەتە گرنگە لە مرۆڤ ئەسێنێتەوە كە "تێڕوانینێكی بەربڵاوی تیۆرە سیاسییەكان، وێنایەك لە بەختەوەری پیشان ئەدات و هەروەها ئەو بەهایانە ئەهێنێتە ئاراوەكە ژیانی مرۆڤ بە بێ ئەوانە هیچ دەوامێكی نابێت".

هەروەها بۆچوونی لۆژیكی سەرلەنوێدروست كراو، گشتێتی (كـلـیّـت) رەهەندی وجوودیی تیۆرە سیاسییەكان ـ كە لەڕاستیدا یەكێكە لە بوعدە چالاك و سەرنج ڕاكێشەكانیان ـ ئەسڕێتەوەو لە بەینی ئەبات. تیۆرە سیاسییەكان لە دنیای ڕاستەقینەدا، سەروكاریان لەگەڵ مەسەلە هەرە گرنگە مرۆڤییەكاندا هەیە. تیۆرە سیاسییەكان، لە سەرگەردانییەكان، سەرلێشێواوییەكان، بێبەشییەكان و هەروەها لەو قەیرانانەی كە تیۆرە نائومێدەكان دەیانەوێ چارەسەرێكیان بۆ بدۆزنەوە، دەست پێئەكەن. ئەوان دەرگیری داخوازەكان و پێداویستییە مرۆڤییەكانن و بەجیدییەتێكی تەواوەوە بەدوای دابینكردنی ئەو داواكاری و پێداویستییانەوەن. هەڵبەت خوێندنەوەی تیۆرە

سیاسییەکان ڕێبازی لۆژیکی سەرلەنوێ دروست کراو — ئەگەرچی هەڵەش نەبێت و بگرە قازانجیشی هەبێت ـبەڵام وەك ئەوە وایە کە مرۆڤ بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر ژینی مرۆڤ، لە تەرمەکەیەوە دەست پێبکات.

لەبەرئەوەی ئەبستراکت کردن دوای لۆژیکی سەرلەنوێ دروست کراو، دەتوانێ گومڕاکەربێت، کەواتە بۆ تێگەیشتن لە هەر میتۆدێکی توێژینەوەو بەتایبەت تیۆرە سیاسییەکان، نابێ سەرەتا لەو بابەتانەوە دەست پێبکەین کە هەڵقوڵاوی خودی ئەوتیۆرانەن، بەڵکوو بەوتەی فەیلەسوف زانست "ستیفن تولمین" دەبێ ئەو بیرکردنەوەیەی کە چالاك و زیندووەو لە ڕووی مێژووییشەوە لە حاڵی گەشەکردندایەو چەمکەکان تیایدا قازانجێکی گشتی و هەمەکییان هەیە، خاڵی دەست پێکردن بێت. هەر بەوجۆرەی کە تولمین دەڵێ: گۆڕینی ئەم تێڕوانینە مرۆڤ ناچار دەکا واز لەو شیکردنەوەو ڕاڤەکارییە "سەر پێییانە" بێنێت کە هزرمەندان لە ڕێگەیانەوە، چەمکە ڕۆژانەکانی زانستی سروشت و چالاکییە فیکرییەکانی تریان ڕوون کردۆتەوە. لە جیاتی ئەوەش مرۆڤ دەبێ "وێنایەکی زیندوو"ی مێژوویی، لە چالاکی و ڕەوتی فیکر بەدەستەوە بدات و ئنجا ئومێدەوار بێت کە دواجار، چالاکی مێژوویی چەمکەکان دەرك بکات و بەم جورەش سروشت و ریشەی "لۆژیك"ی ئەو چەمکانە بناسێت.

## خوێندنەوەی بەرهەمە کلاسیکەکان

بەرهەمەکلاسیکەکانی تیۆرە سیاسییەکان، بۆ خۆیان پێشینەیەکی دیاریکراوی مێژوویی ـ کە زۆریش گرنگە ـ بەدەستەوە ئەدەن. دەکرێت لە رێگەی خوێندنەوەو هەروەها پێڕەوی کردنی شێوازی هزرمەندە بەرجستەکانەوە زانیاری بەدەست بهێنرێت. ئەگەر خولیاکان، ئامانجەکان و تەسەورە بەرجستەکانی هزرمەندانی وەك رۆسۆ، لۆك، یان هێگڵ دەرك بکرێن، زۆرێك لە مەحدودییەتەکانی تێڕوانینی "سەرپێیی" روون دەبێتەوە. لە ڕاستیدا بیرمەندان و توێژەرەوە جۆراوجۆرەکان، بە کەڵكوەرگرتن لەم رەوشە، فێری "پیشە"ی خۆیان ئەبن. ئەوان نەك بە خوێندنەوەی چەند کتێبێکی تەجریدی سەبارەت بە پرەنسیپەکان و میتۆدەکان، بەڵکو لە رێگەی پێڕەوی کردنی سەرمەشقەکانی پسپۆڕە بەناوبانگەکانەوە پەی بەوە دەبەن کەچۆن دەتوانن ببنە "گیاناس"، "فیزیکزان" یان تیۆرسێنی سیاسی.

لەگەڵ ئەوەشدا تیۆرە سیاسییەکان، ئەگەر تەنها لە رێگەی خوێندنەوەی بەرهەمە کلاسیکەکانەوە فێربکرێن ـ هەرچەند گرنگیی خۆی هەیە بەڵام هەندێ مەترسی و سنورداریشی بەدواوەیە.

یەکەم، ئەگەرچی کتێبە کلاسیکەکان بە تەواوەتی ڕێگەچارەگەلێکی سیستماتیك نین، بەڵام "دەستکەوت گەلێکی کاملن". ئەوانە لۆژیکێکی شیکاری (تشریحی) ئەخەنە پێش‌چاو کە بەدەگمەن دەتوانێ شانلەشانی لۆژیکی "لێکۆڵینەوەیی" بدات. خوێندنەوەی دروستی هەندێ کتێبی وەك "پەیەاِی کۆمەڵایەتی" یان "کۆمار" ڕەنگە تارادەیەك تێگەیشتنیکی باش لە تێگەیشتنەکانی ڕۆسۆو ئەفلاتوون لەسەر ڕێکخستنی سیاسی ئاراستە بکەن، بەڵام بەبێ چالاکی کردن و بەدواداچوونێکی هۆشمەندانە، ڕەنگە بە تەواوەتی ئەوە روون نەبێتەوە کە ئەم تێگەیشتنانە لە کوێوە هاتوون و، چ ئارەزوویەك ڕۆسۆ، یان ئەفلاتوونی هانداوە کە جیهانبینییەکی لەوجۆرەیان هەبێت؟ بۆچی ئەبێ وابزانن بیروباوەڕەکانیان هێندە کاریگەر دەبن؟ ئەگەر لۆژیکی ناوەکی ئەندیشەکانیان بە تەواوەتی دەرك نەکرێت، هەر ئەم خراپ تێگەیشتنە وامان لێ ئەکات کە نەتوانین بە دروستی لە تیۆرەکانیان تێبگەین.

دووهەم، تەنها پشتبەستن بەو بەرهەمە کلاسیکانەی کە ئیدی سەردەمیان بەسەرچوە، ڕەنگە ئەو تەسەورە لە زەیندا دروست بکات کە تیۆرە سیاسییەکان وەکوو بەرهەمی عەنتیکە وان. دیارە ئاسەوارە کلاسیکەکان بەرهەمی سەردەم و کۆمەڵگاکانی پێشوونو، هەر بەم هۆیەشەوە ڕەنگە مرۆڤ وا تەسەور بکات کە تیۆری سیاسی، لقێکە لە مێژووی بیرکردنەوە،

ئەگەر ئەم قسەیە راست بێت، کەواتە شتێکی بەجێگەیە ئەگەر لێکۆڵینەوەو خوێندنەوەیان بدرێتە دەست مێژوونووسانی "مێژووی بیرکردنەوە"، یان ئەوکەسانەی کە پسپۆڕی دێریننناسین. لە واقیعدا هەر لەبەرئەوەیە کە پرۆفیسۆر " دێڤد ئیستۆن" لەو باوەڕەدایە کە" هۆی گرنگیینەدان بە تیۆرە سیاسییەکان لەم سالانەی دواییدا، ئەگەڕێتەوە بۆ ئەم جۆرەی بیرکردنەوە.

سێهەم، لەبەرئەوە کە ئاسەوارە کلاسیکەکان بەرهەمی سەردەم و کۆمەڵگاکانی پێشوون، رەنگە جیاوازییەکی زۆریان هەبێت لەگەڵ سەردەم و کۆمەڵگای ئێمەدا و هەروەها لەبەرئەوەی کە رەنگە بە رەوش گەلێك بەیان کرابن کە بە رەوشەکانی ئەم سەردەمە نامۆ بن، ئەگەری ئەوە لە ئارادایە کە دەرك کردنیان ـ بە تایبەت بۆ ئەو کەسانەی کە ئاشناییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ مێژووی بیرکردنەوەدا نییە ـ یەکجار دژواربێت. بۆ نموونە، ئەفلاتوون کتێبی کۆمار بە "پیاسەکردن بەرەو پیرائوس"، هۆبس، لویاتان بە "قسەکردن لەسەر سروشتی حەرەکەت"، هەروەها ئیدمۆندبرێك، کتێبی "تێڕامانێك لەسەر شۆڕشی فەرەنسا"، بە دەمەتەقێکردن لەگەڵ ریچارد پرایس، کەرۆحانییەکی بەرجستە و کۆڵ نەدەرە، دەست پێ ئەکەن. ئەم جۆرە دەستپێکردنانە، لە بواری دراماتیکی، لۆژیکی و مێژوویيدا، هەرکام بۆخۆیان زۆر پڕمانان. هەڵبەتە واتای

سـەرەکی ئـەم دەسـتپێکردنانە، بـە خوێندنەوەیـەکی سـەرپێیی روون نابێتـەوە. ئـەم قسـەیە سـەبارەت بـە بابەتگـەلێکی یـەکجار گـرنگ و بەڕواڵـەت ئـاڵۆزی وەك چـەمکی "دۆخـی سروشـتی"ش راستی لەخۆدەگرێت.

سـەرەنجامیش لەبەرئـەوەی کتێبـە کلاسـیکەکانی تیـۆرە سیاسییەکان بـە هەنـدێ میـتۆد و زمـانی جۆراوجۆر نووسـراون، رەنگـە ئـەوە روون نەبێتـەوە، کـە بـە هەموویانـەوە سـوونەتی یەکپارچـەی دایلۆگیـان دامەزرانـدوەو تەقریبـەن لەگـەڵ مەسـەلەگەلێکی گـرنگ و یەکسـاندا سـەروکاریان هەیـە. دەستنیشـانکردنیخاڵی هاوبەشـی ئـەم کتێبانـە کـارێکی ئاسـان نییـە. ئەگـەر توخمـەکان، یـان خولیـا هاوبەشـەکانی نێـوان ئـەم کتێبانـە دەرك نـەکرێت، لـەو حاڵەتـەدا هەڵسـەنگاندن و بەراوردکردنی تیۆرە سیاسیەکان لەگەڵ یەکتریدا، ئەگـەر مەحاڵ نـەبێت، بـەلای کەمـەوە کـارێکی یـەکجار سـەختە. جیـا لـەوەش، بەگران دەتـوانین چۆنیەتی ئەم واقعییەتە دەرك بکەین کە ئەوان سـەرەڕای هەنـدێ جیـاوازی "کـاتی"، "شـوێنی" و "زمـانی" (بـەمانا واقعییەکـەی وشـە) دەتـوانن لەگـەڵ یـەکتریدا و هـەروەها لەگەڵ ئێمەشدا قسەبکەن و پێوەندیمان پێوەبکەن.

لەگـەڵ ئەوەشـدا هـەموو لێکۆڵیـارانی تیـۆرە سیاسـییەکان، ئەوە باش دەزانن کەبەرهەمە کلاسیکەکانی تیـۆرە سیاسـییەکان، ڕاڤەکارییـە جۆراوجۆرەکانیـان نەهێنـدە دژوارو دێـرینن و نـە

ئەوەنـدەش فرەچەشـن و پەراگەنـدەن کـە هەڵسـەنگاندنیان لـە توانـادا نـەبێت. کەسـانێك کـە بـە هـەوڵ و تەقـەلاو تـەرخانکردنی کاتێکی زۆر، ئەم رەمزانەیان شکاندووە، ئاگادارن کە قسەوباس و بابەتەکانی تیۆرە سیاسییەکان، زۆر پڕناوەڕۆکن و پێویستیان بەوەنییە کە بە تێپەڕبوونی کات ئەو بایەخە بەدەستبهێنن. لە راستیدا هـەموو ئـەو کەسـانەی کـە لـە کۆمەڵـگایەکی مەدەنیـدا ئەژین و هەندێ بڕیار دەرئەکەن، تارادەیەك تیۆرسێنی سیاسین. مرۆڤ بە پێی کۆمەڵێك باوەڕو تێگەیشتنی بنەڕەتی، ـ تەنانەت ئەگەر زۆربەی کاتیش ناکامڵ و هەڵە و نیمە لۆژیکی بن ـ قسە لەسەر چییەتی سیاسەت ئەکەن.

ئامـانجی تیـۆرە سیاسـییەکان ئەوەیـە ئـەو باوەڕانـەی کـە رێنمای رەفتارە سیاسییەکانی مرۆڤن، یەکپارچە بکات و لەسـەر بناغەگـەلێکی پتـەو دایـانمـەزرێنێت. لـەم دەربڕینـەدا، تیـۆرە سیاسییەکان یەکێك لە بنەڕەتیترین جیلوەکانی هەوڵ و تەقەلای مرۆڤ بۆ "لۆژیکی" بوونن. مرۆڤ ئەیەوێت بەیارمەتی ئەو تیۆرانە خـۆی بگۆڕێـت بـە بوونـەوەرێـك کـە ژیـانی رۆژانـەی، نـەك بـە حەزوویستێکی کوێرانە، بەڵکوو بەهۆی ئەقڵەوە بەڕێوە ببرێت. تیۆرسێنە سیاسـییەکان، بـەو هۆیـەوە لـەوانیتـر جیانابنـەوە کـە "خـاوەنی" تێـڕوانینی سیاسـین، بـەڵکوو بـە هـۆی "چـۆنیەتی" تێڕوانینەکـەیان لـەوانیتـر جیادەبنـەوە. بەواتایـەکی دیکـە، جیاوازی تیۆرسێنە سیاسییەکان لەگەڵ ئەوانی دیکەدا ئەوەنییە

کە خاوەنی تێڕوانینی سیاسین، بەڵکوو لە چۆنیەتی تێڕوانینەکانیاندا جیاوازی هەیە، ئەوان ژنان و پیاوانێکن کە هەوڵ ئەدەن بە شێوەیەکی بنەڕەتی مانا بە سیاسەت ببەخشن. ئەوان هەوڵیان داوە تێڕوانینە سیاسییەکەیان روون و هەماهەنگ بێت و لەسەر بنەمای کاملترین زانستی مرۆڤ، لە سروشتی مرۆڤەوە بگرە تا سروشتی دنیا، دابمەزرێت. هەموو ئەو کەسانەی کە بەدوای رەفتاری لۆژیکییەوەن، دەتوانن لەو تیۆرسێنە سیاسییانە فێربن و ژیانی ئەوان بکەنە سەرمەشقی خۆیان. شاکارەکانی تیۆرە سیاسییەکان نەک تەنها مرۆڤ والێ ئەکەن کە بە قووڵی لەدنیای سیاسەت تێبگات، بەڵکوو کەمو زۆر فێری ئەوەش ئەکەن کە، چی لە ژیانی بکات؟

## تیۆری سیاسی: چوارچێوەیەکی چالاك

مەبەست لە نووسینی ئەو وتارانەی کە لە بەشەکانی دواییدا دەخرێنە بەرچاو، خستنەڕووی شێوازی لێکۆڵینەوەو هەروەها چوارچێوەیەك بۆ تێگەیشتنی تیۆرە سیاسییەکانە. تیۆرسێنە سیاسییەکان، هەرچەند سەبارەت بە شێواز و هەروەها چەمکەکان، بیروڕای یەگجار جیاوازیان هەیە بەڵام نەك تەنها لەگەڵ مەسەلە گەلێکی یەکساندا سەروکاریان هەیە، بەڵکوو بۆ وەڵامدانەوەی هەر ئەو مەسەلانە شێوازێکی تاڕادەیەك یەکسان بەکارئەهێنن. زۆربەی کات، ئەو مۆدێلە یەکسانەی لێکۆڵینەوە،

لـە نـاو بەرھەمـە بـە ئاكامگەيشـتووەكانی ئـەو تيۆرسـێنانەدا، بەئاشـكرا بـەدی ناكرێت. لەبـەر ئـەوەی زۆربـەی كـات، تـەرتيبی خستنەڕووی بەشەكانی تيۆری سياسی ئەشێوێت و پاش‌وپـێش ئـەخرێن، تـەرتيبی ئەنديشـە و تێگەيشـتنی "كرده"يـيش زيـانی بەردەكەوێ. بۆ نموونە دەرەنجامی "پرۆسەی" توێژينـەوە رەنگـە بە شێوەی "پێش گريمانه" يان (صغـري) و (كـبري) بخرێتـەڕوو. بەڵام گرنگ ئەوەيە كە مۆدێلەكە لە ئارادايەو ئەگەر بمانەوێت، دەتوانين بۆی بگەڕێينەوەو، ڕجووعی پیٚبكەين. ئـەم كتێبـەش بـە پێڕەوی كردنـی هەنـدیٚ نووسـەری وەك تولـمين، كـاپلان و كـوهن ئەيـەوێت دەرك كردنـی "لـۆژيكی نـاوەكی" تيـۆرە سياسـييەكان بۆهـەموو كەسێك ئاسـان بكـات. نووسـەر لـە جێگايەكـەوە دەسـت پـیٚدەكـا كـە تيۆرسـێنەكان خۆيـان دەسيان پـیٚكـردووە. نـە لـە دەرەنجامـــەوە دەســـتی پـــیٚكـــردووەو نـــە لـــە پرســـيارە ئەبسـتراكتەكانەوە، بـەڵكوو لـە سـەرلیٚشـێواوی و حەيرەتێكـەوە دەستی پێكردووە كە سەرەتا تيۆرسـێنەكانی ناچار بە تـیٚڕامـان كـردووە. ڕەوتـی لێكۆڵينـەوە، دوای دەسـت‌پـیٚكـردن، بۆخـۆی چـــالاكييەكی دەروونـــی (نـــاوەكی) تيـــا دروســـت ئـــەبێت. وەڵامدانـەوەی پرسـيارە سـەرەتاييەكان و دەستنيشـان كردنـی ڕێگەچـارە، هەنـدیٚ پرسـيار ئـەوروژێنێت كـە دەبـیٚ وردە وردە وەڵامـی هـەموويان بدرێتـەوە. وەڵام دانـەوە بـەم پرسـيارانە، لـە هەندیٚ ئاستی‌تردا مەسەلەگەلێكی‌تر ئەخاتەڕوو و ئـەم ڕەوتـە، تـا

ئەو قۆناغەی کە تیۆرسێن، تێگەیشتنە سەمبولیکەکانی خۆی لەناو گشتێکی سیستماتیکدا زانستیانە ئەکات، درێژەی ئەبێت. بە تەنها لەم قۆناغەدایە کە پشکنینە زەینییەکانی تیۆرسێن کۆتایی دێت، تەنها پاش ئەم سەرکەوتنەیەکە ئەو سەرلێشێواوییەی کە ببوە هۆی "لێکۆڵینەوە" لە بەین دەچێ.

چوارچێوەی چالاکی "لۆژیکی ناوەکی" تیۆرە سیاسییەکان، کە نووسەر بەکاری ئەهێنێت، لە بنەڕەتدا نەبەرفراوانە و نەبەیەگجاریش تەرخانکراوە بۆ خوێندنەوەی تیۆرەسیاسییەکان بەڵکوو لە راستیدا سەرمەشقێکە بۆ ئەو زەینە چالاکانەی کە بەدوای رێگەچارەدا ئەگەڕێن. هۆیەکەشی ئەوەیە کە ئامانجی سەرەکی تیۆرسێنەکان، دەستنیشانکردنیرێگەچارەیەکە بۆ کێشەکان. هەڵبەتە کێشەکانی ژیانی سیاسی، تەنها کێشە فکرییەکانی مرۆڤ نین، بەڵکوو ئەو قەیرانانەش ئەگرێتەوە کە لە ئارادان ، کە ئەوەش خاڵی دەسپێکردنی تیۆرسێنی سیاسییە. بەواتایەکیتر لەو قەیرانانەوە دەست پێئەکات کەکۆمەڵگا رووبەڕوویان بوەتەوە.ئەو هەوڵ ئەدات کە ڕەهەندەکان و سروشتی قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان بناسێت و لە هەمان کاتیشدا دەیەوێ میتۆدگەلێك ئاراستە بکات کە ڕێكوپێکن و پشت ئەستووریشن بەتێڕامان لەسەر هەموو لایەنێکی بابەتەکان، تا خەڵك نەك بە رەوشی ئەزموون وەرگرتن و فێربوون لە شکستەکان بەڵکوو

بەیارمەتی ئەوانە، لەگەڵ مەسەلەکاندا هەڵسوکەوت بکەن. هەر بەم هۆیەشەوە لە وتاری دووەمدا قسە لەسەر خوێندنەوەی "لۆژیکی ناوەکی" تیۆرە سیاسییەکان ئەکەین و لەو قۆناغەوە دەست پێدەکا کە تیۆرسێنی سیاسی دەرکی بە قەیرانی سیاسی و هەروەها بێ نەزمییەکانی (ناڕێك و پێکی) ژیانی سیاسی کردووە.

کەم و زۆر وا دەردەکەوێ هەموو تیۆرسێنە سیاسییەکان لە بینینی بێنەزمی ژیانی سیاسییەوە دەست پێدەکەن. جارنوجار هەندێ تیۆرسێن سەرهەڵ ئەدەن کە بەتەواوەتی، لەو بارودۆخەی کە لە ئارادایە ڕازین وبە تەنها وردبینی و بزۆزبوونی فیکرییان هانیان ئەدات کە لەسەر بونیادەکانی ئەو نەزمە بکۆڵنەوە کە لەئارادایە. ئەم جۆرە تیۆرسێنانە ئاوارتەن. زۆربەی تیۆرسێنەکان بەرهەمەکانیان لە سەردەمێکدا نووسیوە کە بەتەواوەتی هەستیان بەوە کردووە کە کۆمەڵگا ڕووبەڕووی قەیران بۆتەوە. هەندێ جار ئەمە کارێکی زۆرئاسانە. ڕەنگە هەموو کەسێ بتوانێت دەرك بە قەیرانەکانی "ڕاوەستانی ئابووری" یان شەڕە ناوخۆییەکان بکات، بەڵام هەندێ جار تەنانەت ناسینی کێشەکە خۆی، پێویستی بە تێڕامانێکی زۆر هەیە. دوای ئەوە کە کێشەکە زانرا، تیۆرسێن ناتوانێت ئۆقرە بگرێت و بێدەنگ بێت، بەڵکوو ئەبێ ریشەی کێشەکە بدۆزێتەوە. ئەبێ بە وردی لێکۆڵینەوە لەسەر هۆکارەکانی

بێنەزمی و کارکردی نادروستی ئەو بارودۆخە سیاسییە بکات کەبەچاوی خۆی بینیویەتی. دیارە زۆربەی کاتیش دۆزینەوەی هۆکارەکان کارێکی ئێجگار دژوارە. سەرمەشقە فیکرییەکانی هەندێ لە تیۆرسێنە سیاسییەکان، هەوڵ و تەقەلایەکە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە. رەوتی دەستنیشانکردنیهۆکارەکان بابەتی وتاری سێهەمە.

لە هەنگاوێکیتردا تیۆرسێن، کۆمەڵگایەك وێنا ئەکات کەتیایدا کێشە سیاسییەکان بە شێوەیەکی کاریگەر، ڕاڤەکارییان لەسەر کراوەو شی کراونەتەوە. ئەو لەم قۆناغەدا بە کەڵك وەرگرتن لە خەیاڵ، هەوڵ ئەدات وێنای ڕێکخستنێکی سیاسی بەدەستەوە بدات کە لەو سەردەمەی ئەودا بوونی نییە. سەرلەنوێ دروست کردنی دنیای سیاسی بە شێوەیەکی خەیاڵی لەزەینی تیۆرسیێندا بابەتی وتاری چوارەمە.

سەرەنجام نۆرە دەگاتە ئەو بەشە لە تیۆرە سیاسییەکان کە هەندێ جار وەکو تایبەتمەندی بەرجستەی تیۆرە سیاسییەکان لە قەڵەم ئەدرێن. دواهەمین بەشیش دەستنیشانکردنیڕێگەچارەیە. رەنگە تیۆرسێن دوای ناسینی شکستە سیستەمە سیاسییەکان، پاش ناسینی هۆکاری شکستەکان و هەروەها پاش وێناکردنی تەسویری ئەو سیستەمە سیاسییەی کە سەرلەنۆی دامەزراوەتەوەو زیندوو کراوەتەوە، پێشنیارگەلێکی "کردەیی" بخاتە ڕوو. هەروەها پێشنیارگەلێك

بـۆ کـردەوە سیاسـییەکان ئەخاتـەڕوو کـە بـە بـاوەڕی خـۆی بەباشترین شێوە کێشەکان چارەسەر دەکا. هەندێ جار تیۆرسێن بە ئاشکرا و ڕاشکاوانەترین شێوە پێشنیارەکانی ئەخاتەڕوو. بۆ نموونـە، ڕێگەچـارەکانی مـەکیاڤیلی کـە بەشـێکی هـەرە زۆری نووسـینەکانی پێکئـەهێنن، دەسـتوور و یاسـاگەلێکن بـۆ دەسـەڵاتداران. هەڵبـەت هەنـدێ لـە دەسـتوور و پێشـنیارەکانیش ئاشکرا و سیستماتیك نین. لە هەر دوو حاڵەتدا، خاڵێك کە دەبێ پێـی لەسـەر دابگیردرێـت ئـەو میتـۆدی لێکۆڵینـەوەو ڕاڤەکاریانەیەکـە ئـەم ڕێگەچارانە ئەیانخاتـە ڕوو. وتـاری پێنجـەم ئەم قۆناغەی تیۆرە سیاسییەکان روون ئەکاتەوە. ڕەنگـە تـەرتیبی ئـەم قۆناغانـە ـ بـەکردەوە ـ تـا رادەیـەکی کـەم پـاش و پێشـیان پـێبکرێـت. بـۆ نموونـە هـەر جـۆرە پێشـنیار و ڕێگەچـارەیەك لـە دواهـەمین قۆناغـدا ئەخرێتـەڕوو. ئـەو پێشـنیارانەی کـە بـۆ بڕیـارێکی تایبـەتی سیاسـی دەخرێنـەڕوو، کاتێـك پڕمانـاو پـڕ بایەخن کە پاش ناسینی کێشـە و دەستنیشـانکردنیهۆکارەکانی و هـەروەها دەستنیشـان کردنـی ئـەو شـتانەی کـە ڕێگەچـارەیەك دروست ئەکـەن، بخرێنـەڕوو. تـا کاتێـك کە وەڵامـی ئـەم مەسـەلە سـەرەکییانە نەدرێتـەوە، قسـەکردن لەسـەر ڕێگەچـارە، کـارێکی یەگجار بێهوودە و بێمانایە.

هـەر بـەو پێیـە قۆنـاغی شـیکردنـەوەو ڕاڤـەکردنی ریشـەی مەسەلەکە ـ لە رووی لۆژیکییەوە ـ ناتوانێت بەرلەبینینی قەیران

ونارێکوپێکی سەرهەڵبدات، واتە ئەبێ قەیران و بێنەزمییەك لە ئارادابێت تابتوانرێت شیبکرێتەوەو ڕاڤەی لەسەر بکرێت. کەواتە تەنانەت ئەگەر لە قۆناغی خستنەڕووی تیۆری سیاسیدا ئەو ڕێکخستنە ڕەچاو نەکرێت، لە ڕەوتی لێکۆڵینەوەدا هەمیشە بەمجۆرەی خوارەوە پۆلێن دەکرێ:

١- بینینی بێنەزمی

٢- دەستنیشانکردنیهۆکارەکانی بێنەزمی

٣- خستنەڕوی ڕێگەچارە

چوارەمین بەشی ڕەوتی تیۆرسازی، واتە وێناکردنی کۆمەڵگای سەرلەنوێدروستکراو وەك "شتومەکێك کە سەرئاو کەوتبێت" وایە. ئەم قۆناغە بەڕواڵەت دەبێ بکەوێتە پێش خستنەڕوی ڕێگەچارە، بەلاّم ڕەنگە لە پێش، یان لە دوای دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی بێنەزمی بخرێتەڕوو. تەنانەت ڕەنگە هەندێ جار بکەوێتە پێش بینینی بێنەزمییەوە. زۆربەی کات ئەگەری ئەوە لە ئارادایە کە وێناکردنی کۆمەڵگای سەرلەنوێ دروست کراو، بە شێوەی دیالکتیکی، بە بینینی بێنەزمی و دەست نیشانکردنی هۆکارەکانی، قۆناغ لە دوای قۆناغ دەربکەوێت.

قۆناغە جۆراوجۆرەکانی ڕەوتەکە بە تەواوەتی پێوەندییان بە یەکەوە هەیە، بەلاّم "گشت"ێکی یەکپارچە پێك ناهێنن. فۆرم و ناوەڕۆکی هەر قۆناغێکی توێژینەوە، بەگشتی بە قۆناغی دواتر

لە خۆی شکڵ ئەبەخشێت، بە بێ‌ئەوەی کە سنوورو فۆرم و ناوەڕۆکەکەی دەس‌نیشان بکات. لەڕەوتی لێکۆڵینەوەدا، هەر قۆناغێکی بە ئەنجام گەیشتوو، لەسەربناغەی قۆناغەکەی پێشترلەخۆی بنیات ئەنرێت. هەڵبەتە هەر قۆناغێك بەرادەی پێویست، داهێنان (خلاقیت)ی تیایە کەوای لێ‌دەکا تەنها درێژەپێدانێکی ئاسایی قۆناغی پێشتر نەبێت و لە پێڕەوی کردنێکی ڕەهای تێ‌ئەپەڕێنێت.

بۆ نموونە قۆناغی دەستنیشانکردنی سەرچاوەکانی مەسەلەکە، تاڕادەیەك لە بینینی بێ‌نەزمی‌یەوە سەرچاوە دەگرێت. چونکە قۆناغی بینینی بێ‌نەزمی، ئەو نەخۆشییانە پیشان ئەدات کە خوێندنەوە لەسەر هۆکارەکانیان دەکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا لە سەرەتادا دەرەنجامەکانی قۆناغی "دەستنیشان کردن" روون و ئاشکرانین چونکە تەنها دەستنیشان کردنی نیشانەکانی تێکهەڵشکان، هۆکارەکانیان روون ناکاتەوە. بەمجۆرە ئەو پێشنیارانەی کە تیۆرسێن ئەیانخاتەڕوو، تەنها لە ڕێگەی خوێندنەوەی قۆناغی پێشترەوە دەستنیشان ئەکرێن. ئەبێ لە ڕێگەی بڕیارگەلێکی جۆراوجۆری ستراتژیکییەوە ڕێگەچارەی کۆتایی دەستنیشان بکرێت. سەرنج بدەنە ئەم نموونانەی خوارەوە: مرۆڤ دەتوانێ سەبارەت بەم مەسەلەیە کە ئەسینا تێك هەڵشکابوو، خۆی لەگەڵ بیروڕای ئەفلاتووندا ڕێك بخات، ئەگینا چۆن ئەیتوانی سوقرات بەمەرگ

تاوانبار بکات؟ بەڵام دەتوانیٚ لەگەڵ ڕێگەچارە کۆتاییەکەیدا ناکۆك بێت، واتە ئەو سیستمەی کە لە کتێبی کۆماردا پیشانی ئەدات، یان ئەوەکە ڕەنگە مرۆڤ لەو مەسەلەیەدا لەگەڵ مارکس دا هاوبیروڕابێت کە ئابووری سەرمایەداری، چینی کرێکار ئەچەوسێنێتەوە و بەخۆی نامۆی ئەکات، بەڵام دیکتاتۆری پرۆلیتاریاش بەڕێگەچارەی کۆتایی نەزانێت (یان سەبارەت بەم مەسەلەیە باوەڕی بەزەروورەتی دیکتاتۆرییەتی چینی کرێکار نەبیت).

## وتاری دووهەم

# قەیران و بینینی بێ نەزمی

تیۆرە سیاسییەکان وەك مرواری وان: مەبەست ئەوەیە کە بە بێهۆ نایەنە ئاراوە. زۆربەی تیۆرە سیاسییەکان، یان بەلانی کەمەوە زۆربەی تیۆرە "حەماسی"یەکان، لەبەر ئەوە نووسراون کە لێکۆڵینەوە لەسەر هەندێ لە کێشە ڕاستەقینەو زەرووریيەکان بکەن. ئەم مەسەلانە پێویستیان بەوە هەیە کە لە لایەن تیۆرسێنەکانەوە ئاوڕیان لێبدرێتەوە: چونکە ئەوان تەنها بە توێژینەوە رازی نابن [بەڵکوو بە قووڵی لەسەر مەسەلەکان ئەکۆڵنەوە]. زەرووورەتی تێگەیشتن لەو کێشە سیاسییانە کە گیروگرفتێکی زۆریان لێکەوتۆتەوە و، کەسانێکی زۆریشیان تووشی کێشەوگرفت کردووە، تیۆرسێنەکانی ناچار بە نووسین کردووە.

لەسەردەمانێکدا کە خەڵك بەختەوەرن و کەمتر بیانوویەك بۆ ناڕەزایی دەربڕین بەرانبەر بارودۆخی کۆمەڵگا لە ئارادایە، تیۆرە سیاسییەکان بەدەگمەن سەرهەڵ ئەدەن [واتە تەنها سەردەمە

ئـــاڵۆزو قەیرانییـــەکانن کـــە دەبنـــەهۆی ســـەرهەڵدانی تیـــۆرە سیاسییەکان]. ئەو قسەیەی ئیدمۆندبرێك زۆر ڕاستەکە ئەڵێ:

ئـەوی داواکارییـەکی زۆرهەیـە بـۆ تیـۆرە سیاسـییەکان، ئەوەمان بۆ دەرئەخات کە کۆمەڵـگا بە شێوەیەکی خـراپ بەڕێوە ئـەبرێت. هـەروەها دەڵـێ: کۆمـەڵانی خـەڵك کاتێك کەخۆشحاڵن، هـیچ حـەز و تاسـەیەکیان بەرانبـەر تیـۆرە سیاسـییەکان نییـەو هەرگیز بەدوایاندا ناچن. لە ڕاستیدا ئەگەر خەڵکی کۆمەڵـگایەك بە رەغبەتەوە لە تیۆرە سیاسییەکان بڕوانن، ئەوە دەگەینێ کە وڵات بە شێوەیەکی خراپ و ناڕێك و پێك بەڕێوەئەبرێت.

ئەمریکییـەکان بایـەخێکی ئـەوتۆ بـە تیـۆرە سیاسـییەکان نادەن و رەنگە هۆیەکەشی بگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆیانەی لە سەرەوە باسمـان کـردن. ئـەوەش بـەو مانایـە نییـە کـە ئـەمریکا تووشـی پشێوی و پێکـدادانی سیاسـی نـەبوە، بـەڵکوو زۆربـەی کـات ئـەو ناکۆکی و پێکدادانانـەی کـە لـەو کۆمەڵـگایەدا هاتۆتـە ئاراوە، لـە بەرژەوەندییە تاکەکەسی و بەکۆمەڵەکانەوە سەرچاوەیان گرتـووە و کـەمتر لـە سـەر پرەنسـیپە بنەڕەتییـەکان ململانێیـان کـردووە. زۆربەی کات پێکادانە سیاسییەکان لە ئەمەریکادا سـەبارەت بە پرەنسـیپەکان لـە چوارچـێوە و ئـسـوڵێکی پەسـەندکراودا دەرئەکەوێت کە تەنانـەت بە تـەواوەتیش پێناسـە نـەکراون. لەبـەر چـەندین هـۆی مێـژوویی و کۆمـەڵ ناسـانە، گرنگیـی گریمانـە لیبراڵییەکانی جۆن لۆك سەبارەت بە نـەزمی سیاسـی، تا ڕادەیـەك

بـه مەسـەلەیەکی پەسـەندکراو لـە قەڵـەم ئـەدرێت. ئـەم باوەڕانـە هێندە پەسەند ئەکرێن کە تەنانەت هۆی "بوون"یشیان فەرامۆش دەکرێ. لـوییس هـارتز دەڵـێ: لـە ئـەمریکادا هـەرگیز بزاڤ، یـان حیزبێکـی سیاسـی لیـبراڵ بـوونی نـەبوە. تـەنها شـتێك کـە هـەبوە شێوەی ژیـانی ئـەمریکی بـوە کـە لـە ڕاستیدا ئـەوەش کاریگـەری ئەندیشەکانی جۆن‌لۆکی لەسەربوە بەبێ‌ئـەوەی ئاگـاداری ئـەوەش بن کە ئەندیشەکانی لۆك ئەو کاریگەرییەی لەسەرداناون.

ئەمریکییـــەکان کـــە لەپەســـەندکردنی بونیـــادی بـــاوەڕە سیاسـییەکانی کۆمەڵگاکـەیان ــکـەزۆربەشـیان سیسـتماتیك و ناسـراونین ـ تـا ڕادەیـەکی زۆر ڕازیـن، لـە سیاسـەتدا پێـڕەوی لـە بۆچوونی "ڕەسەنایەتی کردەوە" دەکـەن. ئەگـەر بناغـەو بونیادی سیستمێك، پایەدار و پتـەو بێت، یـان باوەڕێـك لەمەڕ پتـەوبوونی ئەو بناغەیە لەئارادابێت، مەسـەلە تایبەتـەکانیش یەك‌لـەدوای‌یـەك و لەرێگـەی "تاقیکـاری" و "هەڵـەکردن"ەوە کۆتاییـان دێـت. ئەمریکییـەکان لـە جیـاتی ئـەوەی کـە بایـەخ بەڕیشـەی مەسـەلە سیاسـییەکان بـدەن" واتـە ئـەو قەڵـەمڕەوەی کە تیۆرسـازی تیایـدا زەرروورەت پەیـدا ئـەکات، بـە پێچـەوانەوە لـە ڕێگـەی هەنـدێ "پێکدادانی ناشیانە"وە هەنگاو هەڵ دەگرن.

بـە پێـی قسـەکەی ئیدمۆنـدبرێك ئـەم بایەخنەدانـە بـە تیـۆر سـازی، ڕەنگـە لـە بـارودۆخێکی ـ تـا ڕادەیـەك ـ سـەقامگرتووی سیاســییــەوە سەرچــاوە بگرێــت. هەڵبەتــە هەرچــەند ئــەوە

ئیمتیازێکی باشی کردەیی و سیاسی‌یە، بەڵام زیان بە رەوتی "بیرکردنەوە" ئەگەینێت. هەرچەند نەبوونی ئاڵۆزێتی فکری و هەروەها لێهاتوویی فکری لەریزی لایەنە پۆزەتیڤەکانی سیاسەتی ئەمریکا دائەنرێن بەڵام شتێك نییە کە بتوانین لە مێژووی ئەندیشەدا شانازیی پێوە بکەین.

ئەگەری ئەوە لەئارادایە کە بایەخ نەدان بە تیۆرە سیاسییەکان زیانگەلێکی کردەیی زۆری لی‌بکەوێتەوە. بۆ نموونە یەکێك لەو هۆیانەی کەئەمریکا ناتوانێت لە وڵاتان و گەلانی دیکە تی‌بگات و پێوەندییان لەگەڵ دابمەزرێنێت، ئەگەڕێتەوە بۆ ئەم مەسەلەیە. هەرچەند هەندێ پرەنسیپ لە ئەمریکادا زۆر گرنگن، بەڵام ئەوە ناگەینێت کە دەبێ هەموویان باوەڕیان پێیان هەبێت. ئەوە خەیاڵێکی خاوە کە ئەمریکییەکان وا لی‌دەکا نەتوانن سەرچاوەی کێشمەکێشە نێودەوڵەتییەکان و هەروەها ئەو رێگەچارانەی کە دەیانخەنەڕوو بناسن تێیابگەن. رەنگە زۆربەی ئەمریکییەکان وەك ئەو سناتۆرە بن کەنەیدەزانی بۆچی عەرەبەکان و ئیسرائیلیەکان وەك مەسێحییە چاکەکان، پێکەوە دانانیشن و کێشەکانیان چارەسەر بکەن.

تەنانەت لە بواری سیاسەتی ناوخۆییشدا، ڕەنگە ئاڵۆزنەبوونی تیۆرەکان، زیانگەلێکی زۆری لی‌بکەوێتەوە. رەنگە هەندێ کێشەی سیاسی، هێندە گەورەبن کە تەنها لە رێگەی "زرمو کوتی نەزانانە"وە چارەسەرنەکرێن. مرۆڤ ئەگەر

سەرچاوەی کێشەکان نەزانێت، رەنگە لە چاڵێك بێتەدەرەوەو بکەوێتە چاڵاێکی ترەوە.

## بەکۆمەڵایەتیکردن و هەڵسەنگاندن

کاتێ کە دۆخێکی کۆمەڵایەتی لە ئارادایە، شیکردنەوەو ڕاڤەکردنی نەزمی سیاسیش هەم بێفایدەیەو هەمیش دژوارە. ئامانجی ڕێکخراوە ئیدارییەکان لە هەر کۆمەڵگایەکدا ئەوەیە کە تاکەکانیان هان بدەن بیروڕا زاڵەکان قبوولْ بکەن. منالاَن هەر لە سەرەتاوە فێری ئەوە دەبن کە تێگەیشتنە دروستە سیاسییەکان و هەروەها رەفتارە گونجاوەکان کامانەن؟ بۆ نموونە، خەڵك لە ئەمریکادا فێری ئەوە دەبن کە "شێوەی ژیانی ئەمریکی" یەگجار باشەو هەروەها "ئازادی" و "دیمۆکراسی" شتێکی باش و بەکەڵکن، هەر بۆیە سیستمی سیاسی ئەو وڵاتە (واتە ئەمریکا) نوێنەری راستەقینەی ئازادی و دیمۆکراسییە. هەرچەند ئەم رەوتە لە سیستمە سیاسییەکانی دیکەشدا بە هەمان شێوەیە بەڵام ناواخنی پەیامەکانیان لێك جیاوازن. منالێکی کووبایی هەر لە سەرەتای منالییەوە فێری ئەوەدەبێ کە "ئیمپریالیزمی یانکی" مەترسیدارترین دوژمنی کۆمەڵگایە و هەروەها فێری ئەوەش دەبێ کە فیدل کاسترۆ ڕێبەرێکی مەزنەو وڵاتەکەی ئەوی رزگار کردووە.

راستییەکانی جیهانی سیاسەت لە ڕێگەی فێرکاری و ڕاهێنانەوە ـ بۆنموونە لە ڕێگەی خوێندنگە ڕەسمییەکانەوە، یان ڕێزگرتنی ئاڵاوە ـ هەروەها تارادەیەکیش لە ڕێگەی فێرکارییە ناڕەسمییەکانەوە، یان لاسایی کردنەوەی ڕەفتار و کرداری ئەوانی ترەوە، بەسەر خەڵکدا دەسەپێنرێن. ئەگەر کەسانی دەوروبەرمان بە بیستنی هەندێ وشەی وەك کۆمۆنیزم، فاشیزم، یان ئیمپریالیزمی یانکی ترس دایانبگرێت، مرۆڤەکانی تریش بە هەمان شێوە ئەوانە بە دیاردەگەلێکی مەترسیدار لە قەڵەم ئەدەن. هەر بەو پێیە ئەگەر کەسانی دەوروبەرمان بەرانبەر دەستوری وڵات "دامەزرێنەرانی کۆمەڵگای ئەمریکی" یان "وڵاتی سۆسیالیستی" وەفاداربن و ڕێزیان لێبگرن، ئەوانی دیکەش بەو دەرەنجامە دەگەن کە ڕێزگرتنیان کارێکی باشەو کەواتە دەبێ پێیان وەفاداربن.

خانمی لیلیان سمیت لە کتێبەکەیدا لە ژێرناوی "بکوژانی خەون" کە سەبارەتە بە سەردەمی مناڵی خۆی لە باشووری ئەمریکادا، نموونەیەکی یەگجار باش و گرنگ لەبارەی "ڕەوتی بە کۆمەڵایەتی کردن" دەخاتەڕوو. سمیت باس لە شێوەگەلێك دەکا کە لەڕێگایانەوە، باوەڕە سیاسییەکان و ڕەفتارە دروستە کۆمەڵایەتییەکان، بەسەر تاکەکانی کۆمەڵگا، بە تایبەت لاوان دا، دەسەپێنرا:

هیچکەس بە شێوەیەکی رەسمی فێری ئەو بابەتانە نەئەبوو، بەڵام هەرچۆنێك بێت ئێمە وانەکان باش فێر بووین. ئێمە زۆرشت فێربـووین وەك" سیسـتمی ئـاڵۆزی حەرامـەکان، تاوانـەکان و پاداشـەکان، گـۆڕینی دەنـگ و لـەحن و وشـە و هەسـتەکانمان لەکاتی دەربڕینی رستەکاندا، لەکاتی رۆیشتنمان بۆ ئاودەس و هـەروەها لـەکاتی کایەکردنـدا. نایەتـەوەبیرم چـۆن و کـەی ئـەوەم زانی کە خوامیهرەبانەو عیسا کوڕیەتی و بۆ دابەش کردنی خێرو بەرەکەت بەسەر مرۆڤدا نێردراوە و هەروەها فێری ئەوە بووین کە هـەموو خـەڵك لەیـەك دایـك و باوکـەوە خوڵقـاون. لەگـەڵ ئەوەشـدا فێربـووم کـە مـن لـە رەشپێسـتەکان باشـترم و ئـەوان لـە نـاو کۆمەڵـگادا پلـەو پایەیـەکی نزمتریـان هەیـە و دەبـێ هـەر بەهـەمان شێوەش بمێننەوە. فێری ئـەوەش بـووین کـە "سـێکس"ی بـەر لـە دەس پێکردنـی ژیـانی هاوبـەش (ئیـزدواج) کـارێکی خراپـەو هەروەها ئەگـەر من بەرەچاوکردنی یەکسانی و بەرابەری، لەگـەڵ رەشپێسـتەکاندا هـەڵسوکـەوت بکـەم باشـوور [وڵاتـە یەکگرتووەکان] تووشی کارەساتێکی وێرانگەردەبێ.....

پرۆسـەی فێرکردنـی مـن هـەر لـەرۆژی لـە دایـك بوونمـەوە دەسـتی پێکـرد و لـە ناوچوارچێوەیەکی هێنـدە ئـاڵۆزو گـەورەدا پەروەردەبووم کە ناکرێ بە کورتی وەسفی بکەم. فێربووم چۆن خۆم لەگەڵ ڕێساکاندا بگونجێنم. فێربووم کە چۆن دەکرێ لەیـەك کاتـدا هـەم مەسـێحی بم و هـەم سـپی پێسـتێکی باشـووری.

دەشکرێ لەیەك کاتداهەم خانمێکی بەڕێز بم و هەم بوونەوەرێکی دڵڕەق و لەخۆبایی. دەکرێ شەوانە عیبادەت بکەیت و رۆژانەش سواری ئۆتۆمبیلی تایبەتی سپیپێستان بیت و هەر دوو کارەکە بەئاسانی ئەنجام بدەیت. فێربووم باوەڕم بە دیموکراسی هەبێت و بە بیستنی وشەی دیموکراسی، شادی و خۆشییەکی لەڕادەبەدەر دامبگرێت. بەڵام بەکردەوە هەر لە بەیانییەوە تاشەو، کار لە کۆیلەکان بکێشمەوە و بیانچەوسێنمەوە. ئێمە زیاتر لە رەفتارەکانمانەوە شت فێر ئەبووین، وەك لە پەند و ئامۆژگارییەکان. لە بڕۆ هەڵخستنێك، نوکتەیەك، دەنگێکی لەرزۆك، جووڵەیەکی دەست یان دەم وچاو و هەروەها بێدەنگییەکی درێژ خایەنەوە زیاتر شت فێر ئەبووین وەك لە رستەیەکی درێژ.

بەتەواوەتی فێربوونی ئەم وانەگەلە، کاریگەرییەکی یەگجار زۆر لەسەر نەقشەی جیهانی سیاسەت دادەنێ و نابێ بەشتگەلێکی ئاساییان لە قەڵەم بدەین. وادیارە پێویست نەکات و گونجاو نەبێت بەشێوەیەکی نرمنی باس لەوانە بکەین، بەڵکو واباشترە بەڕاشکاوانە باسیان بکەین. قسەیان لەسەر بکەین، ئەگینا وامان لێ دەکا ئەوانە نەك بە حەقیقەتێکی پەسەندکراو، بەڵکوو بە وتەزاگەلێکیان لەقەڵەم بدەین کە قابیلی قسە و باس

لەسەر کردنن. ئەم باوەڕانە لە ڕێگەی ویژدانی خودئاگاوە دزەئەکەنە ناو ڕەگ و خوێنی مرۆڤەوە و ئیدی لەو کاتەدا لەناوبردنیان کارێکی یەگجار سەخت و دژوارە.

ڕەوتی بە کۆمەڵایەتی کردن، بەشێکی حاشاهەڵنەگری هەر کۆمەڵگایەکی سیاسییە. هیچ کۆمەڵگایەك بەبێ سەلماندنی ئامانجەکان و فەلسەفەی وجودیی خۆی بە تاکەکانی، ناتوانێت درێژە بە ژینی بدات و گەشەبکات،خۆ ئەگەر نەیتوانی کارێکی وابکات، مەشرووعییەتی خۆی لە دەست دەدا. بەواتایەکی دیکە ئەگەر کۆمەڵگایەك نەتوانێت بایەخ و گرنگیی خۆی بە ئەندامەکانی بسەلمێنێت، ناشتوانێت داوای وەفاداری وهاوکاری کردنیان لێبکات. ئەگەر شتێکی لەو جۆرە ڕووی دا، ئەوا لەو حاڵەتەدا کۆمەڵگا ڕووبەڕووی مەترسی بوەتەوە و ئیدی ناتوانێت لێبڕاوانە هۆکارە دەرەکییەکان لە ناوببات. لە لایەکی تریشەوە، نەزمی کۆمەڵایەتی ناوخۆییش هەڵئەوەشێتەوە.

بەم هۆیەوەیە کە تیۆرەکان و تیۆرسێنە سیاسییەکان، زۆربەی کات بە "ڕووخێنەر" لە قەڵەم دەدرێن. ئامانجی تیۆرە سیاسییەکان ئەوەیە کە پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی سیستمی سیاسی، بە دیدێکی ڕەخنەگرانەوە بخەنەبەر ڕاڤە و لێکۆڵینەوە. لەو حاڵەتەدا، ئاسایی دەبێ ئەگەر دەسەڵاتداران شیکردنەوەی ڕاڤەکارانەی ئامانجەکانی کۆمەڵگا بەشتێکی ناحەز و بگرە مەترسیداریش لە قەڵەم بدەن. تیۆرە سیاسییەکان ڕەنگە تەنانەت

"یــەکگرتنی کۆمەڵایــەتی"ش بخەنــە ژێــر پرســیارەوە، یــان مەشــرووعییەتی سیســتمی فــەرمانڕەوا رووبــەڕووی مەترســی بکەنەوە. لە روانگەی دەسەڵاتدارانەوە باشترین حاڵەت ئەوەیە کە خـەڵك، لـە جیـاتی ئـەوەی رەخنـە لـە بـاوەڕە سیسـتماتیکەکانی کۆمەڵـگا بگرن، بە پێچەوانەوە بە نۆرمگەلێکی پەسەندکراویان لـە قەڵەم بدەن.

نابێ ئەوە فەرامۆش بکەین کە ئەسینایییەکان، سوقراتییان بە تاوانی مەترسیداربوون بە مەرگ مەحکووم کرد. لەراستیدا ئەوە عادەتەکەی سوقرات بوو کە بواری بۆ دادگایی کردن و پاشان لە سێدارەدانی ئەو خۆشکرد: واتە هەموو ئەوشتانەی کە ئـەوانی تـر بەدیاردەگـەلێکی ئاسـاییان لـە قەڵـەم ئـەدا، ئـەو بەپێچەوانەوە گومانی لێئەکردن. سوقراتیان بەوە تاوانباردەکرد کەبێدینەو لاوان فاسد ئەکات، چونکە ئەو، بە تەعبیری خۆی، رۆشـنبیرێکی "مێشـووله" ئاسـابوو. [کـە کـاری چـزاندن و وشـیارکردنەوەی خـەڵك بـوو] ئـەو لاوانـەی کـە دەیانویسـت لـە بەردەم وانەکانی سوقراتدا ئامادەبن، گومان کردنی سوقراتیان لە باوەڕە زاڵەکان وەك شتێکی هاندەر و پاڵنەر ئەبینی. لە لایەکی ترەوە، دەسەڵاتدارانی دەوڵەتشاری ئەسینا، کە بارودۆخێکی لـەرزۆك و ناڕێـك وپێکیـان هـەبوو، ئـەو گومـان کردنانـەیان بەمەسەلەیەکی مەترسیدار و هێرشکەر لە قەڵەم ئەدا. کەواتە، بەوهیوایەی کە بێدەنگیبکەن، یان ناچاری بکەن کە قسەکانی

خۆی بە درۆ بخاتەوە و واز لەو جۆرە قسانە بێنێت، دەسگیریان کــرد. کاتێــک ئــەو کارەیــان کــرد و ســوقراتیش ڕازی بــە دوورخستنەوە (تبعيد) نەبوو، کوشتیان.

کەواتە، تیۆر سازیی سیاسی دەتوانێ کارێکی مەترسیدار بێت. ئەو پرسیارانەی کە تیۆرە سیاسییەکان، ئەیانخەنەڕوو، هەمیشە دڵخوازو لەبارنین. کۆمەڵگا دیکتاتۆرییەکان، بەجەختەوە ڕێباز گەلێك هەڵئەبژێرن کە نایەڵن هیچ جۆرە تیۆرێکی سیاسی ڕەخنەگرانە چرۆبکات و گەشەبکات. ئەم سیستمانە، وەك هەندێ کۆمەڵگای ژێردەستی حکوومەتە مەزهەبییەکانن کە تیایاندا تەنها باوەڕە "ڕەسمی و ئورتۆدۆکسییەکان" برەویان هەیە. هێندەی پێوەندی بە باوەڕی سیاسییەوە هەبێت، ئەوە تەنها ئایدۆلۆژیای ڕەسمی یە کە قابیلی پەرەپێدانە. هەرجۆرە گومانکردنێك لە پرەنسیپگەلی باوەڕە زاڵەکان، بە "بدعت" و بێ‌دینی لەقەڵەم ئەدرێت.

بەڵام بارودۆخەکە لەکۆمەڵگا لیبراڵەکاندا تاڕادەیەك جیاوازە. لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا، ئازادی ڕادەربڕین مسۆگەرکراوە و لەحاڵەتێکی وادا دەکرێ بەشێوەیەکی جیدی بە دوای تیۆرە سیاسییەکاندا بڕۆین. لەگەڵ ئەوەشدا، تەنانەت لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا، ئەوشتەی کە بە قسە قبووڵ دەکرێ ڕەنگە بەکردووە ژێرپێ‌بخرێت. هەرچەند ئەمریکاییەکان بەقسە داکۆکی لە ئازادی ڕادەربڕین دەکەن بەڵام توێژینەوەکانی زانستی

سیاسی و هەروەها مێژووی تیۆرە سیاسییەکان لە ئەمریکادا ئەوە پیشان ئەدات کە رەنگە مۆڵەت بەدەرکەوتنی ئاشکرای ئەندیشە دژە ئەمریکاییەکان نەدرێت. پێدەچێت سوقراتەکان لە ئەمریکادا هیچ شوێنێکیان نەبێت. ئەمریکاش وەك زۆربەی کۆمەڵگاکان حەزئەکات وەسف و ستایشی سیستمە سیاسییەکەی بکرێت، وەك لەوەی رەخنەی لێبگیردرێت.

چونکە ئەو پرسیارانەی کە بە هۆی تیۆرە سیاسییەکانەوە دەخرێنەڕوو، رەنگە بە "رووخێنەر" لە قەڵەم بدرێن، هەروەها لەبەر ئەوەی کە رەنگە تیۆری‌سازی کارێکی مەترسیدار بێت، "لیڤی‌ستراوس" دەڵێ: لەکاتی خوێندنەوەی کتێبەکانی تیۆرە سیاسییەکان‌دا دەبێ ئەم خاڵە لەبەرچاوبگیردرێت: رەنگە تیۆرسێنیك زۆر بە پارێزەوە هەندێ قسەی کردبێت، بە تایبەت ئەگەر گیانی لا شیرین بێت ونرخی بۆ دانا، هەر بەم هۆیەوە دەبێ هەندێ لەبەرهەمەکانی تیۆرە سیاسییەکان بەوردبینی‌یەکی زۆرەوە بخوێنرێنەوە و مانای پیتەکان لەدووتوێی وشەکانەوە هەڵێنجێنین.

بەرهەڵستی کردنی ئەم داکۆکیکردنە کۆمەڵایەتی و ناوخۆییانە لەبەرانبەر تیۆرسازی سیاسیدا، لەسەردەمە قەیرانییەکاندا تاڕادەیەکی زۆر، کەم دەبێتەوە. کاتێك بارودۆخەکە تێك دەچێ و تێگەیشتن لە مەسەلەکانیش دژوارتردەبێ، خەڵکیش رەغبەتێکی زیاتریان دەبێت بۆ

گومانکردن لەو باوەڕانەی کە پێشتر بە "حەقیقەت" لە قەڵەمیان ئەدان. ڕەنگە دەسەڵاتداران حەزبکەن ڕێگەبگرن لە خستنەڕووی ئەو مەسەلانەی کە بەڕووخێنەریان دەزانن. بەڵام خەڵك ڕۆژلەدوای ڕۆژ لەوە تێدەگەن کە ئەبێ بایەخێکی زۆر بدەن بەو پرەنسیپە بنەڕەتییانەی کە بەسەر ژیانی سیاسیدا زاڵن. ڕەنگە بە سەختی بتوانرێت گومان لەو باوەڕانە بکرێت کە پێشتر قبووڵ کراون، بەڵام کاتێك کە ئەم باوەڕانە کێشەو گرفتیان لێدەکەوێتەوە بە ئاسانی دەتوانرێ گومانیان لێبکرێت.

بۆ نموونە لەسەردەمە ئارام و هێمنەکەی ١٩٥٠ زایینیدا، بیرمەندانی زانستی سیاسەت لە ئەمریکادا، پێشبێژییان کرد کە تەمەنی "سەردەمی ئایدۆلۆژیا" بەسەرچووە. بەڵام دڵەڕاوکێ و نیگەرانیەکانی دەیەی ١٩٦٠ز، بایەخی ئەو پێشبێژیی کردنەیان ـ لانی کەم بۆ ماوەیەك ـ لەناو برد. زۆربەی ئەمریکاییەکان بە هۆی ناڕەزاییەتییان بەرانبەر شەڕی ڤێتنام و نادادپەروەرییە سیاسییەکان و هەروەها ناسەقامگیربوونی شارستانییەت و نەزمی کۆمەڵایەتی، حەزێکی تازەیان بەرانبەر تیۆرە سیاسییەکان تیا دروست بوو. "چەپی نوێ" تیۆرە توندڕەو و سۆسیالیستی و ئانارشیستییەکانی پەرەپێدا. لیبراڵەکان ناچار بوون فەلسەفە سیاسییەکەی خۆیان بە شێوەیەکی تازەتر هەڵسەنگێنن و بیکەن بەشتێکی زانستیانە و داکۆکیشی لێبکەن. هزرمەندە کۆن پارێزەکان هەوڵیاندا ئەوە بسەلمێنن کە

پرەنسیپە سیاسییەکانیان ئەتوانن ئەو مەسەلانەی کە لە ئارادان چارەسەربکەن. کاتێك قازانی سیاسەت هاتەکولْ، "گۆنجاوێتی و پێوەندی" نێوان تیۆرەسیاسییەکان دەردەکەوێ.

## بینینی بۆنەزمی

ئەو قەیرانانەی کە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی تیۆرەکان، لە شێوەگەلی جۆراوجۆردا دەرئەکەون. رەنگە قەیرانێك بۆ هەموو کەسێك روون بێت ـ بەلای کەمەوە لە ئاستی دەرکەوتنی هەندێ هێماونیشانەدا ـ و، هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا بگرێتەوە و کارێگەری لەسەر ژیانی هەموویان دابنێت. لێکپچڕانەکان و ئەو کارەساتە گەورانەی کە بە شێوەی شەڕە ناوخۆییەکان و قەیرانە ئابوورییەکان، رووبەڕووی کۆمەڵگا مرۆییەکان ئەبنەوە و کێشەیان بۆ سازدەکەن، نموونەگەلێکی روون و ئاشکران، ئەگەر هەموو کەسێك لەگەڵ دراوسێکانیدا خەریکی شەڕکردن بێت، ئەگەر رێکخستنی کۆمەڵایەتی و ئاسایشی تاکەکەسی لەناو چووبێت، وە ئەگەر زۆربەی خەڵك دەسکورت و هەژاربن، رەنگە تەنها گرووپێکی بچووکی کۆمەڵگا باوەڕیان بە چارەسەکردنی کێشە زەرورییەکانی کۆمەڵگا نەبێت [چونکەخۆیان لە خۆشگوزەرانیدا ئەژین و دەرك بە کێشەکانی ناو کۆمەڵگا ناکەن].

هەندێ جار رەنگە تەنانەت لەم جۆرە بارودۆخە قەیرانییانەشدا، دەرککردنی کێشەکان کاریکی ئاسان نەبێت.

هەندێ جار هەموو لایەك ئەوەیان قبووڵە كە كۆمەڵگا تووشی هەندێ كێشەبووە، بەڵام بۆ ناسینی كێشەی سەرەكی یەكبیروڕامان نییە. بۆ نموونە، جەنگ و كوشتاری ناوخۆیی و قەیرانی بەربەبڵاوی كۆمەڵایەتی، بە ئاشكرا ئەوە ئەگەینن كە كێشەیەك لە ئارادایە، بەڵام پێویستە لەوە بكۆڵینەوە كە ئایا هۆی سەرەكی دەگەڕێتەوە بۆ ستەمگەرێتی دەوڵەت، یان لاوازی و بێهێزبوونی؟! بۆ نموونە كێشە و ململانێكانی دەیەی ١٩٦٠ز ئەمریكا لە بەرچاوبگرن. هەمولایەك لەسەر ئەوە هاوبیروڕابوون كە ئەم رووداوانە ئەوە دەگەینن كە كێشەگەلێك لە ئارادایە كە ئەبێ ئاوڕیان لێ بدرێتەوە، بەڵام تاقمێك هۆكاری ئەو رووداوانەیان ئەگەڕاندەوە بۆ "هەبوونی ئازادی لەرادەبەدەر" و گرووپێكی تریش بۆ "سەركوتكردنی ئازادی". هەندێ داوەری كردنی پێمپراو لەگریمانە، بە ئاشكرا كاریگەری دیاریان لەسەر دەستنیشانكردنو تەنانەت پێناسەكردنی كێشەكە دانابوو.

رەنگە قەیرانەكانیتر، یەگجار بەرتەسك و تەنانەت نادیاریش بن و كاربەدەستانی سیستمی سیاسی بە ئاسانی نەتوانن دەركیان پێ‌بكەن. رەنگە گرووپێك وا تەسەور بكەن كە هیچ كێشەیەك لەئارادا نییە و كەواتە ناكۆكییەكان هەر لەوێوە دەست پێ‌دەكەن. بۆ نموونە لە كاتێكدا كە ماركس، هەژاری و دەسكورتی چینی كرێكاری بەریتانیای بە قەیرانێك لە قەڵەم ئەدا، ئەوانی تر ئەم مەسەلەیان بەدەرەنجامێكی زەروری یاسا

حاشاهەڵنەگرەکانی جیهانێکی ناکامڵ لە قەڵەم ئەدا. کەواتە، ئەو قەیرانـەی کـە دەبێتـە هـۆی دروسـت بـوونی تیـوریێکی سیاسـی، رەنگە لە هەندێ حاڵەتدا ناوچەیی و تاکەکەسی بن، نەك گشتی و جیهانی. لەوانەیە تیۆرسێن بەنیسبەت ئەو بونیادە سەرەکییانەی کە بەسەر سیستمێکی سیاسیدا زاڵن، لەبەر چەند هۆیەك کە بۆ بەشەکانی تری کۆمەڵگا نادیار و نەناسراون، تووشـی دڕدۆنگـی (تـوهم) بووبێـت و رەخنـەیان لـێبگرێـت. رەنگـە مـارکس لـە ریـزی ئەو کەسانەدا بێت کە بە هـۆی بـاوەڕە زاڵـەکانی کۆمـەڵگاوە زەرەر و زیـانێکی زۆری چەشـتبێت، یـان تەنانـەت رەنگـە قسـەکانی ئـەو سـەبارەت بـە نادادپـەروەری و هەڵوەشـانەوەی ئاکـاری، وەکـوو "مشت بۆ دیوار هاوێشتن" بێت، کە ئەوانی تر، یان نـاتوانن، یـان نایانەوێت گوێی لـێبگرن.

دوا ئامـــانجی تیـــۆرە سیاســـیەکان تێگەیشـــتن و روون کردنەوەی نەزمی راستەقینەیە لە کۆمەڵگادا بەڵام ئەم ئامانجە لـە بینـینی وێرانـیو بـێنەزمییەوە دەسـت پـێدەکـا. لـە راسـتیدا ئـەم رەوشی دۆزینەوەی رێگەچارە، واتەرۆیشتن لە هەڵەوە بۆ راسـت، تەنها تایبەت بە تیۆرە سیاسییەکان نییـە. نموونەگەلێکی زۆری ئەزموونـە رۆژانـەکان و هـەروەها لێکۆڵینـەوە لـە بوارەکـانی تـردا، ئـەوە دەرئەخـەن کـە ئـەم رەوشـە رەوشـێکی ئاسـایی و قـابیلی پەسەند کردنە.

بۆ نموونە ئەگەر من زانیارییەکی یەگجار کەمم سەبارەت بە دروست کارکردنی مۆتۆری ئۆتۆمبیلەکەم هەبێت، تاڕادەیەکی زۆر ئەو زانیارییانەم دەگەڕێنەوە بۆ خراپبوون و بەرێکوپێک کارنەکردنی مۆتۆری ئۆتۆمبیلەکەم. ڕۆژێکیان کەحەماوەی مۆتۆری ئۆتۆمبیلەکەم بەرزبۆوە، لەگەڵ پۆمپی ئاوو جۆری کارکردنی ئاشنا بووم. شەوێکیان کە ئۆتۆمبیلەکەم کوژایەوە، لەگەڵ دینامۆ و جۆری کارکردنی ئاشنا بووم. هەروەها هەندێ گرفتی دیکە کە وایان لێکردم تاڕادەیەکی زۆر لەگەڵ جۆری کارکردنی مۆتۆرێکی ساغ و بێنوقساندا ئاشنا بووم. ئەم جۆرە فێربوونە یەکجار سەختەو دیارە زۆرکەسانیتریش، تاقی کردنەوەی لەو جۆرەیان هەبووە.

"ئێدمۆندکان" توێژەرەوەی بەرجستەی زانستی ماف دەڵێ" ئەم شێوازە لە رشتەی مافیشدا کاری پێ ئەکرێت. بە بیروڕای ئەو، تەنها لە ڕێگەی بیرکردنەوە و تێڕامانی ئەبستراکتەوە مرۆڤ ناتوانێ لە دادپەروەری تێبگات. مرۆڤ لە بۆشایی"خلاء"دا ئەو پرسیارە ناکا کە "دادپەروەری چییە؟" ئەم پرسیارە تەنها لە کاتێکدا مانای هەیە کە مرۆڤ بەردەوام خەریکی چاککردنی بارودۆخێك بێت کە لای ئەو نموونەیەکی شازی نادادپەروەرییە. مرۆڤ نۆرمەکانی ڕەفتاری دروست و هەروەها یاسادادپەروەرانەکان، بە شێوەیەکی تێخوێندنەوەیی "استقراء"یی لە پرەنسیپە فەلسەفییەکانەوە هەڵناهێنجێت،

بەڵکوو پاش قەرەبووکردنی ستەم و ڕێگرتن لەدووبارەبوونەوەی ئەوستەمە، هەوڵ ئەدا فۆرمیان پێ ببەخشێت. "کان" دەڵێ:

ئەگەر دادپەروەری بە پێی عادەت، بە میتۆد، یان مەرجێکی یۆتۆپیایی لە قەڵەم بدرێت، هەڵوێستی مرۆڤیش لە بەرانبەریدا جگە لە تێڕامان و بیرکردنەوە، هیچی‌ترنییە. بەڵام هەڵوێستی مرۆڤ لە بەرانبەر نموونەیەکی حەقیقیدا، یان تەسەورکردنی نادادپەروەرییەك، شتێکی جیاوازە. ئیحساسێکی تەواو زیندووە کە لە دەماروخوێنی مرۆڤدا جەرەیانی هەیە. دادپەروەری بەو مانا قامووسییەی کە بەکاری دەهێنن، بریتییە لە ڕەوتێکی چالاکانە بۆ چارەسەرکردن، یان ڕێگرتن لە پێکهاتنی ئەو بارودۆخەی کە هەست کردن بە نادادپەروەری دەبێتە هۆی ڕاچڵەکاندنی.

کاتێك لەگەڵ مرۆڤدا بە شێوەیەك ڕەفتار دەکرێ کە "کەسایەتی مرۆڤ" ژێرپێ‌دەخرێت، یان نابەرابەری و نایەکسانی بە شێوەیەکی ناجوامێرانە ئەخرێتەگەڕ، یان بەشێوەیەکی نابەجێ و نادروست لەگەڵ خەڵکدا ڕەفتار دەکرێ، هەست کردن بە نادادپەروەری لە نێوانیاندا ئەبزوێت و لەدژی ئەو جۆرە نادادپەروەرییە رادەوەستێت، تا هەم ئەو نادادپەروەرییە قەرەبووبکاتەوەو هەمیش ڕێساگەلێك بۆ ڕەفتاری دادپەروەرانە

بهێنێته ئاراوه تا ڕێگه له سەرهەڵدانی دووبارەی نادادپەروەری له ئایندەدا بگرێت.

کەواته، بۆ تێگەیشتن له بیرۆکەکانی تیۆرسێنیکی سیاسی یەکەم پرسیار ئەوەیه که "کێشەکەی ئەو کامەیە؟" یان به بڕوای ئەو، چ شتێك مەترسیدار، گەندەڵ یان رووخێنەره؟ چ شتێك ئەوی هانداوه که تێڕامان و بیرکردنەوەی زەینی، بکات به تیۆرێکی سیاسی یەکپارچه و بنەڕەتی و بیخاته قۆناغی نووسینەوه؟ چ ئامانجێکی هەیه؟ دەیەوێ چ کەموکوڕی و بێنەزمییەکی تایبەت چارەسەر بکات؟

تا ڕادەیەك دڵنیاین لەوەکه ئەو، بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەیەکی گرنگ و دیاریکراو که رووبەڕووی کۆمەڵگاکەی بۆتەوه، دەست ئەداته قەڵەم و دەنووسێت. "واڵتەر لیپمەن" له سەرەتای کتێبەکەیدا واته "فەلسەفەی کۆمەڵگا"، باسی هۆیەکانی نووسینی ئەو کتێبه دەکا (بەچاوپۆشی کردن له تایبەتمەندییه جوگرافییەکانیان)، ئێمەش دەتوانین ئەو هۆیانه بۆ هەموو تیۆرسێنیکی تری سیاسیش به کاربهێنین: [واته هەر تیۆرسێنیك لەبەر چەند هۆیەکی تایبەت که بۆی گرنگن، دەست ئەکا به نووسینی کتێب یان تیۆرێك] ئەو ئەڵێ: له هاوینه نەگبەتەکەی ١٩٣٨دا دەستم کرد بەنووسینی کتێبێك تا له ڕێگەیەوه له زەین و دڵی‌خۆمدا ئەو بێنەزمییانەی کۆمەڵگای خۆرئاوا، که بەردەوامیش لەزیاد دەکەن، دەرك بکەم.

ئەم هەوڵ و تەقەلایە ـ یان بەوتەی لیپمەن "تێگەیشتن لە بێ نەزمییە روولەزیادبوونەکانی کۆمەڵگا"ـ تا رادەیەك رەهەندێکی گرنگی وجوودیشی هەیە. هەموو تیۆرسێنیك لەناو ژیان و رۆحیدا، بێنەزمی تاقیئەکاتەوە. ئەوە ڕاستە کە قەیرانەکە "لەدەرەوەی ئەو" دایە، بەڵام کاریگەری لەسەر دەروونیشی دادەنێت. قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان، هاوسەنگی دەروونیی مرۆڤە قەیراندیوەکان تێکئەدەن. هەروەك "سوزان لانگر" دەڵێ: هەر کات بە هۆی گۆڕانکارییە سەرسووڕهێنەرەکانی جیهانی دەرەوە و هەروەها نەزمی کۆمەڵایەتی، هەڵوێستە دەروونییەکانی ئێمەش گۆڕانیان بەسەردادێت، مرۆڤ کۆنترۆڵی خۆی لە دەست ئەداو باوەڕەکان سست و لاواز ئەبن و لەم ڕێڕەوەدا ئامانجە پراکتیکییەکانی ژیانی فەرامۆش ئەکرێن.

لەو روەوە کە رۆحی مرۆڤ بە تەواوەتی تێکەڵی کردەوەو سەرمەشقەکانی رەفتاری کۆمەڵایەتی بووە، رەنگە پشێوییە کۆمەڵایەتییەکانیش لە شێوەی شڵەژاوییەکی ئیحساسی و هەروەها پەرێشانحاڵییەکی تاکەکەسییەوە دەربکەون. لەوانەیە تیۆرسێنی سیاسی، بە هۆی هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی هۆکارەکان و لەناوبردنی بنچینەی رەنج و ئازارە رۆحییەکانی خۆی، ناچار بێت بە قووڵی بیر لە مەسەلەکانی کۆمەڵگای سیاسی بکاتەوە. بۆ نموونە رۆسۆ لە کتێبی "ئیعترافات"دا باس لەوە دەکا کە چۆن

دڵـــــەڕاوکێ تاکەکەســــــییەکانی، کاریگـــــەرییان لەســـــەر تیۆرەسیاسییەکانی داناوە. جۆن ستیوارت میل، لە گێڕانەوەی بەسەرهاتی ژیانی خۆیدا قسە لەسەر کەمایەسی عاتیفی ئەکات کە چـۆن وای لـێکـردووە تـا دەرك بـە کـەمو کـوڕیی ئامانجـە عەقڵانییەکۆمەڵایەتیـەکان بکـات، لــە کاتێکـدا پێشــتر دەرکــی پێنەکردبوون: هەر ئەو ئامانجانەی کە بە هۆی فێرکارییەکانی باوکیـەوە، بـاوەڕی پـێهێنـابوون. پێدەچـێت، کـە "قـەیرانی شوناس" لە ژیانی شەخسی هێگڵدا هاندەرێکی گەورە بووبێت بۆ خولقاندنی تیۆرە سیاسییەکەی.

لە راستیدا، لەبەر چەندین هۆ دەتوانین تیۆرە سیاسییەکان بەچارەسەرگەلێکی رۆحی بۆ کۆمەڵگای سیاسی لە قەڵەم بدەین. ئـەم هەڵسەنـگاندنە چ لـەبـواری فـۆرم و چ لـە بـواری ئامـانجی لێکۆڵینـەوەدا، شـتێکی بەجێیـە. خـاڵی دەسـپێکردنی تیـۆرە سیاسـییەکانیش، وەك دەروونشـیکاری، پەردەهەڵماڵینـە لەسـەر هۆکارەکـان و کرۆکـی ئـەو بێنەزمییانـەی کـە "کـارکردخواز" و بونیادیشن. تیۆرە سیاسییەکانیش، وەك دەروونشیکاری، پێیان وایـە دەبـێ بەمەبەسـتی تێگەیشـتن لـە هۆکارەکـان و هـەروەها ریشـەی رەفتـاری مرۆڤـەکان، لێکۆڵینـەوە لەسـەر ئـەو بابەتانـە بکەین کە بێنرخ لە قەڵەم دراون، یان تا ئێستا راڤە نەکراون. دوا ئامانجی تیۆرە سیاسییەکان، وەك دەروون شیکاری ئەوەیە کە لە رێگـەی رووبەڕووبوونـەوە لەگـەڵ ریشـەی بـێنەزمییـەکان و زاڵ

بوون بەسەریاندا هێمنیی و ئاسایش بگێڕنەوە بۆکۆمەڵگای. ئەوەی کە تیۆرسێنی سیاسی، بەرپرسیارە لە بەرانبەر مەسەلە شەخسییەکانی خۆیدا، ئەوە ناگەیەنێ کە تەنها لەمەسەلەگەلێکی کۆڵیوەتەوە کە بەتەواوەتی شەخسین و هیچ نرخێکیان نییە. ئەو شتەی کە نرخ و گرنگیی بە لێکۆڵینەوەکانی دەبەخشێ، ئەوەیە کە راڤەی بابەتە "هەمیشەییەکانی" سیاسەتی کردووەو، کاریگەری لەسەریان داناوە. هۆبس، بۆ هەڵسەنگاندنی کێشەی بێنەزمی مەدەنی لە کۆمەڵگای سەدەی ١٧ی بەریتانیادا لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەوە کردووە کە داخوازە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤ لە کۆمەڵگادا، بەیەکەوە ئاشت بکاتەوە و پێکەوە بیانگونجێنێت. رۆسۆ، بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لەسەر گەندەڵی کۆمەڵگای فەرەنسەی سەدەی هەژدەهەم، پێداویستییە ئاکارییەکانی کۆمەڵگای مرۆڤی خستۆتە بەر لێکۆڵینەوە و راڤەکردنەوە. مەکیاڤیلی، بەمەبەستی توێژینەوەی بێنەزمی ئیتاڵیای سەردەمی رێنسانس، پرسیارگەلێکی جیهانی سەبارەت بە کرۆك و پانتایی دەسەڵاتی سیاسی خستەڕوو.

بەواتایەکی دی، تیۆرسێنی زانا و بیرمەند لە چوارچێوەکانی دەوروبەری خۆیشی تێئەپەڕێنێت. دیارە بارودۆخە سیاسییە تاکەکەسییەکانی ئەو، ئەو مەسەلانەی بۆ روون ئەکاتەوە کە رووبەڕوویان بوەتەوە. بەڵام ئەم مەسەلانە لەخۆگرو نوێنەری هەندێ لە مەسەلەکانی سیستەمی سیاسین کە

پێوەندییان بە هەموو کات و شوێنێکەوە هەیە. ئەو تیۆرسێنانەی کە کارەکانیان شیاوی خوێندنەوەن، هەموویان لە کێشەگەلێکی تایبەتی مێژووییەوە دەست پێ‌ئەکەن و پاشان دەچنەسەر مەسەلە "هەمیشەییەکان".

زۆربەی بەرجستەترین تیۆرگەلی سیاسی، ڕەنگدانەوەی شڵەژاوێتی و مەترسی هەڵوەشاندنەوەی نەزمی مەدەنین [واتە بۆ ئەوە نووسراون کە بەرپرچی شڵەژاوێتی و مەترسی هەڵوەشانەوەی نەزمی مەدەنی بدەنەوە]. ئەوانە لەسەردەم و شوێنگەلێکدا نووسراون کەسیاسەت بە کردەوە، خەریکی هەڵوەشاندنەوە و هەڵگیرساندنی شەڕبووە. هەندێ ڕوانگەی زەرووری و گرنگی لەوجۆرە، هزرمەندانی وەك ماکیاڤیلی، هوبس، برێك و لۆکی ناچار کرد کە توخمە گرنگ و سەقامبەخشەکانی کۆمەڵگا هەڵسەنگێنن. بۆچی و چۆن مرۆڤەکان نایەڵن، کێشمەکێشە سیاسییەکان و ڕێکنەکەوتنەکانیان، ببنە هۆی هەڵوەشانەوە و ڕووخانی کۆمەڵگاکەیان؟ هیچ کێشەیەکی سیاسی، لەوە گرنگتر نییە، بە تایبەت لە ڕووی پراکتیکییەوە. جیالەوەش، هیچ کێشەیەکی سیاسی، وەك ئەم کێشەیە ناتوانێت سەبارەت بە پێکهاتەی مرۆڤ و کۆمەڵگای سیاسی، هەندێ مەسەلەی گرنگ بخاتەڕوو. خوێندنەوەی بارودۆخ و وەزعی تایبەتی ئەم تیۆرسێنە حەماسییانە، ڕەوشی ناوبراو باشتر ڕوون ئەکاتەوە.

## نیکۆلۆ مەکیاڤیلی و قەیرانی سەقامگیری

بۆ نموونە، لەو سەردەم و بارودۆخەدا کە مەکیاڤیلی تیۆرە سیاسییەکەی خۆی دەنووسی، بێ ئەزمییەکی یەگجار زۆر وڵاتی ئیتاڵیای گرتبووەوە. یەکەم ئەوەی کە، ئەو لەکاروباری دەوڵەتی بەرکەنارکرابوو ـ هەلومەرجێك کەدەتوانێ هەموو کەسێك والێ بکات کە لە کێشە سیاسییەکانی دەوروبەری تێبگات ـ هەڵبەتە ئەمە بەشێکی سادەی مەسەلەکە بوو. کێشەی سەرەکی ئەوەبوو کە دەوڵەتشارەکانی باکووری ئیتاڵیا، لە دەوروبەری ساڵی ١٥٠٠ ز دا بارودۆخێکی نالەباریان هەبوو، بارودۆخی ناوخۆیی زۆربەی شارەکان تێکچووبوو و ململانێ چینایەتی و خێڵەکییەکان شڵەژاندبوونی. سیستمە سیاسییە جۆراوجۆرەکان یەك‌لەدوای‌یەك دەهاتن و دەڕۆشتن. بێ گومان لە فلۆرانسیشدا ـواتە زێدی مەکیاڤیلی ـبارودۆخێکی لەو جۆرە لە ئارادابوو، چونکە ململانێی نێوان هەژاران و دەوڵەمەندەکان و هەروەها نێوان گرووپە جۆراوجۆرەکانی ئەریستۆکراتەکاندا، یەگجار زۆربوو. جیا لەوەش ئەم شەڕو پێکدادانە ناوخۆییانە، دەوڵەتشارەکانی لەبەرانبەر هێرشە دەرەکییەکاندا یەگجار کزو لاوازتر دەکرد. لەشکری شارە جۆراوجۆرەکان و هەروەها تاقمی سیخوڕو هەندێ جاریش لەشکری هێزە دەرەکییەکان وەك فەرەنسە، ناوچەکانی ئیتاڵیایان کردبووە مەیدانی پەلامار و

هێرشەکانیان. بەگشتی، بارودۆخێکی باشی سیاسی لەئارادا نەبوو. پرۆفیسۆر جۆرج ساباین لەم بارەوە دەڵێ:

کۆمەڵگاو سیاسەتی ئیتاڵیا لەسەردەمی مەکیاڤیلیدا، بەگشتی پیشاندەری بێهێزبوونی دەزگا کۆمەڵایەتییەکان بوو. ئیتاڵیای ئەو سەردەمە، کۆمەڵگایەك بوو کەلەرووی فکرییەوە پرشنگدارو لە رووی هونەریشەوە داهێنەربوو... بەڵام لە هەمان کاتیشدا، ببوە قوربانی خراپترین گەندەڵی سیاسی و هەڵوەشانەوەی ئاکاری. دەزگا مەدەنییەکانی پێشوو کۆتاییان هاتبوو. دڵڕەقی و جینایەت، ئامرازە پەسەندکراوەکانی حکوومەت بوون" ئاکاری چاك و دروستکاری وەك خولیاگەلێکی منالانە وابوون کە مرۆڤی سەردەمی رۆشنگەری، بەدەگمەن سووچە ئاوڕێکی لێ ئەدانەوە. فێڵ و تەڵەکە، کلیکی سەرکەوتن بوو. بەرەلایی و بەدڕەوشتی وجینایەتکاری، هێندە پەرەی سەندبوو کە هەرباس ناکرێ. سەردەمێك بوو کە بەڕاستی ئەتوانین بەسەردەمی حەرامزادەکان و سەرچڵەکان ناودێری بکەین. کۆمەڵگایەك کە بەڕاستی وێنایەك لەو قسەیەی ئەرستۆ بوو کە ئەڵێ: کاتێك کەمرۆڤ لە دادپەروەری دووربکەوێتەوە، لە ئاژەڵەکانیش وەحشیتر ئەبێت.

کاتێك بنەماڵەی "مەدیچی" لە ساڵی ١٥١٢ز لە فلۆرانسدا دەسەڵاتی گرتەدەست، مەکیاڤیلی بێکار مایەوە و ئەو هەلەی بۆ رەخسا کە بە قووڵی بیر لە بارودۆخی سیاسی بکاتەوە. جیا

لەوەش مەکیاڤیلی لەسەر چەندوچوونی سیاسەتی ئیتاڵیا هەندێ زانیاری باش و بەکەڵکی هەبوو. ئەو وەك کارمەندێکی حکوومەتی فلۆرانس، لە ماوەی ١٠ ساڵ دا توانیبووی گۆڕانکارییە سیاسییەکان لە نزیکەوە هەست پێبکات. بۆ نموونە مەکیاڤیلی چەندین جار نێردرابوو بۆ جێبەجێکردنی "راسپاردە"گەلێکی دیپلۆماتیکی لەو رێگەیەوە، توانیبووی چالاکی پێوەندییەکانی دەسەڵاتە دژبەیەکەکان لە نزیکەوە ببینێت و راڤەیان بکات.

مەکیاڤیلی، بەکەڵك وەرگرتن لەم ئەزموونانە، لەو بڕوایەدابوو کە سەبارەت بە مانەوە و بەهێزترکردنی سیستمی پایداری سیاسی، قسەگەلێکی زۆری پێیە بیاندرکێنێت. جیا لەوەش زۆر حەزی لە زانستی مێژوو بوو و هەر لەو رێگەیەشەوە، هەندێ ئەزموونی جۆراوجۆری سیاسی سەبارەت بە کات و شوێنەکانی تری خستە پاڵ ئەزموونە سەرەتاییەکانی دیکەی. ئەو ئەیوت ئەم زانیارییانە، توانای تێگەیشتن لەریشەو سەرچاوەی ناسەقامگیری (عدم ثبات) سیاسی و هەروەها توانای سڕینەوەی ئەو ناسەقامگیرییە سیاسییەی بۆ فەراهەم کردووە. کەواتە مەبەستی لە نووسین ئەوەیە کە روانگە قووڵ و پڕناوەڕۆکە سیاسییەکەی خۆی بخاتە بەردەستی ئەوانیتر و وایان لێبکات کە پەندو ئامۆژیاری لە ئەزموونە مێژووییەکانەوە وەربگرن.

## تۆماس هۆبس و قەیرانی دەسەڵات

بریتانیا، نزیکەی سەدەیەك دواتر، ڕووبەڕووی هەندێ دووبەرەکی سیاسی و ململانێی مەدەنی بووەوە. سەرەتا پۆلێنبەندی‌یە مەزهەبییەکان، کۆمەڵگای بەریتانیای هەڵوەشاندبوەوە. گرووپە جۆراوجۆرە سیاسییەکان، کە پاش ریفۆرمە ئایینیەکان سەریان هەڵدابوو، خۆیان بە بابەتگەلێکەوە بەستبووەوە کە پێوەندییان بە جیهانی سیاسەتیشەوە هەبوو. چینی مامناوەندی بازرگان، کە لەحاڵی گەشەکردندابوو، دەستی کردبوو بە دژایەتی کردنی چینی ئەریستۆکرات. لە سەرووی هەموو ململانێ چینایەتی و مەزهەبییەکانەوە، کێشەیەکی گەورەتر لە ئارادابوو، کە بریتی بوو لە ناکۆکی سەبارەت بەتێگەیشتن لە سیستمێکی لەباری سیاسی بۆ کۆمەڵگا. ئەم دووبەرەکییە گەورانە، لە کۆمەڵگای بەریتانیادا، سەردەمێکی سیاسی پڕ لە پشێوی و ئاژاوەی هێنایە ئاراوە. لە سەدەی هەڤدەهەمدا لە ملی پاشایەکیان دا و کوشتیان، پاش ڕووخانی "کراموول" پاشایەکی‌تر دەسەڵاتی گرتەدەست و پاش ئەویش پاشایەکی‌تر هاتەسەرحوکم کە بە هۆی دەنگی خەڵك و پەرلەمانەوە بەربەستی زۆریان بۆدانا. "شۆڕشی شکۆمەند" (The Glorious Revolution)بەیارمەتی "مەنشووری ماف" و "یاسای لێك بووردن"، سەرەنجام ڕێگەچارەیەکی دەسنیشان

کرد کە بناغەیەکی زۆر پتەوی بۆ سیستمی سیاسی بەریتانیا دامەزراند. بەڵام لە ماوەی هەر ئەو سەدە پڕ لە جەنجاڵییەدا، کەسانێکی زۆر هەبوون کە پێشبینی هەڵوەشانەوەی کۆمەڵگای بەریتانیایان ئەکرد.

قەیرانی سیستمی سیاسی بەریتانیا، هزرمەندگەلێکی زۆری هاندا کەبە قووڵی بیرلەو کێشانە بکەنەوە کە کۆمەڵگای خستبوە بەردەم مەترسییەوە. ئەوان ناچاربوون بونیادەکانی سیستمی سیاسی راڤەبکەن، چونکە ئەو سیستمە سیاسییەی کە بەسەریاندا حکوومەتی ئەکرد، لە راستیدا هەر لە بنەڕەتەوە لەرزۆك و بێهێزبوو. هزرمەندی دیاری بەریتانی، ریچارد هۆکر (کە جۆن لۆك هەمیشە بە "هۆکری ئاقڵ" ناوی دەبرد) کتێبە چەندبەرگییەکەی نووسی و تیایدا هۆی نووسینی ئەو کتێبەی باس کردووە: "با وەچەکانی داهاتوو نەڵێن کە ئێمە [مەبەست هۆکرو هاوچەرخەکانی] هێندە لە بەرانبەر مەسەلەکەدا بێ دەنگ بووین کە وەك بڵێی ئەم سەردەمە لە خەونێك زیاتر هیچ نەبوە و بەوە تاوانبارمان بکەن کە کەمتەر خەمیمان کردووە.

هەندێ لە هزرمەندان توانییان لە بارودۆخی ژینگەکەی خۆیان تێی بپەڕێنن و دەرك بەمەسەلە و پرەنسیپگەلێکی زۆری بونیادی سەبارەت بە سیاسەتی مرۆڤی بکەن. ئەوان توانییان هەندێ مەسەلەی تایبەتی دیاریکراو هەست پێبکەن، مەسەلەگەلێك کە لە راستیدا نموونەی کێشە جیهانی و

هەمیشەییەکان بوون و مرۆڤیش بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی سەقامگیر و دادپەروەر، رووبەڕوویان ئەبێتەوە. ئەم بەرهەمانە، بە هۆی قووڵبوونی بابەتەکانیانەوە، لە ریزی بەرهەمە کلاسیکەکاندا دائەنرێن و لێکۆڵینەوە و راڤەکردنی تیۆرە سیاسییەکان ئاسانتر ئەکەن. ئەم بەرهەمانە سەرەڕای ئەوەی کە بەزووترین کات ئاوڕ لە قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان و قەیرانی یاسای ئەساسی و هەروەها سەردەمی دوای ریفۆرمە مەزهەبییەکان لە بەریتانیادا ئەدەنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا رۆڵی رۆشنگەریش ئەبینن. هۆکر کە بیروڕاکانی خۆی لە دوایین ساڵەکانی سەدەی شانزدەهەمدا دەنووسییەوە، یەکێکە لەو هزرمەندانە. تۆماس هۆبس و جۆن لۆك، تەنانەت لە هۆکریش بەناوبانگترن و پێوەندییان بە ژیانی ئێمەوە زیاترە، چونکە تیۆرە سیاسییەکانی ئەوان کەمتر سەرقاڵی باوەڕە زاڵەکانی سەردەم و شوێنی خۆیانن.

هۆبس تێگەیشتنی خۆی لە بێنەزمی کۆمەڵگاکەی خۆی، لە سەرەتای کتێبەکەیدا بە ناوی "بەهیمۆس" (Behemoth) کە سەبارەتە بەهۆیەکانی شەڕەناوخۆییەکانی بەریتانیا، بەیان کردووە. ئەو ئەڵێ لە ساڵەکانی نێوان ١٦٤٠ تا ١٦٦٠ز هەرکەس جیهانی ئەو سەردەمەی ئەبینی و رەفتاری خەڵك، بەتایبەت لە بەریتانیای لەبەرچاو ئەگرت، ئایندەیەکی وای بۆ جیهان پێشبینی ئەکرد کە جیهان لە ئایندەدا دەتوانێ هەموو جۆرە

نادادپەروەری و سووکایەتییەك تەحەمول بکات. هەروەها مرۆڤ لەوە تێئەگەیی کە چۆن دووڕوویی و خۆفریودان (یەکەمیان بی ویژدانی و ناجوامێری و دووهەمیان حەماقەت و بێ ئەقڵی) ئەم رەزیلەت و نەفس نزمییانەی هێناوەتە ئاراوە.

بە بیروڕای هۆبس، سەرەکی ترین کێشەی کۆمەڵگای سیاسی بەریتانیا، قەیرانی دەسەلات بوو. ئەو ئەڵێ" "خەڵك زۆربەیجار فاسدن". خەڵك هێندە لە ئەرکەکانی خۆیان بێ ئاگان کە تەنانەت رەنگە لەهەزار دا یەکی مافە مرۆییەکانیش نەناسن. "هەروەها پەی بەزەرووڕەتی بوونی پاشا، یان کۆمەڵگای مەدەنی نابەن". قەشە کاتۆلیك و پرۆتستانەکان و هەروەها فەیلەسوفان و ئاژاوەچییەکانیتر، خەڵکیان والێکردووە کە بە ئاسانی کۆنترۆڵ نەکرێن. قەشە کاتۆلیك و پرۆتستانەکان هەردووکیان، وا پڕوپاگەندە ئەکەن کە دەسەلاتدارە سیاسییەکان دەبێ پێڕەوی لە خاوەن کلێسەکان بکەن و ملکەچیان بن. فەیلەسوفەکانیش، پاشایەتی و دیکتاتۆرییەت بە یەك شت لە قەڵەم ئەدەن و دەرەنجامەکەشی لەناوچوونی دەسەلاتی حاکمییەتی پاشایە و لەو روەوە کە ئەم دەسەلاتە، کزولاواز بۆتەوە، کەواتە سیستەمی سیاسی بەریتانیا، شەلە شەل بەرەوفەوتان و نەمان هەنگاو هەڵ ئەگرێت. هۆبس لەو بڕوایەدا بوو کە هۆی ئاژاوە گێڕییەکان و شەڕە ناوخۆییەکانی سەردەمی ئەو، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دەسەلات لە کۆمەڵگادا بە

تەواوەتی شکستی خواردبوو، کە ئەڵبەتە پێشتریش پێشبینی ئەو شکستە کرابوو. ئەم بارودۆخە، پاشەکشەکردنی مرۆڤ بەرەو لای "بارودۆخی سروشتی"، پیشیان ئەدا، بەبێ‌رەچاوکردنی بڕیارەکانی کۆمەڵگای مەدەنی" واتە "شەڕی هەموان لە دژی هەموان".

## جۆن لۆك‌و قەیرانی ڕەوایی

جۆن لۆك سەبارەت بە بێ‌نەزمی سیاسی بەریتانیا، دیدگایەکی دیکەی هەبوو. ئەو لەگەڵ هۆبس‌دا هاوبیرورِا بوو کەدەسەڵات و قودرەتی سیستمی پاشایەتی لە بەریتانیادا کۆتایی هاتووە. بەڵام بەبیرورِای ئەو، کزولاوازبوونی دەسەڵات لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە پاشا خەریك بوو لە سنووری دەسەڵاتەکەی خۆی تێی بپەڕێنێت.

قەیرانی راستەقینە، قەیرانی رەوایەتی بوو. ئەوە راست نەبوو کە خەڵك بەهۆی لاسارییەوە گەندەڵ و سەرکێش بوونە، یان بەهۆی پێغەمەرە درۆیینەکانەوە گومڕابوونە. راستییەکەی ئەوە بوو کەدەسەڵاتدارانی کۆمەڵگا هەوڵیاندابوو رادەی دسەڵاتی خۆیان، زیاتر لەوە کە حەقیان بوو، زیاد بکەن. بە کورتی، خەڵك بۆ کردەوەو رەفتارەکانیان پاساوگەلی قەناعەت

پـێکـەریان هـەبوو، هـەر بۆیـە لـە بەرانبـەر سـتەمی دەسـەڵاتی سیاسیدا خۆڕاگرییان دەکرد.

لـۆك بـۆ بـەیانکردنـی تێگەیشـتنی خـۆی لـە قـەیرانی کۆمەڵگای بەریتانیا، پێوەنـدی نێـوان خـەڵك و دەسـەڵاتدارانی لـە چوارچـێوەی پەیماننامـەدا خسـتە بـەر راڤـە و لێکۆڵینـەوە. ئـەو ئـەیوت بەو هۆیـەوە کەمرۆڤـەکان لـە رووی سروشـتییەوە، ئازادو یەکسان و ئاقڵ و لۆژیکین، کەواتە ناتوانین ئەوە قبووڵ بکەین کـە ئـەوان بـە ویسـت و رەغبـەتی خۆیـان لـە بەرانبـەر دەسـەڵاتی دیکتـاتۆرو رەهـادا، چـۆك دابـدەن و ملکـەچ بـن. لـە راسـتیدا حکوومـەت، وەکـوو ئەمانـەتێك وایـە کـە لەسـەر ئیزنـی خـەڵك دائەمەزرێت و لەلایەن خەڵکەوە هەنـدێ بەربەسـت و چوارچێوەی بـۆ دەسنیشـان دەکـرێ. کـاتێ کـە دەسـەڵاتدارانی کۆمەڵـگایەك هـەوڵ بـدەن دەسـەڵاتگـەلێك وەچـنگبێـنن کـەلەلایـەن خەڵکـەوە پێیـان نەسـپێردراوە، لـە واقیعـدا، پـەیمانی نێـوان خۆیـان و خەڵکیان ژێرپـێخستووە و لەو حاڵەتەشدا ئیدی خەڵك بە ئەرکی خۆیان نازانن بەرانبەر پرەنسیپەکانی ئەو پەیمانە وەفاداربن.

جۆن‌لۆك لەو باوەڕەدا بوو کە قەیرانی کۆمەڵگاکەی ئەویش بـە تـەواوەتی لـەو جۆرەیـە. دەسـەڵاتدارانی بـەریتانیا بـە هـۆی بەدەسـتهێنانی لەرادەبـەدەرو بـە ناحـەقی دەسـەڵات، بـۆ نموونـە:

وەرگرتنی باجی زیادە لە خەڵك و پێکهێنانی لەشکری نایاسایی و ژێر پێ‌خستنی ئازادی‌یە مەزهەبییەکانی خەڵکەوە، لە راستیدا پرەنسیپەکانی پەیمانی نێوان خۆیان و خەڵکیان خستۆتە ژێرپێ.

لێك‌جیاوازبوونی تێگەیشتن لە بێ‌نەزمییەکەی بەریتانیا، خاڵی سەرەکی جیاوازی نێوان هۆبس و لۆك بوو. تێگەیشتن لە هەر دوو قەیرانی دەسەڵات و قەیرانی رەوایی، لەسەر بناغەی دوو تێگەیشتنی جیاواز سەبارەت بە "زێدی راستەقینەو سنوورەکان و ئامانجەکانی حکوومەتی مەدەنی" راوەستاوە. ئەم عیبارەتە، تیتری لاوەکی (فرعی) کتێبەکەی لۆکە، واتە، "نامیلکەی دووهەم سەبارەت بە حکوومەتی مەدەنی". ئەم جیاوازییە لە بنەڕەتدا ئەگەڕێتەوە بۆ باوەڕە جۆراوجۆرەکان دەربارەی سروشتی مرۆڤ و زەروورەتی سیاسەت. لۆك و هۆبس لەبەر ئەوەی کە ناچاربوون هۆیەکانی تێگەیشتنە جیاوازەکانی خۆیان لەسەر قەیرانی کۆمەڵگای بەریتانیا روون بکەنەوە، هەر بەهەمان شێوە ناچاریش بوون روانگەشیکارانە و کاریگەرەکانیان سەبارەت بە سیاسەت پەرە پێ‌بدەن.

## فەیلەسووفە رۆشنگەرەکان و قەیرانی "رژێمی کۆن"

بارودۆخە شڵەژاوەکەی دەیەکانی شۆڕشی فەرەنسە، وەك سەردەمی شۆڕش لە بەریتانیادا، بوەهۆی سەرهەڵدانی تیۆرگەلێکی گرنگی سیاسی. قەیرانی کۆمەڵگای فەرەنسە کە سەرتاسەری ئەورووپای گرتبووەوە، لایەنگران و نەیارانی شۆڕشی ناچارکرد تا بەوردی بیر لە زەروورەتەکان و تواناییەکانی سیاسەت بکەنەوە.

لەگەڵ نزیکبوونەوەی کۆتایی هاتنی دوایین ساڵەکانی سەدەی هەژدەهەمدا، بارودۆخی "ڕژێمی کۆن"یش رۆژلەدوای‌رۆژ خراپتر دەبوو. پاشایان کە لەگەڵ چینی ئەریستۆکرات و فیۆداڵە دواکەوتوخوازەکان یەکیان گرتبوو، هەرچی زیاتر توانایی تەگبیر و بیرکردنەوەیان لەدەست داوپێوەندیشیان لەگەڵ خەڵکدا پچڕا. ئەو دەستەوەستانی و بەخۆنامۆبوونەی کە بەهۆی ئەو بارودۆخەوە ـ بە تایبەت لە ناوچینەکانی خوارووی کۆمەڵگا ـ هاتبوە ئاراوە، بە تەواوەتی ئاشکرابوو. بەڵام هۆکارو چییەتی سەرەکی ئەو کێشەیە چی‌بوو؟

لە روانگەی فەیلەسوفانی ئازادیخواز و رۆشنگەرەوە، کێشە سیاسییەکان لە فەرەنسەدا ئاماژەیان بە بوونی قەیرانگەلێکی گەورەتری فکری و کۆمەڵایەتیان لە شارستانییەتی خۆرئاوادا ئەکرد. ئەوان ـ بۆ نموونە کۆندۆرسە ـ مێژوویان بە داستانی

حەماسەتی ئەقڵ و داستانی پێشکەوتنی فیکر لە قەڵەم ئەدا و لەو باوەڕەدا بوون کە پێشکەوتنی ئەقڵ، دەبێتە هۆی گەشەکردنی ئازادی مرۆڤ. حەقیقەت و ئازادی، شانبەشانی یەك گەشەدەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو مرۆڤانەی کە بەرژەوەندییان لەوەدابوو سیستەمە چینایەتییەکان وەك خۆیان بمێننەوە، دژایەتی هەموو جۆرە پێشکەوتنێکی ئەقڵیان دەکرد. دیکتاتۆرییەت و خورافات: هەمیشە دژایەتی حەقیقەت و ئازادییان کردووە، کەواتە، قەیرانی "ڕژیمی کۆن" بۆ ئەم فەیلەسوفە ڕۆشنگەرانە بە تازەترین و لەراستیدا دوایین نموونەی ئەم ململانێ هەمیشەییە لەقەڵەم ئەدرا. خاوەن کڵێسەکان، کە بەرژەوەندییەکانیان لەوەدا بوو کە ئەندیشەکانی خەڵك وەك خۆیان بمێننەوە و گۆڕانیان بەسەردا نەیەت، هەروەها سیاسەتمەدارانیش کە حەزیان دەکرد دەسەڵاتی خۆیان بەسەر خەڵکەوە بپارێزن، یەکیانگرت و دەستیانکردە دژایەتی کردنی ئازادی و عەقڵانییەت. لەم بارەوە بە لەحنێکی توندوئاگرینەوە وای نووسی:

"مرۆڤ کاتێك رزگار دەبێ کەدواین پاشا بەڕیخۆڵەی ئاخرین قەشەوە هەڵواسرێت و لە سێدارەی بدات".

کانێ کە شۆڕشی فەرەنسە، پاشماوەکانی "ڕژیمی کۆن"ی فڕێداو سیستمێکی تازەی سیاسی دامەزراند، خەڵکێکی زۆر بە حەز و تاسەیەکی زۆرەوە پێشبینی سەرهەڵدانی سەردەمێکی

تازە و پرشنگداری سیاسییان کرد. بۆ نموونە" لە بەریتانیادا، گرووپێك لە ڕێبەرە مەزهەبییەکان و ڕۆشنبیرە دەرکەوتووەکان، دەستیان کرد بە خۆڕێكخستن و لێکۆڵینەوە بەمەبەستی داکۆکی کردن لە پرەنسیپەکانی شۆڕش وئومێدیان ئەوەبوو کە ئەم پرەنسیپانە لە کۆمەڵگای بەریتانیادا، پەرە پێ بدەن و دەستکەوتەکانی شۆڕشی فەرەنسە لە وڵاتەکەیاندا دووبارەبکەنەوە.

## ئێدمۆندبرێك و قەیرانی شارستانییەت

ئەوە راستە کە کەسانێکی زۆر شۆڕشیان پێباش بوو، بەڵام سیاسەتمەداری بەرجەستەی بەریتانیایی، ئێدمۆندبرێك، بەدیاردەیەکی مەترسیداری لە قەڵەم دا. بە بیروڕای ئەو، "ئەو ڕێگەچارە"یە کە لەلایەن شۆڕشگێڕە تازەکانەوە بۆ کێشەکانی مرۆڤ دەستنیشانکرا، لە واقیعدا دەس پێکردنی قەیرانێکی تازەبوو. هەر بەم هۆیەشەوەبوو کە کتێبە گرنگەکەی خۆی واتە "بیرکردنەوەگەلێك سەبارەت بە شۆڕشی فەرەنسە"ی نووسی، کە لەبواری تیۆرەسیاسییەکاندابوو. برێك بەو هیوایە بوو کە لەڕێگای ئەو کتێبەوە، هاونیشتمانییەکانی خۆی لە مەترسییەکان و حەماقەت و نەزانکارییەکانی سیستمە سیاسییە تازەکەی فەرەنسە ئاگاداربکاتەوەو بەمجۆرە نەهێڵێت پێڕەوی لە شۆڕشی فەرەنسە بکەن. ئەو ئەڵێ: پێدەچێت کە نەك تەنها لە

فەرەنسـەدا بـەڵکوو لـە سەرتاسـەری ئـەورووپا و تەنانـەت لـە دەرەوەی سنوورەکانی ئەورووپاش رووبەڕووی قەیرانێکی گەورە بووینەتەوە. ئەو سەرلێشێواویانەی ئێستای بەریتانیا، سەرەتا بچووك و کەم بایەخ بوون بەڵام... منالێکی بێ تواناسان دیوە کە لـە یەكچرکەساتدا هێندە گـەورەو بـەهێز بووبـوو کـە دنیـای تێکداوەو دەیەوێ لەگەڵ ئاسمانیشدا بە شـەڕ بێت. کاتێ کە خانووی دراوسێکەمان لـە ئاگردابسووتێت، ئەگـەر "تیمـەکانی ئاگر کوژاندنەوە" تۆزێکیش خۆیان بە خانووکەی ئێمەوە خەریك بکەن، بێقازانج نابێت.

بڕێك رایگەیاند کە فەرەنسییەکان وا تەسەوردەکەن بناغەی کۆمەڵگایەکی تەواو ئازادیان دامەزراندووە، بەڵام ئەوە خەیاڵێکی خـاوە. فەرەنسـە بـەهۆی لـەناوبردنی بونیـادی ئازادییـە سیستماتیکەکانی وەك مەزهـەب و خەسڵەتگەلی شۆڕشگێڕانەو هـەروەها زنجیرە پلەوپایەکۆمەڵایەتییەکان، لـە راستیدا پێـی لـە بەرەی خـۆی زیاتر راکێشاو ئەو دەزگا گرنگانەی کە رێیـان لـە غەریزە مرۆییەکان دەگرت، داخست و پشتگوێی خستن. بڕێك وای پێشبینی دەکرد کـە دەرەنجامی ئـەم کـارە لـە داهـاتوودا گەندەڵی و خراپکاری و دیکتاتۆرییەت و پشێوی دەبێت. بڕێك، بە شێوازە راشکاوانەکەی خۆی، قەیرانەکەی فەرەنسەی بەمجۆرە بەیان کرد: لە نـاو نەتەوەکانـدا فەرەنسـە، کارەسـاتە ئاشکراکانی بـەنرخێکی گـرانتر لـە نیعمەتـە هـەرە گرنگـەکان کـڕی. شۆڕشـی

فەرەنسە، هەژاری لە ناوبرد بەڵام لە ڕێگەی جینایەتەوە. فەرەنسە فەزیلەتەکانی بۆ پاراستنی بەرژەوندییەکانی خۆی نەفرۆشت، بەڵکوو بە پێچەوانەوە بە قازانجی بەرژەوەندییەکانی، فەزیلەتەکانی خۆی پشتگوێ خست. کاتێ کە دەسەڵاتی پاشا لە فەرەنسەدا ڕۆژبەڕۆژ کەمتر دەبووەوە، بە شێوەیەك کەوەك بڵێی ئیمتیازو بەرژەوەندییەکان خەریکە دابەش دەکرێن، بەرەڵڵایی و توندوتیژی کردن و گوستاخی و بێ دینی، مۆڵەتیان پێدراو ئەم دیاردانە هەموو لایەنەکانی ژیانیان گرتەوە. واتە هەموو ئەو گەندەڵییە دزێوانەی کە بەگشتی لە دیاردەکانی "سامان" و دەسەڵات"ەوە سەرچاوە دەگرن.

## کارڵ مارکس و قەیرانی سیستمی سەرمایەداری

مارکس لە سەردەمێکی تری پڕ لە ئاژاوە، واتە سەردەمی شۆرشەکانی ١٨٤٨ز و هەروەها لە ڕەهەندێکی تری تیۆرسازی سیاسیدا، دەستی بەخستنەڕووی تیۆرە سیاسییەکانی خۆی کرد. بەڕای ئەو، جۆرە بێنەزمییەکی دیکە هەڕەشە لە کۆمەڵگای ئەورووپا ئەکات. ئەو، پێکهاتەی ئابووریی کۆمەڵگا سەرمایەدارییەکانی بە پێکهاتەیەکی پتەو لە قەڵەم ئەدا. ئەم سیستمە توانیبووی باشتر لە سیستمەکانی پێشوو، کاڵا بەرهەم بهێنێت. هەروەها بێنەزمییەکی نالەباری خستبووە ناو ژیانی ئەو کەسانەوە کە لەو سیستمەدا کاریان ئەکرد. مارکس، پێی

وابوو کە زۆرێك لەو بیێنەزمیبیانە لە شێوەی هەژاری و دەسکورتی چینی کرێکاردا دەرئەکەوێت بەلام خەڵك لەبەرچەندین هۆی جۆراوجۆر، نە دەرك بە خودی کێشەکان دەکەن، نەبە گرنگییان. بەرای مارکس، پێدەچێت خەڵك تەنانەت سەبارەت بە لایەنە یەگجار قووڵ و گرنگەکانی مەسەلەکەش هیچ زانیارییەکیان نەبێ. مارکس دەیەویست ئەم تێگەیشتنە نادروستە و هەروەها نائاگایی و دەرك نەکردنی باردۆخی کۆمەڵگا بگۆڕێت و چاکسازی تیابکات. ئامانجی تیۆرە سیاسییەکەی ئەو ئەوەبوو کە مرۆۋ والێ بکات بتوانێت دەرك بە بارودۆخە نالەبارەکەی خۆی بکات. یەکێك لە ئامانجەکانی مارکس ئەوە بوو ئەو توانایە بەخەڵکی جیهان ببەخشێت کە لە ویژدانی خۆیان بە ئاگابن و لەخەونە پووچەکان رابچڵەکێنێ و هەروەها لێکۆڵینەوە لەسەر رەفتارەکانیان بکا. پاش ئەوە خەڵك دەتوانن لەجیاتی هەندێ ململانێی بێ سوود و روخێنەر، بەکەڵك وەرگرتن لە هێزە مێژووییەکان، بەسەر کێشەکاندا زاڵ بن. مارکس تەنانەت لەوەشی تێپەڕاندو وتی: "ئەگەر مرۆۋ ئەیەوێ تاوانەکانی ببەخشرێن، دەبێ بە تەواوەتی دانیان پیابنێت".

ئەو تاوانانەی کە مارکس دیتبوونی و دەیەویست رایانبگەینێ، بریتی بوون لە "بەخۆنامۆبوون"ی چینی کریکار و ئەو پارادۆکسانەی کە لەناو کۆمەڵگا بۆرژواییەکاندا لە ئارادابوون. مارکس لەو باوەڕەدابوو کە لە ناوکۆمەڵگا بۆرژواییەکاندا، پارادۆکسگەلێکی جۆراوجۆر لە ئاراداان کە لە

شێوەی هەندێ کێشە و لێکدژیی دەروونیدا دەرئەکەون. لە دیدگای مارکسەوە ئەو سەروەت و سامانەی کە سیستمی سەرمایەداری بەرهەمی دێنا و هەروەها ئەو هەژارییەی کە بەکردەوە هێنابوویە ئاراوە، سەرەکیترین لێکدژییەك بوو کە لەئارادابوو. ئەو ئەڵێ:

ئەوە راستە کە "هێزی کار" بۆ دەوڵەمەندەکان، سامان و نیعمەت و فراوانی و بە پێچەوانەوە بۆ کرێکاران، هەژاری و دەسکورتی ئەهێنێتە ئاراوە. بۆ سەرمایەداران کۆشك دروست ئەکات و بۆ کرێکارانیش ماڵەقوڕینەیەکێ بچووك. بۆ ئەوان جوانی و بۆ ئەمان ناشیرینی بەرهەم ئەهێنێت. سەرمایەداری، ماشین لە جێی کرێکار دادەنێ، بەڵام بە شێوەیەکی وەحشیانە لە هەندێ کرێکاری‌تر کاردەکێشێ و هەندێکی تریشیان ئەگۆڕێت بە ماشین. گەشە بە فکری ئەوان ئەدات، بەڵام بۆ کرێکاران نەزانی و نەفامی و چەرمەسەری بەدیاری دەهێنێ.

مارکس لەو بڕوایەدابوو کە جۆری بەرهەم هێنان و دابەش‌کردن لەناو کۆمەڵگا سەرمایەدارییەکاندا مرۆڤ بە خۆی نامۆدەکا. ئەم سیستمە، بەرلە هەمووشتێك مرۆڤ بە بەرهەمی دەسرەنجی خۆی نامۆ ئەکات. بەرهەمی دەست و زەینی لێ‌دەستێندرێ و لە شێوەی "شتومەکێکی نامۆ کە حکوومەتی بەسەردا دەکا" رووبەرووی دەبێتەوە. هەموو ئەو شتومەکانەی کە خۆی خوڵقاندوونی، بۆی نییە بڵێ هی ئەون. ئەوان، دەبنە دنیایەکی نامۆ کە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و ئاشتییئامێزیش

دژایەتی دەکەن و لێی ناڕازین. بەمجۆرە مرۆڤ بە هۆی شێوەی بەرهەمێنانی سەرمایەدارییەوە، بە "سروشت"یش نامۆدەبێ.

جیا لەوەش بەبیروڕای مارکس مرۆڤ بە هەمان شێواز بە خۆیشی نامۆ دەبێ، نەك تەنها ئەو شتانەی کە بەرهەمی هێناون بەڵکوو چالاکییەکانیشی ئەچنە ژێر رکێفی هێزە دەرەکییەکانەوە. کرێکاران وایان لێدێت کە بەچالاکییەکانی خۆشیان نامۆدەبن، بە واتایەکی‌تر، چالاکی ئەگۆڕدرێت بەرەنج، دەسەڵات بە بێ هێزی، زاوزێ کردن بە نەزۆکی، هەروەها وزەی جەستەیی و فکری دەبێتە چالاکییەك لەدژی خۆی کە نەك تەنها هی ئەو نییە بەڵکوو پێیشی نامۆیە. لەوکاتەدا کرێکاران وەك چۆن بە شتوومەکەکان نامۆ بوونە، بە خۆشیان نامۆ ئەبن.

## ژان ژاك رۆسۆو قەیرانی یەکسانی ئاکاری

ئەگەرچی رۆسۆ وەك مارکس قسە ناکات، بەڵام ئەویش بەمەبەستی پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی لەبار، لە بینینی دژوازییە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگا و بەخۆنامۆبوونی مرۆڤەوە دەس پێدەکا. ئەو "نامۆبوونەی" کە رۆسۆ و مرۆڤەکانی تریش تووشی بووبوون، لە راستیدا جۆری سێهەمی ئەو نامۆبوونانە بوو کە مارکس باسی دەکرد، واتە: نامۆبوونی تاك بەرانبەر خۆی و هاوچەشنەکانی. بە بیروڕای رۆسۆ، بە خۆنامۆبوونی مرۆڤ، جۆرە فریودانێکی دەسکردی کۆمەڵایەتییە. کردەوە و نۆرمە

ڕۆژانەکان، مرۆڤ ناچار ئەکەن تاهەستە سروشتییەکانی خۆی سەرکوت بکات و بیانکاتە قوربانی شتە ڕووکەشەکان و هەروەها ئەوداب‌ونەریتە دەسکردانەی کە لە کێشەوگرفت زیاتر هیچ قازانجێکیان نییە. ڕۆسۆ دەڵێ: جۆرە سوکییەك بەسەر ڕەفتارە هەنووکەییەکاندا زاڵە و بە شێوەیەکی هێندە فریودەرانەش لەیەك ئەچن کە مرۆڤ واتەسەوردەکا هەموو مێشکەکان، بەیەك "قاڵب" دروست کراون. هەموو کردەوەکانمان دەسکردن و هیچیان لە بنەڕەتدا هی ئێمە نین و تەنها بە هۆی خۆگونجاندن لەگەڵ کۆمەڵگا و تاکەکانی دیکە ئەنجامیان ئەدەین. داب و نەریت فۆرمی دیاریکراوی خۆی هەیە و "سەردەم "یش یاسای خۆی هەیە و مرۆڤیش ناچارە هەموویان ڕەچاوبکات و هیچ کاتیش بە شێوەیەکی ڕاستەقینە چالاکییە واقعییەکانی خۆی نەنوێنێت. مرۆڤ ئیدی ناوێرێ خۆی بە تەواوەتی ـ وەك چۆن هەیە ـ بنوێنێ، بەڵکوو بەردەوام و بە شێوەیەکی ڕووکەشانە خۆی لە شتە حەرامەکان بەدوور ئەگرێت.

ڕۆسۆ لێبڕاوانە ئەیوت کە سەرکوت کردنی تاکەکان و نامۆ بوونی مرۆڤ بەخۆی، جێگۆڕکێ کردنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لێ ئەکەوێتەوە. ڕۆسۆ بەتەنزەوە دەیگوت:

ئەم متمانە پێنەکردنانە، نەفس نزمی و سوکێییەکی زۆریان لێ دەکەوێتەوە. هاوڕێیەتی و ڕێزگرتنی ڕاستەقینە و هەروەها "باوەڕ بەخۆ بوون" بە تەواوەتی لەناو خەڵکدا

لەناوچوە. ئێرەیی پیێبردن، بەدگومانی، ترس، بیێئیحساسی، خۆخواردنەوە، نەفرەت و تەڵەکەبازی لە ژێر پەردەی فێڵبازانەی ئەدەبدا و هەروەها خۆپەرستنی دلۆڤانانە و موئەدەبانە ــ کە لەراستیدا مرۆڤ قەرزداریانە ـ سەرتاپای کۆمەڵگای تەنیوەتەوە. لە سایەی رووناکی و رێبەرایەتی ئەم سەردەمەدا، ئێمە ئیدی لە کاتی سوێندخواردنەکانماندا، هەر لە خۆوە ناوی "خوا" بەکار ناهێنین، بەڵکوو بە هۆی کردەوە کوفرئامێزەکانمانەوە سووکایەتی پیێدەکەین و واشمان لیێهاتووە کە ئەوانە بە سووکایەتی پێکردن لە قەڵەم نادەین. بووینەتە مرۆڤگەلێکی هێندە خاکی کە سەبارەت بەخەسڵەتەکانی خۆمان هیچ قسەیەك ناکەین بەڵام زۆر بوێرانە سووکایەتی بە خەسڵەتەکانی ئەوانیتر دەکەین.

هەموو ئەوشتانەی کە رۆسۆ لەکۆمەڵگاکەیدا بە بیێبەندوباری ئاکاری لە قەڵەمی ئەدا، لە رووی سیاسی و حکوومەتییەوە چوارچێوەیەکی دیاریکراو و ئاشکرایان هەبوو. بیێبەندوباری ئاکاری وگەندەڵی سیاسی شانبەشانییەك گەشەیان دەکرد. رۆسۆ تێگەیشتنی خۆی سەبارەت بەگەندەڵی سیاسی لە یەکێك لە کتێبە بەناوبانگەکانیدا دەربڕیوە لە کتێبەکەیدا بە ناوی "وتارێك سەبارەت بە سەرچاوەی نایەکسانی" دەڵیێ:

نایەکسانییە ئاکارییەکان، کە بە هۆی یاسا داڕێژراوەکانەوە مۆڵەتیان پێ ئەدرێت، هەرکات لەگەڵ نابەرابەری جەستەیی و سروشتیدا گونجاو نەبن، لەگەڵ مافەسروشتییەکانیشدا دژایەتی پەیدا دەکەن و یەك ناگرنەوە، ئەم دژایەتییە بەشێوەیەکی یەگجار گرنگ و چارەنووس‌ساز، فێری ئەوەمان دەکا کە چۆن بیر لەو نابەرابەرییانە بکەینەوە کە بەسەر هەموو کۆمەڵگا شارستانییەکاندا زاڵن. یاسا سروشتییەکان، بە هەر شێوەیەك لێکبدرێنەوە، دژایەتییان هەیە لەگەڵ ئەم حەقیقەتانە کە، منداڵان بەسەر بەساڵاچووەکاندا حکوومەت بکەن، بێ ئەقڵەکان بەسەر ئاقڵەکاندا حکوومەت بکەن و کەمینەیەکی زاڵ، سامانە گەورەکان قووت بدات، لە کاتێکدا کە زۆرینەیەکی برسی، موحتاجی سەرەتاییترین پێداویستییەکانی ژیان بێت.

تیۆرەکانی هزرمەندانی وەك برێك و مارکس و رۆسۆ، ئەوەمان بۆ دەرئەخەن کە رەنگە بێ‌نەزمییە سیاسییەکان، لە تێکدانی ئاسایشی جەستەییشی تێبپەڕێنن و مەترسی لەوە زیاتریشیان لێ بکەوێتەوە. تەنانەت رەنگە رەهەندە ئاڵۆزونادیارەکانی سیستمی ئاکاریش بگرێتەوە. سیستمە سیاسییە ستەمەگەرو سەرکوتکەرەکان هەمیشە لە بەردەم مەترسیدان، چونکە هەموو کاتێك ئەگەری ئەوە لە ئارادایە کە مەشرووعییەتی خۆیان لەدەست بدەن. لەوانەیە ئەو کۆمەڵگایانەی کە دەتوانن بەسەرکەوتنێکی تەواوەوە یاساو نەزم بەرقەراربکەن، لە هەمان کاتیشدا بتوانن پەرە بدەن بەو "لادان"ە ئاکاری و کۆمەڵایەتییانەی کە ژیانی هاووڵاتیان دەخەنە بەردەم مەترسی فەوتانو نەمانەوە.

# ئەفلاتوون و قەیرانی داد پەروەری ئەسینایی

یەکێك لە باشترین تەقەلاکانی تیۆرسێنیك بۆ رۆشنگەری لە بواری بێنەزمی ئاکاریدا، لەڕاستیدا بە کۆنترین نموونەش لە قەڵەم دەدرێ. ئەفلاتوون کە بەگشتی بە بناغەدانەری تیۆرە سیاسییەکان لە رۆژئاوادا دەناسرێت، یەکێك لە نامیلکەکانی بۆ ئەو مەبەستە نووسیوە کە تێگەییشتنەکانی خۆی سەبارەت بە گومڕایی ئاکاری کۆمەڵگاکەی پیشان بدات.

بە بیروڕای ئەفلاتوون، تێکشکانی دەوڵەتشاری ئەسینا، بە هۆی تراژیدیای ژیانێکی راستەقینەوە زیاتر ئاشکرا بوو. مەبەستیشی لەو قسەیە، دادگایی کردن و لە سێدارەدانی سوقرات بوو. پیاوێك کە بەڕای ئەفلاتوون و زۆربەی هزرمەندانیش، یەکێك لە ئاقڵترین و باشترین پیاوەکانی سەرڕووی زەوی بوو، کەچی حوکمڕانانی ئەسینا دەسگیریان کرد و پاش دادگاییکردنیشی سەرەنجام حوکمی مەرگیان بۆدەرکرد.

بەڕای ئەفلاتوون، دادگایی کردنی سوقرات لە راستیدا دادگایی کردنی کۆمەڵگای ئەسینا بوو. کاتێك کە ئەسینا سەبارەت بە چارەنووسی سوقرات بڕیاری ئەدا، لە ڕاستیدا سەبارەت بە خۆی بڕیاری دەرئەکرد، یان دەتوانین بڵێین

تۆسقاڵێك لە "ڕۆح"ی خۆی پیشان ئەدا. خەڵکی ئەسینا لەمبارەوە، بەمجۆرە بڕیاریان دەرکرد کە، یان سیستمی سیاسی شارەکەیان شوێنێکی باشە بۆ ئەو هاوولاتییە ئاقڵ و دیندارە، یان ئەسینا ناتوانێت شێوەی ژیانی سوقرات تەحەمول بکات. کاتێکیش کە دادگای ئەسینا (کە پێکهاتبوو لە ٥٠٠ هاوولاتی ئەسینایی) حوکمی مەرگی بۆ سوقرات دەرکرد، لە ڕاستیدا حوکمی مەرگی خۆی دەرکرد.

هەرلەبەرئەوە بوو کە ئەفلاتوون بۆ پیشاندانی بێنەزمی کۆمەڵگای ئەسینا، تراژیدیای ژیان و دادگایی کردنی سوقراتی لە شێوەی شانۆیەکی ئەدەبیدا خستەڕوو. ئەو لەنامیلکەی "داکۆکینامەکەی سوقرات- پۆزش" دا، ئیستدلالە حقوقییەکانی سوقراتی بە جوانترین شێوە پیشان داو تیایدا کۆمەڵگای ئەسینای بە تاوانبار لە قەڵەم دا.

خیتابە دیفاعییەکەی سوقرات، بە شێوەی تەنزێکی ڕێکوپێك نووسراوە هەر قۆناغێکی دادگایی کردنە دوو ڕەهەندی هەیە. لە ڕەهەندە سادەکەیدا، ئەسینا سوقرات دادگایی دەکاو حوکمی مەرگیشی بەسەرا ئەدا. بەڵام لە ڕەهەندێکی پڕ ناوەڕۆکتر و قووڵتردا، سیستمی ئاکاری جیهان ـ کە ڕۆحی سوقرات، جیلوەیەکی ئەو ڕۆحەیە ـ دەس ئەکات بە دادگایی کردنی ئەسینا و وەك شارێکی پڕ لە فەساد و خراپکاری دەیبینێ.

لە بەشی یەکەمی نامیلکەکەدا ئەسینایییەکان، سوقرات بە "بێدینی" و "گومڕاکردنی لاوان" تاوانبار دەکەن. سوقرات بەمجۆرە وەڵامیان ئەدایەوە کە ئەسینا لەبەرئەوە تاوانباری دەکا کە تەحەمولی حەقیقەتی نییە" حەقیقەتێك کە سوقرات هەموو ژیانی خۆی لە پێناوی بەدەستهێنانیدا تەرخانکردووە. ماوەیەکی زۆر بەرلە دادگایی کردنی سوقرات، "هاتف"ی کەنێسەی "دۆلفی" وتبووی کە سوقرات ئاقڵترین کەسە. سوقرات کە پێشتر دەرکی بە نەزانینی خۆی کردبوو، تووشی سەرسووڕمانێکی زۆربووبوو کە داخۆ مەبەستی "وتاربێژ" لەو قسەیە چی بووە!؟ بەڵام بە لێکۆڵینەوەیەکی زۆر بەو دەرەنجامە گەیشتبوو کەمەبەستی وتاربێژ لەوەی کە ئەوی وەك نموونە هێناوەتەوە، ئەوە بووە کە "زاناترین مرۆڤ ئەو کەسەیە کە وەك سوقرات بزانێ کە هیچ نازانێ".

سوقرات ئەیوت" هەر لەبەر ئەو مەسەلەیە بەناو شاری ئەسینادا دەگەڕام و تووشی هەرکەسێك ببوومایە کە بە کەسێکی زانا دەهاتە بەرچاو، دەسم بە تاقیکردنەوەی ئەکرد. بەڵام پاش لێکۆڵینەوەیەکی زۆر بەو دەرەنجامە ئەگەیشتم کە زانا نییە و منیش لەبەرخاتری ئەوە کە فەرمانی خوا جێبەجێ بکەم، بە خودی ئەو کەسەشم ئەسەلماند کە زانا نییە. سوقرات پێی لەسەر ئەوە دائەگرت کە بە ئەنجامدانی کارێکی لەو جۆرە، لە ڕاستیدا هەم خزمەتی "بانگەوازی ئیلاهی" (Daimon)م کردووە،

هەمیش خزمەتی خەڵکی ئەسینا. سوقرات بۆ کۆمەڵگەی ئەسینا لەمێشوولەیەك دەچوو کە لە ڕێگەی پێوەدانەوە، دەبوە هۆی بێدار کردنەوە و ڕاچڵەکاندنی خەڵکی بە گشتی و ئەسیناییەکان بە تایبەتی. کەواتە زۆر ئاساییە کە خزمەتەکانی ئەو، لە ناو ئەو کەسانەدا کە توانای تەحەمول کردنی حەقیقەتیان نییە، هیچ خۆشەویستییەك دروست ناکات. سوقرات دەڵێ بە بیروڕای من ئەوان هەرگیز دان بەو مەسەلەدا نانێن کە من، ئەوان بەو جۆرە دەخەمە بەرچاو کەهەن [حەقیقەتی بوونی خۆیان پیشان ئەدەم] و ئەوەش دەسەلمێنم کە سەرەڕای ئەوەی کە لافی لێدەدەن هەموو شتێك دەزانن، بە پێچەوانەوە هیچ نازانن.

سوقرات بۆ ئەوەی کە بە تەواوەتی تاوانبار بوونی خۆی بسەلمێنێت، بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە لەبەرئەوە خۆی تێکەڵی سیاسەتی ئەسینا نەکردووە، لایەنگری حەقیقەت بووە. سیاسەت بەو شێوەیەی کە لە شاری ئەسینادا بەڕێوەدەچوو بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ حەقیقەتدا یەکیان نەدەگرتەوە. هەر بەو هۆیەشەوە بوو کە سوقرات دژایەتی سیاسەتی ئەسینای دەکرد. ئەوەش لە کاتێکدا بوو کە هیچ مرۆڤێکی حەقیقەتخواز نەیئەتوانی لە دەست سیاسەتی ئەسینا بە سلامەت رزگاری بێت و گیان دەرباز بکات.

سوقرات ئەیوت" ئەی خەڵکی ئەسینا ئێوە باش دەزانن کە ئەگەر من لە کاروبارە دەوڵەتییەکاندا بەشداریم بکردایە، لە

مێژبوو تیاچووبووم، بە بێ ئەوەی کە هیچ قازانجێکم بەخۆم، یان بەئێوە بگەیاندایە بێت. ئەی خەڵکی ئەسینا من حەقیقەتەکان ئەڵێم! لێم زیزمەبن! کەسێك کە دژایەتی زۆرینەی خەڵك بکات و شەرافەتمەندانە رێگە لە ئەنجامدانی کارگەلی ناحەق و نایاسایی لە ئەسینا، یان هەر شوێنێکیتر بگرێت، حەتمەن گیانی خۆی لەدەس ئەدات.

پاش ئەم بەرگریە جەنجاڵئامێزە، سوقرات بە تاوانبار ناسرا. بە پێی رێورەسمەکانی ئەو سەردەمەی ئەسینا، ئەو دەیتوانی یان حوکمی دادگا پەسەند بکا، یان داوای سزادانێکی تر بکات. وەهەر لەم قۆناغەدا دژایەتی راستەقینەی نێوان حەقیقەت ـ کە سوقرات نموونەیەتی ـ و گەندەڵی ئەسینا درێژە پەیدا ئەکا.

سوقرات لایخۆی بەمجۆرە بیری ئەکردەوە کە ئەگەر بڕیارە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە سزابدرێت، دەبێ لیاقەتی ئەو سزادانەی هەبێت، لەبەر ئەوەش کە خزمەتی ئەسینای کردووە، ئەبێ سزادانەکەش، باش و گونجاوبێت. هەر بۆیە پاش بیستنی حوکمی لە سێدارەدان لە لایەن "دادوەر"ەوە، پێشنیاری کرد کە بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو پیاوەتییەی دادوەرەکە، لەیەکێك لە گەورەترین هۆڵەکانی شاردا میوانییەك تەرتیب بکەن. ئەمە شانازییەك بوو کە بەو قارەمانانەیان دەبەخشی کە لە یارییەکانی ئۆڵەمپیکدا سەرکەوتنیان بەدەست بهێنایە. پێشنیارەکەی

سوقرات سەرەتا بەشتێکی گاڵتەجاڕی دەهاتەبەرچاو، بەڵام لە راستیدا تەواو پڕماناو بایەخداربوو. لەگەڵ ئەوەشدا وەڵامێکی گونجاوو بەجێ بوو. سوقرات ئەیوت" کاتێك باوەڕم بەوە هەیە کە کارێکی ناحەقم نەکردووە، چۆن ئەتوانم لە دژی خۆم قسەبکەم و بەبێ ئەوەی کە تووشی هیچ تاوانێك بووبم، بۆ خۆم پێشنیاری سزادان بکەم؟ بۆ چی ئەبێ کارێکی وابکەم!؟

ئەنجومەنی داوەرانی ئەسینا کە پێكهاتبوو لە ٥٠٠ کەس، سەرەنجام سوقراتی بە مەرگ تاوانبار کرد. ئەفلاتوون جارێکیتریش بە ئاشکرا ئەوە پیشان ئەدا کە مەحکووم بوونی سوقرات، لە راستیدا مەحکووم بوونی شاری ئەسینایە. ئەسینا بە راگەیاندنی لە سێدارەدانی سوقرات، لە راستیدا تێکشکانی ئاکاریی خۆی راگەیاند. سوقرات لە نامیلکەکەی خۆیدا ئاماژە بەم مەسەلە ئەکات و ئەڵێ: "بەڵام ئەی هاوڕێیان! نەترسان لە مەرگ کارێکی سەخت نییە. رزگار بوون لە "شەڕ" زۆر لەوە دژوارترە، چونکە شەڕ لە مەرگ زیرەکتر و زرنگترە. ئێستا کە من پیر وبێتوانا بوومە، رووبەڕووی مەرگ دەبمەوە، بەڵام نەیارەکانم بە هەموو زرنگییانەوە، کەوتوونەتە داوی بەڵاو نەهامەتێکی یەگجار گەورەتر و کوشندەترەوە، واتە "شەڕ". لە کۆتایی ئەم دادگاییکردنەدا من بە هۆی دەنگەکانی ئێوەوە بەمەرگ مەحکووم کرام، بەڵام "حەق و حەقیقەت" زوڵم و ستەمەکانی ئەوانی لەقاو دا. کەواتەهەردوولامان تەسلیمی ئەو قەدەرە بووینە. پێدەچێت

شتی وا هەر دەبوایە رووی بدایەو [واتەچارە نووسمان وابووە] پێم وایە بە حەقی خۆمان گەییشتووین.

دەتوانین بڵێین کە تیۆرە سیاسییەکانی ئەفلاتوون بە یەکێك لەم زەمینانەی خوارەوە دەست پێ‌دەکەن ــواتە بونیادە فەلسەفییەکانیان لەسەر یەکێك لەم زەمینانەدا دامەزراوە ــئەو تیۆرانە پشتیان بە جیهان ناسی و مەعریفەناسی، یان بە مرۆڤ ناسی فەلسەفییەوە بەستووە (واتە روانگەی ئەو سەبارەت بە سروشتی مرۆڤ). گریمانە بونیادی و فەلسەفییەکانی ئەو، پێوەندییان بەیەکەوە هەیە. بەڵام لە راستیدا تیۆرە سیاسییەکانی ئەفلاتوون ـ واتەبونیادی لۆژیکە پراکتیکییەکەی ــلە نامیلکەی "داکۆکینامەکە سوقرات"ەوە دەس پێ‌دەکەن. مەبەستی ئەفلاتوون لە ڕاڤەکردنی سیستەمی سیاسی، ئەوە بوو کە هەستی بەلێکدڕژییەکی گەورە کردبوو لە نێوان "سیستەمی دەوڵەتشاری ئەسینا" و "نەزمی راستەقینە و هاوسەنگی و دادپەروەری و یەکپارچەبوون ــ کە رۆحی سوقرات یەکێك لە نموونەکانیەتی ــ". ئەم مەسەلەیە تەواو بێزاری کردبوو و مێشکی پێوە سەرقاڵ دەبوو. ئەفلاتوون بە هۆی بینینی بێ‌نەزمی ئەسیناوە کە لە نامیلکەی داکۆکینامەکەی‌دا روونی کردۆتەوە، ناچار بوو وەڵامی پرسیارە سەرەکییەکانی کتێبی "کۆمار" بداتەوە": دادپەروەری چییە؟ کۆمەڵگای بەختەوەر کامەیە؟ لە خوارترین پلەدا، کام سیستمی سیاسییە کە باشترین

هاوولاتی خۆی لە سێدارە نادا" وەك ئەسینا کە سوقراتی لە ناو برد؟ وە لە بالاترین پلەدا، کام سیستمی سیاسی، نیشتمانی راستەقینەی خەڵکانی چاکە؟

بە کورتی، ئەفلاتوون وەك زۆربەی تیۆرسێنە سیاسییەکان، لێکۆڵینەوەکانی خۆی بە "بینینی بێنەزمی" لە کۆمەڵگای سیاسیدا دەس پێدەکا. بینینی "ناراستییەکان" کێشەی فکری ئەورووژێنێت و دەس ئەخاتەسەر ئەو کێشە و گرفتانەی کە پێویستیان بە روون کردنەوە هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا بینینی بێنەزمییەکان مرۆڤ هان ئەدا بە دوای دۆزینەوەی رێگەچارەدا بگەرێت. بینینی بێ نەزمی هەم ئەقڵ ئەجووڵێنێت و هەم ئیحساس.

هەندێ لە تیۆرسێنەکان، زیاتر لەوانیتر سەبارەت بە بینینی بێ نەزمی بەراشکاوانەتر ئەدوێن. بۆ نموونە ئەفلاتوون بە شێوەیەکی پێچەوانەی میتۆدە باوەکان، لێکۆڵینەوە لە سەر "بینین"ەکانی خۆی ئەکات، چونکە بینینی بێنەزمی بناغەی یەکێك لە نامیلکەکانێتی. رەنگە هەندێ لە بیرمەندانی دیکە، هۆکاری سەرەکی و هەروەها مەبەستی خۆیان لە راڤەکردنی نەزمی سیاسی، هەرگیز روون نەکەنەوە، یان لە دووتوێی بەشێکی بچووکی نووسینە کەمتر گرنگەکانیاندا بیشارنەوە. بۆ نموونە ئەگەر مرۆڤ بیەوێت بە باشترین شێوە لە مەبەستی مارکس و تێگەیشتنی ئەو لە بێ نەزمییە سەرەکییەکانی

کۆمەڵگاکەی تێبگات، دەبێ بگەڕێتەوە بۆ نووسینە کۆنترەکانی وەك "دەس نووسە فەلسەفی و ئابوورییەکانی ساڵی ١٨٤٤". تەنانەت رەنگە مرۆڤ ناچار بێت کە بارودۆخی "بابەتی" و هەروەها دۆخی ژینگەی تیۆرسێنیش بخوێنێتەوە، بۆ نموونە بەمەبەستی خوێندنەوە لەسەر مەکیاڤیلی، دەبێ لە ئاژاوە و جەنجاڵە سیاسییەکانی ئیتاڵیای سەردەمی ژیانی ئەو تێبگەین.

تەنانەت ئەگەر پێویست بە راڤەکردن و لێکۆڵینەوەش بکات، دەبێ دەرك بەو تێگەیشتنە سەرەکییانەش بکەین کەهاندەری تیۆرسێنەکان بوونە. ئەگەر تیۆرسێن دەرکی بە مەسەلەیەك نەکردبایە، هەرگیز زەحمەتی نووسینی بە خۆی نەئەدا. وە ئەگەر ئەم مەسەلەیە بە تەواوەتی دەرکی پێنەکرێت، لەوانەیە ئەو رێگە چارەیەش کە تیۆرێکی کامڵ و هەمەلایەنە ئەخاتەڕوو، دەرکی پێنەکرێت.

## وتاری سێهەم

# دەستنیشانکردنی کێشە

تەنها زەینی مرۆڤێکی نائاسایی دەتوانێ دوای بینینی بێنەزمی، ئۆقرە بگرێت. لەوەها حاڵەتێکدا، دڵ و زەینی مرۆڤی ئاسایی و تەندروست، هانی ئەدەن زیاتر خۆی بە خوێندنەوەوە سەرقاڵ بکات. "بینین" و هەروەها ویستەکانی زەین، دەبنە هۆی سەرهەڵدانی لێکۆڵینەوەی زیاتر. یەکەم رێگەچارەیەك کە لەوەڵامی "کێشەکە لە چیدایە؟" دەخرێتەڕوو، سەرلێشێواوییەکی تازە دەورووژێنێ. وەڵامێك کە لە قۆناغی بینینی بێنەزمیدا ئەدرێتەوە، بۆ خۆی دەبێتە هەوێنی دروست بوونی پرسیارگەلێکی‌تر.

ئەو هەیەجانانەی کە هەر لە سەرەتاوە تیۆرسێنیان ناچار بە لێکۆڵینەوە کردبوو، هێشتا دەوریان هەیە چونکە لەو قۆناغەدا هێشتا رێگەچارەیەك بۆ چارەسەرکردنی بێنەزمی

نەدۆزراوەتەوە. تەنها کێشە سەرەکییەکە دەستنیشان کراوە و هیچیتر. بە تەنها بینینی "ناڕاستییەکان" ڕێنماییەکی ئەوتۆمان ناخاتە بەردەست. ئەو دڵەڕاوکێ ڕاستەقینەیەی کە تیۆرسێنی ناچار بە تێڕامان کردبوو، هێشتا نەسڕاوەتەوە. ئەو دەبێ تا دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەك، درێژە بە لێکۆڵینەوەکانی بدات. هێشتا ئەنگیزە فکرییەکانی لێکۆڵینەوەش بە تەواوەتی حزووریان هەیە. کاتێ تیۆرسێنیك بارودۆخێکی بە نالەبار کەوتەبەرچاو، "لۆژیك"ی بینین حوکم ئەکات کە لێکۆڵینەوە لەسەر دۆخی "بینین"یش بکرێت. لەم قۆناغەدا کتوپڕ ڕووبەڕووی دوو پرسیار دەبینەوە:

یەکەم" ئەگەر بارودۆخەکە نالەبارە، هۆکارەکانی چین؟ دووهەم" بارودۆخێکی لەباری سیاسی چ تایبەتمەندیگەلێکی هەیە؟ بەواتایەکیتر، ئەگەر ئەم بارودۆخە نالەبارە، ئەی بارودۆخی "لەبار" کامەیە؟ پرسیاری دووهەمیان لەوتاری دواییدا قسەی لەسەر دەکرێت. لەم وتارەدا قسە لەسەر کێشەکان و ئەو ڕەوتە ئەکەین کە تیۆرسێن لە کاتی دۆزینەوەی هۆکارەکانی ڕێکنەخستنی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.

## هۆکارەکان و چارەسەرەکان

کێشە فکرییەکانی ئەم قۆناغە، لە بنەڕەتدا هەمان ئەو کێشانەن کە لە "زیان ناسی"دا لە هەموو جۆرەکانیان، دەخرێتەڕوو. تیۆرسێنیك کە لە کارکردی کۆمەڵگای سیاسیدا کەم و کوڕییەکی بنییوە، زیاتر لە پزیشکێك ئەچێت کە نیشانەکانی نەخۆشییەکەی دیبێتەوە. هیچ کام لەم دوانە [واتە تیۆرسێن و پزیشك] ناتوانن لەم قۆناغەدا بوەستن و دەستلەسەردەست دابنیشن. بە تەنها دەستنیشانکردنیهۆکارەکان بەس نییە بەڵکوو ئەبێ سەرچاوە سەرەکییەکانی نەخۆشییەکە بدۆزرێنەوە. ئەگەر قەراربێت کێشەکە لە رووی تیۆرییەوە بە تەواوەتی دەرکی پێبکرێت و هەروەها لە رووی پراکتیکیشەوە چارەسەر بکرێت، پێویستە هۆکارەکانی مەسەلەکە روون بکرێتەوە. بە کورتی، تیۆرسێنی سیاسی وەك پزیشکێك رووبەڕووی ئەرکی "دەستنیشانکردنیکێشە" بوەتەوە.

تیۆرسێن لەم قۆناغەی لێکۆڵینەوەدا، ئەبێ رۆڵی "راڤەکار"ێك بگێڕێت. ئەو بەناچار دەبێ قۆناغی پۆلێن کردنی پێوەندی نێوان هۆکار و بەرهۆکارەکانی ئەم دنیا گرژوئالۆزە ببڕێت، چونکە تا ئەو کاتەی هۆکارەکانی مەسەلەکە دەستنیشان

نەکرێن، ناتوانین بە شێوەیەکی ڕاستەقینەش دەرکی بکەین. لە لایەکی تریشەوە. تیۆرسێن بە بێڕوونکردنەوەی هۆکارە ڕاستەقینەکان، ناتوانێت پێشنیارگەلێکی گونجاو بۆ چارەسەرکردن، یان دامرکاندنی کێشەکە ئاراستە بکات. یەکەم پرسیارێك کە لە سەرەتای قۆناغی دەستنیشانکردندا ڕووبەڕووی تیۆرسێن دەبێتەوە، یەکێك لە گرنگترین بابەتەکانی تیۆرە سیاسییەکانە. ئەو پرسیارەش یەگجار سەختەو وەڵامدانەوەشی کارێکی ئاسان نییە. پرسیارێکە کە قوتابخانە گرنگەکانی بیری سیاسی لە یەکدی جیا دەکاتەوە. پرسیارێکە کە ئەگەر وەڵامی بدرێتەوە، بە شێوەیەکی بونیادی ڕێگەچارە پێشنیارکراوەکانی هەر تیۆرێکی سیاسی بە ئاقارێکی باشدا دەبا.

ئەتوانرێ ئەم پرسیارە گرنگە سەرەتاییە، بە شێوەیەکی تازەتریش بخرێتە ڕوو، بەڵام بە وردی ڕوون بکرێتەوە. پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا ئەو کێشە سیاسییەی کە خراوەتەڕوو، ڕیشەی سیاسی هەیە؟ ئایا هۆکارەکانی کێشەکە بەراستی سیاسین، یان نە؟

ئەم پرسیارە چارەنووسسازە خۆی دابەش ئەبێ بە دوو پرسیار، چونکە هۆکاری سیاسی، هۆکارێکی "گشتی"یە، نەك "تاکەکەسی"" هەروەها "دەسکردە"، نەك "سروشتی".

کەواتەتیۆرسێن دەبێ لەوە تێبگات کە ئایا ریشەی کێشەکە هیچ پێوەندییەکی بە کۆمەڵگاوە هەیە؟ ـ کەواتە گشتییە ـیان تەنها رەنگدانەوەی زەینی خۆیەتی؟ پاشان، ئەگەر بەودەرەنجامە گەیشت کە کێشەیەکی کۆمەڵایەتییە، ئەبێ ئەوەش دەستنیشان بکات کە ئایا ئەو کێشەیە بەرهەمی بارودۆخێکە کە مرۆڤ بتوانێت بیگۆڕێت ـ واتە، هۆکاری دەسکرد ـ یان هۆکارەکانی ئەگەڕێتەوە بۆ "دیاردە" سروشتییەکان؟

لە لاپەڕەکانی دواتردا، باس لەوە دەکەین کە بۆچی قۆناغی دەستنیشانکردنقۆناغێکی دژوارە و چۆن دەبێتە سەرچاوەی جیاوازی نێوان قوتابخانە جۆراوجۆرەکانی تیۆرە سیاسییەکان. رەنگە تا ئێستا گرنگیی ئەم پرسیارە و پێوەندی لەگەڵ رێگەچارە کۆتاییەکانی تیۆرسێن، روون بووبێتەوە. چونکە ئەگەر هۆکارەکانی مەسەلەکە لە بنەڕەتدا سیاسی نەبن ـ واتە هۆکاری گشتی و دەسکرد نەبن ـ رێگەچارەی مەسەلەکەش ناتوانێت سیاسی بێت. هەڵبەتە هەرچەند هەندێ جار هۆکارەکانی مەسەلەکە سیاسی نین، بەڵام پێدەچێت رێگەچارەی سیاسیش زەروری بێت. بەڵام رێگەچارەیەکی لەوجۆرە ناتوانێت چارەسەری مەسەلەکە بکات.

# مەسەلە گشتییەکان لەبەرانبەر مەسەلە تاکەکەسییەکاندا

سەرەنج بدەنە مەسەلەی یەکەم" واتە کێشەیەك کە لەکاتی دەستنیشانکردنی "سیاسی" بوون، یان سیاسی نەبوونی ریشەی مەسەلەکە ئەخرێتەڕوو: ئایا ئەم کێشەیە مەسەلەیەکی گشتی و کۆمەڵایەتییە، یان تاکەکەسی؟. ئایا کێشەکە دەگەڕێتەوە بۆ باری خراپی سەرجەم کۆمەڵگا، یان مەسەلەیەکی چارەسەرنەکراوی تاکەکەسی یە؟ ئایا ریشەی کێشەکە، ئەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی سیاسی کۆمەڵگا، یان لە ناکۆکییە دەمارییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە؟ دیارە ئەم پرسیارانە وەلامگەلێکی جۆراوجۆریشان ئەبێت. ئەگەر کێشەکە، پێوەندی بەسیستەمی سیاسییەوە هەبێت، "پەرچەکرداری سیاسی" وەلامێکی گونجاوە، بەڵام ئەگەر پێوەندی بەتێکچوونی مێشکی تاکەوە هەبێت، کەواتە ئەوە مەسەلەی تاکەکەسی تیۆرسێنە، نەك بابەتێکی سیاسی. ئەوە تیۆرسێنە کە ئەبێ واز لەکارەکانی بێنێت و گیانو دەرونی خۆی دەرمان بکات.

داوەریکردن سەبارەت بەم مەسەلە کارێکی سادە نییە. بە هیچ شێوەیەك ناتوانین ئەوە دەسنیشان بکەین کە ئایا مەسەلەیەك رەگێکی شەخسی هەیە، یان کۆمەڵایەتی. چونکە تاك و کۆمەڵگا پێوەندییەکی یەگجار زۆر و هەمەلایەنەیان لەگەڵ

یەکدیدا هەیە. کۆمەڵگا بریتییە لە سیستمی پێوەندییەکانی نێوان تاکەکان و، تاکەکانیش بە هۆی "کارلێک کردن"ە کۆمەڵایەتییەکانەوە گەشە ئەکەن. ناشتوانین بە ئاسای سنوورەکانیان دەستنیشان بکەین و هەروەها ئەوەش دەستنیشان بکەین، کە پشێوی، سەرچاوەی تاکەکەسی هەیە یان کۆمەڵایەتی؟ ئەو شتەی کە بە نموونەی مەسەلە شەخسییەکان و هەروەها سەرلێشێواوییە رۆحییەکان لە قەڵەم ئەدرێت، رەنگە لەراستیدا بە هۆی سەرمەشقە کۆمەڵایەتییە نامرۆڤی و ئینحرافییەکانەوە هاتبێتە ئاراوە. تاکەکان، تا رادەیەکی زۆر شوناسی خۆیان لە رێگەی وەرگرتن و بەدەروونی کردنی رۆڵە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەدەستئەهێنن و پاشان بە هۆی بینینی کۆمەڵگاوە خۆیان دەناسن. ئەگەر رۆڵە کۆمەڵایەتییەکان تژی لەرەهەندگەلی نێگەتیڤ، تێگەیشتنی مرۆڤیش بۆ خۆی نێگەتیڤ ئەبێت. نووسەری رەشپێست، جیمز بالدوین، بیرەوەرییەکانی سەردەمی لاوێتی خۆی بەمجۆرە ئەگێڕێتەوە. "هەوڵ و تەقەلایەکی زۆریان ئەدا تاکوو رەنگی پێستمان پاك بکەنەوە. هێندەیان ئەشۆردین کە پێستمان بریقەی ئەدایەوە. پێم وایە کە منالەرەشپێستەکان، یان بەلانی کەمەوە ئەم وەچەیەی من، زووتر لە منالانی تر و هەروەها بە ئازارێکی زیاتریشەوە بە "سابوون" ئاشنابوون. منالێکی وا، بەزووترین کات دەرکی بەوە دەکرد کە رەنگی پێستی "نەنگ"ییەکی تاکەکەسییە. ئەگەریش

ئەو نەنگەیەی قبوولْ بکردایە لە رووی رۆحییەوە، رەنگە نەتوانیْ باوەڕی بە خۆی بوایە. ئەگەریش قبوولّی نەکردایە، ئەبوایە زیاتر لە پێویست توورە بێت کە لە هەر دوو حاڵەتەکە کێشە رۆحی و "دەروونی"یەکانی، بە ئاشکرا بەرهەمی پشێوییە سیاسییەکان بوون.

نموونەیەکی تر، سەرەنجبدەنە پێکهاتەی رۆحی مرۆڤی هاوچەرخ. مرۆڤی هاوچەرخ لە هەندیْ کۆمەڵگادا، هەموو ئەو شتانەی کە ئەریك فرۆم بە "هەڵوێست وەرگرتنی رەمەکی و بازاری" ناودێری کردووە، قبوولْ کردووە. ئەریك فرۆم، بە هۆی لۆژیکێکی هاوچەشنی لۆژیکەکەی مارکس، قسە لەسەر "بەخۆنامۆبوون" دەکا. بە بیروڕای ئەو، مرۆڤێکی لەوجۆرە لەوەی کە خۆی وەك "کالاّ" دەبینیْ، هەست بەئازارێکی زۆر ئەکات:

حاڵەتە مرۆییەکان وەك هاوڕێیەتی، خاکەڕایی و دلۆڤانی، گۆڕاون بە "کالاّ" و بەرهەمگەلێکی "بەستەبەندی کراو" کە لە بازاری کەسایەتیدا (شخصـــيـت) بە باشترین نرخ ئەفرۆشرێن. ئەگەر تاکێك نەتوانێت خۆی بگۆڕێت بەسەرمایەیەکی پڕبەها، هەست بە هەڵشکان دەکا. بەلاّم ئەگەر لەو کارەدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا، ئەوە مرۆڤێکی سەرکەوتووە. دیارە نرخ و بەهای مرۆیی ئەمڕۆ، گرێدراوە بە هۆکارە دەرەکییەکانەوە" واتە داوەریکردنە جۆراوجۆرەکانی بازار کە تەواو وەك "کالاّ"یەك

بڕیاری لەسەر ئەدەن. ئەم مرۆڤە "بەخۆنامۆیە" کە هەڕاج دەکرێ، دەبێ بەشێکی یەگجار زۆری بەها مرۆییەکانی خۆی ـ کە تایبەتمەندی سەرەکی مرۆڤن، تەنانەت لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکانیشدا ـ لە دەس بدات.

لە لایەکی تریشەوە، رەنگە ئەو مەسەلانەی کە بە ئاشکرا لە پێکهاتەی رۆحی تاك، یان گرووپەوە سەرچاوەیان گرتووە، بە هەڵە بە دیاردەگەلێکی "هەڵقولاوی" دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لە قەڵەم بدرێن. ئەوە دیاردەیەکە کە دەروونناسان بە "لەکۆڵخستنەوە" ناودێری دەکەن. بۆ نموونە ئەو کەسانەی کەبەردەوام هەست بەوە دەکەن کە هەمیشە لە لایەن کەس یان کەسانێکەوە لە دژیان پیلان ئەگێڕدرێت، رەنگە بۆ نائەمنی و دڵەڕاوکێ دەروونییەکانیان بە شێوەیەکی "بابەتی" پاساوبهێننەوە. ئەوان هەست بە مەترسی دەکەن کەواتە ئەومەترسییە ئەهێننەوە سەر "پیلانگێڕی نێودەوڵەتی نەتەوەیی یەهوود" یان پیلانی فاشیستی بنەماڵەی ڕاکفلێر و بە مەترسییەکی سیاسیشی لە قەڵەم ئەدەن.

بەمجۆرە مەسەلە رۆحییەکان لە رێگەی پرۆگرامەکانی "گواستنەوە" و "جێگۆڕکێ کردن"ەوە دەچنە ناو دنیای سیاسەتەوە. گواستنەوە لە کاتێکدا ئەنجام ئەدرێت کە مرۆڤ لەگەڵ کەسێکدا کە قەت نایناسێت، وا هەڵسوکەوت بکات کە وەك بڵێی دەیناسێت. زۆربەی کات ئەم حاڵەتە لە کاتێکدا

روودەدا کە مرۆڤ ئەو هەستەی کە بەرانبەر بنەماڵەی خۆی هەیەتی، بگوێزێتەوە بۆ کەسێکی سێهەم. باشترین نموونەی ئەم مەسەلەیە ئەوەیە کە مرۆڤ، دەروونناس، یان مامۆستا، یان قەشە بە باوکی خۆی بزانێت، یان کەسێك کە پلەوپایەیەکی لەسەرتری هەیە، وەك دایك و باوك یان گەورەی بنەماڵە چاوی لێبکات. لەبەر چەندین هۆی ئاشکرا، ئەم حاڵەتە زیاتر سەبارەت بە پیاوانی دەوڵەت ڕوودەدات. ڕێزگرتنی لەڕادەبەدەر و هەروەها دوژمنایەتیکردنی لە ڕادەبەدەر کە تەقریبەن بەرانبەر هەموو پیاوە گەورەکانی دەوڵەت ــ بۆ نموونە لە ئەمریکادا بەرانبەر سەرۆك کۆمار ــ ئەنجام دەدرێ، تا ڕادەیەك لە مکانیزمی دەروونناسییەوە سەرچاوە دەگرێ. تەنانەت ڕەنگە تیرۆریستێکی سیاسی کە حەزی کوشتنی باوکی بەسەرکوتکراوی تیاماوەتەوە، دەس بکاتە تاوان کردن. [واتە کاتێ کە نەیتوانیوە باوکی خۆی بکوژێت، ئەو جینایەتە بەسەر کەسانیترا ئەنجام ئەدا]. ڕۆحی ناپاکی شەیتانی ڕەنگە دزە بکاتە ناو دنیای سیاسەتەوە.

لە حاڵەتی "جێگۆڕکێ کردن"یشدا، هەندێ لەهەستو کردەوەکانی بە شێوەیەك جێگۆڕکی پێدەکا کە ڕەنگە دەرەنجامێکی سیاسی لێ بکەوێتەوە. تووڕەبوون لە هاوسەرێکی چەنەبازو بۆڵەبۆڵکەر، یان سەرۆکێکی بەهانەگیر، یان وەڕەز بوون لە شکستەکانی ژیان، زۆربەی کات دەبێتە هۆی ئەوەی کە

مرۆڤ بە قیڕاندن، تووڕەبوونی خۆی بەسەر ئەوانیتردا بڕێژێت. ئەم مکانیزمە دەروونناسییانە، رۆڵی "هێزی هاوپشتی" دەبینن. ئەڵبەتە تەنها لە کاتێکدا کێشەی سیاسی دروست دەبێت کە بەشێك لە تاکەکانی کۆمەڵگا، یان نەتەوەکانیتر هێرشیان دەکرێتە سەر. لەو حاڵەتەدایە کە کێشە سیاسییەکانی جەنگەکان و خۆپیشاندانە رەگەزییەکان بەهۆی هۆکارە رۆحییەکانەوە سەرهەڵدەدەن، یان ئەو کێشانەی کە لە ئارادان، روولەزیاد بوون دەکەن.

کەواتە دەبینین تاك و کۆمەڵگا بە تەواوەتی و لە رێگەگەلێکی جۆراوجۆرەوە کاریگەری لەسەر یەکتری دادەنێن. بێنەزمییە کۆمەڵایەتییەکان هەندێ کێشەی رۆحییان لێدەکەوێتەوە و بە پێچەوانەشەوە. بەڵام دۆزینەوەی هۆکارەکان کارێکی ئاسان نییە. تیۆرسێنی سیاسی، سەرەڕای هەموو کێشە و گرفتەکان دەبێ لەقۆناغی دەستنیشانکردنی هۆکارەکاندا، سەبارەت بە بابەتی ئاڵۆزی هۆکاروبەرهۆکار، داوەرییەکانی بخاتەڕوو. ئەو وەڵامانەی کەلەم قۆناغەدا دەخاتەڕوو، رەنگە بۆ سەرجەم تیۆرەکەی چارەنووسسازبن.

یەکەم ئەرکی تیۆرسێن ئەوەیە دڵنیابێت لەوەی کە ریشەی کێشەکە سیاسییە نەك تاکەکەسی. ئەو دەبێ دڵنیابێ لەوەی کە تێگەیشتنەکانی ئەو لە بێنەزمی، بە تەنها بەرهەمی "لەکۆڵ خستنەوە" یان "گواستنەوە" وەیان "جێ گۆڕکێ کردنی رۆحی"

نییە. ناکۆکییە گرنگەکانی ڕاڤە و لێکۆڵینەوە سیاسییەکانی "ڕەقیب" لێرەوە دەس پێ دەکەن" بۆ نموونە سەرنج بدەنە چەمکی نامۆ بوون کەلە تیۆرەکانی مارکس و هێگڵدا ڕۆڵێکی سەرەکی ئەبینێ. لای هێگڵ، نامۆ بوون ـ واتە بەخۆنامۆ بوون ـ دیاردەیەکی جیهانییە. لای هێگڵ لە ڕاستیدا سیاسەت داستانی سەرکەوتنی خوا بەسەر نامۆ بوونی خۆیدا بوو لە مێژوودا. نامۆبوون دیاردەیەکی حەقیقی بوو کە لە "دەرەوە"و لەدنیای "بابەتی"دا بوونی هەبوو. لە لایەکی ترەوە هەندێ لە ڕەخنەگرانی هێگڵ، ئەویان بە "لەکۆڵخستنەوە"ی دەرونی تاوانبار کردووە. ئەورەخنەگرانە لەو باوەڕەدان کە لە دوایین ڕاڤەکاریدا، وێنا کردنەکەی هێگڵ لە خوایەکی نامۆ، کە هەوڵ ئەدات بە "بێ کۆتایی بوون"، "ئازادی ڕەها" و "زانابوونی ڕەها" بگات، لە ڕاستیدا لە کۆڵخستنەوەی حاڵەتە ڕۆحییەکانی خۆیەتی. ئەوان دەڵێن ئەو شتەی کە هێگڵ بە شڵەژاوێتی سیاسی گشگیرو جیهانی لەقەڵەم ئەدا، لە ڕاستیدا دەگەڕێتەوە بۆ شڵەژاوێتییە بونیادییەکانی ڕۆحە گرژو ئاڵۆزەکەی خۆی.

پرۆفیسۆر ڕۆبێرت تاکر کە یەکێکە لەو ڕەخنەگرانە، لەو باوەڕەدایە کە تەنانەت هەر دوو قوتابییە بەناوبانگەکەی هێگڵ، واتە فیۆرباخ و مارکسیش سەبارەت بە نامۆبوون، هۆکارگەلێکی نادروستیان دەستنیشان کرد. فیۆرباخ نامۆبوونی بەدەرئەنجامی ئاین لە قەڵەم ئەدا و ئەیوت" مرۆڤەکان وێنا یۆتۆپیاییەکانیان

لەناوبوونەوەرێکدا بەناوی "خوا" ئەبیننەوە و هەربۆیە بەخۆیان نامۆدەبن. مارکس پێیوایە نامۆبوون لە سەرمایەدارییەوە سەرچاوەی گرتووە و دەڵێ: مرۆڤ بە هۆی پارەپەرەستی و دابەش کردنی کارەوە ـ کە لە ئاکامەکانی سەرمایەدارییە ـ هەم بەخۆی نامۆ ئەبێ و هەم بە مرۆڤەکانی تریش. بە بیروڕای تاکر هەردوو تێگەیشتنەکە نادروستن. لەو رووەوە دەڵێ:

هەردووکیان بە هەڵەداچوون. نەك تەنها لە مەسیحییەت و سەرمایەداری خراپ تێگەیشتوون بەڵکوو تەنانەت سروشتی بەخۆنامۆبوونیشیان دەرك نەکردوە. بەخۆنامۆ بوون بەڕواڵەت، نەواقعیەتێکی ئاینییە، نەواقعیەتێکی ئابووری، بەڵام دەکرێ شێوە دەربڕینێکی ئایینی، یان ئابووری لەخۆبگرێت، وەك چۆن دەشکرێ جەنگ، یان هەر تەقەلایەکی تری مرۆڤی، شێوە دەربڕینی سیاسی لە خۆبگرێت. کەواتە رەنگە مرۆی بە خۆ نامۆبوو بە تەواوەتی خوازیاری کۆکردنەوەی سامان بێت و هەر بەم هۆیەشەوە، رەنگە ژیانی ئابووری، "مەزهەب"ی پراکتیکی پارەپەرستی و هەروەها قەڵەمڕوەی "کاری نامۆ" بێت. بەڵام نامۆ بوونی ئەم مرۆڤە، بەشێکە لە واقعییەتێکی ئابووری: نامۆ بوون، لە بنەڕەتدا بەشێکی "جیانەبوەوەی"ی ژیانی تاکە کەسییە، واتەدیاردەیەکی رۆحی ـ یان وەك ئەمڕۆ ئەڵێن ـ دیاردەیەکی رۆحییە. ئەمە نەخۆشییەکی رۆحییە کە، لەخودی مرۆڤ و

ململانیێ کردنی لەگەڵ خۆی و خوادا و هەروەها لەتەقەلاکانی بۆ کامڵبوون و "سوپەرمان" بوونەوە سەرچاوە دگریێ. کەواتە نامۆبوون، خاڵی بەرانبەری لە خۆبایی‌بوون و خۆپەرستییە. کەواتە نامۆ بوون لە خودی مرۆڤدا نییە. مرۆڤ بە نامۆیی لە دایك نابێت. بەڵام قابلییەتی نامۆبوونی تیایە. ژمارەی ئەو کەسانەی کە بە خۆیان نامۆن، هەر چەند زیادیش بن، دیسانەوە نامۆبوون هەمیشە مەسەلەیەکی تاکەکەسییە.

مارکس و فیۆرباخ و تاکر، هەر سێکیاندان بە نامۆبوونی مرۆڤدا ئەنێن، بەڵام بە شێوازگەلێکی جۆراوجۆر ریشەی کێشەکە دەستنیشان ئەکەن. راڤەکاری و لێکۆڵینەوە جیاوازەکانی مارکس و تاکر بە تایبەت، زیاتر بابەتەکە روون دەکەنەوە. مارکس نامۆبوون بە کێشەیەکی سیاسی و ئابووری و هەڵقولاوی سیستمی سیاسی دەزانیێ. لە لایەکی‌ترەوە تاکر نامۆبوون بە کێشەیەکی رۆحی و رەوانی و هەڵقولاوی داواکارییە هەرە زۆرەکانی نەفس، لە قەڵەم ئەدات.

دەرەنجامە دارێژراو و پراکتیکییەکانی ئەم تێگەیشتنە جیاوازانە، بەئاشکرا جیاوازییان لەگەڵ یەکدیدا هەیە. ئەگەر سیستمی ئابووری بۆتە هۆی نامۆ بوون، ئەوا ئاشکراترین رێگە چارەش گۆڕانی سیستمی کۆمەڵایەتییە. وەك مارکس ئەڵیێ" تەنها ئامانج، شیکردنەوەی جیهان نییە، بەڵکوو گۆڕینی. تەنها،

گۆڕینی سیستم و هەروەها بڕیارگەلێکی تایبەتی سیاسی، دەتوانن بەسەرکەوتوویی مەسەلەکە چارەسەر بکەن. بەڵام ئەگەر تێگەیشتنەکەی تاکر راست بێت، کەواتە بەرنامە سیاسییەکەی مارکس هیچ پێوەندییەکی بە مەسەلەکەوە نییە. ئەگەر نامۆبوون یەکێك بێت لە کێشە رۆحییە بێ ئەملاو ئەولاکانی مرۆڤ، ئیدی لەو حاڵەتەدا تەقەلادان بۆ گۆڕینی سیستەمی سیاسی هیچ فایدەیەکی نابێتو، وەکوو ئەوە وایە کەنەخۆشی دڵ بە "لەگەچ کردن" چارەسەربکرێت. لە دیدی تاکرەوە، باشترین ڕێگەچارە گۆڕینی جیهان نییە، بەڵکوو پێڕەویکردنی ڕێنماییەکەی سۆقراتەکە ئەیوت "خۆت بناسە". تێگەیشتنی یەکەم، شۆڕشی لێ دەکەوێتەوە و تێگەیشتنی دووەم، جۆرە پەشیمانییەك و هەروەها چاك کردنی رەوتی ژیان.

ئەم جیاوازبوونانەی دەستنیشان کردنی هۆکارەکان، واتە ئایا بێنەزمی کۆمەڵایەتی، هۆکاری سیاسی هەیە، یان هۆکاری تاکەکەسی و دەرونی، بوە هۆی سەرهەڵدانی چالاکی سیاسی خوێندکارانی ئەمریکا لە دەیەی ١٩٦٠دا، یەکێك لە قوتابییە توندڕەوو بە ناوبانگەکان، لە تاوانبارکردنی سیستمی سیاسیدا ئەیوت "ئێمە خوێندکاران، ئێوە" واتە سیستمی [سیاسی] بە بەرپرسیاری کێشەکانمان دەزانین". هەروەها ئەیوت "ململانێ دەرونییەکان و هەروەها کێشە رۆحییەکانی لاوان، بەهۆی

تەقەلادانیان بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو سیستمە دژە مرۆییەکە بەها مرۆییەکان سەرکوت ئەکات، هاتوونەتە ئاراوە". وەڵامی ئەو تاوانبارکردنەش بەم جۆرە درایەوە کە "ئەمانە قسەی قۆڕن! ئێوە ئازارە رۆحییە لەڕادەبەدەرەکانتان کە بەشێکە لە پرۆسەی باڵق بوون و کامڵبوونی رۆحی، بەسەر ئێمەدا دەشکێنن و بە تاوانی ئێمەی ئەزانن! "رەخنەگرێکی تریش دەڵێ "ئەم لاوە توندڕەوانە باڵغ بوونیان گۆڕیوە بەئایدۆلۆژیایەك و لە مەسەلەیەکی رۆحی، مەسەلەیەکی سیاسییان دروست کردووە". دیسانەوە دەبینین کە دەرەنجامەکانی ئەم تێگەیشتنە جۆراوجۆرانە، بە ئاشکرا لەگەڵ یەکدیدا فەرقیان هەیە. ئەگەر لێکدانەوەکانی دەستەی یەکەم دروست بێت، تەنها رێگەچارە "گۆڕینی سیستمی سیاسییە"، بەڵام ئەگەر لێکدانەوەکانی دەستەی دووهەم دروست بێت، وەڵامەکەی زۆر ئاسانە، واتە" "باڵغ بوون وتەکامولّ!"

بە پێی قسەیەکی عەوامانە: "ئایا بەشێکە لە مەسەلەی "بوون" (وجود) یان بەشێکە لە رێگەچارە؟". رەنگە ئیدی تا ئێرە ئەوەمان بۆ روون بووبێتەوە کە ئەم مەسەلەیە بەوەگرێدراوە کە چۆن لە کێشەکە بڕوانین؟ ئەم داوەریکردنە گرنگ و فریودەرانەیە، یەکێك لە قۆناغە چارەنووسسازەکانی لێکۆڵینەوە لە سەرتیۆرە سیاسییەکانە.

# هۆکارە سروشتییەکان لەبەرانبەر هۆکارە دەسکردەکاندا

یەکێکی تر لە کێشەکانی قۆناغی دەسنیشانکردنی هۆکارەکان (کە تا رادەیەك دوبارەیشە) پێوەندی بەو دووهەمین پرسیارەوە هەیە کە پێشتر خرایەڕوو: ئایا سەرچاوەی بێنەزمی، هۆکارە سروشتییەکانن یان هۆکارە دستکردەکانی مرۆڤ؟ ئایا کێشەکە لە هۆکارە سروشتییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، کە لەو حاڵەتەدا مرۆڤ ناچارە ژیانی خۆی لەگەڵدا بگونجێنێت؟ یان کێشەکە، لەو مەسەلانەی ژیانە، کە لە خودی مرۆڤەوە سەرچاوەی گرتووە و هەر بۆیە دەتوانێ چاکسازییان تیابکات و بیانگۆڕێت؟ ئایا هۆکارەکان و هەروەها ناڕەزاییە مرۆڤی و کۆمەڵایەتییەکان بەشێکن لە سروشتی شتومەکەکان؟ یان بەشێکن لەو هۆکارە ژینگەییانەی کە مرۆڤ دەتوانێ کۆنترۆڵیشیان بکات؟

ئەو نیایشە بەناوبانگەی کە بەهی "راینهۆڵدنیبۆر"ی لە قەڵەم ئەدەن، بۆ ئەم قۆناغەی لێکۆڵینەوەکانی تیۆرسێنەکان، تەواو گونجاوو بەجێیە: خوایە، ئەو ئازایەتییەم پێ ببەخشە کە بتوانم هەموو ئەوشتانەی کە لەبەر دەستم دان بیانگۆڕم. ئەو سەبرەشم پێببەخشە کە ئەگەر نەمتوانی ئەوشتانە بگۆڕم. هەر هیچ نەبێ ئەو وەزعە تەحەمول بکەم، حیکمەتیشم پێببەخشە تا

بتوانم جیاوازی ئەو دوانە دەرك بكەم. ئەوەی سێهەمیان [واتە حیكمەت] بۆ تیۆرسێنەكان شتێكی ئێجگار پێویستە. تیۆرسێن نابێ زیاد لە پێویست ئازایەتی لە خۆی پیشان بدات. هۆبس كە بە هۆی ترسانی دایكی لە هێرشی "ئارمادای ئیسپانیا". بەر لە "نۆمانگان" لەدایك بووبوو، ئەوەی قبوول بوو كە "ترس" یەكێكە لە هاوڕێ هەمیشەییەكانی" تیۆرسێن نابێ هێندەش سەبوورو سینگ فراوان بێت: ژمارەیەكی زۆری تیۆرسێنەكان بە حەزو تاسەیەكی زۆرەوە خوازیاری گۆڕان و گۆڕانكاری بوونە. بەلام ئەو تیۆرسێنەی كە لافی ئەوە لێدەدا لە "چەند" و "چون"ی هەلومەرجە سیاسییەكانی مرۆڤ بە ئاگایە، ئەبێ "حیكمەتی ناسینی جیاوازییەكانی" نێوان ئەو كێشە سیاسییانەی كە قابیلی چارەسەركردنن و هەروەها ئەوانەش كە بەشێكن لە چارەنووسی مرۆڤ، هەبێت [واتە دەبێ توانای ناسینی ئەو جیاوازییانەی هەبێت]. ئەگەر تیۆرسێن لەم قۆناغەی لێكۆلینەوەدا بەهەلەدا بچێت، لە جیاتی ئەوەی كە لە كێشە سیاسییەكان كەم بكاتەوە، بە پێچەوانەوە زیاتریان ئەكات. لە لایەكی تریشەوە، ئەگەر هەندێ لەو كێشانەكە قابیلی چارەسەركردن نین، بە هەلە دەس‌نیشان بكات پێڕەوانی تیۆرەكەی خۆی تووشی سەرلێشێواوی كردووە و هیچیشیان دەس ناكەوێت. خەیالەكانی ئەو، هەندێ حەماقەتی سیاسییان لێ دەركەوێتەوە. پێڕەوانی ئەو، لە "كانووت"ی پاشا دەچن كە

رۆژێکیان لە قەراخ دەریادا، فەرمانی راگرتنی "مەد" (هەڵکشان)ی دەکرد. کانووت لە ئاوی دەریاکەدا نوقم بوو، بەڵام ئەو گەلۆرییە سیاسییانەی کە بە هۆی هەندێ "دەستنیشان کردنی لەو جۆرە"وە، سەرهەڵ ئەدەن، رەنگە هەموو خەڵك بەرەووتان و نابوودی بکێشێت.

لە لایەکی ترەوە، ئەو راڤەو لێکۆڵینەوەیەی بە هەڵە وای لە قەڵەم ئەدا کە "شەڕە رەسەنەکان" قابیلی چارەسەکردن نین، زیانگەلێکی زۆری لێ‌دەکەوێتەوە. تیۆرسێنگەلێك کە مەسەلە ئاساییەکان [واتە ئەو مەسەلانەی کە بەهۆی هەڵس وکەوتە کۆمەڵایەتییەکانەوە قابیلی چارەسەرکردنن] بە کێشەگەلێکی سروشتی و "لە دەرەوەی دەسڕەسی مرۆڤ" لە قەڵەم ئەدەن، مرۆڤ تووشی گیروگرفت گەلێك دەکەن کە هیچ زەروورەتێکیان نییە. ئەوان بە نائومێدی و دڵساردییەوە قسە لەسەر ریفۆرمە گونجاوو دڵخوازەکان ئەکەن و ئەگەر گوێ لە قسەکانیان بگیردرێت رەنگە رووبەڕووی زەرەرو زیانێکی زۆر ببینەوە.

بەگشتی تیۆرسێنە سیاسییە مەحافیزەکارەکان زۆربەی کات ناڕەزاییە مرۆییەکان بە هەڵقولاوی هۆکارگەلی سروشتی دەزانن وەك لەکەم و کۆڕیگەلی سیاسی. رەنگە ئەم قسەیە ئەگەر بە شێوەیەکی پێچەوانەی ئەو رستەیەی سەرەوە دەربڕدرێت، باشتر مەبەستەکە بگەینێت. تیۆرسێنیك کە سەرچاوەی هۆکارە گرنگەکانی ناڕەزاییە مرۆییەکان ئەگەڕێنێتەوە بۆ هۆکارە

سروشتییەکان، رەنگە جیهانبینییەکی سیاسی مەحافیزەکارانەتری هەبێت لەو کەسەی کە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، بە هۆکاری سەرەکی کێشەکان لە قەڵەم ئەدات. ئەمە پێوەندییەکی تەواو لۆژیکییە. چونکە ئەگەر خەڵك وەڕەزبێت بە دەست ئەو دیاردانەی کە لە دەرەوەی ئیرادەی مرۆڤ دان، بەختەوەرکردنیان لە رێگەی سیاسەتەوە کارێکی ئاقڵانە نییە. هەڵبەتە ئەگەر کەم و کوڕییە سیاسییەکان خەڵك ئازار بدەن، هەڵگرتنی هەندێ هەنگاو لە بواری سیاسەتدا کارێکی باشە بۆ رزگار کردنیان لەو ئازارانە. بە واتایەکیتر هەموو مەحافیزەکارێکی ئاقڵ لەگەڵ "پیتر بێرگر"دا هاوبیروڕایە. ئەو ئەڵێ: مرۆڤ لەبەر چەندین هۆی جۆراوجۆر لە رەنج و ئازاردایە. زۆربەی ئەو هۆکارانە، بەهۆی رێگەچارە سیاسییەکانەوە چارەسەر نابن. یەکێك لەکەموکوڕییە هەرە گەورەکانی سەردەمی هاوچەرخ، واتە سەردەمی "پان پولیتیکالیزم" تێنەگەیشتنی مرۆڤە لەم مەسەلەیە. ئەم تێنەگەیشتنە لە دواهەمین راڤەکاریدا، ئەوە دەگەینێ کە مرۆڤ پارێز ئەکات (وە لەوانەیە پارێزێکی ئاگایانە) لە قبوول کردنی ئەو واقعییەتە کە هەر ئەبێ رۆژێك بمرێت.

خاڵی بەرانبەری ئەو مەسەلەیەش، دەستنیشانکردنێکی سەرەکییە کە "سیستم" تاوانبار دەکا. "ریچارد نۆهاوس" بیروڕایەکی پێچەوانەی "برگر"ی هەیە: ئەو ئەڵێ: هەموو ئەم

کێشـانە، دەرەنجـامی گەندەڵییـەکی بنـەڕەتین.... مەسـەلەکە لێرەدایـە کـە خراپـەکردن بەشـێکی "ذاتـي" شـێوە ژیـانی ئەمریکییە، نەك بەشێکی "عارضـي"....کەواتەسیستم دەبێ بگۆڕدرێت.

هـەر بـە پێـی ئـەم رەوشـی دەسنیشـان کردنـە، "رادیکاڵـەکانیش" تـاوانی کێشـە تاکەکەسـییەکان دەخەنـە ئەستۆی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان. لە راستیدا دەستنیشانکردن رادیکاڵەکان، جیاوازی نێوان تاك و کۆمەڵگا ئەگەینێتە کەمترین ئاستی خۆی، بۆ نموونە هێربێرت مارکۆزە دەڵێ: سنوورە پەسەندکراوەکانی نێوان دەرونشناسی و فەلسەفەی سیاسی و کۆمەڵایەتی، بە هۆی بارودۆخی مرۆڤی هاوچەرخەوە، ماناو بەهای خۆیان لە دەست داوە.

هەر لەبەرئەوەشە کە ڕەنگە کێشە رۆحییەکان بە نموونە گەلێکی پشێوییە بونیادییە سیاسییەکان لە قەڵەم بدرێن: کەواتە کێشە رۆحییەکان ئەگۆڕدرێن بەکەموکوڕیگەلێکی سیاسی. بێ نەزمی تاکەکەسی، زیاتر لە جاران کەموکوڕییە گشتی و کۆمەڵایەتییەکان ئەخاتەڕوو و چارەسەرکردنی بێنەزمی تاکەکەسی، زیاتر لە جاران بە شێوەیەکی راستەوخۆ بە چارەسەرکردنی گشتی بێنەزمی سیاسییەوە وابەستە ئەبێت.

بە پێی ئەم لێکدانەوەیە، کاتێ خەڵك نازانن هۆی کێشەکانیان لە بنەڕەتدا سیاسییە، ئەم نائاگاییە، لە

کەمتەرخەمی زەینی ناخودئاگایانەوە سەرچاوە دەگرێت. لە راستیدا رەنگە ئەم دیاردەیە نموونەیەکی "شۆردنەوەی مێشک" بێت لە لایەن سیستمی سیاسییەوە. بۆ نموونە مایکل لیرنێر، کە سۆسیالیستێکی ئەمریکییە، دەڵێ:

ئەوە بە خەڵکی ئەمریکا تەلْقین دەکرێ کە کێشەکانیان ریشەی کۆمەڵایەتییان نییە، بەڵکوو تاکەکەسین و رەنگدانەوەی کێشە رۆحییەکانی خۆیانن. هەروەها فێری ئەوەکراون کە کاتێك لە ژیانیاندا کێشەیەك هاتە ئاراوە، دەبێ بە هۆی رێگەچارە کۆنە ئایینییەکانەوە، وەیان لەرێگەی راڤەکاری و شیکاری رۆحی و هەروەها شێوازە سادە بەکۆمەڵەکانەوە، خوێندنەوە لەسەر دەروونی خۆیان بکەن.

لەمجۆرە راڤەکاری و لێکۆڵینەوانەدا، چ لە رووی لۆژیکی و چ لە رووی ئیحساسییەوە، ئایین "تلیاکی کۆمەڵانی خەڵك"ە. ئەم شێوازە، سەبارەت بە بارودۆخی گرژو ئاڵۆزی مرۆڤ، لێکدانەوەیەکی نادروست و گومڕاکەر بەدەستەوە ئەدات.

لە لایەکی ترەوە تیۆرسێنە مەحافیزەکارەکان، شێوە دەستنیشانکردنیرادیکاڵەکان بەشتێکی سادەو بێ نرخ و گومڕاکەر لەقەڵەم ئەدەن. بەبیروڕای ئەوان، خستنی کێشە تاکەکەسیەکان بە ئەستۆی کۆمەڵگا، چ لە رووی ئاکاری و چ لە رووی فکرییەوە کارێکی ناڕەوایە. ئەم رەوشە لە رووی فکرییەوە هەڵەیە، چونکە لێکدانەوەیەکی نادروست و ئاسایی سەبارەت بە

رۆحی مرۆڤ بەدستە ئەدات، هەروەها لە رووی ئاکاریشەوە هەڵەیە چونکە تاك، کۆمەڵگا ئەگۆڕێت بە ئامرازێك کە هەڵەکانی دەخاتە ئەستۆی. هەندێ لە پێکادانە کلاسیکەکانی تیۆرسێنە سیاسییەکان لە تەوەری دەسنیشان کردنی هۆکارەکاندا دەخولێنەوە.

## کێشەی نەزانین: تۆماس پاین لەبەرانبەر ئیدمۆند بریسك دا

بۆ نموونە، لە دوایین ساڵەکانی سەدەی هەژدەهەمدا (سەردەمی شۆڕشەکانی فەرەنسە و ئەمریکا) کێشمەکێشێکی گەورە لە نێوان دووتێڕوانینی جیاوازی ئەو سەردەمەدا هاتە ئاراوە. ئیدمۆندبریك، لە کتێبەکەیدا بە ناوی "هەندێ تێڕامان سەبارەت بەشۆڕشی فەرەنسە" ــ هەروەك لە وتاری پێشوودا باسمان کرد ــ لیبراڵیزمی سەردەمی رۆشنگەری، بەهۆکاری قەیرانی سیاسی فەرەنسە لەقەڵەم دا و هێرشی کردە سەر تۆماس پاین کە ترسی هێرشەکانی برێك دایگرتبوو، لە وەڵامی "ئەو لێکدانەوە نادروست و قیزەونانەی کە سەرجەم کتێبەکەی برێکیان تەنیبووەوە" کتێبی "ماف مرۆڤ"ی نووسی.

برێك و پاین سەبارەت بە زۆر مەسەلە، بیروڕایان یەکی نەئەگرتەوە. هێنانەوەی تەنها یەکێك لەو جیاوازییانە، واتە مەسەلەی "نەزانین"ی چینی خوارووی کۆمەڵگا، بابەتەکامان بۆ

روون دەکاتـــەوە. برێـــك و پـــاین ئـــەوەیان قبـــوولْ بـــوو کـــە لـــە کۆمەڵگاکانی ئەو سەردەمەی ئەوروپادا، ژمارەیەکی زۆری خـەڵك نەخوێندەوار و "نائاگا" بوون. بەڵام جیاوازییان لەوەدا بوو کە هـەرکامیان وەڵامێکیان بەو پرسیارە ئەدایەوە کە "هۆکارەکـانی ئەم بارودۆخە چین"؟

وەڵامەکەی برێك شتێکی تازە نەبوو. لە راستیدا ئەرستۆ چـەندین سـەدە پـێش ئـەو وتبـووی کـە تاقمێـك لـە خـەڵك "لـە بنەڕەتـدا کۆیلـەن". بـە پێـی ئـەم لێکدانەوەیـە، مرۆڤـەکان بـە توانـایی‌گـەلێکی جۆراوجـۆری خۆڕسـکییەوە بـەدنیـا هـاتوون. هەندێکیان بەهرەو دەسەڵاتێکی خۆڕسکیان هەیەو بە هۆی ئەو قابلییەتە نزمەی کە هەیانە، هەرگیز ـ بە مانا گشتییەکەی وشە ـ نـاتوانن عـەقڵانی بن. تەنانـەت ئەگـەر قابلییـەتی خوێنـدن و بە ئاگابوونیشیان هـەبێت، پێگـەی چینایەتییان لە ژیانـدا نایـەڵێت پلەوپایەگـــەلێکی بـــاڵاتر و پڕبایـــەختر بەدەســـت بهێـــنن. ئـــەم پێگەیانـە، سروشـتی و نـەگۆڕن. بـەکورتی، هۆکارەکـانی ئـەم رەفتـارە قێـزەون و نـەزانکارییانـە لـە هـەناوی خـودی تاکەکانـدا شاراوەتەوە.

بـەم هۆیەشـەوە، ئـەم رێگەچـارە کۆمەڵایەتییانـە کـە بـۆ لـــەناوبردنی ئـــەو نایەکســـانییە سروشـــتییانە دەخرێنـــەڕوو، دەرەنجامگەلێکی گومڕاکەریان لێ ئەکەوێتەوە: برێك دەڵێ:

باوەڕبکـەن ئەوانـەی کـە خوازیـاری یەکسـانی و بەرابـەرین، هەرگیز ناتوانن یەکسانی بەرقەراربکەن. لە هـەموو کۆمەڵگاکانـدا،

گرووپێك لە هاوڵاتیان، لەسەرووی ئەوانی ترەوەن. ئەو کەسانەی کە ئەیانەوێت یەکسانی بەرقەرار بکەن، تەنها ئەو سیستمە سروشتییەی کە لەئارادایە تێك ئەدەن و هیچی‌تر. پێکهاتە سروشتییەکەی کۆمەڵگا دەبێ لەسەر زەوییەکی پتەوو موحکەم دامەزرێت، لە کاتێکدا ئەوان خشت لەسەر هەوادا لێ‌ئەدەن" واتە کارێکی بێهودە ئەکەن.

"پاین"یش بەم جۆرە وەڵامی دایەوە کە دواتریش وەڵامێکی تری لێ کەوتەوە. ئەو وتی: ئەوە چۆنە ئەم پیاوە قیزەون و نەزانانە لە وڵاتە کۆنەکاندا هێندە زۆرن؟ هەر کە ئەم پرسیارە ئەخرێتەڕوو، مرۆڤ بەو وەڵامە دەگا کە خراپکاری و نەزانی، ئاکامی حەتمی پێکهاتەی نوقسانی حکوومەتگەلی سەرجەم وڵاتە ئەورووپاییەکان، بە تایبەت بەریتانیا. کەواتە هەندێ لە خەڵکی پلەو پایەگەلێکی باڵایان پێ‌ئەسپێردرێت و هەر بەهەمان شێوەش، لە پلەو پایەنزمەکاندا رائەگیردرێن، تا ئەو رادەیەی کە هەموو سیستمی "سروشت" تێك دەچێ.

بە کورتی، پاین کۆمەڵگا بە هۆکاری نەزانی و کردەوە وەحشییانەکان لە قەڵەم ئەدات. کەموکوڕی لە سیستمی حکوومەتیدا، ئەم دەرەنجامە نالەبارانە ئەهێنێتە ئاراوە. ئەگەر حکوومەتەکان هێندە بە نارێكوپێکی دروست نەبوونایە، تواناییەکانی خەڵکیش بەو جۆرە بە فیڕۆ نەئەچوون. لە لایەکی

ترەوە، برێك، نەزانی خەڵك بە مەسەلەیەكی سروشتی لە قەڵەم ئەدا. ئێمەش نابێ كۆمەڵگا بە تاوانبار بزانین. بەڵكوو هێندەی بۆمان بكرێت دەبێ خۆمانی لەگەڵدا بگونجێنین. هەر تەقەلایەك بۆ بەرقەراركردنی یەكسانییەكی هەمەلایەنە، لە بەر ئەوەی كە حەقیقەتی سادەی "وجوودی" مرۆڤ لەبەرچاو ناگرێت، تەنها كارەساتگەلی سیاسی لێدەكەوێتەوە و هیچیتر.

## كێشەی شەڕاشۆیی: دەستنیشانكردنێكی رەشبینانە

نموونەیەكی تر، باسەرنج بدەینە بابەتی "شەڕاشۆیی" لە ژیانی كۆمەلایەتیدا. شەڕاشۆیی لە كوێوە سەرچاوە دەگرێت؟ بۆچی هەندێ كەس لە رەفتارەكانیاندا، پەنادەبەنەبەر شەڕئاشۆیی و خراپكاری؟ ئایا مرۆڤەكان "بەفیترەت" شەڕاشۆن؟ یان ئەوە كە شەڕئاشۆیی بەرهەمی ئەو دیاردە دەسكردە كۆمەلایەتییانەن كە قابیلی گۆڕانیشن؟

هەندێ لە تیۆرسێنە گەورەكان، تێگەیشتنیكی رەشبینانەیان هەیە. ئەوان دەڵێن شەڕاشۆیی بەشێكە لە سروشتی مرۆڤ. ئاوات و خولیا سروشتییەكان، مرۆڤەكان بە ناچار تووشی پێكادان دەكا. كاتێ مرۆڤ ئەبینێت ئەوانی تر، هیچ بەهایەك بۆ ئاوات و هەستەكانی قایل نابن، بە توندوتیژی و شەڕاشۆیی وەلامیان ئەداتەوە. ئەم كێشەیە لەلایەن دەوڵەتەكانەوە دروست نابێت بەڵكوو دیاردەیەكی سروشتییە

کە مرۆڤ دەبێ هێندەی بۆی بکرێت خۆی لەگەڵدا بگونجێنێت. لە راستیدا، یەکێك لە ئەرکە گرنگەکانی حکومەتەکان لێرەوە دەستپێدەکا. ئەوان دەبێ "نەزم و یاسا" بەرقەراربکەن. ئەوان ئەبێ یاساگەلێك دابنێن و بەرنامەگەلێك دابڕێژن کەلە شەڕاشۆیی مرۆڤ و گەشەکردنیشی کە ئەبێتە هۆی داگیرساندنی جەنگگەلێك کە کۆمەڵگاکان لە ناودەبا، بەرگری بکەن.

تەنانەت هەندێك لە بیرمەندانی زانستی خواناسی (تیۆلۆژی) کە لەبارەی سیاسەتەوە شتیان نووسیوە، تێگەیشتنیکی لەو جۆرەیان هەبوو. بۆ نموونە قەشە ئاگۆستین و مارتین لوسەر، کە لە هەموویان بەناوبانگترن، شەڕاشۆیی بە ئاکامی تاوانبارییە سروشتییەکانی مرۆڤ لە قەڵەم ئەدەن. مرۆڤی گوناهکار مرۆڤێکی یەکجار خۆپەرستەو خۆی زیاتر لە هەموو کەسێکی تر خۆش دەوێ و داخوازییە تاکەکەسیەکانیشی لەسەروو هەموو داواکارییەکانی ئەوانیترەوە دادەنێ. مرۆڤێك کەنوقمی هەستی "خۆبەزل زانین" بووە، زۆر حەزدەکا بەسەر ئەوانی تردا زاڵ ببێ و چێژ لەو کارەشی وەردەگرێ. مرۆڤ لە بەر ئەوەی کە وەك بوونەوەرێکی "پیرۆز" لە دایك نەبووە، واتە "خواپەرستی" نەخستۆتە جێی "خۆپەرستی"یەوە، هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایە بەسەر ئەوانی تردا زاڵ بێت. "کۆمەڵگای مرۆڤە پیرۆزەکان" (قدیسەکان) واتەکۆمەڵگایەك کە تاکەکان تیایدا لە دایك بوونێکی رۆحانییان هەبووە جگە لە "مەشیئەتی خودایی"

پێویستی بە هیچ دەسەڵاتێکی تر نییە. کۆمەڵگا مرۆییەکان هەمیشە پێویستیان بە حکوومەتێکی بەهێز هەیە تا ئەو خەڵکەی کە حەزیان لە شەڕئاشوویی و قەلاچۆ کردنە کۆنترۆل بکات. لوسەر، بەڕاشکاوانەتر دەڵێ: "جیهان هێندە خراپکارە کە بەکەڵکی مرۆڤە ئاقڵەکان و هەروەها حاکمە دیندارەکان نایەت. قربۆق، بۆ خۆراکی لەکلەك نەبێت، بەکاری هیچ نایەت.

هۆبس و فرۆید هەردوکیان تێگەیشتنیکی وەك یەکیان هەیە سەبارەت بە شەڕاشوویی، هەڵبەتە تێگەیشتنیکی سروشت خوازانە و دوور لە رەهەندە ئایینییەکان. بە بیروڕای ئەوان، شەڕاشوویی دەرەنجامی سروشتی پێکهاتەی دنیا و هەروەها چالاك بوونی رۆحی مرۆڤە.

بەڕای هۆبس، سروشت مرۆڤەکان لەیەك دوور دەخاتەوەو ئەو توانایەیان تیا ئەهێنێتەئاراوە کە بتوانن هێرش بکەنە سەر ئەوانی دی. مرۆڤ وەك پێویست ناچارە بۆ جێبەجێکردنی پێداویستییە سروشتییەکانی خۆی، دەسەڵات بەدەست بهێنێت. ئارەزووی زاڵبوون بەسەر ئەوانی دیکەشدا، بەشێکە لەو دەسەڵات خوازییە. مرۆڤ بە پێی غەریزە، دەیەوێ بەسەر ئەوانیتر دا زاڵ بێت و ئەو کارەشی چەندین هۆی جۆراوجۆری هەیە. یەکەم" بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتخوازی ئەوانیتر و رێگرتن لە زاڵبوونیان پێویستی بەدەسەڵات هەیە. دووهەم، لەبەرئەوەی کە سامانی دنیا هێندە زۆرنییە کە لە نێوان هەموان‌دا

وەك پێویست دابەش بکرێ. مەبەست لە دەسەڵاتخوازی، بەدەستهێنانی دەسەڵاتە. هەروەك هۆبس ئەڵێ "زۆربەی مرۆڤەکان لەیەككاتدا شتێکیان دەوێ کەناکرێ لە نێوان هەمواندا دابەش بکرێت، یان بەکۆمەڵ کەڵکی لێ وەربگیردرێت". سێهەم" ئەوەی کەمرۆڤ خۆی لە خۆیدا پلەو پایە پەرستە. مرۆڤ عاشقی شکۆوگەورەیی و مەزنایەتییە. لەو روەوە کە سەروەری کردن بەسەر ئەوانی‌تردا، لە پێداویستییەکانی پایەبەرز بوونە، کەواتە هەموان ناتوانن پایەبەرز بن. هۆبس لەبارەی پلەوپایەوە ئەڵێ:

لەبەر ئەوەی کە پایەبەرز بوون مانای "باشتربوون" ئەگەینێت و ئەم حاڵەتەش لەکاتێکدا ماناو بەهای ئەبێت کە لەگەڵ پلەو پایەخوازەکاندا بەراورد بکرێت. واتە ئەگەر هەموان پایەبەرز بن، کەواتە کەس باڵامەقام نییە.

کەواتە هەستە سروشتییەکانی مرۆڤ، راستەوخۆ کێشەگەلێکی سیاسییان لێ‌دەکەوێتەوە. بەهۆی سنورداریی ئیمکانات ماددییەوە، پێوەندی عاتیفی نێوان مرۆڤەکان لەکەمترین ئاستی خۆیدایە و هەروەها مەیلی دەسەڵاتخوازیشیان تێداهەیە. مرۆڤەکان بەفیترەت، بوونەوەرگەلێکی کۆمەڵایەتی و ئاشتیخوازنین. ئەوان بۆ بەدەست هێنانی پلەوپایەو بەرژەوەندییەکانیان، کۆمەڵگا پێك ئەهێنن و ئەم دوانەش [پلەوپایەو بەرژەوەندی] لە رێگای زاڵ بوون بەسەر ئەوانی تردا باشتر بەدەست ئەهێنرێن، وەك لە رێگای هاوکاری کردن لەگەڵ

یەکتریدا. بە کورتی، مرۆڤ بەفیترەت شەڕئاشوێەو هەمیشە ئەو خەسڵەتەی لەگەڵدایە. هەر بەم هۆیەشەوە هۆبس دەڵێ "خەڵك تا دەسەڵاتێکیان بەسەرەوە نەبێت، لە پێوەندییەکانیان رازی نین (بەترس و دڵەڕاوکێیەوە ژیان ئەبەنەسەر).... هەر بۆیە ئەگەر دەسەڵاتێکیان بەسەرەوەنەبێت تاکوو کۆنترۆڵیان بکات، لە بارودۆخێکدا ئەژین کە وەك حاڵەتی جەنگ وایە، واتە جەنگی مرۆڤ، لە دژی مرۆڤێکی‌تر". مرۆڤ تەنها لەرێگەی بڕیارگەلی کۆمەڵایەتی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی بەهێزەوە دەتوانێ لەو بارودۆخە نەخۆشە کە سروشت بۆی هێناوەتە ئاراوە، خۆی رزگار بکات.

تێگەیشتنی فرۆید لە وەزعی مرۆڤ، بە تەواوەتی وەك تێگەیشتنەکەی هۆبس وایە. مرۆڤ لە بنەڕەتدا بوونەوەرێکی شەڕاشوێیە. نەفس "وەك قازانێکە کە هەمیشە لە کوڵاندایە" هەموو مناڵێکیش دەتوانێ ببێتە ملهوڕێك کە وێڕای خۆشحاڵی، بەمەبەستی جێبەجێ کردنی داواکارییەکانی خۆی، ئەوانی تر لەناوبببات، یان وایان لێبکات گوێ ڕایەڵی بن.

مرۆڤ "خۆبەزل زان" لە دایك دەبێ: "پێم بدە!"، "باوکە گوێم لێبگرە!" لە قسە رۆژانەکانی مناڵانن. کاتێ مناڵان باوکی خۆیان بەدوژمنێك ئەزانن بۆ بەدەست هێنانی خۆشەویستی دایك، لەوکاتەدا حەز بەمەرگی باوکیان دەکەن. فرۆید ئەمەی بە "گرێی ئۆدیپ" ناودێرکرد. بەتەنها "بێهێز بوونی سروشتی" و

هێزە کۆنترۆلکەرەکانی کۆمەڵگا دەتوانن رێگە لە جێبەجێ کردنی ئەم داواکارییە سروشتی و دیکتاتۆرییانە لە لایەن مرۆڤەوە بگرن.

ئەم "گرێ"یانەو هەروەها مەیلی شەڕاشۆیی بە هیچ شێوەیەك لەنێو ناچن، بەڵکوو تەنها بە هۆی هەڕەشەکانی هێزێکی سەروو کۆمەڵایەتی، یان دەسەڵاتی "super ego" وە قابیلی کۆنترۆڵ کردنن. مرۆڤ بە شێوەیەکی فیتری حەزدەکا بەسەر ئەوانی تردا زاڵ بێت. ئەگەر بارودۆخەکە گونجاوو لەبار بێت، ئەو داواکارییانەش سەرهەڵ ئەدەن، بۆ نموونە، لەشکرە سەرکەوتووەکان هەمیشە بن دەستەکانیان قەلاچۆدەکەن و دەس درێژیشیان ئەکەنەسەر.

فرۆید لە کتێبەکەیدا "شارستانییەت و ناشیرینییەکانی"، وێنایەکی جوان و پڕ ناوەڕۆك لەم تێگەیشتنە نالەبارەی کە سەبارەت بە رۆحی مرۆڤ لە ئارادایە، ئەخاتەڕوو:

مرۆڤەکان بوونەوەرگەلێکن کە بەفیترەت شەڕاشۆیی لە بوونیاندا هەیە و بەشێکی زۆریشی داگیرکردووە. دەرەنجامەکەشی ئەوەیە کەدراوسێ، نەك تەنها هاریکار، یان وەك کالایە، بەڵکوو کەسێکە کە مرۆڤ، شەڕاشویی و تووڕەبوونی خۆی بەسەرا ئەڕێژێت و بە بێ هیچ پاداشپێدانێك ئەیچەوسێنێتەوە و قەلاچۆی دەکاو هەروەها کەسایەتی پامال دەکاو بەبێ پرس پێکردن، داراییەکانی زەوت ئەکاوتووشی

گێچەڵیشــی دەکـاو ئەشکەنجەشـی دەکـاو دوایـیش دەیکـوژێ. "مـرۆڤ گـورگی مرۆڤـە"" بـە پێـی هـەموو ئـەو ئەزموونانـەی کـە لـەمێژوودا دووبـارە بوونەتـەوە، کـێ ئـەوێرێ گومـان لـەو قسـەیە بکات؟!

بــەهۆی رووبەڕووبونــەوە لەگــەڵ ئــەو هــەموو هۆکــارە رووخێنــەرو بەهێزانــەدا "کۆمەڵــگا شارســتانییەکان هەمیشــە لەبـەردەم مەترسـی رووخـان و هەڵوەشـانەوەدان" کۆمەڵـگا دەبێ هەمیشە هـەوڵی ئەوەبدات لەگـەڵ تاکەکانیـدا دوژمنایـەتی نـەکات تــاکوو ئــەوەش نەبێتــە هــۆی شــەڕو پێکــادان لــە نێوانیانــدا. جێگیرکردنــی یاســاو "مقــــــــرَر ات" و بەڕێوەبردنیشــیان بەسەرکەوتنێکی باش بۆ هەموو حکوومەتێك لە قەڵەم دەدرێ. بە پێــی سروشــتی مــرۆڤ، شارســتانییەتەکان تاســەر ســەرکەوتن بەدەست ناهێنن و لەگەڵ ئەوەشـدا سـەرکەوتنەکانیان هـەمووکات ئەو مەترسییەیان لـە بەردەمدایـە کـە تێك بشـکێنرێت. پشـێوی و شلەژاوێتی کۆمەڵایەتی، تەقریبـەن لـە هـەموو کۆمەڵـگایەکدا هـەن و بوونیشیان حاشا هەڵنەگرە.

بەهــەرحاڵ، لـە روانگـەی فرۆیـدەوە، ئـەوە بیرکردنەوەیـەکی نادروســتە کــە دەزگــا حکوومــەتی و کۆمەڵایەتییــەکان، بــە بەرپرسیاری شەڕاشۆیی و پێکادانە مرۆییـەکان لـە قەڵـەم بـدرێن. ئەم جۆرە دەستنیشان کردنەی هۆکارەکان، شتێکی نادروست و نابـەجێیـە. بـۆ نموونـە ئـەم تێگەیشـتنە مارکسیسـتییە کـە

موڵکداریەتی تایبەتی بە هۆکاری کێشە سیاسییەکان و پێکادانە رۆحییەکانی مرۆڤ دەزانێ، تەواو نادروستە. لە ناوبردنی موڵکایەتی شەخسی و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ناچینایەتی (بێ تەبەقە) رەنگە قازانجگەلێکی ئابووری هەبێت و رەنگە نەشبێت. دەرەنجامە ئابوورییەکان هەرچییەك بن، بەدڵنیاییەوە گۆڕانکارییە سیاسییەکان ناتوانن سەرچاوەی شەڕاشۆیی لە مرۆڤدا وشك بکەن. غەریزە سەرەتاییەکانی مرۆڤ، لە پێش هاتنە ئارای سیستمی موڵکایەتیش هەروجوودیان هەبوە و ئەگەر سیستمی موڵکایەتیش هەڵوەشێتەوە، دیسانەوە هەر دەمێننەوە. کۆمەڵگای ناچینایەتی مارکسیستیش وەك هەموو کۆمەڵگاکان، بەگواستنەوەی غەریزەی شەڕاشۆیی تاکەکانی خۆی بۆلای دوژمنی دەرەکی، دەتوانێ تاڕادەیەکی زۆر تەبایی ناوخۆیی دابمەزرێنێت. بەلام بەگشتی ئەوە گەلالەیەکی مارکسیستی ساتەوەختییەو تاسەر بڕناکات. پاش سەرکەوتنی کۆمۆنیزمی جیهانی، کۆمەڵگا سەرلەنوێ رووبەڕووی ئەو کێشە هەمیشەییەی شارستانییەتی مرۆڤ دەبێتەوە کە چۆن خۆی لەگەڵ شەڕاشۆیی تاکەکەسیدا بگونجێنێت؟ فرۆید بە سەرسوورمانەوە ئەم پرسیارە دەکا: "مرۆڤ نیگەرانە لەوەی کە "سۆڤێتی"یەکان، پاش لە ناوبردنی بۆرژوازی لەم ولاتەدا چی دەکەن؟".

## کێشەی شەڕاشۆیی : دەستنیشان کردنی گەش بینانەتر

خاڵی بەرانبەری مەسەلەی گرنگی "دەسنیشان کردن"ئەو تیۆرسێنە هزرمەندانەن کەشەڕاشۆیی و خراپکاری بە شتێکی فیتری بۆ مرۆڤ لە قەڵەم نادەن. ئەوان، لە جیاتی ئەوەی ریشەی پێکادانە مرۆییەکان و توندو تیژی و نامۆبوونەکان بگەڕێننەوە بۆ "زاتی" رۆحی مرۆڤ، بە پێچەوانەوە هەندێك لە تیۆرسێنەکان سەرچاوەکەیان ئەگەڕێنەوە بۆ "بڕیارە دەسکردەکانی" کۆمەڵگا مرۆییەکان. هەندێك لەم تیۆرسێنانە، قایلن بەوەی کە سۆز و عاتیفەی مرۆڤ خۆی لە خۆیدا شتێکی باش و بە نرخە. هەندێکی تر، مرۆڤ بە بوونەوەرێکی بێ عاتیفە دەزانن هەربۆیە بەوە قایلن کە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن کاریگەری لەسەر دابنێن. هەر چۆنێك بێت بە پێی ئەم جۆرە تێگەیشتنە دەبێ هۆکاری سەرەکی پشێوییە کۆمەڵایەتییەکان و هەروەها پێکادانەکان لەناو تەرتیباتی پلەوپایە کۆمەڵایەتییەکاندا بدۆزینەوە. ئەم زنجیرە پلەوپایانە، هۆکارێکە بۆڕێگرتن لەویستی ئاشتیخوازانەی تاکەکان. بەواتایەکی تر، رێکخستنی ئەو پلەوپایانە بە شێوەیەکی نادروست ئەنجام دراوە، لەکاتێکدا دەتوانن بە شێوەیەکی باش و گونجاو رێك بخرێن.

بۆ نموونە ئەرستۆ لەوباوەڕەدابوو کە"سروشت" لە بنەڕەتدا رێکوپێك و یەکپارچەیە. مرۆڤ دەتوانێت تەنانەت

بەشتێکی "عەقڵانی"شی لە قەڵەم بدات واتە" "دیاردەیەکی بە ئامانج". ئەو دەڵێ "هەر چییەك کە بە هۆی سروشتەوە بەرهەم بهێنرێت ناتوانێت شتێکی ناڕێکوپێك بێت چونکە سروشت هەمیشە بەرهەم هێنەری نەزم و ڕێکوپێکییە. ئەم پرەنسیپە سەرەکییە سەبارەت بە سروشتی مرۆڤیش ڕاستی لەخۆدەگرێ.

بە پێی لێکدانەوەکەی ئەرستۆ، مرۆڤ بوونەوەرێکە کە هەمیشە هەوڵ ئەدات بۆبەدەست هێنانی سەرکەوتن و گەیشتن بە تەکامووڵ. "سروشت" داواکارییەکانی مرۆڤی بەرەو "باشتر بوون" بردووە. ئەرستۆ لەوباوەڕەدابوو کە "هەموو مرۆڤەکان بەم تەسەورەوە دەژین کە هەموو چالاکییەکانیان بۆ بەدەست هێنانی "فەزیلەت"ە. فەزیلەتە چاکەکانی مرۆڤ، بەرهەمی عادەت و ڕاهێنانەو هەر بۆیە پێویستی بەفێرکردن و ڕاهێنان هەیە. تەڵقین کردنی فەزیلەت ـ هەروەها ڕەفتاری شارستانی ـ وەك فرۆید و هۆبس باسیان دەکرد بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەستە سروشتییە دژەکۆمەڵایەتییەکان نییە، چونکە فەزیلەتی ئاکاری نەبە هۆی سروشتەوە و نەبۆ بەرەنگاری کردنی سروشتیش لە مرۆڤدا هاتۆتە ئاراوە، بەڵکوو بواری بۆ گەشە کردنی مرۆڤ ڕەخساندووە.

کۆمەڵگای سیاسی، لەگەڵ خواستە دەروونییەکانی مرۆڤدا سازگارە، چونکە "مرۆڤ بەفیترەت ئاژەڵێکە کە حەز بەژیانی ناو کۆمەڵگای سیاسی ئەکات" کەواتە ئەرستۆ هەرچەند بەرانبەر

عاتیفـــه و ســـۆزه مرۆڤییـــهکان، کـــه خوڵقێنـــهری کێشـــه سیاسـییهکانن، کهمتهرخـهمی نـهدهکرد، بـهڵام بـه بـیروڕای ئـهو، فێرکـردن و ڕاهێنـانی بـاش و هـهروهها پێکهێنـانی دهزگاگـهلی گرنگـی [سیاسـی و کۆمهڵایـهتی و...] دهتـوانیٚ کۆمهڵـگاگهلێکی تاڕادهیـــهك یهکپارچـــهو ڕێـــكوپێـــك دابمـــهزرێنیٚ. بـــهم پێیـــه، بـهپێچـهوانهی ئـهو بانگهشـانهی کـهپێشـتر باسمـان لـیٚکـردن، نـاتوانین سروشـتی دژه کۆمهڵایـهتی بـوونی مـرۆڤ، بـههۆکـاری پشـێوی سیسـتمی کۆمهڵایـهتی لـه قهڵـهم بـدهین، بـهڵکوو هۆکـهی دهگهڕێتهوه بۆتێکچوونی دهزگا سیاسی و کهلتوورییهکان.

ڕۆسۆ، به شێوهیهکی لێبڕاوانـهتر دژایـهتی ئـهم تێگهیشـتنه ڕهشبینانـه ئـهکات کـه هـۆی پشـێوییه کۆمهڵایهتییـهکان بخرێتـه ئهسـتۆی سروشـتهوه. ئـــهو کتـــێبی "وتارێـــك ســـهبارهت بـــه سهرچـــاوهی نایهکســـانی" بهڕســـتهیهکی کـــورت لـــه کتـــێبی "سیاسـهت"ی ئهرسـتۆ دهس پـیٚدهکـا کـه بـهم جۆرهیـه: "دهبـیٚ سروشت له ناو شته سیستماتیکهکاندا ببینینـهوه" نـهك لـه شـته گهندهڵ و داڕزیوهکانـدا" دوای ئـهوه دهس ئهکاتـه ڕهخنـهگرتن لـه باوهڕهکـانی ئـهوانی تـر بـه تایبـهت لـه تێگهیشـتنهکهی هـۆبس سهبارهت به هۆکاری پشێوییه سیاسییهکان.

ڕۆسۆ لهو بڕوایهدابوو کـه "مـرۆڤ لـه بنـهڕهتدا شهڕاشۆنییه. مرۆڤـهکان بـــهفیترهت وهحشـــی خـــوڵقێنراون نـــهك خراپکـــار و شهڕاشۆ. مرۆڤهکان له بهرانبهر شهڕ ئاشۆبییهکانی ئهوانیتردا لـه

خۆیان دیفاع دەکەن، بەڵام حەزیان لە چەوسانەوەی ئەوانی تر نییە". مرۆڤ بەفیترەت بەرگری لە خۆی ئەکات، مرۆڤ بەفیترەت ئەو ویستە شەڕاشۆییەی تیانییە کە ئەوانی‌تر کوشت‌وبڕو قەلاچۆ بکات. لە راستیدا رۆسۆ لەو باوەڕەدایە کە سۆزەکان لە ریزی هەستە سروشتیەکاندان و خۆپەرستی مرۆڤ کەم ئەکەنەوە و هانی ئەدەن کە بە دڵسۆزییەوە یارمەتی هاوچەشنەکانی خۆی بدات. کەواتە ئەو باوەڕەی هۆبس کەپێی وابوو خەڵك بەفیترەت شەڕاشۆو توندو تیژیکەرن، نادروستە. لەراستیدا "هیچ شتێك لەو مرۆڤە بێخەوش‌تر نییە کە تازە لە دایك بووە" هەڵەی هۆبس لەوەدایە کە لایەنە سۆزاوی و ناسکەکەی سروشتی مرۆڤ دەرك ناکات و مرۆڤ بە خاوەنی عاتیفەگەلێك دەزانیٚ کە لە راستیدا لە ژیانی ناو کۆمەڵگایەکی گەندەڵەوە بەرهەم هاتوون.

بەم جۆرە لە لێکدانەوە و راڤەکارییەکانی رۆسۆدا، سەرچاوەی شەڕاشۆیی و خراپکارییەکانی مرۆڤ ئەگەڕێتەوە بۆ نالەبارو نادروست بوونی نەزمی کۆمەڵگا. مرۆڤەکان لە بنەڕەتدا یەکسان خوڵقێنراون و ئەوە گۆڕانگارییە کۆمەلایەتییەکانن کە نایەکسانییە بچووکەکان گەورە ئەنوێنن و هەروەها هەندیٚ نایەکسانی تازەش ئەهێننە ئاراوە. رۆسۆ لەسەرەتای کتێبی "پەیمانی کۆمەلایەتی"دا دەڵیٚ: "مرۆڤەکان ئازاد لە دایك دەبن بەڵام لە هەموو شوێنێکدا یەخسیرو زنجیرکراون". راستە کەروونکردنەوەی هۆکارەکانی ئەم دیاردە، لە حەدس

وگریمانەیەك زیاترنین، بەڵام ئەوە مەسەلەیەکی روونە کە دەزگا کۆمەڵایەتییەکان، هۆکارگەلێکن مرۆڤ هەرچی زیاتر لە ئازادی و یەکسانی سروشتی دووردەخاتەوە.

بەبیروڕای رۆسۆ، لەناو هەموو ئەو دەزگا کۆمەڵایەتییانەی کە مرۆڤ هەمیشەزراندوون، دەزگای "موڵکداریەتی تایبەتی" یەکێك لە گەورەترین هۆکارو سەرچاوەگەلی نایەکسانییە سروشتییەکانە. هەڵبەتە رۆسۆ وەك مارکس سەرچاوەی هەموو خراپی و کێشەکانی ناگەڕێنێتەوە بۆ موڵکایەتی شەخسی، بەڵام لە هەمان کاتیشدا لەناو لێکۆڵینەوەکانیدا بۆ دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی قەیرانی موڵکایەتی، رۆڵێکی سەرەکی ئەبینێت:

یەکەم مرۆڤێك کە پارچە زەوییەکی داگیرکرد و حەسارێکی بە دەوریدا کیشاو بە هی خۆی لە قەڵەمدا ـمرۆڤە سادە و کەم ئەقڵەکانیش باوەڕیان پێ‌کرد ـــ لە راستیدا بناغەدانەری کۆمەڵگای مەدەنییە. ئەگەر مرۆڤ ئەو دیوارانەی رووخاندبایەو بە هاوچەشنەکانی خۆی بگوتایە ئاگاتان لە خۆتان بێت گوێ لە قسەکانی ئەو فێڵبازە مەگرن، لەو حاڵەتەدا مرۆڤ لەدەست ئەو هەموو تاوانباری و جەنگ و جینایەت و مەترسی و نەهامەتییانە رزگاری ئەبوو. ئەگەر ئێوەش ئەوەتان فەرامۆش کردووە کە بەرهەمەکانی "سروشت" هی هەموو خەڵکن و زەویش موڵکی تاکەکەسی هیچ کەس نییە، مەسەلەکەتان دۆڕاندووە.

ڕۆسۆ بانگەشەی ئەوەی ئەکرد کە مۆڵکایەتی، بە هۆی ئەو دەورە گرنگەی کە بۆ تێکدانی یەکسانی و بەرابەری کە لە ناو کومەڵگا سەرەتاییەکاندا بینیویەتی، نایەکسانییەکی یەگجار مەترسیداری هێناوەتە ئاراوە". مرۆڤ بە هۆی ئەو نائەمنییەی کە "دەزگای مولکایەتی" ئەیهێنێتە ئاراوەو لەو "حاڵەتی جەنگ"ە دەچێ کە هۆبس باسی دەکرد (بەم جیاوازییەوە کە هۆبس "حاڵەتی جەنگ"ی لەناو کۆمەڵگا مرۆڤییەکاندا بە شتێکی سروشتی لە قەڵەم ئەدا، نەك کۆمەڵایەتی) بە نائومێدییەوە بە مەبەستی رزگاربوون لەو گێچەڵە، دەست ئەکات بە دامەزراندنی دەزگاسیاسییەکان. بەڵام ئەو دەزگایانەش تەنها بۆ تاقمێك سوود و قازانجیان ئەبێت و بۆ ئەوانی تر جگە لە کێشەوگرفت هیچ دەسکەوتێکی نابێت. دەزگا تازە دامەزراوەکان تەنها داکۆکی لەو نایەکسانییانە ئەکەن — هەروەها لە رووی چەندایەتیشەوە زیاتریان ئەکەن — کە پێشتر کێشەگەلێکی زۆریان لێکەوتبووەوە. "مرۆڤەکان هەموویان بەهیوای بەدەست هێنانی ئازادی ئەکەونە دوای کۆتوبەند و زنجیرەکانی کۆیلەتییەوە.... بەڵام هێندە بە ئەزموون نین کە بتوانن زەرەرو زیانەکانی دەرك بکەن". هەر لەبەر ئەوەشە کە بونیادەکانی کۆمەڵگا و یاسا، بۆ هەزاران کۆت و زنجیر و بۆ دەوڵەمەندان دەسەڵات دەهێننەئاراوە....، ئازادی سروشتی لەناوئەبەن و بۆ هەتاهەتایە یاساکانی مولکایەتی و نایەکسانی سەقامگیردەکەن

و بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی تاقمێکی پلەو پایەخوان، مرۆڤ تووشی کۆیلەتی و کرێکاری و بێچارەبوونێکی هەمیشەیی ئەکەن".

شانبەشانی ئەو رەخنانەی کەرۆسۆ لە هۆبسیان دەگرێ، هەندێ تیۆرسێنی وەك ئەریك فرۆم و هێربێرت مارکۆزەش رەخنە لە فرۆید دەگرن. فرۆم و مارکۆزە، لە هەموو مەسەلەکاندا یەك ناگرنەوە بەڵام لەو مەسەلەدا کە فرۆید لە دەستنیشانکردنیهۆکارەکانی شەڕاشۆیی مرۆڤدا بە هەڵەداچوە، هاوبیروڕان. ئەوە لەکاتێکدایە کە فرۆید هەروەك پیشانی داوە، لەو باوەڕەدایە کە شەراشۆیی دیاردەیەکی فیترییەو ناتوانین لە رۆحی مرۆڤی بسڕینەوە، بەڵام فرۆم و مارکۆزە ئەو دیاردەیە بە پەرچەکرداری مرۆڤ لە بەرانبەر بارودۆخە کۆمەڵایەتی و بگۆڕەکاندا لەقەڵەم دەدەن.

لە سایکۆلۆژیای فرۆم دا "شەڕاشۆیی و وێرانکاری" لە ویستە فیترییەکانی مرۆڤ نییە بەڵکوو بە پێچەوانەوە یەکێك لەگرنگترین پێداویستییەکانی "تەکامووڵ"ە. مرۆڤ بوونەوەرێکی خاوەن "هێزی ئەقڵ" و "هێزی خەیاڵ"ە و کەواتە ناتوانێت بە بێبیرکردنەوە هەموو شتێك قبووڵ بکات و وەك بوونەوەرێکی بێگیان لەگەڵ مەسەلەکاندا مامەڵە بکات. مرۆڤ بە مەبەستی گەیشتن بە "تەکامووڵ" دەیەوێ لە "داهێنراو" (مخلوق) بوونی تێبپەڕێنێت و خۆی داهێنەر (خالق) بێت.

لەبارودۆخە لەبارو گونجاوەکاندا ئەم داواکارییە بە باشترین شێوە بەدی دێت. مرۆڤ هەندێ نیازی وەك "بەکەڵك بوون" و "تەکامووڵخوازی" لەرێگەی کارگەلێکی پڕبایەخی وەك پەروەردەکردنی منداڵ و ئەنجامدانی کارگەلی هونەری و گۆرانی چڕین و هەروەها خۆشەویستی و دلۆڤانییەوە، جێبەجێ دەکا. کەواتە ویستی "تەکامووڵخوازی" بە پێی نموونە سروشتییەکانی تر هیچ مەترسییەکی بۆ سیستمی کۆمەلایەتی نییە. لەراستیدا ئارەزوی مرۆڤ بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگاگەلێکی سیستماتیك، رەنگە هەرلەم ئارەزوە سەرچاوە بگرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر لەبەر چەندین هۆی جۆراوجۆر، رێگە سروشتییەکانی دەربڕینی حەزکردن بە "تەکامووڵ و پێشکەوتن" دابخرێن، رەنگە مرۆڤ لە رێگەگەلێکی نادروستەوە ئەو حەزەی خۆی دەربڕێت. لە هەر دوو حاڵەتدا مرۆڤ ژیانی خۆی لە هەموو ئەوشتانەی کە خۆڵقاندوونی، یان نابوودی کردوون، لاگرنگترە. وێرانکاری وشەڕئاشۆیی بەشێکی حەتمی مەیلە فیتری و دەروونییەکانی مرۆڤ نین. مرۆڤ بە تەنها مەیلی وێرانکاری لە وجوودیدا نییە. تەنها کاتیك وێرانگەر ئەبێت کە رێگە گونجاوەکانی دەربڕینی "تەکامووڵ خوازی" بەڕوویدا دابخرێن. وێرانگەری لە مرۆڤدا، تەنها "تایبەتمەندییەکی لاوەکی‌یە (فرعی) کە ئەویش تەنها لەکاتێکدا خۆی دەرئەخات کە "داخوازیی "داهێنەربوون"ی نایەتەدی. بە پێی ئەم لێکدانەوەیە

کە بەتەواوەتی لەگەڵ لێکدانەوەکەی فرۆیددا جیاوازی هەیە، کۆمەڵگا ناچار نییە لە بەرانبەر شەڕاشۆیی فیتری ئەندامانیدا بەرگری لەخۆی بکات، یان لەهەندێ ڕێگەی جۆراوجۆرەوە هەوڵ بدات بۆ بالاتربوونیان، واتە هەندێ ئامانجی تریان بۆ فەراهەم بکات. کۆمەڵگا تەنها ئەبێ زەمینە بۆ قابلییەتە باشەکانی تواناییگەلی فیتری خۆش بکات. سیستمی سیاسی نابێ کاری هەر سەرکوت کردن بێت، بەڵکوو دەبێ ئیمکاناتێك بۆ ئەندامەکانی فەراهەم بکات، کە لەڕێگەیانەوە داواکارییەکانیان جێبەجێ بکەن.

ڕاڤە و لێکۆڵینەوەکەی مارکۆزە تاڕادەیەك لەگەڵ بیروڕاکانی فرۆیددا جیاوازی هەیە. بەڵام ئەویش بیروڕاکانی فرۆید سەبارەت بە شەڕاشۆیی کە کاربوردێکی سیاسی کۆنەپەرستانەی هەیە، بە نادروست لە قەڵەم ئەدات، هەروەها مارکۆزە دەڵێ: فرۆید خۆی لەدوایین ساڵەکانی تەمەنیدا، شەڕاشۆیی بە پەرچەکردارییەك لەبەرانبەر مەرگ، یان "تاناتووس(Thanatos)" لە قەڵەم ئەدا. هەڵبەتە دەتوانین ئەوە قبووڵ بکەین کە مەیلی مەرگ، هەندێ مەسەلەی وەك تیاچوون، پێکدادان، ئێش و ئازارو کێشەگەلێکیتری ڕۆحی لێدەکەوێتەوەو کەواتە، سەرەنجام بەواتای ڕەتکردنەوەی چەمکی "چێژوەرگرتن" دەبێت. کەواتە تەنها مەیلی سەرەکی مرۆڤ، "ئیرۆس(Eros)"ە، واتە مەیلی چێژخوازی. تا ئەو کاتەی کە جیهان دژایەتی چێژخوازی مرۆڤ

بکات و تا ئەو کاتەش کە "پرەنسیپی واقعییەت" ڕێگر بێت لەبەردەم ڕەزامەندی ئیرۆسدا، مەیلی ژیان و چێژخوازی (ئیرۆس) و مەیلی مەرگ (تاناتووس) لە دژی یەکتری دەوەستن و بەرەنگاری یەکتری ئەکەن. ئەوەش لە کاتێکدایە کە ئەگەر واقعییەتەکان، بوار بۆ جێبەجێکردنی چێژخوازی بڕەخسێنن، مەیلی مەرگ هێز و توانای خۆی لە دەستئەداو لەناو مەیلی چێژخوازیدا ئەتوێتەوە. بەوتەی مارکۆزە، تا کێشمەکێشی نێوان مەرگ و ژیان کەمتر بێت، ژیان زیاتر لەقۆناغی خۆشی و چێژوەرگرتن نزیک دەبێتەوە. تا زەروورەتی هۆکارەسەرکوتکەرەکان زیاتر لەناوبچێت، مەیلی چێژخوازیش زیاتر مەیلی مەرگ کەمتر دەکاتەوە.

مارکۆزە دەڵێ: ڕاستییەکەی ئەوەیە کە توانای بەرهەمهێنان لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا، بیروڕای فرۆیدی سەبارەت بە "پرەنسیپی واقعییەت" ڕەتکردۆتەوە. فرۆید لەو باوەڕەدا بوو کە "حەقیقەت" بەتەواوەتی دژی ئەو خواستانەیە کە مرۆڤ بە هێمنی و ئاسوودەیی دەگەینن. مارکۆزە پێی وایە ئەم قسەیە سەبارەت بەو کۆمەڵگا دەوڵەمەندانەی کەتیایاندا هیچ "کەمایەسی"یەك لە هیچ بوارێکدا نەماوە، ڕاستی لەخۆناگرێت. بەڕای مارکۆزە، ئەم تێگەیشتنە لەسەر "ئەسڵی حەقیقەت" بەشێکی زۆری لێکدانەوەو ڕاڤەکارییەکانی فرۆیدی لەسەر "فێتری بوونی شەڕاشۆیی مرۆڤ"ی گرتۆتەوە. بەلام بەڕای فرۆید، سەبارت بە "ئەسڵی حەقیقەت" تەنها ڕەنگدانەوەی

قۆناغێکی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتییە. ئەم باوەڕانە تەنها هەندێ تێگەیشتنی مێژوویی بوون، نەك سروشتی و بیۆلۆژیکی.

مارکۆزە بەو دەرەنجامە گەییشت کە لەکۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا، سەر کوتکردن بەشێك لە پێداویستیەکانی کۆمەڵگا نییە. ئەگەر کۆمەڵگا مۆدێرنەکان، ئیمکاناتی جێبەجێکردنی داواکارییەکانی تاکەکانیان بە تەواوەتی فەراهەم نەکەن، لەراستیدا بواریان بۆ شکستهێنانی خۆیان رەخساندووە. کاتی ئەوە هاتووە کە مرۆڤ بە ئازادی بگات. مارکۆزە باوەڕێکی پێچەوانەی باوەڕەکەی فرۆیدی هەبوو. مارکۆزە، تێگەیشتنی "فرۆیدانە" و هەروەها ئەوەی کەشارستانییەت دەبێ بەردەوام دژایەتی ئەو کەسانە بکات کە ناڕەزایی دەرئەبڕن، ڕەتکردەوەو لە جیاتی ئەوە، "مەیلی چێژخوازی" پێشنیارکرد کە بەڕای ئەو، لەقاوغی شارستانییەتی مردووی ئەمڕۆدا دیلکراوەو ژاکاو. ئەڵبەتە ئەمانە وێناگەلێکی یەکجار کورت کراوی هەندێ لێکۆڵینەوەو راڤەکاری قورسن لەسەر کێشە سیاسییەکانی مرۆڤ. بۆ دەرك کردن و تێگەیشتن لەگرنگیی ئەم لێکۆڵینەوەو راڤەکارییانە، ئەبێ بگەڕێینەوە بۆ ئاسەوارەکانی ئەو هزرمەندانە. لەگەڵ ئەوەشدا تەنانەت ئەو بابەتە کورتکراوانەش، قۆناغی دەستنیشانکردنیتیۆرە سیاسییەکان دەرئەخەنو هەروەها زەمینە بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر لەسەر "لۆژیکی چالاك"ی بیرکردنەوەی سیاسی خۆش ئەکەن.

# دەستنیشان کردنە جۆراوجۆرەکان و تێگەیشتنە تاکەکەسییەکان

بۆ نموونە لەم قۆناغەدا ئەو توانایە لە ئارادایە کە تیۆرسێنەکان، لە ڕێگەی دەرەنجامگەلێك کە لە قۆناغی دەس‌نیشان کردندا بەدەستیان هێناوە، ڕاڤەی هەڵوێستە ناچونیەکەکان بکەن. ڕەنگە بتوانین لەوە تێبگەین کە چۆن ئەم تێگەیشتنە ناهاوچەشنانە، بونیادی تێگەیشتنە ناتەباکان بۆ وێناکردنی کۆمەڵگایەکی بەختەوەر فەراهەم دەکەن و، هەروەها چ ڕێگاچارەگەلێك دیاری دەکەن؟

ئەو دەستنیشانکردنەجۆراوجۆرانەی کە لە لایەن هۆبس، ڕۆسۆ، فرۆید، پاین، برێك و مارکۆزەوە سەبارەت بە سەرچاوەی نەزانین و شەڕاشۆیی مرۆڤ و ئەو بێ‌نەزمییانەی کە لێیان کەوتوونەتەوە، ئەنجام دراوە، لەڕاستیدا ڕەخنەگەلێکی جۆراوجۆرن کە لەو سیستمە سیاسییە دەگیردرێ کە لە ئارادایە. لێکۆڵینەوە لەسەر کۆمەڵگایەك، بە پێی‌باوەڕەکانی هۆبس سەبارەت بەسۆزە سروشتییەکانی مرۆڤ، بە تەواوەتی جیاوازی هەیە لەگەڵ لێکۆڵینەوە لەسەر هەمان کۆمەڵگا بەپێیباوەڕەکانی ڕۆسۆ. لەبەرئەوە کەهۆبس لە ڕووی فیترییەوە مرۆڤ بە بوونەوەرێکی شەڕاشۆ دەزانێ، بەو دەرەنجامە لۆژیکییە دەگا کە ئەبێ دەسەلاتدارە سیاسییەکان بەتەواوەتی بەهێز بن. وە لەبەر

ئەوەی کە رۆسۆ لە رووی فیترییەوە مرۆڤ بە بوونەوەرێکی عاتیفی و خاوەن سۆز دەزانێ، بونیادەکانی سیستمی سیاسی لای ئەو، فۆرمێکی تەواو جیاوازیان هەیە و بە هۆی هەمان ئەو جیاوازی راڤەکارییەکانیانەوە، سەبارەت بە دەستنیشانکردنیهۆکارەکان، ئەو کۆمەڵگایەی کە لای رۆسۆ نامەشرووع و چەوسێنەر و زاڵمە، بە پێچەوانەوە هۆبس بە کۆمەڵگایەکی کزو بێهێزی دەزانێ کە لەبەردەم مەترسی هەڵوەشانەوەدایە.

ئەم قسەیە دەربارەی ئەو هزرمەندانەش کە پێشتر باسمان کردن، راستی لەخۆدەگرێ. ئەو زنجیرە پلەو پایە کۆمەڵایەتییانەی کە برێك بە زەرووری و گونجاوو سروشتی لە قەڵەمیان ئەدات، رەنگە لای "پاین" تەواو ناسروشتی و ناپێویست و سەرکوت کەربن.ئەو کۆمەڵگایەی کە بەبیروڕای فرۆید، بە مەبەستی هێورکردنەوەی هێزە رووخێنەرو تێکدەرەکانی "سیستم" دژایەتی "هەژاری و دەسکورتی" دەکا، بە پێچەوانەوە بەڕای مارکۆزە، بە سیستمێکی سەرکوتکەری کۆمەڵایەتی لە قەڵەم ئەدرێ کە رۆحی ژیان لە تاکەکانی کۆمەڵگا ئەسێنێتەوە.

کەواتە بە پێی ئەو نموونانەی سەرەوە دەتوانین بۆ دەستنیشانکردنی هۆکار پشێوییە سیاسییەکان، تێگەیشتنی مەحافیزەکارانە لە تێگەیشتنی رادیکاڵ جیا بکەینەوە. ئەو

تیۆرسیێنە سیاسییەی کە هۆی بێنەزمییە سیاسییەکان ئەگەڕێنێتەوە بۆ هۆکارو دیاردە سروشتییەکان، ـ سروشت بەو شێوەیەی کە هەیە ـ مەحافیزەکارترە لەو تیۆرسیێنەی کە هۆی بێنەزمی سیاسی ئەگەڕێنێتەوە بۆ دەزگا دەسکردەکانی مرۆڤ و هەروەها ئەو پلەوپایانەی کە مرۆڤ خۆی هێناویەتی ئاراوە. هەر بەهەمان شێوە ئەو تیۆرسیێنەی کە رۆحی "تاک" بەسەرچاوەی بێنەزمی سیاسی لە قەڵەم ئەدات، بەگشتی لەو تیۆرسیێنەی کە کردەوە نادروستەکانی کۆمەڵگا بە هۆکاری بێنەزمی سیاسی لە قەڵەم ئەدات مەحافیزەکارترە. وێنای سادەو لە هەمان کاتیشدا دروستی ئەم پێوەندییە بەمجۆرەی خوارەوەیە:

هۆکارە دەسکردەکان ←——————→ هۆکارە سروشتییەکان

رادیکاڵ                                        مەحافیزەکار

کۆمەڵگا ←——————→ تاک

دەرککردنی پێوەندی نێوان هۆکارەکانی پشێوی و هەڵوێستە سیاسییەکانی رۆشنبیران کارێکی دژوارنییە. چونکە ئەو حەقیقەتانەی کە بە سروشتی (بەو مانایەی کە لێرەدا کەڵکی لێوەرئەگرین) لە قەڵەم ئەدرێن، مرۆڤ ناتوانێ بە هیچ شێوەیەك بیانگۆڕێت. مرۆڤ تەنها دەتوانێ سیستمە سیاسییەکەی خۆی لەگەڵ ئەو بارودۆخە سروشتییەدا بگونجێنێت. ئەڵبەتە بە هۆی ئیمکاناتی هونەریو زانستییەوە دەتوانرێ تاڕادەیەك کۆنترۆڵ، یان "تەعدیل" بکرێن، بەڵام هەرگیز ناگۆڕدرێن و رزگاربوون لە دەستیشیان مەحاڵە.

بۆ نموونە ئەگەر بە پێی قسەکانی فرۆید، شەڕاشۆیی مرۆڤ بەشتێکی سروشتی لە قەڵەم بدەین، لەو حاڵەتەدا بڕیارە سیاسییەکان تارادەیەکی زۆر دەچنە ژێرکاریگەری ئەم واقعییەتەوە. بەرنامە سیاسییەکان تەنها دەتوانن نموونەگەلێکی شەڕاشۆیی مرۆڤ، بە شێوەیەك رێك بخەن کە ئاژاوەیان لێ نەکەوێتەوە. ئەڵبەت هیچ بەرنامەیەکی سیاسی ناتوانێ بە بێ لەناوبردنی یەکجارەکی مرۆڤ، شەڕاشۆیی لەناو بەرێت. بەواتایەکی تر ئەگەر شەڕاشۆیی مرۆڤ بە بەرهەمی نالەبارێتی بارودۆخی سیاسی لە قەڵەم بدەین ـ بۆ نموونە ئەگەر شەڕاشۆیی بە بەرهەمی موڵکایەتی شەخسی بزانین ـئاساییە ئەگەر تەسەور بکەین بە لەناوبردنی مرۆڤ، شەڕاشۆییش لەناو ئەچێت.

بەم پێیە کێشەیەکی تەواو تاکەکەسی، کێشەیەکی شەخسی و دەروونییەو کەواتە پێڕەوی لە رێگەچارە گشتییەکان و میتۆدە کۆمەڵایەتییەکان ناکات و بەو رەوشانە چارەسەر ناکرێت. تەنانەت کاملترین بەرنامەی کۆمەڵایەتیش ناتوانێ رۆحی شەیتانی والێبکات کە واز لە خراپکاری و شەڕاشۆیی بهێنێت. لە لایەکیترەوە ئەگەر لەیەکەم پلەدا هەستە تاکەکەسییەکانی "نامۆبوون" بەبەرهەمی گەندەڵبوونی بارودۆخی کۆمەڵایەتی لە قەڵەم نەدەین، لەو حاڵەتەدا هەندێ بڕیاری گونجاوی سیاسی دەتوانن رێگەچارەیەکی باش بن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە.

ئەو نموونانەی کە لە قۆناغی دەستنیشانکردنی تیۆرە سیاسییەکاندا باسمان لێکردن، ئەوە پیشان ئەدەن کە چۆن تێگەیشتنی هزرمەندان سەبارەت بە فیترەتی مرۆڤ ـ بەشێوازێك کە هەندێجار بە "مرۆڤ ناسی فەلسەفی" ناودێر ئەکرێت ـ تیۆرە سیاسییەکانیان پێك ئەهێنێت. قسە بەناوبانگەکەی مەدیسۆن لە کتێبی "وتارگەلی فدرالیست" (The Fedralist Papers)دا، ئەوە دەخاتەڕوو کە "حکوومەت خۆیلەخۆیدا هیچ نییە جگە لە بالاترین نموونەی فیترەتی مرۆڤی". هەر لێدوانێك سەبارەت بە "یۆتۆپیا" راستەوخۆ پێوەندی هەیە بە بیروڕاکانی مرۆڤەوە سەبارەت بە سروشتی مرۆڤ و هەروەها مەیلە سەرەکییەکان و قابلییەتەکانی هەموو مرۆڤەکان لەم زەمینەدا باوەڕگەلی تایبەت بە خۆیانیان هەیە، بەلام بەشێکی زۆری خەلك، ئاگاییەکی تەواویان لێنییە. ئەلبەتە ئەو تیۆرسێنە سیاسییەی کە بەدوای دەستنیشانکردنیهۆکارەکانی پشێوییەوەیە، ناچارە کەتێگەیشتنی خۆی سەبارەت بە سروشتی مرۆڤ، بەوردبینییەکی زیاترەوە زانستیانەتر بکات. لە ئەفلاتوونەوە تا مارکۆزە ـ واتە لە٤٠٠ سالێ پێش لە زایینەوە تا ئەم سەردەمەی ئێستا ـ تیۆرە سیاسییەکانی هەموو هزرمەندان هەولیانداوە لە لایەنە چالاکەکانی رۆحی مرۆڤ تێبگەن. لە بواری چارەسەر کردنی پشێوییە سیاسییەکاندا حەتمەن دەبێ "سروشتی مرۆڤ" لەبەرچاو بگیردرێت.

## بابەتەکانی تری قۆناغی دەستنیشان کردن

بابەتەکانی قۆناغی دەس‌نیشان کردن، هەموویان پێوەندییان بە مەسەلەی سروشتی مرۆڤەوە نییە. هەندێ جار پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە کامیەک لە بەرنامەو پلانەکانی، دەزگاکانی سیستمی سیاسی بەرپرسی شکستە ئاشکراکانە. سیستمی سیاسی، تەواو ئالۆزەو لە زنجیرە بگۆڕ یەک لەدوای یەک پێک‌هاتووە کە رەنگە هۆی سەرهەڵدانی بێ‌نەزمییە سیاسییەکان بن.

رەنگە کێشە و پێکدادانەکان و، هەروەها ناکاریگەربوونی سیستمی نەخۆشی کۆمەڵایەتی، لە سیستمی کۆن و خراپدابەشکردنی پلەوپایەو دەسەڵاتەوە سەرچاوەبگرن. تێگەیشتنی مارکسیستی "دژایەتییە کۆمەڵایەتییەکان" یەکێکە لەو تێگەیشتنانە. مارکس ئەیوت کە هیچ گرووپێک لە کۆمەڵگادانییە حازربێت واز لە ماف و دەسکەوت و ئیمتیازەکانی خۆی بێنێت، تەنانەت ئەگەر ئەو ئیمتیازانە نالۆژیکی و نادادپەروەرانەش بن. ئەگەر لەناو سیستمێکدا پێوەندییەکانی بەرهەم هێنان ــ واتە لە ئابووری سیاسیدا ــ گۆڕانیان بەسەردابێت، رەنگە ئەو سەرخانە سیاسییەی کە لەسەردەمی پێشتردا دامەزراوە، رەت‌بکاتەوە. ئەو شڵەژاوێتییەی کە بەهۆی دژایەتییەکانی نێوان ژێرخانە ئابوورییەکان و سەرخانە

سیاسییەکانەوە سەرهەڵ ئەدەن، بناغەی سیستمی کۆمەڵایەتی دەڕووخێنن. ئەو شەڕ و ئاژاوانەی کە سەرەنجام بوونە هۆی ڕوودانی شۆڕشی فەرەنسە، لەم دژایەتییەوە سەرچاوەیان گرتووە. ئەریستۆکراتە فیۆداڵە کۆنەپەرستەکان کە حازرنەبوون ژیانی خۆیان لەگەڵ نەزمی تازەی کۆمەڵگادا بگونجێنن، بەناچار لەسەر پۆستەکانیان لابردران. بەڕای مارکس ئەو دژایەتی و شۆڕشە هەر دەبوایە ڕوویبدایە و لە کاتی ڕووخانی سەرمایەداریشدا بۆ جارێکیتر دووبارە دەبێتەوە. مرۆڤ تەنها لەکاتێکدا دەتوانێ بیروڕاکانی مارکس پەسەند بکات کە بزانێت سەرەنجامی لێکدانەوەو ڕاڤەکردنی دژایەتییە کۆمەڵایەتییەکان چیدەبێت؟

ڕەنگە کێشەکانی سیستمێکی شڵەژاوی سیاسی، لە "فەرهەنگی سیاسی" خودی ئەو کۆمەڵگایەوە سەرچاوە بگرێت: واتە لە داگەڕانە نارەسمییەکان و هەروەها لە باوەڕگەل و ئەو شێوە ڕەفتارە کۆمەڵایەتییانەی کە بەسەر تاکەکانی کۆمەڵگادا زاڵە. ڕەنگە کێشەکە لە شکستی "دەزگاکانی بارهێنان و ڕاهێنان"ەوە سەرچاوەی گرتبێت (تیۆرسێنە سیاسییە گەورەکان لە ڕاستیدا خێرخوازو ڕاهێنەری ئاکاریش بوون. کتێبی کۆماری ئەفلاتوون هێندەی نامیلکەیەکە سەبارەت بە سیاسەت، هێندەش نامیلکەیەکە سەبارەت بە فێرکردن و ڕاهێنان. لۆك لە کتێبی "هەندێ تێڕامان سەبارەت بە فێرکردن و ڕاهێنان" و ڕۆسۆ لە

کتێبی "ئیمیل"دا قسەی زۆریان لەسەر سیستمی بارهێنان و ڕاهێنان کردووە). ڕەنگە کێشەکە لە نالەبارێتی دەزگای ئیداری و هەروەها لە دەرەنجامە لاوەکی و پێشبینینەکراوەکانی هەوڵدانە خێرخوازانەکانی دەوڵەتەوە سەرچاوەی گرتبێت. ئەو هۆکارانەی کە قابیلی پێشبینی کردنن و دەبنە هۆی تێکهەڵشکانە بنەڕەتی و کۆمەلایەتییەکان، یەگجار زۆرن و ژمارەیەکی زۆری تیۆرسینەکانیش ڕەنگە لە قۆناغی دەستنیشانکردنیهۆکارەکاندا لێکۆڵینەوەیان لەسەریان کردبێت.

یەکێك لە بابەتەکانی دەستنیشان کردنی هۆکاری کێشە هاوچەرخەکان کە جەخت لەسەر شکستی دەزگاکان دەکاو کاریگەرییەکی گرنگی سیاسیش دادەنێ، لێدوانە لەسەر هۆکارەکانی قەیرانی ئابووری ساڵی ١٩٣٠ز. سەرچاوەی ئەو لێکدانەوەو ڕاڤەکارییە جۆراوجۆرانەی کە سەبارەت بە هۆکارەکانی ئەو هەڵوەشانەو ئابوورییە خرانەڕوو، دەگەڕێتە بۆ تێڕوانینگەلێکی جۆراوجۆر لەسەر ئەو یۆتۆپیایەی کە لایەنگرانی ئابووری ئازاد (Laissez-Faire) و هەروەها لایەنگرانی "بەرنامەی نوێ"ی ڕۆزڤلت (New Deal) خستیانەڕوو. یەکێك لە تێگەیشتنە بەناوبانگەکان سەبارەت بە هۆکارەکانی قەیرانی ئابووری، یەکەمجار لە لایەن ئابووریزانی بەریتانی "جان مینارد کینز"ەوە خرایەڕوو. بە پێی لێکۆڵینەوەکانی ئەو، قەیرانی ئابووری دەرەنجامی ئەو هێزە

ئابوورییانەیە کە بواریان رەخساند بۆ ئەوەی کە ئابووری سەرمایەداری بەمەبەستی پێك هێنانی "هاوسەنگی" پەرە بەدیاردەی "بێکاری" بدات. واتە ویستیان هاوسەنگی بهێننە ئاراوە بەڵام پەرەیان بە مەسەلەی "بێکاری"دا. ئەو، پێشنیاری کرد کە دەوڵەت دەبێ دەس‌بەکاربێت و ئابووری لە قەیران رزگار بکات. بەشێکی زۆری ئەو ئەرکەی کە ئابووریزانە لیبراڵەکان لەبەرنامەی نوێدا، بۆ دەوڵەتیان دیاریکرد، بە هۆی ئەم راڤە و لێکۆڵینانەوە شکڵی گرت.

خاڵی بەرانبەری ئەم روونکردنەوەیە، قوڵایی و گەورەیی ئەم قەیرانە ئەگەڕێنێتەوە بۆ "چالاکی"و "ناچالاکی" بانکدارە گەورەکان." بۆ نموونە میلتۆن فریدمەن ئابووری‌زانی دیاری ئەمریکی دەڵێ: ئەگەر بانکی ناوەندی، کاروبارەکانی بە دروستی بەڕێوەبردایە، ئەو قەیرانەش نەئەهاتە ئاراوە، بەڵکوو راوەستانێکی بچووك ئەهاتە ئاراوە کە ئەوەش رەنگە بە هۆی ئابووری بازاری ئازادەوە چارەسەر کرابا. ئەگەر ئەم لێکدانەوەیە دروست بێت، ئەو دەرەنجامە لۆژیکییەی کە بەدەست دێت، ئەوەیە کە نەك تەنها پێویست ناکات دەوڵەت بە ئاشکرا دەست لەکاروباری ئابووری وەربدات، بەڵکوو لەوانەیە دەرەنجامێکی پێچەوانەشی لێبکەوێتەوە. دۆزینەوەی رێگەچارەکانی‌تریش ـ کە پێشتر باسیان لێوەکرا ـ ئاکامگەلێکی سیاسی جۆراوجۆریان ئەبێت و هەروەها هەندێ تێڕوانینی جۆراوجۆریش سەبارەت بە کۆمەڵگای بەختەوەر (خۆشگوزەران) ئەخەنەڕوو.

## بـــارودۆخی سروشـــتی وەك ئامرازێـــك بـــۆ دەستنیشـــان کردنی هۆکارەکان

دەرككردنـــــی نـــــاواخن و گرنگیـــــی ئـــــەم قۆناغــــەی تیۆرەسیاســـییەکان ـــ واتـــە دەستنیشـــانکردنـــی هۆکارەکـــانی بێنەزمی سیاسی- ئەبێ زەمینە خۆش بکات بۆ تێگەیشتنی ئەو بابەتـەی کـە لـەهەنـدێ کتـێبی تیـۆرە سیاسـیەکاندا بـەناوی "بارودۆخی سروشتی" خراوەتـەڕوو. زۆربەی ئەو کەسانەی کە بیروڕاکـانی رۆسـۆ، لـۆك و هـۆبس ئەخوێننـەوە، پێیـان وایـە کـە هـەموو قسـەکانیان سـەبارەت بـە بابـەتی تـەواو ئەبسـتراکتی "بارودۆخی سروشتی" تەنها شیمانەو گریمانە گەلێکن سەبارەت بە سەردەمی دێرین، یان لە قسە و باسێکی بێمانا زیاتر هیچ نین. کێشـەی بـاس کـردن لـە بـارودۆخی سروشـتی هـەر چییەك بێـت، ئـەو تیۆرسـێنانە کـاتێکی زۆریـان بـۆ سـەرف کـردووە. چـەمکی بـارودۆخی سروشـتی ئامرازیـك بـوو کـە تێگەیشـتنی هۆکارەکانی بۆ ئاسانتر ئەکردن.

هەوڵ و تەقەلای ئەوتیۆرسێنانە بۆ خستنەڕووی بـارودۆخی سروشـتی "ئـەزموونێکی فکـری" بـوو کـە بـە پشـت بەسـتن بـە ئەبسـتراکتە گریمانەییـەکان: سەرچـاوە کۆمەڵایـەتییـەکانی کێشـە سیاسـی و مرۆییـەکان، لـەهۆکـارە سروشتییەکان جیـا بکەنـەوە. ئـەم تیۆرسـێنانە بـە جیاکردنـەوەی ئـەو هۆکارانـە لـە بـارودۆخی

کۆمەڵگاکان ـــ کە بەشتێکی دەسکرد دێتە بەرچاو ـــ گریمانەیەکی ئەبستراکتیان لە ژێرناوی "بارودۆخی سروشتی"دا هێناوەتە ئاراوە. پاش جیاکردنەوەی هۆکارە دەسکرد و ناسروشتییەکان، ئەوەی دەمێنێتەوە هۆکارو رەهەندگەلێکی سروشتی و هەتایی چارەنووسی مرۆڤ بوون کەتیۆرسێنی سیاسی ئەبوایە بە بابەتگەلێکی ئاشکراو حاشاهەڵنەگریان لە قەڵەم بدا. رۆسۆ ئەم بابەتەی بەمجۆرە لێکدایەوە کە: لێکۆڵینەوە لەسەر بارودۆخی سروشتی نابێ بە حەقیقەتێکی مێژوویی لەقەڵەم بدرێت بەڵکوو تەنها بەڵگەهێنانەوەیەکی فەرزی و مەرجدارە نەك تێگەیشتن لەسەرچاوەکەی. ئامانجی ئەم بەڵگەهێنانەوە "فەرزی"یە ئەوەیە مرۆڤ خۆی بەهەمان شێوە ببینێت کە خوڵقێنراوە. مەبەست ئەوەیە کە مرۆڤ ئەو شتانەی کە بناغەی وجوودی ئەون، لەو شتە بگۆڕو زیادییانەی کە بۆ تەعدیلکردنی خەسڵەتە سەرەتاییەکان هاتوونەتە ئاراوە، جیابکاتەوە. ئەمە بڕیاردانێکی پێویستە چونکە ئێمە تا کاتێك مرۆڤی ئاسایی و سروشتی نەناسین، کارێکی بێهوودەیە ئەگەر بمانەوێ یاساگەلێك کە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیك بە سەریدا زاڵن، یان لەگەڵ فیترەتیدا سازگارن، بدۆزینەوەو بەرقەراریان بکەین. ماوەیەکە تیۆرسێنە سیاسییەکان ئیدی قسەلەسەر بارودۆخی سروشتی ناکەن. گریمانە فەلسەفییەکان، کە ئەو چەمکە تایبەتە "فەرزی"یانەیان بە شتگەلێکی راچڵەکێنەر لە

قەڵەم ئەدا، ئیدی ئەو بایەخەی سەدەکانی ١٨ و ١٩ یان نەمابوو. ئەڵبەتە ئەو مەسەلانەی کە ئەوان ئەیانویست چارەسەریان بکەن، وەك خۆیـان ماونەتـەوە. لـەراسـتیدا ئـەم بابەتانـەی قۆنـاغی دەستنیشانکردن، هەم هەمیشەیین و هەمیشە قابیلی قسەوباس لەسەر کردنن.

ئەوانە هەمیشەیین چونکە زۆربەی کات تێگەیشتن لەوەی کە چ هۆکارگەلێك زیاتر لەوانی دیکە لەسەرهەڵدانی بێ سیستەمی سیاسـیدا دەوریـان هـەبوە، کـارێکی ئاسـان نییـە. رووداوە سیاسـییەکان هێنـدە گـرژو ئـاڵۆزن و هـەروەها بـە هـۆی هۆکارگـەلێکی زۆرەوە هاتوونەتـە ئـاراوە کـەبـە ئاسـانی و بـە دڵنیایـەوە نـاتوانین هۆکارەکـانی مەسـەلە باسـکراوەکان دەستنیشان بکەین. کاتێ کەلێکۆڵینەوە لەسەر ئەو بێنەزمییەی دەکرێ کـە لـەڕووی مێژوویيـەوە هـیچ نموونەیـەکی هاوچەشـنی بەرچـاو ناکـەوێت، یـان کـاتێ کـە هۆکارگـەلێکی جۆراوجـۆر بەشدارییان هەیە، یان هەردوو ئەم کێشانە لە ئارادان، توێـژەرەوە ناچـارە پـەنا بەرێتەبـەر حـەدس و گومـان. ئـەو، "گـرووپ گـەلی کـۆنترۆڵی" نییـە واتـە ئـەو گرووپانـەی کـە لـە ڕێگەیانـەوە ئـەو کێشانە کەم یان زیاد بکات ـ تاکوو بتوانێت بە هـۆی ئەوانـەوە، گرنگیی هۆکارەبەشدارەکان دەستنیشان بکات.

بـۆ نموونـە دووبـارە بـاس لـەو بابەتـە ئەکـەین کـە پێشـتر قسەمان لەسەر کرد، واتـە خەسڵەتی شەڕاشۆیی لـە مرۆڤدا، ئـەم

بابەتە هەنووکەش زیندووە و دەکرێ قسەی لەسەر بکەین چونکە ناتوانین کۆمەڵگایەکی بێ مرۆڤ تەسەوربکەین [واتە کۆمەڵگا و مرۆڤ دووشتی پێکەوە بەستراون]. کەواتە کاتێ کە مرۆڤ لەکەش و هەوایەکی تایبەتدا تووڕە ئەبێت و دەس بە شەڕاشۆیی دەکا، دەتوانین قسە لەسەر ئەوە بکەین کەئایا ئەو رەفتارەی مرۆڤ، بە تەواوەتی دەرەنجامی هۆکارە جوگرافیی و ئیقلیمییەکانە، یان هۆکارە دەروونییەکان. دیارە شتێکی سەرسووڕهێنەر نییە ئەگەر بزانین یەکێك لە پسپۆڕانی "ڕەفتاری ئاژەڵان" ئاوادەڵێ:

شەڕاشۆیی دەروونی مرۆڤیش وەك هەموو ئاژەڵەکانی تر بەشێکە لە مەیلە فیترییەکانی.... بۆ خەڵکانی نائاشنا بەزانستی ئارکیۆلۆژی، قبوول کردنی ئەوەی کە مرۆڤ هێشتا خەسڵەتگەلێکی هەیە کەلەئاژەڵەکانی تریشدا هەن، ئاسان نییە. لەگەڵ ئەوەشدا، مرۆڤناسێکی هاوچەرخ لە گۆشەنیگایەکی ترەوە دەڵێ: مرۆڤ هەموو خەسڵەتە فیترییەکانی خۆی لە دەست داوە. ئەگەر تۆسقاڵێك لەو خەسڵەتانەشی تیامابێت، دەبێ بەپەرچەکردارێی ئۆتۆماتیکی مرۆڤی لە قەڵەم بدەین لە بەرانبەر هەراوجەنجاڵەکانی سەردەمی هاوچەرخدا، یان لە بەرانبەر سڕینەوەی کتوپڕی پشتیوانەکانی. لە هەلومەرجەکانی تردا مرۆڤ هیچ غەریزەیەکی نییە.

ئەم بابەتانەی قۆناغی دەستنیشان کردنی هۆکارەکان، زۆربەی کات هەندێ باس و لێکۆڵینەوەی زیندوو و تەنانەت

ناخۆشیشیان لیٚکەوتۆتەوە، چونکە ناتوانین هیچ وەڵامێکی لێبڕاوانە بە زۆربەی ئەو پرسیارانە بدەینەوە. رەنگە ناتەبایی و دەمەتەقێ هەندێجار روولەزیادبوون بکات، چونکە دەستنیشانکردنە جۆراوجۆرەکان ــ کە پێشتر باسمان کردن ــ پێوەندییان بە بڕیارە سیاسییەکانەوە ئەبێت، بەرێگاگەلێکی زۆردا ئەچن و لقوپۆگەلێکی زۆریان لیٚدەبێتەوە.

## بابەتی دەستنیشانکردن لەدایلۆگی سیاسی هاوچەرخدا

شتێکی سەرسوورهێنەر نییە کاتێ ئەبینین قسەو باسە جەنجاڵئامێزەکانی سەردەمی هاوچەرخ سەبارەتن بە هەندێ دەستنیشان کردنی ناهاوچەشنی هۆکارەکانی کێشەگەلی دیاریکراوو ناسراوی سیاسی. بۆچی ساڵی ١٩٦٤ لە شاری "واتز" داو، ساڵی ١٩٦٧ لە شاری "دیترۆیت"دا، هەندێ مانگرتن روویان دا؟ گرووپێکی تایبەت لەلایەن سەرۆک کۆمارەوە راڤەی ئەو مەسەلەی کردو بەودەرەنجامە گەیشت کە هۆی ئەورووداوانە ئەگەرێتەوە بۆ رەگەزپەرەستییەکی رێکخراو و سیستماتیك لە ئەمریکادا. هەروەها ئەو گرووپە بەو دەرنجامە گەیشت کە مانگرتنەکانی شاری واتز، نموونەی تووڕەبوونێکی یەگجار گەورە بوو. تووڕەبوونێك کە بەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانی ڕەشپێستەکاندا زاڵە. ئەوان بە تەواوەتی وەڕەزن لەدەست ستەم و چەوسانەوەی ئەو سپی پێستانەی کە ژیانیانی پڕکردون

و لە نەهامەتی و چەرمەسەری. کەواتە باشترین رێگە بۆ نەهێشتن هەر جۆرە مانگرتنێك، رازاندنەوەو جوانکردنی گەڕەکە هەژار نشینەکانە و دەرەنجامە قێزەونە ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و رۆحییەکانیان، ئەبێ بۆ هەمیشە لە ناو ببرێن. کۆمەڵناسان دژایەتی ئەم دەستنیشان کردنی هۆکارانەیان ئەکرد. بەوتەی "ئیدوارد بانفیلد" بێنەزمی دەزگا کۆمەڵایەتییەکان بەگشتی و، رەگەزپەرەستی بەتایبەتی، هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم مانگرتنانە نین. راستییەکان ئەوە دەرئەخەن کە " هۆی مانگرتن رەش پێستەکان و هەروەها مانگرتن و نارەزاییەکانی تریش رەگەزو (هەروەها هەژاری) نییە. رەنگە زیدەرەویمان نەکردبێت گەر ئەوە بڵێین ئەو مانگرتنانە حەتمەن روویان دەدا، تەنانەت ئەگەر خەڵکی ئەم ناوچانە هەمووشیان سپی پێست بن و داهاتێکی لەسەرووی "هێڵی هەژاری" شیان هەبایە. بەڕای ئیداوارد بانفیلد، مانگرتن شتێکە وەك کایە و سەرگەرمی و هەروەها بەدەستهێنانی بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکان و سەرچاوەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ "حەزکردن بەقەرەباڵغی" کە لەسەردەم و وڵاتانی تریشدا شتی لەو جۆرە زۆر رووی داوە. بەڕای ئەو، بۆ بڕیاردان سەبارەت بە ئایندە "ئەحمەقانەیە ئەگەر تەسەور بکریت هەوڵدان بۆ لەناوبردنی رەگەزپەرەستی، هەژاری، بێکاری و سڕینەوەی گەرەکە هەژارنشینەکان، کاریگەرییەکی زۆر لەسەر مانگرتنەکانی ١٠ یان ٢٠ ساڵی ئایندەدا دائەنێ.

ئـەم دەستنیشـان کردنـە ناهاوچەشـنانەش هۆکارەکـانی مەسەلە گرنگە کۆمەڵایەتییەکان روون ئەکەنەوە و لەو رووەوە کە لە هـەموو رەهەنـدەکانی مەسـەلەکەیان کۆڵیوەتـەوە، قسـەوباس گـەلێکی زۆریـان لـێبوەتـەوە. دەستنیشـانکردنە جـەنجاڵ ئامێزەکـانی تـریش هـەوڵیان داوە هوکارەکـانی کێشـە سیاسـییە هاوچـەرخەکان بخەنـەڕوو. هەنـدێ لـە مێژوونووسـانی "پیاچوونەوەخواز"، سەبارەت بەشەڕی سارد، باسێکی گەرم و گوڕیـان وروژانـدووە بـەبیروڕای ئـەوان، ئـەوە ئیمپریـالیزمی خۆرئاوایـە کـە شـەڕی سـاردی هەڵگیرسـاند، نـەك هێرشـی کۆمۆنیزم. باسێکی گەرم و گوڕی دیکە سەبارەت بە سیستمی فێرکاریە لەئەمریکادا. مەسەلەکە ئەوەیە کەئایا شکستخواردنی سیستمی راهێنانی ئەمریکا، پێوەندی بە تێکچوونی خودی ئەو سیستمەوە هەیـە، یـان بـەو مەسـەلە ئـارکیۆلۆژی (ژنێتیکـی) و ئیقلیمییانـەی (کۆمەڵایـەتی) کـە قوتابخانـەکانی ئـەمریکا نـاتوانن گۆڕانیان تیا دروست بکەن.

بـەم پێیـە، بـەو دەرەنجامـە دەگـەین کـە ئـەمڕۆ دەستنیشـان کردنـی هۆکـارگەلی نەخۆشـییە کۆمەڵایەتییـەکان، لـە نـاو هـەموو لقـەکانی زانسـتی کۆمەڵایەتیـدا ئـەنجام ئـەدرێت. تیۆرسـێنی هاوچـەرخ کـە ئەیـەوێت پسـپۆڕی زانسـتی سیاسـیش بێـت ـکەئەرستۆ بە سەرپەلی زانستەکان ناودێری دەکا ـ دەبێ ئەم لێکۆڵینەوانـە ـ کـە زۆربەشـیان هـیچ رێگەچارەیەك بەدەسـتەوە

نادەن ــ لەبەرچاوبگرێت و سەبارەت بە دروستی نادروستی هەرکامیان ڕای خۆی دەرببڕێت. لە رابوردوودا، پێش لەسەردەمی "تەقینەوەی زانستی" و بە پسپۆڕی بوونی لقەزانستیەکان، زۆربەی تیۆرسێنەکان ناچاربوون خۆیان هۆکاری بێنەزمییەکان دەستنیشان بکەن. ئەوان تەنها بە پشت بەستن بەبیرۆکەکانیان و هەروەها بە پێی هەندێ زانیاری یەکجار ئەم قۆناغەیان ئەبڕی وزۆربەی کاتیش بە دەرەنجامگەلێکی باش و بەکەڵك ئەگەیشتن کە تا هەنووکەش بایەخی خۆیان لەدەست نەداوە.

بەهەرحاڵ قۆناغی دەس‌نیشان‌کردنی هۆکارەکان، یەکێك لە لایەنە یەگجار گرنگەکانی تیۆرە سیاسییە کامڵ و هەمەلایەنەکانە. خوێنەرێك کەبەرهەمەکانی ئەفلاتوون، رۆسۆ، مارکۆزە و هۆبس، یان هزرمەندانی وەك ئەوان دەخوێنێتەوە، نابێ لەم بەشەی لێکۆڵینەوەکە غافڵ بێت، چونکە ڕاڤەکردن و شیکردنەوەی ئەو هۆکارانەی کە تیۆرسێن لە درێژەی ڕاڤەکردنی بێسیستەمی سیاسیدا دەیانخاتەڕوو، بە شێوەیەکی لێبڕاوانە، دەرەنجامەکانی سیستماتیك دەکا. دەبێ سەرەتا هۆکارەکان دەس‌نیشان بکرێن و پاشان بیرلە چارەسەرکردنیان بکرێتەوە.

## وتاری چوارەم

# نەزمو خەیاڵ: بنیاتنانەوەی کۆمەڵگا

بینینی بۆنەزمی جگەلە کێشەی دەستنیشانکردنیهۆکارەکان، مەسەلەیەکی دیکەش دەخاتەڕوو. ئەم مەسەلەیەش نەزمی لەباری سیاسییە. ئەگەر کەسێك ئەو بارودۆخە سیاسییەی کە تیایدا ئەژی بە شێوەیەکی نادروست دەرك بکات، ئەوە دەگەینێ کە دەتوانرێ سیستمی لەبارو رێکوپێك بهێنرێتە ئاراوە. کەواتە تیۆرسێن ئەبێ وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە کە ئەگەر بارودۆخەکە خراپە، ئەی بارودۆخی دروستو لەبارکامەیە؟ ئەگەر ئەمە نەخۆشییە، ئەی سەلامەتی و تەندروستی کامەیە؟ ئەگەر ئەمە گێژی و شپرزەییە، ئەی حاڵەتە دروستەکەی کامەیە؟ بە کورتی تیۆرسێن دەبێ وەڵامی ئەو پرسیارە ــ زۆربەی کات سەرەکییەی ــ فەلسەفەی سیاسی بداتەوە کە: "کۆمەڵگای بەختەوەر کامەیە؟". ئەو، دەبێ هەوڵ بدات تا چییەتی نەزمی سیاسی پیشان بدات.

## هەڵوەشانەوەو بنیاتنانەوە

تیۆرسێن بەمەبەستی پیشاندانی کۆمەڵگای سیستماتیکی سیاسی، دەبێ خاڵی بەرانبەری ئەو دیاردەیەش، واتە نەزم، ببینێ و دەرکی پێبکات. بۆنموونە ئەگەر ئەو، کێشەی کۆمەڵگاکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ "نامۆبوون"، ئەبێ وێنایەك لە کۆمەڵگایەکی "نامۆنەبوو" پیشان بدات. ئەگەر ئەو، کۆمەڵگاکەی خۆی پڕ لە "پشێوی" دەبینێ، واتە هەلومەرجێك کە کۆمەڵگا تووشی دووبەرەکی و تەفرەقە بوە، دەبێ ئەوە پیشان بدات کە کۆمەڵگای لەبارو سیستماتیکیەوە چۆن کۆمەڵگایەکە. هەروەها ئەگەر چاوی بە ناعەقلانییەت و شێتی و سەرکوت کردن دەکەوێ، دەبێ بە تەواوەتی ئەوە پیشان بدات کە عەقلانییەت و نەبوونی سەرکوتکاری، چ مانایەکیان هەیە. هەڵبەتە ئەوەش راستە کە بوترێت ئەو وێنایەی کە تیۆرسێن لەنەزمی سیاسی بەدەستەوەی ئەدات، تێگەیشتنی شەخسی خۆیەتی. بەلام ئەگەر ئەوە قبوول بکەین کە ئەو وێنایەی کە خستوویەتی ڕوو، تەنها بۆ هەڵسەنگاندن ئەبێت و هیچی تر، لەو حاڵەتەدا قسەکانی ئەو، هەم ئەسانترن و هەمیش باشتر دەرکیان پێئەکرێت. تیۆرسێن سەرەتا دەرکی بەنەبوون یا ناتەواو بوونی نەزم کردووە و پاشان توانیویەتی کۆمەڵگای سیستماتیك و مونەزەم وێنا بکات.

تیۆرەسیاسییەکان هەروا بەئاسانی نەنووسراون. ئەوانە وێناگەلێکی سیستمە سیاسییەکانن کە بەزەحمەت و تەقەلایەکی زۆرو و هەروەها بە بەراورد لەگەڵ بارودۆخە سیاسییە نالەبارەکاندا هاتوونەتە ئاراوە. پشێوی و ناهاوسەنگی کۆمەڵگا نەك تەنها بوار بۆ بیرکردنەوەی تیۆرسێن دەڕەخسێنێ بەڵکوو، سەرەداوێکیش بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەکان دەخاتەبەردەستی و ئەم قۆناغەی "لۆژیکی دەروونی" لە تیۆرە سیاسییەکاندا، بە هۆی قسەیەکی سان سیمۆنەوە، تیۆرسێنی سەدەی نۆزدەی فەرەنسە، بە باشترین شێوە روون ئەکرێتەوە: "پێشکەوتنی رۆشنگەری، تاڕادەیەك پشێوی سیستمی کۆمەڵایەتی کۆن و زەروورەتی ڕێکخستنی سەرلەنۆی پیشان ئەدات."

بەواتایەکی تر هەموو گوشار، قەیران، شڵەژاوێتی و پشێویەکانی سیستمی کۆن، تیۆرسێن ناچاردەکەن بیر لە بنیاتنانەوەی سیستمێکی تازەی سیاسی بکاتەوە. ئەڵبەتە تیۆرسێن مەجبوورنییە کۆمەڵگایەکی نوێ دابمەزرێنێت، چونکە ئەوە ئەرکی خێرخوازان و ئەو کەسانەیە کە بەکردەوە دەتوانن ئەوکارە بکەن. بەڵام ئەو دەبێ چوارچێوەیەك لە "کۆمەڵگای باش" لە زەینیدا وێنا بکات و ڕێساکانیشی دەستنیشان بکات بەم پێیە تیۆرسێنەکان "وێنا گەلێکی رەمزی لە کۆمەڵگای سەرلە نۆی بنیاتنراو بەدەستەوە ئەدەن".

لـەو روەوە کـە بنیاتنانەوەکـەی تیۆرسـێن وێنایەکـە لـەو کۆمەڵگایەی کە ئەبێ دابمەزرێت، کەواتـە دەبێ تاڕادەیـەکی زۆر پشـت بـەزەین و فکـری خـۆی ببەسـتێت. ئـەو، دنیا بـەو شـێوەیە وەسف ناکات کە هەیە بەڵکوو لە وەسف کردنی جیهانەوە بەدڵی خۆی دەس‌پی‌دەکا، بەڵام دەبێ جیهانیش هەر بەو شێوە پێناس بکـات کـە دەبـێ ببێـت. هـەروەها بـە وردبینییـەکی زۆرەوە پشـێوی‌گـەل و قەیرانـەکانی سیسـتمی سیاسـی ڕاڤـە ئـەکات و پاشـان گەلاڵەیـەك دەخاتـەڕوو کە تیایـدا هـەموو ئـەم پشـێوییانە چارەسـەر کـراون. تیۆرسێن دەتـوانێ قسـەی پاڵـەوانی یـەکێك لـە شـانۆکانی جـۆرج بێرناردشـۆ ـ کـە وێـردی سـەر زمـانی رۆبێـرت کەنەدییـە ـــ دووپـات بکاتـەوە کـە ئـەڵێ: "خـەڵکانێکی زۆر، شتەکان هـەروەك خۆیـان ئەبینن و پرسیار ئەکەن بۆچی؟ من لـە زەینمدا ئەو جیهانانە تەسەور دەکەم کە هـەرگیز بوونیـان نـەبوەو ئەپرسـم بۆچـی نـابێ ئەمانـە بوونیـان هـەبێت؟ تیۆرسـێن تاڕادەیـەکیش خەیاڵاوییەو هـەر لەبـەر ئـەوەش، مێشـکی لای ئـەو شتانەیە کە دەتوانن بوونیان هەبێت. هەروەك لـە وتـاری پێشـتردا باسمان کرد، تیۆرسێن دەبێ وەڵامی هەردوو پرسیارەکە بداتـەوە ئەگـەر دەیـەوێ رێگەچـارەیەکی عـەقڵانی بخاتـەڕوو، دەبـێ تاڕادەیەك وەڵامی "بۆچی"یەکانی هۆکاری کێشەکان بداتەوە.

## کارکردەکانی یۆتۆپیا

تەسەور کردنی ئەو شتەی کە دەتوانیٚ هەبێت، یەکێك لەتوخمەکانی تیۆرە سیاسییەکان کە پێوەندی بە یۆتۆپیاوە هەیە. وشەی یۆتۆپیا ریشەیەکی یۆنانی هەیە و بەمانای "هیچ کویٚ"یە. کۆمەڵگای لەبارو رێكوپێك جگە لەخەیاڵی هزرمەندا لە هیچ شوێنێکی تر بەرچاو ناکەوێت. ئەم کۆمەڵگایە تەنها وەکوو "ئەگەرێك" بوونی هەیە. رەنگە جیلوەیەکیش لە ئایندە بێت. رەنگە وێنایەك بێت لە بەهەشتی بەرین، بەلاّم ئەوەی راستی بێت ئێستا و لەسەر زەویدا وجوودی نییە.

ئەفلاتوون لە کۆتایی کتێبی کۆماردا ئاماژە بەو مەسەلەیە دەکات. یەکێك لە هاورِیٚ لاوەکانی سوقرات، کۆمەڵگای کۆماری بە کۆمەڵگایەك لە قەڵەم ئەدات کە تەنیا لەدنیای زەین و وانەو پۆلەکاندا بوونی هەیە. چونکە پێموایە لە هیچ شوێنێکی جیهاندا بوونی نییە. سوقرات بەمجۆرە وەلاّمی ئەداتەوە: راستە، بەلاّم رەنگە لە بەهەشتدا نموونەیەکی ئەو کۆمەڵگایە هەبێت بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانەویٚ چاویان پیٚبکەوێت و لە زەینیاندا وێنای بکەن.

ئەڵبەتە ئەوە کە تیۆرسێن لە قۆناغی بنیاتنانەوەی لێکۆڵینەوەکانیدا دەبیٚ کەڵك لە زەینی خۆی وەربگرێت، بەو مانایە نییە کە تەنیا مرۆڤێکی خەیاڵاوی و خەونگەرایە. ئەو بۆی

نییە کە لە ناو خەیاڵپلاویدا غەرق بێت و بەتەواوەتی بچێتە ناو دنیای خەیاڵاتەوە. وێناکردنەکەی ئەفلاتوون لە کۆمەڵگای "سەرلەنوێ بنیاتنراو" هەر چەندە خەیاڵییە بەڵام ئەبێ بە تەواوەتی لەگەڵ واقعییەتەکاندا بگونجێت. وێنا کردنەکەی ئەو دەبێ لەگەڵ ئیمکانات گەلی راستەقینەو هەروەها قابلییەتە حەقیقییەکانی ژیانی مرۆڤدا بگونجێت. واتە دەبێ لەسەر بنەمای ژیانی راستەقینەی تاکەکانی کۆمەڵگا بنیات نرابێت، ئەگینا لە خەیاڵ و وێناکردنێکی بێهوودە بەولاوە زیاتر نییە.

بنیاتنانەوەی کۆمەڵگا لەزەینیدا، بەیارمەتی وێنا یۆتۆپیاییەکەی تیۆرسێن، دەیەوێ بەهەندێ حەقیقەت سەبارەت بە دنیا و سیاسەت و مرۆڤ بگات. ئەڵبەتە یۆتۆپیا ناتوانێت نوێنەری حەقیقەتی ئەزمونگەرا ـــ بەمانا سادەکەی ـــ بێت. هەروەك چۆن تێگەیشتنیکی وەستاو و جیا لەو کاتوشوێنەی خۆی نییە. لەگەڵ ئەوەشدا ئامانجی یۆتۆپیا ئەوەیە کە حەقیقەتی گشتێتی (کلێت) یان دەستکەوتەکانی سیاسەت بنوێنێت. ئامانجی یۆتۆپیا ئەوە نییە کە هەموو رووداوەکان پیشان بدات، بەڵکوو توانا "بالقوە"کانی مرۆڤ وەسف دەکا. هەروەها تواناییەکان و ئیمکاناتە سیاسییەکان بەیان دەکا، نەك واقیعیەتەکان. چەمکی یۆتۆپیا بەوتەی پۆل تیلیش، تواناگەلێك

ئەخاتەڕوو کە ئەگەر لە لایەن یۆتۆپیاوە پێشبینی نەبوونایە، لەکیس ئەچوون. یۆتۆپیا دەستکەوتەکانی مرۆڤ پێشبینی ئەکات و ئەوەش سەلمێنداروە کە زۆربەی پێشبینییەکانی یۆتۆپیا هاتوونەتە دی.

لە راستیدا بە بێ پێشبینییەکانی یۆتۆپیا، ژیانی مرۆڤ ڕائەوەستێت. ئەگەر پێشبینییەکانی یۆتۆپیا تواناکان پیشانی مرۆڤ نەدەن، ژیانی مرۆڤ رائەوەستێت و هیچ سودێکی نابێت و لەو حاڵەتەدا مرۆڤ خۆی لە بارودۆخێکدا دەبینێ کە نەتەنها تاك تیایدا گەشە ناکات بەڵکوو ئیمکاناتە مرۆییەکانیش لەڕووی فەرهەنگی‌یەوە نایەنەدی. بۆ کەسێك کە هیچ یۆتۆپیایەکی لەزەیندانییە، ئەو سەردەمەی کەتیایدا دەژی، سەردەمێکی کوشندەیە. بەمجۆرەش فەرهەنگێك کە هیچ یۆتۆپیایەکی تیانییە، لەو سەردەمەی خۆیدا قەتیس دەبێت و بەزووترین کات روو لە رابوردوو ئەکا و رابوردووی بەلاوە گرنگتر دەبێ. سەردەمی ئێستا (حال) تەنها لە کاتێکدا چالاك دەبێ کە کێشمەکێشێك لە نێوان رابوردوو و ئایندەدا لە ئارادابێت.

لەگەڵ ئەوەشدا وێناکردنەکەی تیۆرسێن لە ئیمکاناتە سیاسییەکان، حەقیقەتگەلێکی "سەردەمی ئێستا"ش بەیان دەکا. مرۆڤ تەنها بە بەراوردکردنی ئەو بارودۆخەی کە لە

ئازادایـە، لەگـەڵ قابلییـەت و ئیمکاناتـەکانی دیکـەدا، دەتـوانێ دەرك بە کـەموکوڕی و تێکشکانەکانی بکات. مرۆڤ تـەنها کاتێك دەتـوانێ مانـای تووڕەبوون و بەدگومانی دەرك بکات، کە لەگـەڵ مرۆڤێکـی ئاقڵـدا ئاشـنا بێـت. مـرۆڤ تـەنها کاتێـك لـە مانـای تاوانبـاری تـێدەگـا کـە رووبـەڕووی لوتـف و بەخششـەکانی خوابێتـەوە. تیۆرسـێن بـە هـۆی دەستنیشـانکردنیتواناییەکانی مرۆڤەوە دەتوانێ هەندێ خاڵی گرنگ سەبارەت بە چییەتی ئەو بارودۆخەی کە لەئازادایە، بخاتەڕوو.

تیۆرسـێن تەنانـەت لـە نـاو خـەون و پێشـبینییە یۆتۆپیاییەکانیشـیدا، لەگـەڵ واقعییەتـدا سـەروکاری هەیـە. ئـەو تاڕادەیـەك تـەنها دەیـەوێ واقعییـەتگـەلێك بخاتـەڕوو کـە لـە رێگەیانـەوە پاسـاو بـۆ تێگەیشـتنەکانی خـۆی لـە بـێنـەزمی بهێنێتەوە. بینینی بێنەزمی لەرووی لۆژیکییەوە، ئەوە دەگەینێ کە بارودۆخێکی لەبارو عەقڵانی لە ئازادایەو ئەرکی تیۆرسێنیش ئەوەیـە کـە وێنایـەك لـەو بارودۆخـە لـەبارە بـە دەسـتەوە بـدات. کەواتـە تیۆرسـێن پـاش لێکۆڵینـەوەو بـەوردی راڤـەکردنی کـەم و کوڕییـەکانی ئـەو بارودۆخـەی کـەلـەئازادایـەو زەینـی ئـەویان بـۆ یەکەم لێکۆڵینەوە هان داوە، وێنەی کۆمەڵگای سـەرلەنوێ بنیات نراو، دەکێشێت.

## دینامیزمی بنیاتنانەوە

چالاکبوونی ئەم قۆناغە گرنگە خەیاڵییە، بە هۆی ئەو جیاوازییەی کە مایکل پۆلانی، لە نێوان ئاگایی ڕاستەوخۆ و ئاگایی ناڕاستەوخۆدا بەبوونی قایلە، باشتردەرکی پێدەکرێت. پۆلانی ئەوە پیشان ئەدات کە مرۆۋ هەرگیز بە ئاشکراو بە تەواوەتی لەسەر هیچ شتێك ئاگایی پەیاناکات. بۆ تێگەیشتن لەو بەشەی مەسەلەکان کە دەبێ ڕاشکاوانەتر و ئاشکراتر سەرنجی بدەینێ، زەینی وریاو زانا پشت بەو زانیارییە شاراوانە (مضمر)وە دەبەستێ کە لەمەڕ بەشە وردەکانی تر لە ئارادایە. تەنها بە پشتبەستن بەزەمینە و چوارچێوەی ئەو مەسەلەی کەمەبەستمانە، دەتوانین لە ماناکەی تێبگەین. بۆ نموونە مرۆۋ بۆ دەرککردنی مانای ڕستەیەك سەرنج ئەداتە وشەکان و بۆ دەرك کردنی وشەکانیش ئاوڕ لە پیتەکان ئەداتەوە. مرۆۋ بۆ ناسینی ڕوخسارو دەم و چاوی کەسێك، لە هەموو گۆشەنیگایەکەوە سەیری دەم و چاوی دەکا بە بێئەوەی کە لەسەر هەموو ئەندامانی دەم و چاویشی زانیاری هەبێت. وێناکردنی ناڕاستەوخۆ و ناخودئاگای لایەنە لاوەکییەکانی هەموو مەسەلەیەك زەروورەتێکی حاشا هەڵنەگرە. تەنانەت کاتێکیش کە مرۆۋ مەبەستی ئەوە نەبێت کەلە هەموو لایەنە لاوەکییەکانیش

تـــێبگـــات، دیســـانەوە دەبـــێ ئـــاوڕ لـــە بەشـــەوردەکان و لایەنـــە لاوەکییەکانیش بداتەوە.

لـــە راســـتیدا ئەگـــەر مـــرۆڤ تـــەنها ســـەرنج بداتـــە لایەنـــە لاوەکییـــەکان ئـەوا، بـە هـیچ شـێوەیەك مەبەسـتەکە ناپێکێـت و بـە ئامانجی ناگات. بۆ نموونە ئەگەر تـەنها سـەرنج بدرێتـە پیتـەکان، مانای وشە دەرك ناکرێت و ئەگـەر تـەنها ئاوڕ لـە مانـای وشـەکان بدرێتــەوە، واتــای رســتەکە وەرناگیرێــت. لەگــەڵ ئەوەشــدا مــرۆڤ هەموو کاتێك دەتوانێ سەرنجی خۆی لە شتێکەوە بگوێزێتەوە بۆ شتێکی تر. هەروەها دەتوانێ بەئاشکرا ئاوڕ لە شتێك بداتەوە کە ســەرنجی رادەکێشــێ. زۆربــەی کــات ئــەو جــۆرە حاڵەتانــە، هــەم پێویسـتن و هـەمیش بەکـەڵکن. لـە حاڵـەتی ئاسـاییدا یـاریزانێکی تێـنس، ئاگـای لـە دەسـکی رێکتەکـەی نییـە. ئەگـەر وابێـت لـەو حاڵەتەدا ئاگای لە تۆپەکە نابێ. بەڵام ئەگـەر هەنـدێ جـار لەکـاتی یـاری کردنـدا کێشـەیەك بێتـە ئـاراوە، دەبـێ سـەرنج بداتـە جـۆری بەدەستەوەگرتنی رێکتەکە.

بنیاتنانــەوەی خەیاڵییانــەی کۆمەڵــگا لــە لایــەن تیۆرســێنی سیاســییەوە دەتــوانرێ بــە گۆڕانکارییــەکی سیســتماتیکی لــەو جــۆرە (لەگشــتەوە بــۆبــەش) لــە قەڵــەم بــدرێت. تیۆرســێن ئــەوە ئەزانێت کە بۆ تێگەیشتنی هەندێ لە بێ نەزمییـەکانی سیسـتمی سیاسـی، دەبـێ پشـت بـەجۆرە نەزمێکـەوە ببەسـتێت و رەنگـە بـە تەواوەتیش ئاگای لەو جۆرە نەزمـە نـەبێت. لـە راسـتیدا لەوانەیـە

ئـەو وێنـایـەی کـە لەسـەر نـەزم ئەیخاتـەڕوو، ڕۆڵێکـی گـرنگ و ناڕاستەوخۆی لە تیۆڕوانینی ئەو سەبارەت بە بارودۆخی سیاسی بینیبێت. بەڵام سەرەنجام ناچارە دان بە گرنگیی ئەو ڕۆڵەشدا بنێت، کە تا چەند کاریگەرێتی لەسەر تیۆڕوانینە ڕەخنەییانەکەی هەبوە. ئەو بۆ کامڵکردنی تیۆرەکەی خۆی، دەبێ سەرنجێکی زۆربدات لەو جۆرە نەزمە مرۆڤییەی کە بناغەی تیۆڕوانینەکانی ئەویان پێکهێناوەو لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵی بەزانستی کردنی بدات.

بۆ ئەم مەبەستەش تیۆرسێن ناچارە پێوەندییەکی ڕەسەن و "کارکردگەرا" دابمەزرێنێت لە نێوان ئەو بوارە ناڕاستەوخۆو ئەو ئامانجە ئاشکرایەدا کە پێکهێنەری زانیارییە سەرەتاییەکانی ئەون سەبارەت بە بێ نەزمی سیاسی. هەروەها لە جیاتی ئەوەی کە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پشت بە وێنای سیستمی لەباری سیاسییەوە ببەستێت تاکوو لە ڕێگایەوە دەرك بە نالەبارێتی بارودۆخێکی تایبەت بکات، بە پێچەوانەوە تێگەیشتنی خۆی لە بێنەزمی، ئەکاتە بەردی بناغەی تێگەیشتن لە سیستمی لەباری سیاسی. ئەو لەم قۆناغەدا لەجیاتی پشتبەستن بە تێگەیشتنی ناڕاستەوخۆی چەمکی "سلامەتی" بە مەبەستی ناسینی چەمکی "نەخۆشی"، بە پێچەوانەوە بە پشت بەستن بە نەخۆشییەوە، هەوڵئەدات لە مانای سلامەتی تێبگات. هەرچەند ئەم دوو قۆناغە تەواوکەری یەکدین بەڵام بوار و پێگەکەیان جێگۆڕکێیان پێ دەکرێ.

## نۆرمەکان: مۆدێلەکانی نەزم

ڕێساگەلێك کە تیۆرسێن لەبەرچاویان دەگرێ بۆ ئەو کۆمەڵگایەی کە لە زەینیدا بنیاتی ناوەتەوە، لە ڕاستیدا نۆرمگەلێکیشن بۆ ژیانی سیاسی. هەر لەبەرئەوەیە کە فەلسەفەی سیاسی بە "تیۆریگەلی نۆرماتیڤ"یش ناودێر ئەکرێت. نۆرم: چەمك یان فۆرمێکە کە وەك پێوەر و ڕێسا بەکار ئەهێنرێت. وشەی norm لە وشەی لاتینی normaوە هاتووە کە لە بنەڕەتدا بەمانای "گۆنیا"ی دارتاشییە [گۆنیا وشەیەکی سوریانییە ـ و ـ]. گۆنیای دارتاشی، کەرەسەیەکە کە دارتاشەکان وەك پێوەرێك کەڵکی لێوەردەگرن و لە ڕێگەیەوە دەتوانن کارەکانیان بەدروستی و "دەقیق" ئەنجام بدەن. ڕێسای نۆرماتیڤی تیۆرسێنی سیاسیش بە تەواوەتی هەمان کەڵکی لێئەبینرێت. مۆدێلی تیۆرسێن وەك ڕێسایەك بۆ دەستنیشانکردنی مەشرووعییەتی سیستمی سیاسی بەکار ئەهێنرێت. تیۆرسێن تێڕوانینی خۆی لەسەر "کۆمەڵگای باش" ئەکاتە ڕێسایەك بۆ هەڵسەنگاندنی پێکهاتەی کۆمەڵگا.

چەمکە نۆرماتیڤەکان بە چەندین شێوەی جۆراوجۆر بەیان دەکرێن. ڕەنگە "باش" و "دروست" گشتترین و لە هەمان کاتیشدا تەمومژاویترین وشە نۆرماتیڤەکان بن. وشە نۆرماتیڤەکانی دیکەش وەك "دادپەروەری"، "زانایی" و

"سلامەتی" چەمکگەلێکن کە نەك بە تەواوەتی بەڵکوو تا رادەیەك روون و ئاشکران. ئەو وشە و رستانەش کە رواڵەتێکی زانستیانەیان هەیە، وەك عیبارەتی "یەکپارچەبوونێکی کارکردخواز" یان وشەی "بەئەزموون" دەتوانن دەوری وشە و رستەگەلێکی نۆرماتیڤ ببینن. بە کورتی، چەمکی نۆرماتیڤ چەمکێکە راستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ وێنایەك لە بارودۆخی لەبار و هەروەها گشتێکە کە خالی بەرانبەری کەم و کوڕی و بێنەزمییە. دەبێ ئەم خاڵە گرنگەش لەبەرچاو بگرین کە نۆرمەکان بە تەنها هەڵقولاوی سەلیقەو ویستی تایبەتیی تاکەکان نین. کاتێ کە ئەوترێت سیستمێکی سیاسی "دادپەروەرانە"یە، ئەوە ناگەینێت کە بێژەری ئەو قسەیە، ئەم سیستمە بە باشتر و لەسەرووی هەموو سیستمەکانی ترەوە دادەنێ. وەك چۆن کاتێك کە کەسێك دەڵێ: فلانەکەس مرۆڤێکی ئاقڵە، ئەوە ناگەینێ کە فەزڵی بەسەر کەسێکی شێتەوە هەبێت. ئەگەر تیۆرەسیاسییەکان تەنها دەربڕی "ویستی تاکەکەسی" بوونایە، کۆمەڵگا یۆتۆپیاییەکەی تیۆرسێنی سیاسی، کۆمەڵگایەك ئەبوو کە تیایدا هەموو شتێك بە حەزو ویستی ئەو دەبوو. بەدەگمەن دەتوانین کۆمەڵگایەکی لەو جۆرە، بە کۆمەڵگایەکی یۆتۆپیایی و دادپەروەرانە لە قەڵەم بدەین.

## دۆزینەوەو داهێنان لەبنیاتنانەوەدا

نـــەزمی سیاســـی نۆرمـــاتیڤی ســـەرلەنوێ بنیـــاتنراو، پێکهاتەیەکە لـە داهێنـان و دۆزینـەوەکان. لەلایەکـەوە داهێنانـە چونکە پێویستی بە هەوڵ و تەقەلای داهێنەرانەی تیۆرسێن هەیە و لەگـەڵ ئەوەشـدا. ئـەو نەزمـە سیاسـییە نۆرماتیڤـەی کـە دەیخاتـەڕوو، بـە تـەنها بینینـەکانی ئـەو، یـان دیاردەگـەلێکی مێـژوویی نین. تیۆرسـێن بـۆ وێنـاکردنی نـەزمێکی سیاسـی، کـە توانـای جێبەجێکردنـی قابلییەتـە سیاسـییەکانی مرۆڤـی هەیـە، دەبێ لەزەینیدا جۆرە "ئەزموونێکی فکری" ئەنجام بدات.

کەواتـە تیۆرسـێن تـا ڕادەیـەکیش هونەرمەنـدە. مۆدێلـە نۆرماتیڤەکـەی ئـەو، لـە کۆمەڵـگای بـاش، جـۆرە درامایەکـە بـۆ نوانـدنی ژیـانی مـرۆڤ کـە تیایـدا دیمـەن و سـێکانس و دەورەکـان دیـاری کـراون. ئـەم لایەنـەی تیـۆرە سیاسـییەکان، بناغـەی ناکۆکییـەکانی نێـوان ئـەفلاتوون و شـاعیرانی هاوچـەرخی بـوو. ئەفلاتوون دەیزانـی کـە ئـەوان وەك ڕەقیبی وان، هـەر بۆیـەش لـە کتـێبی کۆمـاردا، ڕێسـا و چوارچـێوەگەلێکی یـەکجار وردی بـۆ بەرهەمگـەلی پەسـەندکراوی هونـەری، دیـاری کـردووە. لــە کتێبەکـەی تریشـیدا "یاسـاکان" لــە زمـانی یاسـادانەرەوە، سـەبارەت بـەو شـاعیرانەی کـە دەیانـەوێ ئەنـدامێتی کۆمەڵـگا بەدەست بهێنن دەڵێ:

ئێمە پێیان دەڵێین ئەی "باشترین بیانی"یەکان! ئێمەش بە پێی توانای خۆمان شاعیرین و تراژیدیاکەی ئێمە باشترین و شکۆدارترین تراژیدیایە. لە ڕاستیدا کۆمەڵگاکەمان باشترین نموونەی لاسایی کردنەوەیەو هەروەها باشترین ژیانێکە کە شیعری تراژیدی وێنا ئەکات. ئێوە شاعیرن و ئێمەش شاعیرین. هەر دووکمان لەیەك قوماشین. بەڵام ڕەقیبی یەکدین و لە شیعری تراژیدیشدا دوژمنی یەکترین. تەنها یاسا حەقیقییەکان دەتوانن ئێمە کامڵ بکەن.

بنیاتنانەوەی نۆرماتیڤی تیۆری سیاسی، لە هەمان کاتدا بە جۆرە دۆزینەوەیەکیش لەقەڵەم ئەدرێت. کۆمەڵگای سەرلەنوێ بنیاتنراو، داهێنانێکی دەستی تیۆرسێن نییە بەڵکوو بە هۆی ئەوەوە دۆزراوەتەوە (کەشف کراوە). لە ڕاستیدا شێوازێك کە تیۆرسێن لە ڕێگەیەوە دەرك بە چییەتی کۆمەڵگای باش دەکا، وێکچوونێکی زۆری هەیە لەگەڵ ئەو شێوازەی کە بیرمەندان بۆ دۆزینەوەی تیۆرێکی تازە بەکاری دێنن. تیۆرسێنی سیاسی، واقعییەتەکانی دنیای سیاسەت وەك سەرەداوێك بەکاردێنێ و لە ڕێگەیانەوە، بە مەبەستی مانابەخشین بەم حەقیقەتانە، هەندێ گەڵاڵەی گشتیتر دەخاتەڕوو. وەك چۆن بیرمەندان ڕەنگە بەپێی ئیلهامە تاکەکەسییەکانەوە تیۆرەتازەکان بخەڕوو، ئەگەری ئەوەش لە ئارادایە کە تیۆرسێنیش بە شێوەیەکی "شهودی" دەرك بەمەسەلەکان بکات. بۆ نموونە ئەفلاتوون لە ڕێگەی

تەمسیلی "ئەشکەوت"ەوە، دەرککردنی رادیکالانەی سیستمی لەبار و رێکوپێک روون دەکاتەوەو دەڵێ: کەسێك کە حەقیقەتی سیستمی رێکوپێك دەرك بکات، وەك کەسێك وایە کە هەموو تەمەنی لە ناو ئەشکەوتێکدا ژیابێت و کاتێ لە ئەشکەوتەکەوە دێتە دەرەوەو بۆ یەکەمجارچاوی بە رووناکی دەکەوێ، لەوە بەدواوە جیهان لای ئەو فۆرم و مانایەکی‌تری هەیە!

لێکۆڵینەوەیەك کە لەسەر بناغەی بنیاتنانەوەی تیۆرەسیاسییەکان دامەزراوە، لەو روەوە کە تیۆرە سیاسییەکان لە سەر بنەمای حەقیقەتەکان هاتوونەتە ئاراوە، دەبێ بە "دۆزینەوە" لەقەڵەم بدرێ. وێناکردنی کۆمەڵگای باش لە لایەن تیۆرسێنەوە، لە خەونە تاکەکەسی و ئەبستراکتەکانیەوە سەرچاوە ناگرێت. تێگەیشتنی ئەو لە گەلاڵەکردنی نۆرمێك بۆ ژیانی سیاسی، لەراستیدا روونکردنەوەی قابلییەتە راستەقینەکانە لە دنیایەکی راستەقینەدا. ئەو سەبارەت بە دێو و پەری و گیانلەبەرە یەکشاخەکان نادوێ. تەقەلای تیۆرسێن بۆ بنیاتنانەوە، بە هۆی واقعییەتە "بابەتی"یەکانەوە بەتەواوی سنووردارەکرێ. هەر لەبەرئەوەشە کە هۆبس، فەلسەفەی سیاسی بە "زانستی شارەکان" ناودێرئەکرد.

کەواتە تێڕوانینە سەرلەنوێ بنیاتنراوەکەی تیۆرسێن، سەبارەت بە کۆمەڵگای سیستماتیك، لە راستیدا بە چالاکییەکی نیمەهونەری و نیمەزانستی لە قەڵەم دەدرێ و تاڕادەیەك

بەرهەمی زەینێکی داهێنەرەو تا ڕادەیەکیش دەرەنجامی دۆزینەوەیەکی سیستماتیکە. بنیاتنانەوە پێویستی بە تەسەورێك هەیە کە لە ئەزموونە "بابەتی"یەکانەوە سەرچاوە دەگرێ. مەبەست لە بنیاتنانەوە، دۆزینەوەی حەقیقەتێکە کە لە ڕێگەی شیکارێکی ڕاوەستاوی ئەو بارودۆخەی کە لەئارادایە، لە توانادانییە.

## رەهەندی وجوودیی بنیاتنانەوە

بەدواداچوونی بەردەوامی تیۆرە سیاسییەکان مەسەلەیەکی تەواو مەعریفییە. بەلام لەگەڵ ئەوەشدا بە تەواوەتی پێوەندی بەمەسەلە وجوودییەکانەوە هەیە، مەیلی بنیاتنانەوەی کۆمەڵگا بە شێوەی زەینی، بە تەواوەتی دەگەڕێتەوە بۆ پێکهاتەی رۆحی و تەنانەت پێکهاتەی ئارکیۆلۆژییانەی مرۆڤ. هەر بۆیە ئەم مەسەلەیە دەخرێتە ئەستۆی بیرکردنەوەی هەستپێکراو و بابەتییەوە، نەك بیرکردنەوەی ئەبستراك. ئەمەش ئەوە دەرئەخات کە ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ بە هۆی کاری فکرییەوە، دەیانەوێ "پێوەندییەکی پراکتیکی و پڕبایەخ" لەگەڵ ژینگەکەیاندا بهێننە ئاراوە.

لەم ڕووەوە تیۆرەسیاسییەکان فۆرمێکی تێکچڕژاو و ئاڵۆزی ئەرکە جیهانییەکانی ژیانی "ئەندام ئاسا"ن. ئەوانە بە شێوەك

نەزمی پێویست و گونجاو لە کۆمەڵگادا بەرقەرار ئەکەن کە تاکەکانی مرۆڤ بتوانن ئەرکە تایبەتەکانیان بە ئەنجام بگەیەنن. ئامانجی هەموو جۆرە ژیانێك لەسەر زەویدا ئەوەیەکە هاوسەنگی و هەماهەنگییەك لە نێوان ژینگەو نیازە دەروونییەکاندا بەرقەراربکات. تا مرۆڤ لە درێژەی گۆڕانکارییەکاندا زیاتر کامڵبێت، زەرورەتی نەزمی کۆمەڵگاش زیاتر و ئاڵۆزتر دەبێت. "ئەمیبا"ەکان (واتە گیانلەبەرە تاکە خانەکان amibe) و بوونەوەر و ئاژەڵە ئاساییەکانی‌تر، چاوەڕوانییەکی هێندەیان لەژینگەکەیان نییە، چونکە تەنیا پێویستیان بەوە هەیە کە بجووڵێن، بخۆن، بژین، بمێننەوەو زاوزێ بکەن. هەرکات ئەم گیانلەبەرانە تۆزێك کامڵتر بوون، رووبەڕووی پێداویستییەکی زەروریتر دەبنەوە کە ئەویش لە ئارادابوونی سیستمێکی لەبارە بۆ پێوەندی کردن بەوانی تر و هاوچەشنەکانیانەوە. ئەم پێداویستییە بۆ ژینگەی سیستماتیکی کۆمەڵایەتی ئەو ئاژەڵە کامڵترانەی کە دەیانەوێ جیهانێکی "بابەتی"ی رێکوپێکیان هەبێ، دیاردەیەکی نیمە سیاسی دێننە ئاراوە.

کاتێ کە قسە لەسەر بوونەوەرێکی وەك مرۆڤ (هۆمۆ ساپینس homo sapens) دەکەین دەبینین کە سیاسەت بەشێکی یەکجار زۆری ژینگەکەی گرتۆتەوە. جیا لەوەش توانای مرۆڤ بۆ

پێوەنـدی کـردن بـە جیهـانی دەرەوە (ژینگـە) تاڕادەیـەکی زۆر مـەعریفی و سـەمبولیکە، وەك لـەوەی غـەریزی بێـت، کەواتـە هەڵوەشـانەوەی سیسـتمی حـەقیقی، یـان جیهـانی سیاسـەت، گوشـارو کێشـەگەلێکی زۆری رۆحـی بـۆ دانیشـتوانی دێنێتـە ئاراوە. لەو روەوە کە مرۆڤ ناتوانێ لە کۆمەڵگایەکی پڕ لەپشێوی و ئـاژاوەدا بـژی، تێکچـوونی سیسـتمە پڕبایەخەکـەی جیهـان، شڵەژاوێتی لێدەکەوێتەوەو جۆرە پەرچەکردارییەکیشـی بـەدواوە دەبـێ. هـەروەك "رۆبێـرت جـەی لیفتـۆن" دەڵـێ: لەسـەردەمی جـێگـۆڕکێکردنـی کۆمەڵایەتیـدا، خـەڵك مـەیل و داواکارییـەکی زۆریـان هەیـە بەرانبـەر چالاکییەکان و هـەروەها ئـەو قسـانەی کـە گۆڕانی نەزم و ئاڵوگۆر (تـعـویـض)ی هێماکـانی مەوجوودییـەتی کۆمەڵایەتی ئاسانتر ئەکەن.

ئامـانجی قۆنـاغی بنیاتنانـەوەی کۆمەڵـگا لـە تیـۆرە سیاسـییەکاندا، چارەسـەرکردنی هـەر ئـەم مـەیلی بنیاتنانـەوەو هـەروەها دامەزرانـدنی پێوەنـدی نێـوان تـاك و کۆمەڵـگای سیاسـییە. پشـێوی و بـێنەزمییـە سیاسـییەکان، رێگـە بـۆ بنیاتنانـەوە لـە بوارێکـدا خـۆش ئەکـەن کـەشارسـتانییەتی رێونکـردوو..... بگـۆڕن بەشـتێك کـە مـرۆڤ تیایـدا هەسـت بەهێمنایەتی بکات.

## جۆرەکانی بنیاتنانەوەی تیۆرانە (نظری)

دەتوانرێ چەند میتۆدێک بۆ بنیاتنانەوەی کۆمەڵگای سیاسی لە تیۆرە سیاسییەکاندا دەستنیشان بکرێت. هەرکام لەم میتۆدە جۆراوجۆرانە پێوەندییان بەجۆرە رەفتارێکی تایبەتی سیاسییەوە هەیەو هەر بە پێی ئەم پێوەندییانەشە کە "ناویان" لەسەر دادەنێن".

یەکەم، ئەوشتەی کە دەتوانین بەتێگەیشتنی رادیکاڵ بۆ وەرچەرخان لە دنیای سیاسەتدا ناودێری بکەین، لەئارادایە. لێرەدا رادیکاڵ بەو مانایەی کە لەدنیای سیاسەتدا باوە ـ واتە چەپگەرا ــ بەکارناهێنرێت. بەڵکوو مەبەستمان لە واتای سەرەکی و بنەڕەتی وشەکەیە" واتە سەرچاوەی وشەکە کە ئەویش راڤەکردنی سەرچاوەی سەرەکی مەسەلەکە دەگەینێ. ئەم تێڕوانینە زۆربەی کات خوازیاری گۆڕانکارییەکی بەرفراوانە. تیۆرسێنی رادیکاڵ :ئامانج خواز"ە. ئەو لە لەرەوتەکەی خۆیدا کەسێکی فەلسەفی، ئەبستراکت و خەیاڵاوییەو هەروەها لە کاتی ئەنجامگیرییەکاندا یەکجار "لۆژیکی"یە.

هزرمەندی رادیکاڵ بە بینینی شکستەکانی کۆمەڵگاکەی و پاشانیش بە وێناکردنی کۆمەڵگایەك کە ئەو جۆرە شکستانەی تێدانییە، کۆمەڵگاکەی خۆی وێنادەکا. هزرمەندی رادیکاڵ بەبینینی شەڕو خوێنڕشتن، جیهانێکی پڕ لەئاشتی و میهرەبانی

وێنـا ئـەكات، كـە تيايـدا "گـورگ و مـەڕ" لەيـەك جۆگـەدا ئـاو ئەخۆنـەوە [واتـە پێكـەوە تـەبان]. ئـەو بـەبينينى ناڕاسـتييەكان" حەقيقـەت و بـە بينـينى نـەفرەت" برايـەتى و بـە بينـينى لێـك دابڕانـەكان" يـەكێتى و هـەروەها بـە بينـينى سـەركوتكارى" دەرك بەئازادى دەكا.

ڕەوشى تيۆرسازى راديكاڵ ڕەنگە تيۆرگەلێكى پڕ بايەخى زۆرى لـێبكەوێتـەوە. لەراسـتيدا بـەم پێيـە، تيۆرسـێنە حەماسـييەكان، هزرمەنـدانێكى يـەكجار راديكـاڵن چـونكە ئـەوان وەڵامـى ئـەو پرسيارە گرنگانـە ئەدەنـەوە كـە سـەبارەت بـە نـەزمى سياسى و هەروەها ئەو جيهانە سەرلەنوێ بنياتنراوەن كە وێنـاى ئەكـەن، جياوازييەكى زۆرى هەيە لەگـەڵ ئـەو بارودۆخـەى كـە لـە ئارادايـە. لـەم بارەيـەوە ئـەفلاتوون لـە تيۆرەكانيـدا هێنـدەى هێربێـرت مـاركۆزە ڕاديكاڵـە. ئـەوەش لـە كاتێكدايـە كـە وێناكردنـەكانيان لەسـەر سيسـتمى گونجـاو، بـە هـيچ شـێوەيەك لەيەك ناچن.

تايبەتمەندى سەرەكى شێوازى تيۆرسازى راديكاڵ، ئەوەيە كە ڕەوشێكى يەكجار قووڵ و كامڵ و هەمەلايەنەيە. لەو ڕووەوە كە ئـەم ڕەوشـە بـەوردى لـەبونيادى سياسـەت ئەكۆڵێتـەوە، ئـەو تيۆرسـێنە گەورانـەى كـە لايـەنگرى ئـەم ڕەوشـەن، هەميشـە پێوەنديان بە ژيانى مرۆڤەوە هەيە. لەبەر ئەوەش كە ئامـانجى ئـەو تيۆرانـە، جـێبـەجێ كردنـى تواناييـەكانى ژيـانى سياسـييە،

هەر بۆیە کاریگەرییەکی زۆر و بەردەوام لەسەر بیرۆکەکان و هاندانی ئەندیشەی خوێنەرانیان دادەنێن.

ئەڵبەتە ئەو رەوشی تیۆرسازییە، کەموکۆڕیشی تێدایە. رەنگە ئەم تیۆرانە بگەنە ئەو ئاستەی کە کەمتر کەسێك بتوانێت بە ئاسانی تێیان بگات. هەمیشە سنووری نێوان بلیمەتی و شێتی، بە ئاسانی دەسنیشان ناکرێت. هەر چەند زۆرن ئەو تیۆرسێنانەی کە لەسنووری بلیمەتیشیان تێپەڕاندووە، بەڵام رەنگە ئەو شتەی کە ئەوان وێنای دەکەن، لەراستیدا لە شتێکی ناپراکتیکی و تەنانەت لە خەیاڵێکی خاو زیاتر هیچ شتێکی نەبێت.

بۆ نموونە "شارڵ فۆریە" یەکێك لە سۆسیالیستە خەیاڵاوییە بە ناوبانگەکانی سەدەی نۆزدەهەمە، کە ئایندەیەك وێنا ئەکات کەتیایدا هەسارەکان یەك دەگرنەوەو ئاوی ئۆقیانووسەکانیش ئەگۆڕێت بە "ساردی" (نۆشابە). ئەم جۆرە خەیاڵانە نە پێشبێژین و نەبەقووڵ بیرکردنەوەش لە قەڵەم ئەدرێن بەڵکوو لە خەیاڵ و وەهم زیاتر هیچ نین.

مەترسیدارتر لە شێتییە فریودەرانەکەی فۆریە، وێناکردنەکانی بنیاتنانەوەی سیاسییە کە بەشتێکی هێندە خەیاڵی نایەنە بەرچاو، بەڵام پراکتیکیش نین [واتە نەخەیاڵین و نە پراکتیکی]. جینایەت و توندوتیژی کردن بۆ ئامانجگەلی ناپراکتیکی و تەکامولخواز، تا چەند بە بەشێکی ژیانی رۆژئاوا

لە قەڵەم ئەدرێ، هێندەش رێزلێنانی نرخ و کەسایەتی تاکەکەسی مرۆڤەکان رەچاودەکرێ. [واتە لە کۆمەڵگا رۆژئاواییەکاندا توندوتیژی هەیە بەڵام شانبەشانی ئەوەش رێز لەکەسایەتی مرۆڤ دەگیرێت]. پێڕەوی کردن لە ئامانجی تیۆرسێنەکان، بەشێك لەو مەسەلە سەرنج راکێشەیە. لە راستیدا چەند گەڵاڵە پێشنیارکراوەکە فریودەرانەتر بێت، پاساو هێنانەوەش بۆ توندوتیژیش زیاتر و زیاتر دەبێ. بۆ دامەزراندنی یۆتۆپیا ئەگەر چەند کەسێکیش ببنە قوربانی چ دەبێ؟ تیۆرسێنی مەحافیزەکار لە لێکۆڵینەوەکانیدا بۆ بنیاتنانەوەی کۆمەڵگا، بەدوای ئامانجێکی تردا دەگەڕێ. بەردی بناغەی ئەندیشەکانی ئەو، سوننەتگەلی کۆمەڵگایە نەك تێڕوانینی عەقڵانی و فکری. هزرمەندی مەحافیزەکاری ئاقڵ، لەو باوەڕەدا نییە کەئەم جیهانە باشترین جیهانی شیاو بێت. بەڵکوو پێی وایە کە باشترین پیشاندەری گۆڕان و "تەعدیل"ی کێشەگەلی هاوچەرخی سیاسی، بە ئاگابوونە لە ئەزموونە گشتی و بەکۆمەڵەکانی مرۆڤ. ئەو سوننەت و دەزگاگەلەی کەلە"تاقیکارییەکانی زەمەن"دا سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە، سەرچاوەی ئیلهامن بۆ تیۆرسێن، نەك بەوتەی مارکس "مۆتەکە" (کابوس).

کەواتەهەوڵی بنیاتنانەوە لە لایەن مەحافیزەکارانەوە، بە مانای لێوردبوونەوە لە ئەزموونەکانی مرۆڤە بەمەبەستی دۆزینەوەی ئەو رەهەندانەی کە چالاکی خۆیانیان پاراستووە،

نەك بۆ هەڵێنجانی دنیایەکی ئەبستراکت لە پێکهاتەی کۆمەڵگای باش. هزرمەندی مەحافیزەکار لەو باوەڕەدایە کە زەینی زاناو وریای توێژەرەوە لە "هاوچەشنێتی چالاکییە ئاکارییەکانی" مرۆڤ ورد ئەبێتەوەو لەو میانەرودا بەمەبەستی چارەسەکردنی ناهاوچەشنییەکانی کۆمەڵگا، پەنا ئەباتەبەر "هاوچەشنێنی"یەکانی نەریتی ئاکاری گشتی.

لایەنە بەهێزەکەی تیۆرسازی مەحافیزەکارانە لەوەدایە کە "واقیعگەرا"یە و ئەو واقیعگەراییەش لەبەرئەوەی لە ئەزموونە عەینییەکانی رابوردووەوە سەرچاوە دەگرێ، ناهێڵێ بکەوێتەداوی خەیاڵ چنی ڕەها و ئایدیالیستی‌یەوە. لە بەر ئەوەی کە بناغەی هزریی تیۆرسێنی مەحافیزەکار لە سەربنەمای سەرچاوەکانی "نەریت" و "رابوردوو" دامەزراوە، گەلاڵە پێشنیارکراوەکانیشی زیاتر پراکتیکین. بەڵام لایەنە کزولاوازەکەی ئەم میتۆدەی تیۆرە سیاسییەکان لەوەدایە کەبە ئاسانی لەبەر دەم "راوەستان" و کۆنەپەرستیدا چۆك دائەدات. رەنگە تیۆرسێنی مەحافیزەکار تێڕوانینی خۆی لەسەر ئایندە، بخاتەداوی ئەگەرەکانی رابوردووەوە. هەروەها رەنگە ئەو ئیمکانات و پێداویستییە تازانەش کەبەرهەمی هەلومەرجە بگۆڕەکانی مێژوون، لەبەرچاونەگرێت و ئاوڕیان لێنەداتەوە.

شێوازی سێهەمی بنیاتنانەوەی سیاسی، کە دەکەوێتە نێوان شێوازی مەحافیزەکارانەو شێوازی رادیکاڵیی، رەوشی ئەو

کەسانەیە کە باوەڕیان بە ڕەسەنایەتی کردەوە هەیە. مرۆڤی سیاسی "پراکتیك خواز"، ریفۆرمخوازیشە بەڵام لە جۆری "هەنگاو بە هەنگاو" [واتە ئارام و هێدی هێدی،و بەشێنەیی ریفۆرمەکانی ئەنجام ئەدا]. قۆناغی بنیاتنانەوەکەشی یەکجار جەموجۆرە. ئەو، بە تەواوەتی پابەند نییە بە بەڕێوەبردنی دەرەنجامە بونیادییەکانی تێگەیشتنەکەی خۆی لەسەر بێنەزمی سیاسیی. پەرچەکردارییەکانیشی زیاترئەزمونگەرین، وەك لەوەی تیۆری بن. ئەو پێی وایە کەباشترین کار، باشترکردن و چاکسازی سیستمی سیاسییە، نەك لێکۆڵینەوەی بەردەوام لەسەری. ئەگەر بەشێکی بچووکی ئامێرێك خراپ بوەو باش کارناکات، ئەبێ تەنها لە بیری چاککردنەوەی ئەو بەشەدابین، نەك هەموو پێکهاتەی ئامێرەکە بخەینە بەر ڕاڤەو لێکۆڵینەوەوە.

شێوازی سیاسی لایەنگرانی "ڕەسەنایەتی کردەوە" هەندێ جار بەشێوازی ڕو لەسەریش ناودێر ئەکرێت. ئەم جۆرە "کردە"و بیرکردنەوەیە، زۆربەی کات شێوازی باوی کۆمەڵگای ئەمریکایە. لەو ڕووەوە کەئەم تێڕوانینە لەبەرانبەر ئەو پرسیارە سەرەکییانەی کە سەبارەت بەسیستمی سیاسی دەخرێنەڕوو، بێ دەنگە" هەربۆیە بەدەگمەن بوار بۆ تیۆرسازییەکی قووڵی سیاسی دەڕخسێنێ. ئەڵبەتە نابێ ئەوە لە دژی تیۆرسازی لە قەڵەم بدەین چونکە تەنانەت لە ئەمریکاشدا نۆرمگەلێك لە ئارادان کە بە تەواوەتی لە سەر بنەمای فەلسەفەوە دامەزراون. ڕەنگە "بە

ـوقسان کارکردنی ئامێرێك" یان "سیستمێك کە خەریکە بەڕێوە دەچێ[٧]" بە بەراورد لەگەڵ هەندێ پرەنسیپی وەك دادپەروەری و ئازادی و... بە جۆرە نۆرمێکی کۆمەڵایەتی لە قەڵەم بەرێن. تەنانەت لەشێوازی ڕولەسەریشدا ئەبێ پێودانگێك هەبێت تا لە رێگەیەوە بزانرێت کۆمەڵگا تا چەند پێشکەوتووە؟ کەواتە ئەوە راستە کەشێوازی "کردەخوازی" تیۆرگەلێکی قووڵی سیاسی ناهێنێتە ئاراوە بەڵام ئەم شێوازەش تاڕادەیەکی زۆر لەگەڵ پیشەی تیۆرسازی و بنیاتنانەوەدا سەروکاری هەیە.

لایەنە پۆزەتیڤەکانی کردەخوازی، بە ئاشکرا دیارن. ئەم رەوشە بە ئاسانی کاریگەری وەردەگرێ و هیچ جۆرە دەمارگیرییەکیشی تیانییە. جۆرە پەرچەکردارییەکە (عکس العمل) کە هەرگیز فۆرمێکی ئەبستراکتی زێدەڕەوانە بە خۆوە ناگرێت. رەوشێکە کە بە هۆی کاریگەری وەرگرتن و جەخت کردن لەسەر ئامانجگەلێکی تایبەت و دیاریکراو، دێتە ئاراوەو رێلە چێبوونی جەمسەرگیریە ناپێویستەکان دەگرێ، بە تایبەت لەمەسەلە ئسووڵییەکاندا.

شێوازی تەواو "کردەخواز"یش هەندێ زیان و دەرەنجامی نێگەتیڤی هەیە: یەك لەوانە، زیانی فکرییە. بەو مانایە کە کردەخوازەکان وەك پێویست بیرناکەنەوە و لۆژیکی نین. ئەوان رەنگە تاڕادەیەکی زۆریش بێئاگابن لەو گریمانەو حوکمە لۆژیکییانەی کە بەسەر کردەوەکانیاندا زاڵە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم

نائاگاییــه تیۆرییــه، دەتــوانێ دوورئەندێشــیش لەناوبــەرێت. کــورتبینی و بەرچــاوتەنگی لــە سیاســەتدا شــتێکی یــەکجار مەترســیدارە. کەســێکی واقیعگــەرا رەنگــە لــە جیــاتی "بــەرەو پێشەوە چوون" بەمەبەستی رزگاربوون لە کێشەکان، خۆی بخاتە ناو زەلکاوێکەوەو خۆی لەناوببات. یان رەنگە پرەنسیپە بنەڕەتی و گرنگەکان لەبەرچاو نەگرێت. رەنگــە هــەردوو ئەم مەسەلەیەش روو بــدەن. لــە روانگــەی زۆربــەی رەخنەگرانــەوە، کردەوەخــوازی گەشبینانە، رۆڵێکی گرنگی بینی لە شکستخواردنی ئەمریکا لــە ڤیتنامدا.

## ئەفلاتوون و کۆمەڵگای داد پەروەر

قۆنــاغی بنیاتنانــەوەی تیــۆرە سیاســییەکان، هــەڵقوڵاوی لێکۆڵینــەوەکانی قۆناغــەکانی پــێش خۆیــەتی. وێنــاکردنی کۆمەڵگای بەختەوەر، لەسەر دەرەنجامێك دامەزراوە کە تیۆرسێن لە ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی چییەتی و سەرچاوەی بێنەزمییەوە بەدەســتی هێنــاوە. تیۆرســێن ســەرەتا کۆمەڵــگایەکی نالــەبار و ناڕێــكوپێــك دەبــینێ و پاشــان لــەو ڕێگەیــەوە دەســت ئەکاتــە وێناکردنی کۆمەڵگایەکی لەبارو سیستماتیك.

ئــەم پێوەندییــە نزیکــەی نێــوان ئــەزموونی بــێنــەزمی و دەستنیشــانکردنو تێڕوانینــە ســەرلەنوێ بنیاتنراوەکــەی ئــەو، بــە ئاشــکرا لــەناو هەنــدێ لــە وێناگەلــە بەناوبانگــەکانی "کۆمەڵــگای بەختەوەر" کە تیۆرسێنە سیاسییەکان خستوویانەتەڕوو، بەدی

ئەکرێت. بۆ نموونە سەرنج بدەنە کتێبی کۆماری ئەفلاتوون. ئەفلاتوون بۆ ماوەیەکی درێژخایەن، سیاسەتی شاری ئەسینای راڤەکرد، لەراستیدا بەو هیوایە بوو کە دەورێکی چالاك لە سیاسەتی کۆمەڵگاکەیدا ببینێت. لەو راڤەکارییانەشدا لەسەر شاری ئەسینا، رووبەڕووی کێشەو گرفت گەلێکی زۆر بوەوە، بەڵام ئەوشتەی کە زیاتر لە هەموو شت ئەوی راچڵەکاندو ناچاری کرد خوێندنەوەیەکی سیستماتیکیانە لەسەر کۆمەڵگاکەی بکات، دادگایی کردن ولەکوشتنی سوقرات بوو. یەکەم پرسیارو خاڵی دەسپێکردنی تیۆرە سیاسییەکەی ئەفلاتوون، ئەوە بوو کە: ئەو مەسەلەیە بۆچی رووی دا؟

بۆ ئەفلاتوون ئاشکرا بوو کە کۆمەڵگایەك کە لەسەر بنەمای دادپەروەری دامەزرابێت، ناتوانێ تووشی جینایەتێکی لەو جۆرە ببێت. هەروەها بەو دەرەنجامەش گەیشت کە کۆمەڵگای ئەسینا کە ئەوی تیا ئەژیا، رەنگە تووشی نەخۆشییەکی گەورەی ئاکاری بووبێت، بە تایبەت رەنگە دەسەڵاتدارەکانی، واتە رێبەرە سیاسییەکانیش، کەسانێکی گەندەڵ بن. چونکە ئەوان ئەگەر مانای "چاکەکاری"یان زانیبایەو هەوڵی پەرەپێدانیشیان بدایە، هەرگیز هاوولاتییەکی وەك سوقراتیان ـــ کەبەڕای ئەفلاتوون جیلوەیەکی هەموو کردەوە چاکەکانی مرۆڤ بوو ـ لەناو نەئەبرد.

دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی بێنەزمی کۆمەڵگای ئەسینا لە لایەن ئەفلاتوونەوە، پێی لەسەر ئەو مەسەلە دائەگرت کە

چینی حوکمڕان و دەسەڵاتداری کۆمەڵگا، بە شێوەیەکی گونجاو ڕانەهێنراوەو لە ڕاهێنانیاندا کەمتەر خەمی کراوە" هەروەها وتی:

بەهەمان شێوە ئەگەر بتوانی بۆ کەسانێك کە لیاقەتی دەسەڵاتدارێتییان هەیە، بەختەوەرییەك فەراهەم بکەیت کە باشتر و باڵاتر بێت لە پۆستی حوکمڕانی و دەسەڵاتدارێتی، ئەوا لەو کاتەدا ڕەنگە بتوانرێت لەشاردا حکوومەتێکی مەشرووع بەدی بکرێت. چونکە لەوەها شارێکدا ئیدی سەروەت و سامانی دەسەڵاتداران، زێڕو ئاڵتوون نییە بەڵکوو زانایی و پاکی و چاکەکارییە کە لە ڕاستیشدا ئەمانە (زانایی و پاکی و چاکەکاری) سامانی ڕاستەقینەی خەڵکانی بەختەوەرە. بەڵام بە پێچەوانەوە لەو شوێنانەدا کە دەسەڵاتداران و حوکمڕانان، سەرسواڵکەر و برسی بن و بیانەوێ لە ڕێگەی دەسەڵاتەکەیانەوە ماڵ و سامان بەدەست بهێنن، لەو حاڵەتەدا هەرگیز حکوومەتی مەشرووع بەرقەرار نابێت" چونکە هەمیشە بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات، لە کێشمەکێش و ململانێدان و ئەم براکوژی و شەڕە خێڵەکییانە، سەرەنجام هەم دەسەڵاتداران لەناو ئەبەن و هەمیش دەبنە هۆی ڕووخان و وێرانبوونی شار.

کەواتە کۆمەڵگای بەختەوەر کۆمەڵگایەکە کە بە هۆی مرۆڤە چاکەکانەوە بەڕێوە ئەبردرێت. کۆمەڵگای دادپەروەر دەبێ ڕێبەری دادپەروەریشی هەبێت. بەڕای ئەفلاتوون تەنها لەو ڕێگەیەوە دەتوانێ بەتەواوەتی ڕێکخستن بەخۆوە ببینێ. تەنها لە

کاتێکدا کۆمەڵگا سیاسییەکان لە نەخۆشی رزگاریان دەبێ کە فەیلەسوفەکان (بەواتای لایەنگرانی حیکمەت و زانایی، نەك بە مانا تەکنیکی و ئەمڕۆییەکەی) ببنە حوکمڕان و دەسەڵات بگرنەدەست:

ئەو گەندەڵییانەی کە کۆمەڵگا بەرەو رووخان و هەڵوەشانەوە دەبەن ـ کەبەڕای من، فەسادەکانی رەگەزی مرۆڤ بەگشتی هەرگیز کۆتاییان نایەت، مەگەر ئەو کاتەی کە لە شارەکاندا فەیلەسوفەکان ببنە حوکمڕان، یان ئەوانەی کە پێیان دەڵێن پاشاو دەسەڵاتدار، بە شێوەیەکی جیدی بچنە ریزی فەیلەسوفانەوەو هێزی سیاسی و حیکمەت و زانایی تیایاندا یەك بگرنەوە.

ئەفلاتوون هەروەك لە کۆماردا پیشانیداوە، کۆمەڵگای بەختەوەر بە کۆمەڵگایەك دەزانێ کەتیایدا فەیلەسوفان "نموونەیەکی متافیزیکی لە نەزمی جیهان" لەزەینی خۆیاندا چێ بکەن، وەك چۆن سوقرات لەزەینیدا وێنای کردبوو. پاش ئەوەی کەدەرکیان بە بەختەوەری کرد و تێکەڵی کەسایەتییان بوو، لەو کاتەدا هەوڵدان بۆ کەسایەتی بەخشین بەخەڵك و هەروەها چاکسازیکردن لە ئاکاری تایبەتی و گشتی تاکەکاندا، بە ئەرکی سەرشانی خۆی بزانێ و بواری گەیشتن بە سیفەتە متافیزیکییەکانیان بۆ بڕەخسێنێ.

هەر لەبەر ئەوەیە کە کتێبی کۆمار، دەس ئەکات بە روونکردنەوەو لێکدانەوەی سیستمێکی سەختی پەروەردەو

راهێنان کە دەبێ حوکمرانە فەیلەسوفەکان تێیبپەڕێنن، هەروەها ڕاقەی ئەو سیستمە کۆمەڵایەتییە دەکا کە حوکمڕانان بە کەڵك لێوەرگرتنی، کۆمەڵگایەکی ئایینی و ئیلاهی دادەمەزرێنن. هەموو ژیانی ئەفلاتوون بۆبەرەو پێش بردنی ئەو ئامانجە تەرخانکراو قوتابخانەیەکی بۆ راهێنانی زەینە فەلسەفییەکان سازکرد کە بە "ئەکادیمی" ناسراوە. ئەو هەمیشە بەدوای ڕێگەیەکەوە بوو کە بتوانێت ئەو وێنایەی کۆمەڵگای بەختەوەر کە لەزەینیدا دایڕشتووە، بخاتە بواری جێبەجێ کردنەوە.

ئەڵبەتە دەبێ ئەوەشمان لەبەرچاو بێت کە ئەو قسەو باسانەی سەرەوە تەنها نموونەیەکی یەکجار کەمی لێکۆڵینەوە تێروتەسەل و هاندەر ئامێزەکانی ئەفلاتوون لە کتێبی "کۆمار"دان. بەڵام هەر ئەم کورتە باسانەش ئەوە دەرئەخەن کە بنیاتنانەوە خەیاڵییەکەی کۆمەڵگا لەلایەن ئەفلاتوونەوە، لە ئەزموونە تاکەکەسییەکانی خۆی لەسەر بێنەزمی ئەسینا سەرچاوەی گرتووە. ئەفلاتوون وەڕەزبوو بەدەست ئەو کۆمەڵگا گەندەڵ و ریسوایەی کەتوانیبووی سوقرات ــ کەنموونەی حیکمەت و زانایی بوو ــ لە ناو بەرێت. ئەو، گەڵاڵەی کۆمەڵگایەکی دارشت کەبەتەواوەتی خاڵی بەرانبەری کۆمەڵگای ئەسینا بوو. ئەو کۆمەڵگا تازەیە لەجیاتی ئەشکەنجەو ئازاردانی باشترین هاووڵاتیانی خۆی، بە پێچەوانەوە بەدەسەڵاتیان دەگەینێ. لەوێدا حیکمەت و زانایی مەحکووم ناکرێن، بەڵکوو

ڕێزیان لێدەگیرێ و بایەخیان پێدەدرێ. لەوێدا لاسایی کردنەوەی نەزمی ئیلاهی، جێی بێنەزمی و شەڕاشۆیی دەگرێتەوە. ئەفلاتوون هیواداربوو کەکۆمەڵگاکەی ئەو، بێتە شوێنێك بۆ ژیانی خەڵکانی باش و چاکەکار:

بە پێچەوانەی شارەکانیتر، ئەوە خەون و خەیاڵ نییە چونکە لەو شارانەدا دەسەڵاتداران لەسەر "شتی هیچ و پووچ" لەگەڵ یەکتریدا شەڕ ئەکەن و دەسەلات بە شتێکی تەواو پڕ بایەخ چاولێدەکەن، هەربۆیە گەورەترین شەڕی لەسەر دەکەن.

## بناغەدانەرانی کۆمەڵگای ئەمریکاو "ئازادی لەبار"

"جیمزمەدیسۆن" و "ئەلکساندر هەمیلتۆن" و "جان جەی" لەکتێبی "وتارگەلی فدرالیست" دا، ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کێشەگەلێکی لەوجۆرە پیشان ئەدەن. ئامانجی ئەوان داڕشتنی یاسایەکی ئەساسی (دەستورێکی) تازە بوو کە بتوانێت لەبەرانبەر ئەو پشێوی و نادادپەروەری و سەرلێشێواوییانەی کە لە هەموو کۆمەڵگایەکدا وەك نەخۆشییەکی کوشندە، حکوومەتە مرۆڤ دۆستەکان بەرەو ژاکان و هەڵوەشانەوە دەبەن، بەرهەڵستی بکات. شارە پەنابەرنشینەکانی ئەمریکاش، وەك ئەسینای سەردەمی ئەفلاتوون، ڕووبەڕووی کێشەیەك بووبوونەوە کە لەوسەردەمەدا، بەخراپ کەڵك وەرگرتن لە دەسەڵاتی سیاسی لەقەڵەم ئەدرا. ئەوان تازەلەشەڕی دژی دیکتاتۆرییەتی "جۆرجی

سـێهەم" و پەرلـەمانی بـەریتانیا بووبوونـەوەو، ئـەزموونی کۆلۆنیـالیزم وەك وێنایـەکی زینـدووی جـۆرە بـێنەزمییـەکی سیاسی لەپێشچاویاندا بوو.

لـە لایـەکی تـرەوە، ئـەو شـارانەی ئـەمریکا بـە مەبەسـتی بەرەنگاری کردن و هەروەها رێگرتن لە "خراپ کەڵك وەرگرتن لـە دەسەڵات لە ئایندەدا"، زیدەڕەوییان ئەکرد. ئەو حکوومەتەش کە هەمیشەزراند، هێندە سست و لاواز بوو کە توانای بەڕێوەبردنی ئەرکە زەرورییەکانی حکوومەتی نەبوو. بە بیروڕای نووسـەرانی کتێبی "وتارگەلی فدارلیست" لاوازیو ئاژاوەنانـەوەکانی خـەڵك، بە پێی "پرەنسیپەکانی کۆنفێدراسیۆن" خەبەری لەسـەرهەڵدانی بێنـەزمی و پشـێوییەکی تـازە ئـەداو ئـەوان ئومێـدەوار بـوون کـە نەزمی سەرلەنوێ بنیات نراو، ئەو دوو لاوازییە چارەسـەر بکات، ئـەو سیسـتمە ئەبوایـە هـەم رێگـەی لـە دیکتاتۆرییـەت بگرتایـە (واتـە، دەسـەڵاتی لـەڕادەبـەدەری حکوومـەت)و، هـەم پشـێوی و ئانارشیزم (واتە شڵەژاوێتی و پشێوی کۆمەڵگا بە هۆی نـەبوونی حاکمییەتی دەوڵەتەوە).

مەدیسـۆن سـەبارەت بـە رووبەڕووبوونـەوە لەگـەڵ ئـەم ئاژاوەگێڕییـە سیاسییانەدا، بیروڕایـەکی پێچـەوانەی ئـەفلاتوونی هـەبوو. ئـەو لـەجیاتی ئـەوەی گەلاڵـەی سیسـتمێك دابڕێـژێت کـە تیایـدا گرووپێك بۆ بـە دەسـتەوەگرتنی پلـەو پایـە سیاسییەکان رابهێنـرێن، سیسـتمێکی هێنایـە ئـاراوە کـە بتـوانێ رێ لـە

گەشەکردن و چالاکیکردنی ئەو مرۆڤە خۆپەرست و پلەوپایەخوازانە بگرێت کە بە قازانجی بەرژەوەندییەکانیان کەڵك لە کۆمەڵگا وەردەگرن. بۆمەدیسۆن هەر ئەوەندە بەسبوو کە لەجیاتی چاکسازیکردن لە کەسایەتی مرۆڤدا، بە پێچەوانەوە دەزگاکان چاك بکات.

ئەڵبەتە ئەم جیاوازی شێوازانە، تاڕادەیەك دەرەنجامی ئەو بارودۆخەتایبەتەبوو کە مەدیسۆنی تیا ئەژیا. ئەو، توانا و دەرفەتی خستنەرووی کۆمەڵگایەکی یۆتۆپیایی و کامڵ، یان دەرفەتی راهێنانی زەینە فەلسەفییەکانی نەبوو. لەجیاتی ئەوە ناچار بوو چوارچێوەیەکی تایبەتی یاسایی دابرێژێت، کە مرۆڤەکان وەك خۆیان (بەوجۆرەی کەهەن) لەبەرچاو بگرێت، نەبەو شێوەیەی کە رەنگە بین.

تێڕوانینە جۆراوجۆرەکانی مەدیسۆن و ئەفلاتوون لەسەر نەزمی سیاسی سەرلەنوێ بنیاتنراو، ئاماژەیان بە جیاوازی بیروڕاکانیان ئەکرد سەبارەت بە هۆکاری کێشەکان. بەڕای ئەفلاتوون سیفەتگەلی خۆپەرستی، شەڕخوازی و پلەو پایەخوازی مرۆڤ، کە کۆمەڵگا رووبەڕووی مەترسی ئەکەنەوە، پیشاندەری فیترەتی ناپاك و گەندەڵیمرۆڤن کە ئەڵبەتە بە هۆی راهێنانی رێكوپێك و باشەوە چارەسەر دەکرێن. بە پێچەوانەوە

مەدیسۆن لەو باوەڕەدا بوو کە ئەم خەسڵەتە مرۆییانە "بەشێکی نەگۆڕ و سەقامگرتووی پێکهاتەی مرۆڤن" و تەنها کاتێکیش دەتوانین لەناویانبەرین کە ئازادیش لە ناوبەرین و ئەوەش وەك عوزری لە گوناح قەبیح‌تر وایە:

ئەوە بێ‌ئەقڵییەکی یەکجار گەورەیە ئەگەر ئازادی، کە بەشێکی هەرە پێویستی ژیانی سیاسییە، بەو هۆیەوە لە ناوبەرین کە پەرە بە تەفرەقەو دووبەرەکی ئەدات. ئەوەش بەتەواوەتی وەکوو ئەوەیە کە "هەوا"، کە لە پێداویستییە هەرە زەرووریيەکانی گیانلەبەرانە، بەو هۆیەوە لەناو بەرین کە دەبێتە هۆی زیاتر هەڵگیرسان و کڵپەسەندنی ئاگر.

بەم هۆیەوە مەدیسۆن لەو بڕوایەدایە کە تەنها ڕێگەچارەی لۆژیکی ئەوەیە کە بە ڕەخساندنی دەرفەت بۆ گەشەکردنی گرووپەکان و بەرژەوەندییە ڕەقیب و دژبەیەکەکان، ڕێگە لە گەشەکردنی پلەوپایەخوازی مرۆڤەکان بگرین. ڕێگەچارەکەی ئەفلاتوون واتە "پاشای فەیلەسوف" کێشەکە چارەسەر ناکات. بێهوودەیە ئەگەر بڵێین دەسەڵاتدارێکی ڕۆشنبیر دەتوانێ هاوسەنگی لە نێوان ئەم بەرژەوەندییانەدا بهێنێتە ئاراوە و بە قازانجی کۆمەڵگا بیانخاتە گەڕ. دەسەڵاتداری ڕۆشنبیر هەمیشە لەسەر کورسی دەسەڵاتدانییە. تەنها ڕێگەچارە، دامەزراندنی

سیستمێکە کە تیایدا، هێزە جۆراوجۆرەکان یەکتری کۆنتڕۆڵ بکەن:

ئەبێ ئامانج ئەوە بێت کە دەزگا جۆراوجۆرەکان بە شێوەیەك دابمەزرێنین کە هەموویان چاودێری یەکتری بکەن. بەواتایەکی‌تر، بەرژەوەندییە شەخسییەکانی هەموو تاکەکان، ببنە پارێزەر (پاساوان)ی مافەگشتییەکان.

ئەڵبەتە ئەفلاتوون بانگەشەی ئەوەش دەکا کە "واقیعگەرا"یە، بەڵام مەدیسۆن خەیاڵاوی و ئایدیالیستە. بەڕای ئەفلاتوون، تەنها کەسێکی خەیاڵاوی لەو باوەڕەدایە کە بنیاتنانەوەی دەزگا سیاسییەکان دەتوانێ کۆمەڵگا لەدەست مرۆڤە نادادپەروەرەکانەوە رزگار بکات. بەڕای ئەو، ئەم هەموو هەوڵ و تەقەلایە هەم خەفەتهێنەر و پڕووکێنەرن،هەم لەهەمان کاتیشدا بەرەمی ئەندیشەگەلی مافناسە خێرخوازەکانە.

.... لەراستیدا تەماشا کردنی کاری ئەو خەڵکە، سەرگەرمییەکی خۆشە. بۆخۆیان یاساگەلێك لەو جۆرانەی کە باسم کردن، دادەنێن و هەندێ زاراوەیان تیا بەکاردێنن و هەمیشە بەوە دڵخۆشن کە کۆتایی بێنن بەو گەندەڵییانەی کە دزە ئەکەنە ناو ئەو "بڕیار" و مەسەلانەی کە پێشتر قسەمان لەسەر کردن، بەڵام نازانن ئەو کارەیان لە "سەربڕینی مارێك" دەچێ کە دوای هەر سەربڕینێك، سەرێکی‌تری لێ‌دەڕوێتەوە.

ئەو وێنایەی کە ئەفلاتوون و مەدیسۆن لەسەر کۆمەڵگای بەختەوەریان خستەڕوو، وێنای کۆمەڵگایەك بوو کە دەیتوانی هەموو ئەو پشێوییە گرنگە سیاسییانەی کە بۆ خۆشیان تاقییانکردوونەتەوە، لەناوبەرێت. ئەو کۆمەڵگا دادپەروەرەی کە ئەفلاتوون لە کتێبی کۆماردا وێنای ئەکرد، دەرەنجامی تێڕوانینی ئەو بوو لە کۆمەڵگایەك کەتیایدا یەکێتی و رێکخستن، جێی ئاژاوە ناوخۆییەکان دەگرێتەوە. واتە کۆمەڵگایەك کە تیایدا خەڵکانی باش لە جیاتی ئەوەی کە بەدناو و ریسوابکرێن، بەپێچەوانەوە رێزیان لێ ئەگیردرێت. بەم پێیە، ئەو پێکهاتە تازە سیاسییەی کە لە "وتارگەلی فدرالیست"دا پیشاندراوە، کۆمەڵگایەکی هەم سەقامگرتوو و هەمیش ئازادە. ئەو کۆمەڵگایە، هەم لە دیکتاتۆرییەت و هەمیش لەو ئاژاوانەی کە نووسەران تاقییان کردوونەتەوە، رزگاربوە.

تێڕوانینی تیۆرسێنەکانی دیکەش لەسەر کۆمەڵگای بەختەوەر، هەربە هەمان ئەو رێگانەدا ڕۆشتوونە. هەموو ئەو نموونانەی کە وێناکردنی کۆمەڵگای بەختەوەر لەلایەن هزرمەندانەوە پیشانئەدەن، باس لە کۆمەڵگایەکی "لەبار" ئەکەن کە خاڵی بەرانبەری ئەو کۆمەڵگا نەخۆش و نالەبارانەیە کە ئەو هزرمەندانەیان تیا ئەژیا. ئێمە لێرەدا تەنها چەند نموونەیەك دێنینەوە.

# تۆماس هۆبس و کۆمەڵگای ئاسایش

هەروەك پێشتر باسکرا، تۆماس هۆبس ترسی جیاوازییە سیاسییەکانی بەریتانیای سەدەی حەڤدەهەم دایگرتبوو. بەڕای ئەو،جەمسەرگیریە کۆمەڵایەتییەکان کە کۆمەڵگایان بە سەر چەند گرووپ و تاقم و حیزب گەلێکی دژبەیەك دابەش کردبوو، بەریتانیایان خستبوە بەردەم مەترسی شەڕی ناوخۆیی و خوێنڕشتنێکی وێرانکەرەوە. بەڕای هۆبس، هەڵوەشانەوەی نەزمی سیاسی و سەرهەڵدانی براکوژی، گەورەترین کارەساتی سیاسی بوو.

هەربەم هۆیەوە، ئەو ڕێگاچارەی کە لە کتێبی "لویاتان" دا پێشنیاری کرد، خستنەڕووی سیستمێکی تازەی کۆمەڵایەتی بوو کە ئەم ڕەوتە مەترسیدارەی دەسڕیەوە. بە پێی لێکدانەوەکانی هۆبس، تا سیستمێکی بە هێزوتوانا جڵەوی دەسەڵاتی بەدەستەوە نەبێ، عاتیفە و سۆزە سروشتییەکان، خەڵك بەرەو شەڕێکی قورسی لەدژی یەکدی هانئەدەن. هەر بەم هۆیەشەوە، ئەبێ دەسەڵاتی حاکمییەتی "ڕەها" بهێنرێتە ئاراوە و دانیشی پێدابنرێت. ئێمە بۆ ئەو ئاشتی و ئاسایشەی کە هاتۆتە ئاراوە، هەم قەرزاری خوای "فانی"ین (واتە حکوومەتی بەدەسەلات)و، هەمیش خوای باقی. کەواتە وێنا سەرلەنوێ بنیاتنراوەکەی حاکمییەتی "لویاتان"، پێداویستییەکانی

بنیاتنانی کۆمەڵگای ئەمنی سیاسی و لەبار و سەقامگرتوو کە داکۆکی لە ماف هاوولاتیانی خۆی دەکا، ڕووندەکاتەوە.

## ژان ژاك ڕۆسۆو کۆمەڵگای ئاکاری

ڕۆسۆ لە لێکۆڵینەوەکانیدا ئاوڕ لەهەندێ بابەتی تریش ئەداتەوە. بەڕای ئەو، گەندەڵبوونی کۆمەڵگا، لە فرۆفێڵ و نایەکسانییەوە سەرچاوە دەگرێ. هەروەها لەو باوەڕەدابوو کە کۆمەڵگای فەرەنسە، هاوولاتیانی خۆی هان ئەدات کەداواکاری و خواستە سروشتییە مرۆڤییەکانیان سەرکوت بکەن و ڕەفتارگەلی دەسکرد و درۆیینی کۆمەلایەتییان لەجێ دابنێن. کۆمەڵگا، وێڕای ئەوەش، پەرە بە نایەکسانییەکی لەڕادەبەدەر لەناو هاوولاتیاندا ئەدات. ئەو دووشکستە وا لە هاوولاتیان دەکا کە هەم بە خۆیان نامۆبن و هەم بە هاوچەشنەکانی تریان و دەرەنجامەکەشی ئەوەبوو کە یەکپارچەیی کۆمەڵگای سیاسی لەڕووی ئاکارییەوە لەناوچوو.

کتێبی "پەیمانی کۆمەلایەتی" بۆ بەرەنگاری کردنەوەی ئەم شکستانە، کۆمەڵگایەك وێنادەکا کە ڕەفتاری دەسکرد و هەروەها نایەکسانییەك کە دووبەرەکی لێبکەوێتەوە، تیایدا بوونی نییەو هەموو هاوولاتیانی ئەو کۆمەڵگایە پێکەوە یەکسان و

بەرابەرن. کۆمەڵگا بەختەوەرەکەی رۆسۆ، ئەو یەکسانییە ئاکاری و مەشرووعەی کەتیایدا هەموو تاکەکان بە پێی بڕیارەکان، لە مافی یەکسان بەهرەمەندن، لە جێی نایەکسانی سروشتی و جەستەیی‌دا دادەنێ. لەگەڵ ئەوەشدا لەم کۆمەڵگایەدا نایەکسانی ئابووری، بەو شێوەیەی کە لە فەرەنسەی سەردەمی رۆسۆدا باو بوو، ناتوانێ یەکسانی ئاکاری و سیاسی بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە. لە جیهانی سیاسی "پەیمانی کۆمەڵایەتی"دا، هیچ هاوولاتییەك هێندە دەوڵەمەند نییە کە بتوانێت هەموو ئەوانی‌تر بخاتە خزمەتی خۆیەوەو، هیچ هاوولاتییەکیش هێندە هەژار و دەسکورت نییە کە ناچار بێت خۆی بفرۆشێت.

رۆسۆ گلەیی لەوە دەکرد کە ئەو کۆمەڵگا گەندەڵەی ئەوی تیا دەژیا، فیزیکزان، ئەندازیار، کیمیاناس، ئەستێرەناس، شاعیر و مۆسیقازان و هونەرمەندی زۆری تیایە بەلام هاوولاتی (شارمەند) تیانییە. لەگەڵ ئەوەشدا لەم سەردەمەدا، ئێرەیی بردن، بەدگومانی، ترس، بێ‌عاتیفەیی، خۆخواردنەوە و نەفرەت و فڕوفێڵبازی لە ژێرسێبەری "ئەدەبی کۆمەلایەتی"دا بە تەواوەتی برەوی هەیە. بەلام لەناو ئەو کۆمەڵگایەی کە "پەیمانی کۆمەلایەتی" باسی دەکا، مرۆڤەکان بۆ جارێکی‌تر دەبنەوە هاوولاتیگەلی راستەقینەو بە هۆی کۆتو بەندی ئاکاری "ئیرادەی

گشتی"یەوە، یەك دەگرنەوە و یەکگرتوو دەبن. لەو کۆمەڵگایەدا هاووڵاتیان هیچ فرۆفێڵێك لەیەك ناکەن و کەواتە هیچ دوژمنایەتییەکیشیان نابێت. هاووڵاتیانی کۆمەڵگای بەختەوەر بە تەنها بیر لە ئاسایشی گشتی دەکەنەوە و لەو حاڵەتەدا، هەموو داب و نەریتەکانی کۆمەڵگا، سادە و ساکارن و هەروەها یاساکانیشی روون و ئاشکران و هیچ جۆرە پێکادانێك لە نێوان بەرژەوەندییەکاندا لە ئارادا نییە. بەرژەوەندییە گشتییەکان لە هەموو شوێنێکدا ئاشکران و تەنها بە هۆی تێڕوانینی دروستەوە دەتوانین بیانبینین.

بەکورتی، یەکسانیی مەدەنی جێی سیستمی نامەشرووعی "زنجیرە پلەو پایەکان" دەگرێتەوە. راستگۆیی و چاکەکاری" جێی درۆ و تەڵەکەبازیو، هەروەها یەکێتی" جێی دووبەرەکی و دوژمنایەتی دەگرێتەوە. ئەگەر تێڕوانینەکەی رۆسۆ بخرێتە بواری جێبەجێ کردنەوە، نایەکسانی و خراپکارییە گەورە سیاسییەکانی ئەو سەردەمە، هەرگیز لە ئایندەدا مرۆڤ تووشی ئێش و ئازار ناکەن.

## ئەریك فرۆم و کۆمەڵگای ئاقڵ

ئەریك فرۆم کۆمەڵگای سەرلەنوێبنیاتنراو، بە "کۆمەڵگای ئاقڵ" لە قەڵەم ئەدات. واتە، هیچ نەزمێکی تایبەتی سیاسی کە تیایدا کێشەگەلی رۆحی و ئەو رەفتارە نادروستە کۆمەڵایەتییانەی کە کۆمەڵگاکانی ئەمڕۆ دەیانهێننە ئاراوە، لە ئارادانییە. کۆمەڵگایەکە کە لەسەر تەوەری مرۆڤ دەخولێتەوە و هەموو چالاکییە ئابووری و سیاسییەکانیشی گرێدراون بە گەشەکردن و تەکامولی ئەوەوە. کۆمەڵگایەك کە تیایدا هەندێ سیفەتی وەك فرەخوازی و چەوساندنەوە و کۆلۆنیالیزم و خۆپەرستی، وجوودیان نییە. کۆمەڵگایەکە کە بەتەنها بەرهەمی زەین و خەیاڵ، یان سەلیقە تاکەکەسیەکانی ئەو نییە. لە راستیدا گەلاڵەی کۆمەڵگایەکە کە بۆ سلامەتی رۆحی، شادمانی، هاوسەنگی، ئەوین و کەڵك وەرگرتن لە سروشتی هەر مرۆڤێك کە بەئەحمەقی و نەفامی لە دایك نەبوە، هەندێ ئیمکانات فەراهەم دەکا.

## كارل ماركس: دوای شۆڕش

دواهـــەمین نموونـــەی قۆنـــاغی بنیاتنانـــەوە لـــەتیـــۆرە سیاسـییەكاندا، كـە پێویسـتە ئامـاژەی پـێبكرێـت، تیۆرەكـەی ماركسـە. نـەك تـەنها لەبـەر ئـەوەی كـە ئـەم تیـۆرە لـەم سـەردەمە هاوچەرخەدا گرنگە، بەڵكوو لەبەر ئەوەی‌كە بە بەراورد لەگەڵ ئەو نموونانـەی تـردا كـە باسمـان كـردن، قـورس و ئـاڵۆزترە. كـارل ماركسـيش (هـەروەها فـ‌ێـدريش ئـەنگلس) وەك تيۆرسـێنە داهێنـەرە سياسـييەكانیتـر، روانگەيـەكی تايبـەتی سـەبارەت بـە كۆمەڵـگای بەختـەوەر هەيـە. بنيـاتنانەوەكـەی مـاركس چ وەك رواڵەت و چ وەك ناوەڕۆك، هەندێ تايبەتمەندی تايبـەت بـە خـۆی هەيە.

مـاركس تێڕوانينێكـی يـەكجار "گشـتی" لەسـەر كۆمەڵـگای بەختـەوەر هەيـە. مـاركس لـە يـەكێك لـەگوتـارە بەناوبانگەكانيـدا، كۆمەڵگای سياسی كۆمۆنيستی، بە كۆمەڵگايەك لە قەڵـەم ئـەدات كە تيايدا هيچ كەس لە هيچ بوارێكدا بـە تـەواوەتی پسـپۆڕ نييـە، بـەڵكوو هـەموو كەسـێك دەتـوانێ لـە هـەر بوارێـكـدا كـە حـەزی لێبێت، سەركەوتن بەدەست بهێنێت:

لەبەرئـــەوەی شـــێوەی بەرهـــەمهێنان لـــە ژێـــر كـــۆنترۆڵی كۆمەڵـــگادايە، مـــرۆڤيش دەتـــوانێ هـــەر رۆژەو چـــەندين كـــاری جۆراوجۆر ئەنجام بدات. بەيانييان بچێتەڕاو، دوانيوەڕۆ ماسـی

بگرێت، ئێوارە گاگەل بلەوەڕێنێت و شەویش دەس بکات بە ڕەخنەگرتنی کۆمەڵایەتی" بە بێ ئەوەی کە ڕاوچی، ماسیگیر، شوان، یان ڕەخنەگر بێت.

جگە لەم چەند قسە گشتییە سەبارەت بە ئابووری سادە و دڵخوازی ناپیشەییەکان، مارکس هێندە قسەی لەسەر وردەکارییەکانی کۆمەڵگای کۆمۆنیستی نەکردووە و بۆ ئەم کەم قسەکردنەشی هۆی تایبەتی هەیە. ئەو حەزی نەئەکرد بە تێروتەسەلی لەسەر کۆمەڵگای کۆمۆنیستی بدوێت و بە تەواوەتی بیخاتەڕوو، چونکە ئەم مەسەلە بۆ کەسێك کە زانستییانە کاردەکا، دروست نییە. مارکس ئەو تیۆرسێنانەی کەتێڕوانینی خۆیان لەسەرسیستەمی سیاسی عەقڵانی، بە تەواوەتی روون دەکردەوە، بە کەسانێکی "خەیاڵاوی" لە قەڵەم ئەدا. ئەم کۆمەڵگا سەرلەنوێبنیاتنراوە، هەرچەندەش سەرنجراکێش بێت، بەڵام مارکس گاڵتەی پێ دەکرد و بەشتێکی خەیاڵی لە قەڵەم ئەدا. هەروەها بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە سۆسیالیزمە زانستییەکەی ئەو، بە پێچەوانەی ئەو میتۆدانەی‌تر کە پێشتر قسەیان لەسەر کرا، لێکۆڵینەوە لەسەر واقعییەت و حەقیقەتەکان دەکا.

بە پێی لێکدانەوەکەی ئەو، حەقیقەت شتێکی "راوەستاو" نییە بەڵکوو بەردەوام لە حاڵی گۆڕان و گەشەونەشونماکردندایە. مارکس مۆدێلی ئەم پێشکەوتنەی کە لە مێژووشدا نموونەی

هەیە، بە "دیالکتیك" ناودێرکرد. ئەم باوەڕە هەندیٚ دەرەنجامی جۆراوجۆری لیٚکەوتەوە کە یەکێك لەوانە، لە پێوەندی لەگەڵ بابەتی ئەم بەشەدا گرنگییەکی زۆری هەیە. بیٚنەزمییەکانی ژیانی سیاسی لە بواری گۆڕانکارییە دیالکتیکەکاندا بە"دژایەتی" (تـضـا د) لە قەڵەم ئەدرێن. واتە ئەو بیٚ نەزمییانە لە حاڵەتی شەڕو پێکادانیك دان کە بە هۆی دوو هێزی موتەقابیل و جیاوازەوە دێنە ئاراوە. مارکس لەو باوەڕەدابوو کە بە هۆی هەوڵدان بۆ لەناوبردنی ئەم دژایەتییانەیە کە گۆڕانکاری دیالکتیکی دێتە ئاراوە. بەڕای مارکس لەناو بردنی "دژایەتییەکان" پاڵنەری گۆڕانکاریگەلی مێژووییە. ئەو بیٚنەزمییانەی کە مارکس لە سیاسەتی سەردەمی خۆیدا دەیبینی، لەبەر ئەوەی کە لە چەشنی هەمان ئەودژایەتییانە بوون، وای تەسەور دەکرد کە ئەوانە یەکدی پووچەڵ دەکەنەوە. بەواتایەکی‌دی، مارکس ئەو بیٚ نەزمییە سیاسییانەی کە تاقی ئەکردنەوە، تەنها وەك سەرەداوێك بۆ وێناکردنی کۆمەڵگایەکی سیستماتیکی سیاسی لە قەڵەم نەئەدا، بەڵکوو بەسەرچاوە و بناغەی گەشەکردنی کۆمەڵگایەکی عەقلانی تر لە ئایندەدا لە قەڵەم ئەدا. ئەم قۆناغە دواییەی مێژوو جۆرە بیٚ نەزمی و پشێوییەکی تێدا بوو کە دەبوە هۆی هەڵوەشانەوەی کۆمەڵگاکان.

کەواتــە تێڕوانینــە ســەرلەنوێ بنیاتنراوەکــەی مــارکس سەبارەت بە کۆمەڵگای بەختەوەر، زیاتر پێشبینییەکی گشتییە وەك لــە ئارەزوویــەکی خــەیاڵی. هــەروەها لــەو بــاوەڕەدابوو کــە تاڕادەیــەك ئــەو سیســتمە تــازەکۆمەلایەتییــەی وێنــاکردووە کــە لـــەئایندەیـــەکی نزیکـــدا دێتـــەئاراوە، نـــەك ئیمکاناتـــە "بـــالقـوّە "کان. کۆمەڵگا ســەرلەنوێ بنیــات نراوەکــەی ئــەو، تێڕوانینێك بوو لەسەر ئایندە، نەك لەسەر ئامانجێکی بێکۆتایی.

هــەر لەبــەر ئــەوەش بــوو کــە وێنــا کردنەکــەی مــارکس لــە کۆمەڵــگای کۆمۆنیســتی وێنــاکردنێکی تــەواو تــەومــژاوی بــوو. مـــرۆڤ دەتـــوانێ ســـەبارەت بـــە هیـــوا و خـــەیاڵ و ئامانجـــە ئەبســـتراکتەکانی خـــۆی، ڕاشـــکاوانە قســـە بکـــات. بـــەلام ئەگـــەر مرۆڤێکـی وەك مـارکس بانگەشــەی ئــەوەبکات کــەبــە یاســاکانی تــەکامولْ ئاشــنایە، ئیــدی ناتوانێــت بــە شــێوەیەکی دروســت پێشبینی ئایندە بکات" تەنها لە دوایین لێکۆڵینەوەدا دەتوانرێت ئاینـدە بەشێوەیەکی گشتی، پیشـان بدرێت. لەیـەکێك لـە خـوازە بەناوبانگەکانیـدا مـارکس، ئـەم خاڵـە بـە شـێوەیەکی جـوان دەخاتــەڕوو. ئــەو ئــەیوت، کاتێــك دەتــوانین کۆمەڵــگای عــەقلانی ئایندە وێنا بکەین کە بتوانین وێنایەك لەو کۆمەڵگایە لە "ناخی" ســـەردەمی خۆمانـــدا ببینـــین. بـــێ‌نەزمییـــەکانی کۆمەڵـــگای ســەرمایەداری، هــەڵگری وێنایــەکی کۆمەڵــگای سۆسیالیســتییە، بــەلام ئــەم وێنایــە تــەنها هەنــدێ لایــەنی دەرئــەخات، نــەك هــەموو

لایەنەکانی. تەنها لەکات و زەمەنێکی گونجاودادەتوانرێ هەست بە بینینی "سیستەمی نوێ" بکرێت. تەنها لە کاتێکدا دەتوانین نەزم ببینین کە ڕەوتی مێژوو کامڵ بێت و کۆمەڵگای تازە بێتە ئاراوە. تا ئەوکاتەش هەوڵدان بۆ وێناکردنی کۆمەڵگای کۆمۆنیستی، وەك ئەوە وایە کۆرپەلەیەك لە منداڵدانی دایکیدا بێت و ئێمەش پێشبینی ئەوەی بۆ بکەین ببێتە مرۆڤێکی ئاقڵ و باڵغ. لەکاتێکدا لە وێنایەکی گشتی و ناتەواو زیاتر لەسەر ئەو کۆرپەلەیە، ناتوانین هیچ شتێکی دیکە بەدەستەوە بدەین.

هەرچەند ئەوە تێڕوانینێکی یەکجار تەمومژاوییە بەڵام پێوەندی نێوان هەردوو تێگەیشتنەکەی مارکس لە بێ‌نەزمی کۆمەڵگاو تێگەیشتنی‌شی لە کۆمەڵگا سیستماتیکە عەقڵانییەکەی ئایندە، پێوەندییەکی تەواو روون و ئاشکرایە. مارکس باوەڕی بە کاری پراکتیکی هەبوو و، هەروەها تێگەیشتن لە چالاکێتی گۆڕانکارییە مێژووییەکان هانیان دا بە لێوردبوونەوەیەکی یەکجار زۆرەوە، دەست بکات بە هەڵسەنگاندنی بێ‌سیستەمی ئێستا و سیستەمی ئایندە.

کۆمەڵگای سەرمایەداری، کۆمەڵگایەکی چینایەتییەو کۆمەڵگای کۆمۆنیستی، کۆمەڵگەی ناچینایەتییە. خاوەنکاری بۆرژواو پڕۆلیتاریا هەردووکیان "نامۆن". مرۆڤی سۆسیالیست لە رووی رۆحییەوە لەبارو تەواوە و لەگەڵ ئەوەشدا نامۆنییە.کۆمەڵگای سەرمایەداری غەڵتانی شەڕوئاژاوەیە و

کۆمەڵگای کۆمۆنیستی،تەژیە لە ئاشتی و یەکسانی و برایەتی. بەکورتی، دژایەتی و پێکادانەکانی ئێستا دەگەنە ئاستێک کە ئیدی قابیلی تەحەمولکردن نین و پاشان بەهۆی وەرچەرخانێکی شۆڕشگێڕانەوە لەناو ئەچن. ئەو نەزمە تازەیەش کە بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانەوە دێتە ئاراوە مرۆڤێکی بەخشراو لەگەڵ مرۆڤێکی تاونبادارردا، چەندێک وێکچوونی هەیە هێندە وێکچوونی.

## بنیاتنانەوە: بواری مێژوویی و پێوەندیی هەمیشەیی

هەموو باس و لێدوانەکانمان لەسەر بنیاتنانەوە لە تیۆرە سیاسییەکان هەروەها ئەو نموونانەی کە هێنامانەوە، پێوەندی یەکجار نزیکی ئەم قۆناغەی لێکۆڵینەوەکەمان لەگەڵ قۆناغەکانی پێشتر پیشان دەدا. تێڕوانینە سەرلەنوێ بنیاتنراوەکەی تیۆرسێنی سیاسی، بەشێکی روونکراوەی لایەنە تاریکەکەی سیاسەتە کە بۆخۆی تاقی کردۆتەوەو بینیویەتی. سەرکەوتنی گەلاڵەی سەرلەنوێ بنیاتنراو، واتە قابلییەتی بەردەوام بوون، عەقلانی بوون و هەروەها حەقیقی بوونیشی، گرێدراوە بەو دەرەنجامەوە کە تیۆرسێن لە قۆناغی دەستنیشان کردنی هۆکارەکاندا بەدەستی هێناوە.

لەو روەوە کە قەیرانە تایبەتەکەی کۆمەڵگای تیۆرسێن، ئەو سەرچاوە خاوانەن کە لە ڕێگەیانەوە تێڕوانینی خۆی لەسەر سیستمی سیاسی دێنێتە ئاراوەو بەئاگابوون لە خودی

سەرچاوەکان و هەروەها بواری مێژووییشیان، تاڕادەیەکی زۆر یارمەتیمان ئەدا دەرك بە ئەندیشەکانی تیۆرسێن بکەین. تێگەیشتنی شلەژاوێتییە سیاسییەکانی ٤٠٠ ساڵ پێش زایینی کۆمەڵگای ئەسینا، هەندێ خاڵی گرنگ سەبارەت بە "کۆمار"ی ئەفلاتوونمان دەخاتە بەردەست. تێگەیشتنی تایبەتمەندییەکانی سیاسەتی سەردەمە پڕ لە پێشکەوتنەکەی فلۆرانس، یارمەتی مرۆڤ ئەدات کە بزانێ بۆچی مەکیاڤیلی سەبارەت بە پێویستبوونی حوکمڕانی بەدەسەڵات، شتی نووسیوە. تێگەیشتن لە گۆڕانکارییەکانی سەردەمی شۆڕشی پیشەسازی، بەمەبەستی دەرك پێکردنی هێزو توانا و واتای "مانیفێستی کۆمۆنیست"ی مارکس، گرنگییەکی یەکجار زۆری هەیە و ئەوانی دیکەش بەهەمان شێوە.

لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ بزانین کە گەلاڵە سەرلەنوێ بنیاتنراوەکەی تیۆرسێنە گەورە سیاسییەکان، بە تەنها بەرهەمی پرسیار و لێکۆڵینەوە مێژووییەکان نییە. ئەوە شتێکی ڕێکەوت نییە کە ڕاڤە و لێکۆڵینەوەکانیان تا ئێستا بایەخی خۆیان لەدەست نەداوەو لە هەموو کات و شوێنێکدا لە لایەن هزرمەندانەوە ــ کە پێوەندیشیان بەژینگەیانەوە نییە ــ دەخوێنرێنەوە. ڕەمزی مانەوەی لێکۆڵینەوەکانیان لەوەدایە کە مەسەلەگەلێك دەخەنەڕوو، کە پێوەندییان بەبنەماکانی بوونی مرۆڤەوە هەیە و هەروەها ئەو بێنەزمییانەش کە ڕاڤەکارییان

لەسەر ئەکەن، مەترسیگەلی هەمیشەیی کۆمەڵگا سیاسییەکانن. ئەو وردەکاریەکانی هەلومەرجەی کە ئەوانی بۆ تیۆری داڕشتن هانداوە، هەرگیز دووبارە نابنەوە بەلام هەل و مەرجە گشتییە شاراوەکان، ناوبەناو دووبارە دەبنەوە.

سەدەی بیستەم هیچ نیگەرانییەکی نییە لە مەڕ "دیۆنۆسیۆس"ی خەڵکی "سیراکۆز" یان دەسەلاتدارە فێڵبازەکانی ئەسینا، کە بە "سی ملهۆڕەکان" ناوبانگیان دەرکردووە. بەلام سەدەی بیستەم ناچار بوو رووبەڕووی دیکتاتۆرییەتی ستالین و هیتلەر ببێتەوە. کەواتە لێکۆڵینەوەی ئەفلاتوون لەسەر کرۆك و دینامیزمی دیکتاتۆرییەت، بەکەڵکی مەسەلەکانی ئەمڕۆش دێت.

شەڕە سیاسییەکانی نێوان شۆڕشگێڕە دیندارەکان (puritans)و لایەنگرانی کلێسەی ئەنگلیکەن (Anglican)، یان نێوان شای دیکتاتۆر و "یەکسانیخوازەکان" (levellers) لەم سەردەمەی ئێستادا هیچ مانایەکی نییە. بەلام لە ساڵی ١٩٤٢دا فەیلەسوفێکی گەورەی هاوچەرخ رایگەیاند کەبیرکردنەوە قووڵەکانی تۆماس هۆبس، بە تەواوەتی بەکەڵکی کێشە و گرفتەکانی ئەم سەردەمەی ئێستاش دێن. هەروەها وتیشی: "ئێستا، واتە لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا، زۆرن ئەو کەسانەی کە بۆیەکەم جار چاویان بە کتێبی لویاتانی هۆبس دەکەوێ و دەرك بە ئەرزش و بایەخی ئەو کتێبە دەکەن و بە

پڕبایەخترین ژێدەری ڕۆشنبیریی سیاسی لە جیهاندا لە قەڵەمی ئەدەن".

داب و نەریت و عادەتەکانی سەدەی هەژدەهەمی فەرەنسە، بەتەواوەتی لە ناوچوونەو سێ چینە گرنگ و جیاوازەکانی کۆمەڵگای فەرەنسە (ئەریستۆکراتەکان، خاوەن کڵێسەکان، خەڵکی ڕەمەکی) ئیدی بەمەسەلەیەکی گرنگی سیاسەتی ئەمڕۆ لە قەڵەم نادرێ و هیچ حسێبێکی بۆ ناکرێ. بەڵام ئەو کۆمەڵگا تازەیەی کە ڕۆسۆ لە وەڵامی ئەم واقعییەتانەدا پێشنیاری دەکرد، لای هزرمەندانی "چەپی نوێ" گرنگییەکی زۆری هەیە و پێوەندیشی بە کارەکانیانەوە هەیە. یەکێك لە نووسەرە هاوچەرخەکان، کە خۆی بە بیرکردنەوەیەکی لەو جۆرەوە سەبارەت بە مەسەلە سیاسی و ئەزمونگەرییەکان دەنووسێ، ڕۆسۆ بە "کانگای زێڕ" ناودێر ئەکات.

گرنگیی هەمیشەیی تیۆرسێنە گەورەکان لەوەدایە کە بە ڕێکوپێکی راڤەکاری لەسەر مەسەلە هەمیشەییەکان دەکەن. بەداخەوە شەڕەناوخۆییەکان، دیکتاتۆرییەت، چەوساندنەوە، سەرکوتکاری، ئانارشیزمی سیاسی، نامۆبوون و خراپ کەڵك وەرگرتن لە دەسەڵات، تایبەت بە هیچ سەردەمێکی مێژوویی نین و هەمیشە ئەگەری ئەوە لە ئارادایە کە کۆمەڵگا سەقامگرتوو و ئازاد و داهێنەرەکان ڕووبەڕووی ئەو مەترسییانە ببنەوە. ئەڵبەتە هەندێ جار تەنها مەترسیگەلێکی ساتەوەختین و هەندێ جاریش

بە دەگمەن ڕوو ئەدەن. کەواتە بیروڕاکانی ئەو تیۆرسێنانەی کە پێشتر ئەو مەترسییانەیان تاقی کردوونەتەوەو لێکۆڵینەوەشیان لەسەر کردوون، بۆ ئێمە گرنگییەکی زۆری هەیە. هەروەها وێنا سەرلەنوێ بنیاتنراوەکەی ژیانی سیاسی، کە لەو مەسەلانەشی تێ دەپەڕێنێ، ئێستاش هەمان تازەیی و بایەخی سەردەمی نووسینەکەی پاراستووە.

## وتاری پێنجەم

# ڕێگەچارە

فەیلەسوفە هاوچەرخەکان، قسەوباسی زۆریان کردووە لەسەر "قەڵشتی لۆژیکی" نێوان "ئەوەی کە هەیە" و "ئەوەی کە دەبێ ببێت". هەروەك ئەو فەیلەسوفانە جەختیان لەسەر کردووە، ڕستەیەك کە لە "بەشێوەی خەرمان بەسەراکردن" بەیان دەکرێ ـ "تۆ دەبێ ئەوکارە بکەیت" ـ لەڕووی لۆژیکیەوە ناتوانێت لە بەراییگەلێك هەڵێنجێنرێت کە لە "بەشێوەی هەوڵدان"دا ـ "ئەم مەسەلەیە هەروایە" ـ بەیان بکرێت. تەنانەت ئەگەر هەموو ڕستە "هەواڵیی"یەکانیش بخەینە سەریەك، ناتوانین هیچ ڕێگەچارەیەکیان لێوەدەست بێنین.

دێڤد هیوٚم لە کتێبی "نامیلکەیەك سەبارەت بە پێکهاتەی مرۆڤ"دا نموونەیەکی کلاسیك بۆ جیاوازی نێوان "ئەوەی کە هەیە" و "ئەوەی کە دەبێ ببێت" دێنێتەوەو دەڵێ: هەمیشە ئەوەم وتووە کە لەهەموو ئەو سیستەمە ئاکارییانەی کە تا ئێستا بینیومن، نووسەر تا ماوەیەك بەشێوەیەکی ئاسایی و لۆژیکی

بەدوای مەسەلەکاندا دەچێ، بۆ نموونە بوونیخوا دەسەلمێنێ، یان سەبارەت بە مەسەلە مرۆڤییەکان، بیروڕای خۆی دەرئەبڕێت. بەڵام کاتێك کە جگە لە مەسەلەگەلێکی پێوەندیدار بە "هەیە" و "نییە" هیچ مەسەلەیەکی دیکە شك نابەم کە پێوەندییان بە "دەبێ" و "نابێ"وە هەبێت، تەواو سەرمسووڕ دەمێنێ. ئەم گۆڕانە قابیلی دەرکپێکردن نییە، بەڵام هەندێ دەرەنجامی لێدەکەوێتەوە. چونکە ئەم "دەبێ" و "نابێ"یە، ئاماژە بە باوەڕ پێکردن یان پێوەندییەکی تازەدەکات. زۆر پێویستە کە ئەم مەسەلەیە بخرێتەبەر راڤەو شیکردنەوەو، هۆی تێنەگەیشتن لە هەندێ لە مەسەلەکان روون بکرێتەوەو باس لەوەش بکرێت کە چۆن دەتوانین پێوەندییەکی تازە لە پێوەندییەکانی ترەوە هەڵێنجێنین، پێوەندیگەلێك کە تەواو جیاوازییان لەگەڵیدا هەیە.

## تەجویزکردنی حەقیقەتەکان وەك ڕێگەچارە

ئەڵبەتە تێڕوانینەکانی هیوّم، لە واتا بەرتەسك و لۆژیکییەکانیاندا، هیچ ئاوارتەیەك هەڵناگرن. ناتوانین لە دەسپێکی "دەبێ"وە بەدەرەنجامی "هەیە" بگەین. بەڵام تەنها پشت بەستن بەو قسەیە، شتێکی تەواو گومڕاکەرە. قەڵشتی نێوان "ئەوەی کە هەیە" و "ئەوەی کە دەبێ ببێت" یەکێك لە ئاسایی ترین حەقیقەتەکانی ژیان" واتە ئەو کاریگەرییە گەورەیەی کە واقعییەتی جیهان لەسەر خەڵکی دادەنێ، ئەگۆڕێت

بەدیاردەیەکی "نهێنی ئاسا" و پڕ لە ڕەمزو نهێنی. مرۆڤ بە تەواوەتی بە پێی ئەو تێڕوانینە ڕەفتار دەکا کە لەسەر واقعییەتەکان هەیەتی. هەروەها بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی هۆی ئەنجامدانی هەموو کارەکانی، ئاماژە بە حەقیقەتەکانی پێوەندیدار بە جیهانەوە دەکات. تەنها مرۆڤێکی بێ مێشك و نەفام لە بۆشاییدا، پاساو بۆ کردەوە ئاکارییەکانی دێنێتەوە. کاتێ کەسێك ئەمرێکمان بەسەرا ئەکات و داوایەکمان لێئەکات، ئێمەش پرسیار لە هۆیەکەی ئەکەین. ئەو وەڵامانەش کە دەدرێنەوە، دەبێ لەسەر بنەمای واقعییەتەکان ڕاوەستابن. بۆ نموونە "لەسەر ئەو هێڵی ئاسنە هەستە!". "بۆچی؟". "چونکە ئێستا شەمەندەفەری پێدا دەڕوا". ئەو ڕوونکردنەوانەی کە لە واقعییەتەکانی ژیانەوە سەرچاوە بگرن، جێبەجێ کردنی هەموو ئەمرو داواکارییەك مسۆگەردەکەن و لەگەڵ ئەوەشدا مانایان پێ دەبەخشن. بە بێپشت بەستن بەواقعییەتەکان، ڕستە "داخوازیە"کان هیچ مانایەکیان نابێت و ناعەقڵانیش دەنوێنن. بۆ نموونە، "لەسەر ئەو هێڵی ئاسنە هەستە!". "بۆچی؟". "چونکە من دەڵێم!". "تۆ کێیت؟" تەنها لە جیهانی دەسکردی زەینی کەسانی وەك لویس کارۆڵ و فرانتس کافکادا، خستنەڕووی ڕێگەچارەکان، پێویستی بە بەڵگە هێنانەوە و ڕوونکردنەوە نییە. لەو دنیا واقعییەدا کە خەڵکی تیادەژی،

ئەگەر هەموو شتێك ئاقڵانە بێت، ڕێگەچارە پێشنیار کراوەکان دەبێ لەسەر بناغەی حەقیقەتەوە دامەزرابن.

تەنانەت سادەترین ڕستەش سەبارەت بە حەقیقەتەکان، جۆرە تەجویزکردنێکی شاراوەی تیایە. بۆ نموونە کاتێ کەسێك دەڵێ "ئەوە کورسییە" لە ڕاستیدا دەیەوێ ئەو بڵێ کە ناتوانین چێشتی پێ دروست بکەین، یان لە خوا بۆی بپاڕێینەوە. ئەڵبەتە ئەو بەمانای تەواوی وشە، هەرگیز هەڵێنجانێکی لۆژیکی نییە و ناتوانین ئەوە دەرەنجامانە لەو ڕستەیەی سەرەوە وەربگرین. بەڵام ئەگەر مانای دروست و تەواوی وشەکە لەبەرچاونەگرین، ئەو هەڵێنجانە بە شتگەلێکی تەواو لۆژیکی دێنە بەرچاو. ئەمانە بەشێکن لە مانای کورسی. بە پێی ئەقڵ و لۆژیك (واتە لەرووی پێوانەییەوە) کەس ناچار نییە لەسەر کورسی دابنیشێت، بەڵام باشترین کەڵکی کورسی، هەمان ئەم دانیشتنەیە لەسەری.

بەکورتی، ئەو ڕستانەی کە حەقیقەت بەیان دەکەن، بەمانا کراوەکەی ــ نەك مانا سنووردار و داخراوەکەی ــ شموولی تەجویزییان هەیە، واتە ئەوانە گونجاویێتی و ڕادەی پەرچەکردارییەکان دەسنیشان دەکەن. کەسێك کە بۆیاخ لە سەگەکەی ئەدات و مێزەکەی ئەلاوێنێتەوە، بە پێی لۆژیك هیچ بە هەڵەدا نەچوە، بەڵام بێگومان کەسانی دەوروبەری، ئەو کارانەی بە هەڵە لە قەڵەم ئەدەن. ئەڵبەتە ئەگەر دەرکی بە هەڵەکانی کرد و لەگەڵ ئەوەشدا جەخت لەسەر ئەوە بکاتەوە کە لە ڕووی

ئاگاینیەوە ئەو کارانەدەکا، دیسانەوە بە پێی لۆژیك ناتوانین کارەکانی بە هەڵە لە قەڵەم بدەین، بەڵام بێگومان دەڵێن کە تا ڕادەیەك مرۆڤێکی سەیرە.

تا رستەی تەوسیفی، کامڵتر و هەمەلایەنەتر بێت، شموولی تەجویزیشی زیاتر و کاریگەرتر دەبێ. تێڕوانینێکی هەمەلایەنە لەسەر جیهان، لە شێوازی داخوازیدا واتە بە شێوەی فرمان و داواکاری، یان هاندان و پاڵپێوەنانەوە دەرنابڕدرێت، بەڵام بە تەواوەتی کاریگەری لەسەر رەفتاری ئەو تاکانە دادەنێ کە پابەندن بە "ئاکار" و جەختیشی لەسەر دەکەنەوە. هەر بە هەمان شێوە تیۆرە سیاسییەکانیش دەرەنجامگەلێگی گرنگی تەجویزییان هەیە. کاتێ کە مرۆڤ لە واقعییەتەکانی دنیای سیاسەت تێبگات، بێگومان کاریگەری لەسەر رەفتارەکانی دادەنێن. کەواتە دەرەنجامەکانی پەرچەکردارییەکی ئاقڵانەو گونجاو، لە جیهانێکدا کە پێکهاتەیەکی تایبەتی هەیە، بە لایەنی "تەجویزی" تیۆرە سیاسییەکان لە قەڵەم ئەدرێن.

تێڕوانینی هەمەلایەنە لەسەر حەقیقەتەکان، لە رووی لۆژیکییەوە، خۆی لە خۆیدا هیچ ڕێگەچارەیەکی دیاریکراو بە دەستەوە نادات، بەڵام رەفتارگەلێك دێنێتە ئاراوەکە دەتوانین بە "لۆژیکی" لە قەڵەمیان بدەین. هەروەك تیۆدۆر رۆزاك دەڵێ:

رەفتاری ئێمە لە راستیدا رەنگدانەوەیەکی گشتیی تێڕوانینمانە لەسەر خۆمان و پێگەی خۆمان لە جیهانی

دەوروبەرمان. رەنگە ئەو تێڕوانینە لای ئێمە، لە ناو وشەکاندا ون بێت و رەنگە هەرگیز راستەوخۆش سەرنجی نەدەینێ. ئەم جیهانبینییە کە هەمیشە تێگەیشتن، یان هەل و مەرج و ...یلەکانمان تەعدیل و کۆنترۆڵ دەکەن، رەنگە بۆ هەمیشە لە ...ناغی نیمەخودئاگادا بمێنێتەوە. ئەم جیهانبینییە پێش ئەوەی ...نماییمان بکات بۆ دەستنیشان کردنی چاکەو خراپە، ناچارمان ...ەکاحەقیقەت لە ناحەقیقەت، دروستی لە نادروستی و مانادار لە بێمانا جیا بکەینەوە. پێش ئەوەی دەس بەهەر کارێك بکەین، دەبێ تێڕوانینێکمان لەسەر جیهان هەبێت و رەفتارەکانیشمان لەگەڵ ئەو مۆدێلە مانادارەدا بگونجێنین.

## پێوەندی نێوان "هەیە" و "دەبێ"

پێوەندی نهێنی و نهێنئامێزی نێوان "هەیە" و "دەبێ"، واتە نێوان وەسف کردنی جیهان و رێگەچارەکان، پێوەندییەکی نە نهێنییەو نە سڕئاسا. یەکێك لەم پێوەندییانە، "پرەنسیپی واقعییەت"ەو ئەوی دیکەشیان هێزی "ئارەزووە سروشتییەکانی مرۆڤ"ە.

"پرەنسیپی واقعییەت" ناچارمان دەکا رەفتارێکی ریالیستی لە خۆوە پیشان بدەین. هەروەها هانمان ئەدا کە کردەوەکانمان لەسەر بناغەی تێگەیشتنی واقیعی و ئاشکرای جیهانی دەوروبەر ـ نەك بەو شێوەیەی کە رەنگە هەبێت، یان بەو

شێوەیەی کە ئێمە بیری لێ دەکەینەوە ـــ دابمەزرێنین. ئەو ڕەفتارانەی کە پرەنسیپی واقعییەت بەسەریاندا زاڵە، دەبێ جیاوازی قایل بن لە نێوان خەون و خەیاڵ و، ئیمکانات و حەقیقەتە ڕەسەنەکاندا. ڕەفتارێکی لەو جۆرە، ئەوەی پێ قبووڵ ناکرێ کە هەسارەی مانگ لە پەنیر سازکراوە، یان کۆلکەزێڕینە لە گوڵدانێکی پڕ لە زێڕدا گەشە دەکا و گەورە دەبێ.

هێزی "ئارەزووە سروشتییەکانی مرۆڤ" لەڕاستیدا، دەرەنجامێکی سادەی ڕەفتارە پۆزەتیڤەکانی مرۆڤەکانە. مرۆڤ "لە ڕووی لۆژیکییەوە" دەتوانێ خوازیاری شەڕ و ئاژاوە و ئێش و ئازار و دیکتاتۆرییەت و ڕووخاندن بێت. بەڵام لە حاڵەتی نۆرماتیڤدا، مرۆڤ بۆ بەدەست هێنانی ڕێکخراوی، شادی، ئازادی و سەرکەوتن، خۆی ڕووبەڕووی ئەو مەترسییانە ناکاتەوە. بەمجۆرە ئەگەر بە کەسێکی سەر دووڕیانێك بڵێن ڕێگەی یەکەم بەرەو سەرکەوتن دەچێ و ڕێگەی دووهەم بەرەو تیاچوون، لە ڕاستیدا هیچ پێشنیارێکی تایبەت ئاراستەنەکراوە. واتە هیچ تەجویزێك نەکراوە. ئێوە پێتان وتووە کە "دەبێ" یەکێك لەو دوو ڕێگەیە هەڵبژێریت و ئەگەر کەسێکی ئاقڵ و زانا بێت و قسەکەی ئێوە قبووڵ بکات، ڕێگەی سەرکەوتن هەڵئەبژێرێت.

بە هۆی تایبەتمەندییەکانی پێکهاتەی مرۆڤ و هەروەها نۆرماتیڤ بوونی ئارەزووەکانیەوە، تەنانەت ئەگەر تیۆرسێنیك بە شێوەی تەجویزیش قسەنەکات، دیسانەوە قسەکانی

کاریگەرییەکی تەجویزییان دەبێت. واتە پێویست ناکات تیۆرسێن، بەفەرمان پێکردن خوێنەران ناچار بکات بەشێوەیەکی تەجویزی، لە تێگەیشتنەکانی ئەو لەسەر سیاسەت، تێبگەن. ئەو تەنها دەبێ مەسەلەکان وەك چۆنن، ئاوا باسیان لێبکات و پاشان ئارەزووە سروشتییەکانی بەردەنگ (مخاطب) خۆی، وای لێ دەکەن بە شێوەی تەجویزی تێیان بگات.

تیۆرە سیاسییەکان تاڕادەیەك وەك نەخشەگەلی دەریاوانەکانی ئەوسا وان، کە لە پەراوێزەکانیاندا دەنووسرا "لێرەدا ئەژدیها هەیە"، یان ئەوەیان پیشان ئەدا کە زەوییە تەختەکان لە کوێدا کۆتاییان دێت. لە هیچ کام لەو نەخشانەدا نەنووسرا بوو کە "لێرەدا مەچنە ژوورەوە!"، یان " هەڵێن!". تەنها مەلەوانێك کە لەگیانی خۆی بێزار بوایە، دەڕۆشتە ئەو شوێنەی کە لێی نووسراوە "لێرەدا ئەژدیها هەیە".

هۆبس کە دڵنیا بوو لەکاریگەری دانانی تیۆرە سیاسییەکەی، بەتەواوەتی دەرکی بەو مەسەلەیە کردبوو. مرۆڤ حەزناکات تووشی کێشەو شەڕە ناوخۆییەکان ببێت، بەڵام چ بیەوێت و چ نەیەوێت، ئەو کێشانە روودەدەن، چونکە خەڵك هۆکارەکانی شەڕو ئاشتی ناناسن. ئەگەر مرۆڤ چییەتی تیۆرە سیاسییەکان ـــ واتە تیۆرەکەی هۆبس ـــ دەرك بکات، حکوومەتێکی بەدەسەڵات دادەمەزرێنێ و لە رێگایەوە تاکەکان لەو مەترسییانە رزگار دەکا. لەو حاڵەتەدا کەس ناچارنییە

فەرمان بەسەر خەڵکدا بکات، یان گاڵتەیان پێ بکات، بەڵکوو فێرکارییەکانی زانستی سیاسەت، بە پێی ئارەزووە سروشتییەکانی مرۆڤ، ئەو کارە ئەنجام ئەدات. بەوتەی هۆبس: هەرکە مرۆڤ لەمەڕ ئەو بارودۆخە نالەبارەی کەتیایدا دەژی، زانیاری و ئاگایی تەواوی بە دەستهێنا، چییەتی هەمان ئەو بارودۆخە ناچاری دەکا خوازیاری ئەوە بێت کە لەو هەلومەرجە خراپ و نالەبارە رزگاری بێت.

ئەڵبەتە ئەوە راستە ئەگەر بوترێت هۆبس، هەندێ تایبەتمەندی تایبەت بە خۆی هەیە. ئەو زیاتر لە فەیلەسوفەکانی تر باوەڕی هەبوو بە پێوەندی نێوان ئەو شتانەی کە مرۆڤ بۆ جێبەجێ کردنی بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکان "ئەنجام ئەدات"و، ئەو شتانەی کە "دەبێ" بە قازانجی بەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵگا ئەنجام بدات. کەواتە هۆبس بە تەواوەتی جەختی دەکردەوە لەسەر پێوەندی نێوان ئەوەی کە "هەیە" و ئەوەی کە "دەبێ ببێت"، ئەوانەش دەگەڕێنێتەوە بۆ ئارەزووە سروشتییەکانی مرۆڤ.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە بابەتێکی تەواو ئاشکرایە کە ئەگەر مرۆڤ، بەهەمان شێوەی هۆبس لە سیاسەت تێبگات، رەنگە هەڵسوکەوت و رەفتارەکانیشی شێوەی ئەوانەی هۆبس بەخۆوەبگرن. بە هەرحاڵ رێگەچارە عەقڵانییەکان بە تەواوەتی

دەچنە ژێر کاریگەرێتی ئەو تێڕوانینەی کە لەسەر حەقیقەتەکان هەیەتی.

لەسەر هەمان پێودانگ، ئەگەر مرۆڤ بە شێوەی ئیدمۆند برێك لە سیاسەت تێبگات و ئەگەریش وەك جۆن لۆك لە کۆمەڵگا تێبگات، بێ گومان دەبێتە کەسێکی لیبراڵ ئەندیش و لیبراڵ بیردەکاتەوە. هەروەها ئەگەر وەك مارکس دەرك بە کۆمەڵگا بکات، بێگومان هەوڵ ئەدات بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ناچینایەتی. (لە راستیدا، نموونە مێژووییەکان لەم بوارەدا پێچەوانەی بیروڕاکانی مارکسیان سەلماندووە کە دەڵێ باوەڕە سیاسییەکانی خەڵکیش چینایەتین.بەگشتی، رێبەرانی بزاڤی مارکسیستی لە چینی پرۆلیتاریاو بە بیانووی بەرژەوەندییە چینایەتییەکانەوە رانەپەڕیون بەڵکوو رۆشنبیرانێکی بۆرژوابوون کە بە هۆی جیهانبینی و باوەڕەکانی مارکسەوە بەو رێگەیەدا رۆیشتن). بە هەرحاڵ ئەو نموونانەی کە باسمان کردن، ئەوە پیشان ئەدەن کەتێڕوانینی هەمەلایەنەی سیاسی، کاریگەرییەکی هەمەلایەنەش لەسەر رەفتار و کردەوە حەقیقی و ئاقلانەکان دادەنێت.

ئەگەر جیهان ئەو شتە بێت کە تیۆرسێنەکان (چ فەیلەسوف بن یاخود خەڵکی ئاسایی) تەسەوری دەکەن، کەواتەهەندێ، لە رەفتارەکان دەبێ بە شتگەلێکی "نائاسایی" لە قەڵەم بدرێن بە واتایەکی تر هەندێ رەفتاری مرۆڤەکان ــ تەنانەت هەندێ لە

ڕەفتارە جیهانییەکانیان ـ هەرگیز بەکەڵکی چارەسەرکردنی کێشەو گرفتە سیاسییەکان نایەن. ئەوەش بەو مانایە نییە کە هەندێك لە ڕەفتارەکان ـ بە مانا ئاکاری و سنووردارەکەی وشە ـ نادروست بن، بەڵکوو پێوەندییان بە بوارە کۆمەڵایەتییەکانەوە نییە و یەك ناگرنەوە و لەگەڵ یەکدا ناگونجێن. ئەوانە لەو ڕووەوە نادروستن کە بۆ نموونە کەسێك ئەو هەواڵەی پێبگات کە منداڵەکەی لە کارەساتی ئۆتۆمبێلدا بریندار بوە، یان کوژراوە، لەجیاتی ئەوەی کە بگری، بە پێچەوانەوە پێ بکەنێ" یان کاتێك سڵاوو چاكوخۆشی لەگەڵ کەسێکدا بکەن، لە جیاتی وەڵامدانەوە جنێوی بداتێ. لەو جۆرە حاڵەتانەدا مرۆڤ وا تەسەور دەکا کە ئەو کەسە، یان لە قسەکە تێنەگەییوەو بەهەڵە وەریگرتووە، یان بەڕاستی کەسێکی گەمژەو نەفامە.

ئەگەر بەهەمان شێوەی کە (برێك) دەیگوت، کۆمەڵگا سیاسییەکان لە بنەڕەتدا سیستمگەلێکی ئەندامی ئاسابن، کەواتە ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە کە بە شتگەلێکی دەسکرد و میکانیکی لە قەڵەمیان بدەین، هەروەها بە پێی قسەکانی ئەو، ئەگەر مرۆڤەکان بوونەوەرگەلێکی کۆمەڵایەتین کە بە هۆی نەریت و سۆزو عاتیفە پێکەوە دەبەسرێنەوە و یەك دەگرنەوە، هەڵەیەکی گەورەیە ئەگەر بە بوونەوەرگەلێکیان لە قەڵەم بدەین کە لەڕووی لۆژیکییەوە بە تەنها بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکانی خۆیان ڕەچاودەکەن.

هەروەها بەپێی قسەکانی ئەفلاتوون، ئەگەر دادپەروەری گەورەترین تایبەتمەندی رۆح بێت، هەوڵدانی "ناپلیۆنی" بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات، پەرچەکردارییەکی تەواو نادروستە لە بەرانبەر تایبەتمەندییەکانی مرۆڤدا. ئەو کەسانەی کە ئامانجیان بەدەستهێنانی بەختەوەرییە، دەبێ بێهێزترین فەیلەسوفیان بەلاوە پەسەندتر بێت، نەك بەهێزترین و دەوڵەمەندترین دیکتاتۆری جیهان چونکە لەدوارا‌ڤەکاریدا بەو دەرەنجامە دەگەین کەمرۆڤی دادپەروەر، بەختەوەرترین کەسە. ئەفلاتوون دەیگوت مرۆڤی دیکتاتۆر هەر ئەوانیتر لەناو نابات ، بەڵکوو لە ئاکامدا خۆیشی لەناو دەبات. تەنانەت ئەگەر بەدەست ئەوانی تر لەناونەچێت، بەهۆی تەماحی دەسەڵاتخوازییەکەیەوە تیادەچێ. چارەنووسی حەتمی و نەگۆڕی دیکتاتۆر ئەوەیە کە، یان بەدەست دوژمنانی لە ناو بچێت، یان بە هۆی بەدەستهێنانی لەڕادەبەدەری دەسەڵاتەوە، ببێتە گورگێکی دڕندە.

کەواتە ئەگەر کەسێك لە روانگەی مارکسەوە لە جیهان بڕوانێت، ئیدی داکۆکیکردنی لە سیستەمی سەرمایەداری، بەشتێکی ناعەقڵانی دێتە بەرچاو. ئەگەر بیروباوەڕەکانی مارکس سەبارەت بە سروشت و پێکهاتەی سیستەمی سیاسی بۆرژوازی دروست بن، لەو حاڵەتەدا تەنها مرۆڤگەلی "ناواقیع گەرا" و "نائاسایی" داکۆکی لە سیستەمێکی وا دەکەن. تەنها کەسێکی "ماسۆشی" و شێت لە بەرانبەر ئەو نامۆبوون و

چەوساندنەوانەدا چۆك دائەدات كە ماركس بەدەرەنجامی حەتمی سیستمی سەرمایەدارییان لە قەڵەم ئەدات. ئەڵبەتە رەنگە سەرمایەدارێكیش بەدی بكرێت كە دان بەحەقانییەتی قسەكانی ماركسدا بنێت، بەڵام بەو حاڵەشەوە لەبەرخاتری بەرچاوتەنگیو پاراستنی بەرژەوەندییە تاكەكەسییەكانی، وەك كۆنەپەرستێك دەمێنێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا قسە و تیۆرەكانی ماركس، زیانگەلێكی رۆحی زۆریان لێ دەكەوێتەوە. بۆ نموونە سەرمایەدارێكی لەو جۆرە، دەبێ وێڕای وێناكردنێكی ناشیرین لەسەرخۆی، درێژە بە ژیان بدات. هەروەها ناچارە خۆی بە بوونەوەرێكی چەوسێنەرو زاڵم تەسەور بكات كە كەوتۆتە داوی "تەلیسمی كالاّ"وە. زۆرن ئەو كەسانەی كە ناتوانن ئەو هەموو پێكادانی باوڕو رەفتارانە تەحەمول بكەن.

كەواتە قەڵشتی نێوان "ئەوەی كە هەیە" و "ئەوەی كە دەبێ ببێ" تاڕادەیەك پڕ دەبێتەوە. چونكە "ئەوەی كە دەبێ ببێ" هیچ كات بەرهەمی زەینی و سەرەڕۆیانەی كەسێكی تایبەت نییە. مرۆڤ لەبەر ئەوەی كە مەیل و سۆز و عاتیفەگەلی نۆرماتیڤیشی هەیە، ئەوە دەزانێت كە لەكاتی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ حەقیقەتەكاندا چ پەرچەكرداریيەكی تایبەتی هەبێت. ئەو مرۆڤە ئاساییەی كە لە دنیای (برێك)دا دەژی كاردانەوەكانیشی لە كاتی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ رووداوە سیاسییەكاندا، جیاوازییان هەیە لەگەڵ ئەو كەسەی كە لە دنیای ماركسدا دەژی.

## ئاڵۆزی زانیارییەکان ( data )

ئەگەر بە پێی قسەکانی هیوّم ئیختیاری "ئەوەی دەبێ بێت" لە دەس خودی تاکەکاندا نەبێ، کەواتە "ئەوەی کە هەیە"ش ناتوانێت سادە و تەواو ئاشکرا بێت. تێڕوانینی "گشتی" لەسەرسیستەمی سیاسی، هەرگیز سەروکاری لەگەڵ هۆکارەکاندا نییە. ئەوانە دەبێ هەمیشە داوەرییان لەسەر بکرێت و هەڵبسەنگێنرێن. دەستنیشانکردنیهەندێ لە حەقیقەتە سادە و سنووردارەکان کارێکی سەخت نییە. (بۆ نموونە حەقیقەتێکی وەك ئەوەی کە ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی سەنای ئەمریکا ١٠٠ کەسە.) بەڵام تێگەیشتنی کامڵ و هەمەلایەنەی سیاسەت، کارێکی یەکجار قورس و ئاڵۆزە.

وێنا کردنێکی کامڵی "ئەوەی کە هەیە" بە تایبەت لە بواری سیاسەتدا، دەبێ لەخۆگری "قابلییەتەکان، ئیمکانات و زەرووڕەتەکان و هەروەها حەقیقەتەکان" بێت. هەرکام لەم ڕەهەندانە، سەبارەت بە حەقیقەتی جیهان، لەسەر ئەو کردەوانەی مرۆۋ کە بەرەفتارگەلی سیاسی عەقلانی ناودێر ئەکرێن، کاریگەرییەکی یەکجار زۆر دادەنێن. هەر کام لەم ڕەهەندانە دەورێکی گرنگ لە تیۆرە سیاسییە عەقلانییەکاندا دەبینن. لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز ناتوانین بە هۆی بەڵگەگەلێکی سادەوە بیانسەلمێنین. ئەڵبەتە دەتوانین لە چەندین ڕوانگەی

جۆراوجۆرەوە باس لە رۆڵی تایبەتی ئیمکانات و حەقیقەتەکان و زەروورەتەکان بکەین.

پێشبینیکردنی رووداوکان لە کاتێکدا مومکین دەبیٚ کە پێشتر شتی وا رووی دابێت و لەو حاڵەتەشدا "ئەگەرەکان" ئیدی هیچ مانایەکیان نابێت. ئەگەر گەلاڵەیەك نەخرێتە بواری جیبەجیٚ کردنەوە، لە دوو لایەنەوە قابیلی باس کردنە: یان جیٚبەجیٚ کردنی نامومکینە، یان پێشتر قەت تاقی نەکراوەتەوە. هەندیٚ کەس دەڵێن مەسیحییەت تاقیکراوەتەوەو سەلمێندراوە کە کەموکوڕی زۆری هەیە. دەستەیەکی سێهەمیش دەڵێن تاقی کردنەوەی لە تواناداا نییە. دەستەیەکی تریش دەڵێن سەرەڕای لایەنە چاکەکانیشی، هێنانەئارای کۆمەڵگایەکی لەو جۆرە قەت مومکین نییە.

سەبارەت بە زەروورەتەکان، مرۆڤ ئەوە دەزانیٚ کە هەمیشە "ئەلف" و "ب" پێوەندییان بە یەکەوە هەیە. بەلاّم بە پێی قسەکانی هیوٚم "ئەلف" و "ب" هەمیشە پێکەوە بەستراونەتەوەو ئەو پێکەوە بەسترانەوەشیان بە هۆی زەروورەتەوە نەبوە. ناتوانین هۆکارەکان ببینین، بەڵکوو دەتوانین پشتیان پیٚببەستین و وەك بەڵگە کەڵکیان لیٚوەربگرین. بۆ نموونە تاقیکارییە تاکەکەسییەکان ئەوەیان دەرخستووە کە لەهەر کۆمەڵگایەکدا نەزم و یاسا بەرقەرار بێت، بیٚگومان لەوێدا حکوومەتێکی بەهێز ئامادەیی هەیە. بەلاّم بەڕاستی ناتوانین لافی ئەوە لیٚ بدەین کە

حکوومەتی بەهێز و نەزم و یاسا "وەك پێویست" تەواوکەری (لازم و ملزوم) یەکدین.

رەنگە مرۆڤ تاڕادەیەکی زۆر دڵنیابێت لەوەی کە دەتوانێ جیاوازی قایل بێت لە نێوان شتە سروشتییەکان و خەون و خەیاڵەکاندا، کە چی هەرگیز ناتوانێ بە دڵنیاییەوە بیروڕاکانی دەرببڕێت. هەندێ جار خەیاڵ وەك حەقیقەت دێتە بەرچاو. بۆ نموونە تراویلکە بۆ کەسێکی تینوو لە بیابانێکی بێ‌ئاودا، بە تەواوەتی وەك ئاو دێتە بەرچاو.

کاریگەرێتی پێشنیارکردنی ئەم رێگەچارانە، کە ئایا بەشێکن لە ئیمکانات و ئەگەرەکان، یان حەقیقەتەکان، دەبێ تا ئێستا بۆمان روون بووبێتەوە. وەك چۆن هەمیشە دەگوترێت "خواستن، توانینی بە دواوەیە". زۆر بەجێیە ئەگەر کەسێك داوامان لێ بکات لە پەنجەرەوە باز بدەینە خوارێ، بەشێتی لە قەڵەم بدەین. لە رووی لۆژیکییەوە کەس داوای شتێکی نەشیاو لەکەس ناکات. ئەگەر کەسێك داوا لە خزمەتچی رستۆرانێك بکات کە گێلاسێك شەرابی بێ ئەلکولی بۆ بێنێت، بێ‌گومان خزمەتچییەکە تووشی سەرسووڕمان دەبێ. بڕیاردانێکی دروست هەمیشە دەبێ جیاوازی لە نێوان حەقیقەتەکان و شتە رووکەشەکاندا قایل بێت. "لەسەر سەهۆڵدا ڕێ مەکەن، چونکە راستە کە بە رواڵەت ئەستوور دێتە بەرچاو، بەڵام تەواو ناسکە".

زۆربەی ناکۆکییە هەرە گرنگەکان لەسەر بابەتی تەجویزکردن لە تیۆرە سیاسییەکاندا، بە هۆی ئەو مەسەلانەوە، پێوەندییان بە مەسەلە حەقیقییەکانەوە هەیە.

## ئاسۆی توانایییەکان

سەرەتا سەرنج بدەنە بابەتی تواناییەکانی مرۆڤ. ئەم پرسیارە کە خەڵك "بالقوە" چین؟ وە کاتێکیش کە گەشەونەشە دەکەن و گەورە دەبن، دەبن بەچی؟ پرسیارێکە سەبارەت بە حەقیقەت و سروشتی مرۆڤ. ئەم پرسیارە، مەسەلەیەکی بە تەنها زەینی و سەلیقەیی و تاکەکەسی نییە. بەڵام هەروەك پێشتریش باسمان کرد، داوەری کردن لە بارەیەوە کارێکی ئاسان نییە و لە راستیشدا بە تەواوەتی دەرك کردنی سروشتی مرۆڤ، یەکجار سەخت و دژوارە. ئەوەی کەئایا مشوورخواردنێکی تەجویزی، شتێکی عەقڵانییە، یان نا، ـواتە ئایا کاردانەوەیەکی باشە لە بەرانبەر مەسەلەی بەرباسدا؟ ـ زۆربەی کات راستەوخۆ پێوەندی بە وەڵامی ئەم پرسیارەوە هەیە.

ئایا خەڵك "بالقوە" بوونەوەرگەلێکی شاد و خۆشەویست و لەبەردڵان و دلۆڤان و کۆمەڵایەتین؟ ئەگەر ئاوا بێت، کەواتە ئەوخەڵکە زۆرەی کە ناڕازی و ناکۆمەڵایەتی و ناحەز و ناخۆشەویستن، دەرەنجامی ژینگەی کۆمەڵایەتی و دەزگا سیاسییەکانن. کەواتە ئەم مەسەلەیە بۆ ئەو کەسانەی کە

گرنگیی زۆری هەیە، بە ئەرکی سەرشانی خۆیانی دەزانن کە هەوڵ بدەن ئەو دەزگاگەلە بڕووخێنن و لە ناویان بەرن.

یان بە پێچەوانەوە، خەڵك " بـــا لـقـوّ ە " بوونەوەرگەلێکی تاوانکارو دەس درێژی کەرو دیکتاتۆرن؟ ئەگەر ئاوا بێت، کەواتە پێشینەی پێکهاتە سیاسییەکان، بە باشتر و بە کەڵکتر دێنە بەرچاو. راستە ئەوانە نەیانتوانیوە بە تەواوەتی ئاشتی و ئازادی مرۆۋ دابینبکەن بەڵام دەبێ ئەوەشمان لەبەرچاو بێت کە کەرەسە خاوەکانیان (واتە سروشتی مرۆۋ) کەم و کوڕی زۆریان هەبوە. بەسەرنجدان بە ئارەزووە سروشتییەکان و ناڕێكبوونی مرۆۋ و هەروەها ئەم حەقیقەتە کە ئەم دەزگاگەلە، رێیان لە کوشتنی مرۆڤەکان لە لایەن یەکدییەوە گرتووە، سەرکەوتنگەلێکی باشیان بەدەستهێناوە. کەواتە باشترین رێگەچارە ئەوەیە کە هێزەکانی "نەزم و یاسا" بە هێزتر بکرێن وەك لەوەی لاوازتر و بێهێزتر بکرێن.

بە لەبەرچاو گرتنی دەرەنجامەکانی تێڕوانینی مرۆۋ لەسەر هێزە " بالقوّە"کانی مرۆۋ، دەتوانین هێزە سیاسییەکان بە ئامرازێك لە قەڵەم بدەین بۆ سەقامگیرکردنی ئاشتی و ئاسایش، یان رێگرێك لە بەردەم گەشەسەندن دا.

## سنووردار بوونی ئیمکاناتەکان

زۆربەی کات تێگەیشتن لە قابلییەتەکانی مرۆڤ، پێوەندی هەیە لەگەڵ داوەری کردن لەسەر هەموو ئەو شتانەی کە لە پانتایی سیاسەتدا بواری رەخسانیان هەیە. کەواتە هەڵسەنگاندنی دروستی ئاسۆی ئیمکاناتەکان لە سیاسەتدا بەئاشکرا گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ رێگەچارە سیاسییە گرنگ و چارەنووس سازەکان. ئەگەر بمانەوێ نموونەیەکی گونجاو سەبارەت بە قابلییەتی مرۆڤ کە تەجویزیش بن بهێنینەوە، دەبێ ئاماژە بۆ بیرورا لێکجیاوازەکانی مارکس و فرۆید بکەین کە سەبارەتن بە پێکهێنانی کۆمەڵگای ناچینایەتی. بەڕای مارکس پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی لەوجۆرە نەك تەنها لە توانادایە بەڵکوو حەتمیشە و ئیختیاریشی لەدەس کەسدانییە. قابلییەتەکانی مرۆڤ بۆ پێك هێنانی کۆمەڵگایەکی پڕ لە ئاشتی و ئازادی و دادپەروەری لە مێژوودا دەس بەکاردەبن و ئەو کۆمەڵگایە دێننە ئاراوە. مرۆڤ ئیختیاری ئەوەی هەیە، یان سواری قەتاری مێژوو بێت، یان لە ژێر تایەکانیدا پان ببێتەوە. هەڵبژاردنی رێگەی یەکەم، باشترین و عەقڵانیترین رێگەیە، بە تایبەت کە مێژوو نەك تەنها لە چالاکی ناکەوێ بەڵکوو چالاکییەکەشی هەم لۆژیکی و مرۆڤییە و هەمیش رزگارکەرە. فرۆید هەموو ئەم پرۆسەیە بە شێوەیەکیتر دەبینێ. بە پێی تێڕوانینی ئەو لە سەر سروشتی

مرۆڤ، ئارەزووی مارکس بۆ پێک هێنانی کۆمەڵگایەکی کۆمۆنیستی لە خەیاڵێکی بێهوودە زیاتر هیچ شتێکی تر نییە. فرۆید پێی وایە کە سروشتی مرۆڤ بە شێوەیەکە کە بەدیهاتنی ئەو تێڕوانینە یۆتۆپیاییە نامومکین دەکا. شەڕاشۆیی کە قەت بنەبڕیش نابێت و هەروەها خۆپەرستی و دەسەڵاتخوازی لە سروشتی مرۆڤدا، مۆڵەت بە کارێکی وا نادەن. کەواتە، لە قۆناغی تەجویزی دا، باوەڕەکانی فرۆید بە تەواوەتی سیاسەتەکەی مارکس تێک دەشکێنن. ئەگەر هەڵسەنگاندنەکەی ئەو لەسەر قابلییەتە مرۆییەکان دروست بێت، کەواتەهەوڵدان بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگای کۆمۆنیستی کارێکی یەکجار بێهوودەیەو لەو حاڵەتەدا بەڕاستی مرۆڤ بە ئامانجە دڵخوازەکانی ناگات. شتی وا هەرگیز لە توانادا نییە. وەرچەرخانی ئیجباری و کتوپڕی مێژوو بەرەو ئاقارێک کە ئەو بیروڕا ئامانج خوازانە دەستنیشانی دەکەن، دەرەنجامگەلێکی پڕ لەکارەساتی لێدەکەوێتەوە.

ئەرستۆ چەندین سەدە لەمەوپێش، بەلۆژیکێکی لەو چەشنەوە، بیروڕاکانی ئەفلاتوونی سەبارەت بە کۆمەڵگای یەکگرتوو و سۆسیالیستی خستۆتە بەر رەخنەوە. بە چاوپۆشی کردن لەو قەڵشتە فەلسەفییەی کە ئەفلاتوون و مارکس لێک جیادەکاتەوە، ئەویش دامەزراندنی کۆمەڵگای سۆسیالیستی ــ لانی کەم بۆ چینی پارێزەری (پاسەوانان) کۆمەڵگا ــ پێشنیار

کرد. ئەفلاتوون بۆ ئەوەی ڕێ لە ناکۆکی نێوان پارێزەران ـ واتە نوخبە حاکمە فەیلەسوفەکان ـ بگیردرێت، لە موڵکایەتی تاکەکەسی بێبەشی کردن. بەڵام بەڕای ئەرستۆ ئەو کۆمەڵگا یۆتۆپیاییەی کە لە کتێبی کۆماردا خراوەتەڕوو، هەرگیز ناتوانرێ بخرێتە بواری جێبەجێ کردنەوە. هەروەها لەو باوەڕەدا بوو کە ئەفلاتوون (وەك چۆن فرۆید پێی وابوو مارکس بە هەڵەداچوە) لەو ڕووەوە کە پشێوییە سیاسییەکانی بەدەرەنجامی نەبوونی کۆمۆنیزم لە قەڵەم ئەدا، تەواو بە هەڵەدا چوە. چونکە سەرچاوەی هەموو ئەمانە دەگەڕێتەوە بۆ فیترەتی ناپاکی مرۆڤ بەگشتی.

کەواتە تاڕادەیەك بەهۆی دەستنیشانکردنیناد روستی هۆکارەکانەوە بوو کە ئەفلاتوون ئەو ئامانجە سیاسییە نامومکینەی خستۆتەڕوو. ئەرستۆ بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە ئەو کۆمەڵگا یۆتۆپیاییەی ئەفلاتوون، قەت بواری هاتنە ئارای بۆ نەدەڕەخسا، چونکە وەها کۆمەڵگایەك نە یەك پارچەیەو نە یەككگرتوو. هەروەها بەسەرنجدان لە سروشتی مرۆڤ، شتێکی وا هەرگیز لە تواناد انییە. کۆمەڵگاکەی ئەفلاتون سەرەنجام: ١ـ یان هەموو خراپییەکان و ناشیرینییەکانی کۆمەڵگایەکی سیاسی لە خۆدەگرێت، ٢ـ یان لە لایەن ئەو هاوڵاتییانەی کە پارێزەر (پاسەوان) نین، پەسەندناکرێ، ٣ـ یان بە ناچار دوو حکوومەتی دژبەیەك لە کۆمەڵگادا دێنە ئاراوە. تاقمی پارێزەران دەبنە

لەشکرێکی سەربازی و داگیرکەر و وەرزێران و کاسبکاران و ئەوانی تریش دەبنە هاووڵاتی ئاسایی.

لایەنی دیکەی ئەو مەسەلەیە ئەوەیە کە، دەبێ ئەوە روون ببێتەوە کە ئایا ئەو سیستمە سیاسییەی کە تا ئێستا بە شتێکی نەشیاو لە قەڵەم دراوە، بەڕاستی دەتوانێ دابمەزرێت، یان نا؟ بۆنموونە جۆن لۆك لە کتێبی "نامەیەك دەبارەی لێکبوردن"دا بە شێوەیەکی تایبەتی باس لەو مەسەلەیە دەکات. لۆك دەیویست ئەوە دەربخات کە تەنها رێگەی بەدەزگایی کردنی ئەو فرە مەزهەبییەی کە هەڵقوڵاوی ریفۆرمی مەزهەبی لە مەسیحییەتدا بوو، جیاکردنەوەی مەزهەب لە سیاسەتە. شەڕو پێکدادانی نێوان گرووپە پرۆتستانەکان، کە هەریەکە و بەمەبەستی هەڵاتن لە تەعقیبە سیاسییەکان، بەدوای ئەوەوە بوون کە بەدەسەڵات بگەن لەو رێگەیە شەوە بەسەر دەزگا سیاسییەکاندا زاڵبن، کۆمەڵگای بەریتانیایان خستبوە بەردەم مەترسی هەڵوەشانەوەوە. لەورووەوە کە مەزهەبی باوی ئەو سەردەمە، ئەو سیستمە سیاسییەی بە دروست و لەبار لە قەڵەم ئەدا کەلەسەر بناغەی مەزهەب دامەزرابێت، یان بەلانی کەمەوە لەگەڵ باوەڕە مەزهەبییەکاندا تەبا بێت، کەواتە رێگەچارەکەی لۆك بایەخێکی یەکجار کەمی پێدراو کەمتر ئاوڕی لێدرایەوە. ئەوەی کە لۆك توانی دەری بخات ئەوە بوو کە جیاکردنەوەی مەزهەب و سیاسەت و لێکبوردن لە نێوانیاندا، شتێکی نەشیاو نییە و دەتوانرێ ئەنجام بدرێت. هەروەها ئەوەشی پیشان دا کە بەم رەوشە دەتوانرێ

قەڵـەمڕەوی چـاودێری کردنـی دەزگـا سیاسـی و مەزهەبییـەکان لێکجیابکرێتەوە، بە بێ ئەوەی کە زیـان لـە مەشرووعییەتی هـیچ کامیان بگات.

هێربێـرت مـارکۆزە بەهـەمان شـێوە لـە کتـێبی "ئـەوین و شارسـتانییەت"دا هـەوڵی ئـەدا کۆمەڵـگایەکی تـازەی سیاسـی بهێنێتە ئاراوە. ئەو پێش گریمانە گشتییەی کە فرۆید ڕاشکاوانە دەری ئـەبڕی ئـەوە بـوو کـە شارسـتانییەت لەسـەر بناغـەی "سـەرکوتکاری" دامـەزراوە. بـەو واتایـە کـە خـەڵك دەبـێ تاڕادەیـەکی زۆر ئارەزوو و حـەز و داواکارییـەکانیان پشـت گـوێ بخـەن و گوێیـان نـەدەنێ. بـەم پێیـە، هـیچ کۆمەڵـگایەك نـابێ چاودێری هاووڵاتیانی نەکات و کاری بەسەریانەوە نەبێ، چونکە داواکارییـــەکانی هاووڵاتیـــان سازشـــیان لەگـــەڵ ناکرێـــت و ناشـتوانرێت هــەر هــەموویان جــێبــەجێ بکــرێن خۆئەگــەر چـاودێرییان بەسـەرەوە نـەبێت، کۆمەڵـگا هەڵدەوەشـێننەوە و نـابوودی ئەکـەن. مـارکۆزە دژایـەتی ئـەم بیروڕایـە دەکـا و دەڵـێ جـێبـەجێ کردنـی ویسـت و داواکارییـەکانی مرۆڤـی ئـەمڕۆ، کـارێکی یـەکجار ئاسـانە. سـەرکەوتنە ئابوورییـەکانی کۆمەڵـگا پیشەسازییەکان، دەتوانن ئازادی و ئاسایشـی تاکەکان مسۆگەر بکـەن. کەواتـە کۆمەڵـگایەکی لـەبار و سیسـتماتیك دەتـوانێ بـە تەواوەتی داواکارییە فیترییەکانی مرۆڤ جێبەجێ بکا. ئەگـەر ئـەو قسـەیەی مـارکۆزە دروسـت بێـت، بەڕاسـتی قسـەیەکی یـەکجار گرنگە، بەڵام هێشتا کەسانێکی زۆر پێی قانع نابن.

## سنوورەکانی ‹ زەرورەت ›

لایەنی تەجویزی تیۆرە سیاسییەکان، زۆربەی کات لە داوەری کردن لەسەر شتە زەرووریيەکان، یان شتە حەتمییەکانەوە سەرچاوە دەگرێ. وەك چۆن شتێکی گاڵتەجاڕیە ئەگەر کەسێك بیەوێت دیاردە نەشیاوەکان بخاتە بواری جێبەجێ کردنەوە، بەهەمان رادەش کارێکی ناعەقڵانیشە ئەگەر کەسێك بیەوێت زەروورەتەکان پووچەڵ بکاتەوە. هەردوو ئەم داواکارییانە پووچ و بێسودن. ئەگەر تەجویزە سیاسییەکان دەیانەوێ واقیعگەرا و لە ئاکامدا ئیجباری بن، دەبێ ئەو سنوور و چوارچێوانەش کە جیهانی دەوروبەر بەسەر مرۆڤی دەسەپێنن، لەبەرچاوبگرن و لێیان غافڵ نەبن.

ئەڵبەتە زۆربەی کات زەروورەتەکان بە شێوەیەکی تەمومژاوی دەرئەبڕدرێن. هەندێ جار وادەگوترێ کە رووداوێك بە پێی زەروورەت روو ئەدات، لە کاتێکدا مەبەستی راستەقینەی بێژەری ئەو قسەیە ئەوەیە کە رووداوێك روو ئەدات کە ئەو خۆی پێی خۆشەو نەك شتیتر. زەروورەتێك کە بەیان دەکرێ لەراستیدا گوزارشت لەپێداویستی تاکەکان دەکا. تیۆرە سیاسییەکانیش لەو پرۆسەیە بەدوور نین و [هەر تیۆرێکی سیاسی، بۆ مەبەستێکی تایبەت دێتە ئاراوە]. ئەوانیش رەنگە ئەو پلان و بەرنامە سیاسییانەی کە جەختیان لەسەر دەکەن، لە

شێوەی زەروورەتەکاندا دەربڕن. ئەڵبەتە زۆربەی کات بابەتەکە زۆر لەوە قورس و ئاڵۆزترە. هەندێ لە ڕێگەچارە گرنگە تەجویزییەکانی تیۆرە سیاسییەکان، لەسەر ئەو تێڕوانینە راوەستاون کەجیهان بە شێوەیەکی بابەتی، دەبێتە هۆی زەرووری بوونی هەندێ مەسەلە. بەواتایەکی روونتر، هەندێ لە ڕێگەچارە تەجویزییەکان پێیان وایە کە پلان و بەرنامە دروستە سیاسییەکان، دەبێ هەندێ لە واقعییەتە زەرووری و حاشاهەڵنەگرەکانی ژیان لەبەرچاو بگرن. لەرووی لۆژیکیشەوە مرۆڤ نابێ کاری بێهوودە ئەنجام بدات، کارێك کە هیچ دەرەنجامێکی نابێت. لەو حاڵەتەدا "دەبێ"یەکان لە "هەیە" کانەوە هەڵنەهێنجراون، بەڵکوو واقعییەتەکان ئەوە دەردەخەن کە جێبەجێ کردنی "دەبێ"یەکان کارێکی بێسودە.

یەکێك لە میتۆدەکانی لێکۆڵینەوە لەسەر زەروورەتەکان، بەو دەرەنجامە دەگات کە رووداونی هەندێ لە رووداوە سیاسییەکان مەسەلەیەکی حەتمی و حاشاهەڵنەگرە. ڕێبازەکانی "زەروورەتی مێژوو"و "جەبری مێژوویی" لە ریزی ئەو میتۆدانەدان. مارکس و هەروەها هێگڵ ــ کە بەر لە مارکس بوو ــ کە لە ریزی گەورەترین تیۆرسێنە سیاسییەکاندان، تەجویزەکانیان لەسەر بنەمای ئەو ڕێبازەوە راوەستاون. بە بیروڕای ئەوان، مێژوو هەمیشە لە ناوەوە چالاکی و جووڵەی هەیە و بێگومان ئایندەیەکی ڕێك و لەبارش دێنێتە ئاراوە. ئەم لۆژیکە

دەروونییەی مێژوو، بێگومان بەسەر هەموو هەوڵ و تەقەلاکانی مرۆڤ بۆ گۆڕینی ڕەوتی مێژوودا زاڵ دەبێ. کەواتە هەڵبژاردنی مرۆڤیش روون و ئاشکرا دەبێ. یان دەبێ لەگەڵ ڕەوتی مێژوودا بچێتە پێشەوە، یان تیایدا قەتیس بمێنێتەوە و نابوودببێت.

مارکس، سەرەڕای ئەوەش کە چینی مامناوەندی تاوانبار دەکات، پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە رێبازەکەی ئەو لەسەر مەسەلەکان، دا دیاریو ئاکاری نین، بەڵکوو تەواو زانستین. بێ گومان ئەو، رۆڵی ویستە تاکەکەسییەکانی خۆی بۆ تاوانبار کردنی نەیارەکانی، بە هێند نەدەگرت. بەلام مەبەستیشی لەوەی کە خۆی بە هزرمەند لە قەڵەم ئەدا، نەك بەراهێنەری ئاکاری، ئەوە بوو کە بانگەشەی ئەوەی دەکرد رێگەچارە تەجویزییەکان، لە واقیعدا بە هۆی زەرورەتەکانی جیهانەوە سەپێنراون. هەروەها ئەیوت ئەوانەی داکۆکی لە کۆمەڵگای بۆرژوایی دەکەن، بەهەڵەدا دەچن و هەڵەکەشیان "ئاکاری" نییە، بەڵکوو لەرووی زانستییەوە رێگەیەکی هەڵەیان هەڵبژاردووە. ئەوان لەو روەوە هەڵە دەکەن کە کارەکەیان هەم نائاساییە و هەمیش رێگرە لەبەردەم پێشکەوتنە زەروورییەکەی مێژوودا.

هەروەها پلان و بەرنامە گونجاوە سیاسییەکان، دەبێ هەموو ئەوشتانەی کە لە زانستی کۆمەڵناسیدا بەشتگەلێکی حەتمی و حاشاهەڵنەگر لە قەڵەم ئەدرێن، لەبەرچاوبگرن. ئەگەر کۆمەڵگای مرۆڤی، بەفیترەت هەندێ لایەن و خەسڵەت و

تایبەتمەندی هەیە کە بۆ مانەوەی پێویستن، کەواتە ئەو کەسانەی کە ڕێگەچارەی سیاسی پێشنیاردەکەن، دەبێ ئەو لایەنانەش لەبەرچاوبگرن. ئەگەر ڕەچەتەی پزیشکێك دەستووراتێك لەخۆبگرێت کەسلامەتی نەخۆشەکە زیاتر بخاتە بەردەم مەترسییەوە، لەراستیدا ئیدی "فەلسەفەی وجوودیی" پزیشك، واتاو ناوەڕۆکی خۆی لەدەستداوە. کەواتە ڕێنماییە کۆمەلایەتییە ئاقلانەکان، دەبێ ئەو زەروورەتانەی کە بەشێکن لە خەسڵەتە فیترییەکانی کۆمەڵگا، لەبەر چاوبگرن.

زۆربەی ڕێگەچارە پێشنیارکراوەکانی تیۆرە سیاسییەکان کاردانەوەیەکی سیستماتیکن بۆ بەرەنگاری کردنی زەروورەت گەلێکی لەوچەشنە. زەروورەتە سۆسیۆلۆژیەکان، بە تایبەت بە هۆی پرەنسیپی نەگونجاوی (عدم صلاحیت)یەوە، بۆ تیۆرسێنە سیاسییەکان زۆر سەرنج ڕاکێشن. بەو واتایە کە پشت بەستن بە زەروورەت و حەتمییەتی کۆمەلایەتییەوە، تیۆرە سیاسییە نەیارەکان بە (نا صالح) لە قەڵەم ئەدەن. ئەڵبەتە ئیدیعاکەی تیۆرسێن، بە بیانووی پشت بەستن بەزەروورەتی کۆمەلایەتی گرنگی پێ نادرێت، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا بە ئاسانی شکست بە تیۆرە نەیارەکان ئەهێنێ و تیۆرەکەی خۆشی لە شەڕی ڕەخنە ڕزگار دەکا. بەمجۆرە تیۆرەکەی، بە هۆی گرنگیدان بەم زەروورەتە حاشاهەڵنەگرانەوە، وەك تەنها ڕێگەچارە، یان یەکێك لە گرنگترین ڕێگەچارەکان دەکەوێتە گەڕ.

بۆ نموونە ئیدمۆندبرێك بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئازادیخوازان و یەکسانیخوازە شۆڕشگێڕە فەرەنسییەکان، کەڵك لەو شێوازە وەردەگرێت. ئەو، بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە تیۆرە مەحافیزەکارانەکەی، تاڕادەیەکی زۆر لەسەر بناغەی واقعییەتەکانی ژیانەوە ـ کە نەیارەکانی لەبەرچاویان ناگرن ـ دامەزراوە. هەروەها دەیوت کە پێداگرتنی شۆڕشگێڕەکان لەسەر یەکسانی و بەرابەری، لە بنەڕەتدا دژایەتی کردنی حەقیقەتەکانی ژیانە. کۆمەڵگا بەپێیزەرورەت، پێك هاتووە لە ژمارەیەکی زۆری تاکەکان کە بەپێی دەوری کۆمەڵایەتی و کارو چالاکییەکانیان پۆلێنکراون. ئەم گرووپە جۆراوجۆرانە هەرگیز بە تەواوەتی یەکسان و بەرابەر نابن. برێك وای بەنەیارەکانی دەگوت: "خەڵکینە! باوەڕبکەن ئەوانەی کە دەیانەوێ یەکسانی و بەرابەری بێتە ئاراوە، هەرگیز سەرکەوتن بەدەست ناهێنن، چونکە سەرجەم کۆمەڵگاکان پێکهاتەیەکن لە گرووپگەلێکی جۆراوجۆر کە دەبێ هەندێکیان لەوانیتر لەسەرتر بن". ئەو کەسانەی کە حاشا لەم زەرورەتە دەکەن، تەنها رەوتی سروشتی ژیان دەوەستێنن، یان رەوتەکەی بەئاقارێکی تردا دەگۆڕن. ئەوان وا دەزانن کە خەریکن لەگەڵ دەمارگیرییەکاندا شەڕ ئەکەن، بەڵام لەراستیدا شەڕ لەگەڵ سروشتدا دەکەن.

برێك دەڵێ هەر بەهەمان شێوە، پێداگرتنی لیبراڵەکان لەسەر مافە سروشتییەکان و ئازادی تاکەکان، باسێکی

ناڕاستەقینەیە. ئەم داواکارییەی ئازادیخوازەکان، ئەو خاڵەی فەرامۆش کردووە کە کۆمەڵگا "وەك پێویست" دەبێ ئارەزوو و داواکاریی تاکەکان کۆنترۆڵ و سنووردار بکات. لە ڕاستیدا هەر لەسەرەتاوە مەبەست لە پێکهێنانی کۆمەڵگا ئەوە بوە کە مرۆڤ لە ئازادیگەلی رووخێنەری بارودۆخە ناکۆمەڵایەتییەکان رزگار بکات. بۆ مانەوەو بەردەوام بوونی کۆمەڵگا پێویستە هەمیشە حەزو ئارەزووە مرۆییەکان، چ تاکەکەسی بن و چ بە کۆمەڵ، سنووردار بکرێن، هەروەها داواکارییەکانی مرۆڤ بخرێنە ژێر چاودێرییەوەو سۆز و عاتیفەکانیشی پابەند (مقيّد) بکرێن. لەگەڵ ئەوەشدا برێك لە پێوەندیدا لەگەڵ پێکهێنانی حکوومەتێکیوا، کاتێك لە توانادا دەبێ کە دەسەڵاتەکەی لە خۆی بێت، نەك ئەوەی کە دەسەڵاتەکەی بە هۆی کەسانێکەوە بێت کەلەڕاستیدا بۆ کۆنترۆڵ وچاککردنی مەیلەکانی خودی ئەوان بنیات نراوە. هۆبسیش بۆداکۆکی کردن لە حاکمییەتێکی یەکپارچە و یەکگرتوو، کەڵك لە باسی "زەروورەت" وەردەگرێ. هێز و دەسەڵات لە کۆمەڵگادا دەبێ لە ناوەندێکدا کۆببێتەوە، ئەگینا کۆمەڵگا ناتوانێت بمێنێتەوەو درێژە بە ژیان بدات. هەوڵدان بۆ دابەشکردنی دەسەڵاتدارێتی لەکۆمەڵگادا. بۆ نموونە بەدەزگایی کردنی لێکجیاکردنەوەی هێزەکان ـــ بە شێوەیەکی حەتمی دەبێتە هۆی هەڵوەشانەوەی دەوڵەت. دابەشکردنی حاکمییەتی کۆمەڵگا، جگە لە هەڵوەشانەوەی، هیچ

دەرەنجامێکیتری نییە. چونکە دەسەڵاتە دابەشکراوەکان بە گژی یەکدا دەچن و شەڕو پێکادانێکی قورسیان دەبێت. "مۆنتسکیو" و "مەدیسۆن" دەڵێن "ئەم قسەیە وەك پێویست دروست و تەواو نییە".

پێشنیارکردنە پۆزیتیویستییەکان بە هۆی ئەم شێوازەوە ـ واتـە زەروورەتـی بیرکردنەوەیـەکی تایبـەت ـــ بـەشـێوەی تیۆریگەلی "ئەگەری زەروورەتـەکان" دەخرێنەڕوو بە واتایـەکی تـر، ئـەم تیۆرانـە بانگەشـەی ئەوەدەکـەن کـە "ئەگـەر" مەبەسـت لەگەیشـتن بـە ئامانجێـك روون و ئاشـکرابێت، لـەو حاڵەتـەدا بیرکردنەوەیـــەکی تایبـــەت شـــتێکی تـــەواو زەروورییـــە. کەواتەبیرکردنەوەی تەجویزی، هۆکارێکی زەروورییە بۆ گەیشتن بـە ئامانجـەکان. قسـەو بـاس کـردن لەسـەر قۆنـاغی تـەجویز، بـە تـەواوەتی پێوەنـدی هەیـە لەگـەڵ راڤـەکاری و شـیکردنەوەی هۆکارەکان، کەلە قۆناغی دەستنیشان کردندا باسمان کردن.

جیا لەوەش برێك نموونەگەلێکی پێشنیارئامێز دەخاتەڕوو. ئامـانجی شۆڕشـگێڕە فەرنسـییەکان ئـەوە بـوو کـە دابونـەریت و سوننەتە کۆنەکان لـە زەینـی خەڵکدا بسڕنەوە و لەگەڵ ئەوەشدا بەرانبەر بە ئاینـدە گەشبینیـان بکـەن. برێـك ئـەیوت ئـەم رەوشـە، یـــەکێك لـــە ئـــامرازە زەروورییـــەکانی گەیشـــتن بـــەو ئامانجـــە دەسڕێتەوە. هەروەها وتیشی خـەڵکانێك کـە بیریان لـە پێشـینانی خۆیـان نەکردۆتـەوەو گرنگییـان بـۆ دانـانێن، نـاتوانن بـیر لـە

ئایندەش بکەنەوە. بەواتایەکی‌تر، بە پێی قسەکانی برێك ئەگەر ئامانج ئەوە بێت خەڵك بۆ راحەتی و ئاسایشی مرۆڤانی ئایندە تیٚبکۆشن، دەبیٚ هان بدرێن ئاوڕ لە میراتی پێشینانیان بدەنەوە.

ئامانجی نەیارەکانی برێك ئەوەبوو کە کۆمەڵگایەك بهێننە ئاراوە کە هەم ئازاد بێت و هەمیش تاکەکانی یەکسان و بەرابەربن. ئەوان دەیانویست جیاوازییە چینایەتییەکان لەناوبەرن و ئازادی تاکەکەسی مسۆگەر بکەن. برێك پێی‌وابوو کە ئامانجی یەکەم لەگەڵ ئامانجی دووهەمدا یەك ناگرنەوەو دژی یەکترین. هەروەها ئەیوت جیاوازی چینایەتی تا ڕادەیەك ریٚ لە زێدەڕەوی کردنی دیکتاتۆرییەت دەگرێت و هەل و مەرجی پاراستن و مانەوەی "کۆمار" دابین دەکات. ئەگەر گەلاڵەی "کۆمار"ی پێشنیارکراو سەرنەکەوێت، هیوای لەناوبردنی جیاوازی هەڵاواردنەو هەروەها هەموو ئازادییە ڕێژەییەکانیش لەناوئەچن.

کورتەی قسەکانی مەدیسۆنیش لە کتێبی وتارگەلی فدرالیست دا، ئاماژە بە بانگەشەکانی ئەو دەکەن سەبارەت بە ئامرازە زەروورییەکانی دابین کردنی ئازادی. بەڕای ئەو، ئەو دەزگا سیاسییەی کە ئازادی دابین دەکا، جیاوازی چینایەتی نییە بەڵکوو لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانە، واتە هەمان ئەو شتەی کە هۆبس بە هۆکاری رووخاندنی کۆمەڵگای لەقەڵەم ئەدات. مەدیسۆن وای نووسی: "گرنگترین مەرجی پێویست بۆ

دابین کردنی ئازادی ئەوەیە کە هەرسێدەسەڵاتەکەی حکوومەت، لێك جیابکرێنەوەو دەسوەرنەدەنە کاروباری یەکتری". ئەگەر قسەکەی مەدیسۆن دروست بێت، تەنها ئەو کەسانە بەدوژمنی سیستمەدەستووریە پێشنیارکراوەکەی مەدیسۆن لە قەڵەم ئەدرێن کە حازر نین بۆ ئازادی شەڕ بکەن.

هەندێ جار تیۆرسێنەکان، کردەوەگەلێك بە پێویست دەزانن بەبێ ئەوەی راستەوخۆ ئامانجەکانیان روون بکەنەوە. ئەم کارەشیان رەنگە بنچینەی باس و لێکۆڵینەوەکانیان بخاتە بەردەم مەترسییەوە. هەر ئەم کەمتەرخەمییەیان هەندێجار هەندێ لە رەخنەگران ناچاردەکا تا پێشنیارەکانیان بە پێشنیارگەلێکی تاکەکەسی لە قەڵەم بدەن و هیچیتر. واتە ئەگەر کەسێك بانگەشەی زەروری بوونی (نەك حاشا هەڵنەگربوون) کردەوەیەك بکات بەڵام ئامانجەکەی روون نەکاتەوە، قسەکانی هیچ بایەخێکیان نابێت و کەسیش قبووڵیان ناکات.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەو شتەی کە لێرەدا زیاتر قسەی لەسەر دەکرێت ئەوەیە کە کوبرای پێشەکییەکی ناڕێکوپێك بە هۆی پێناس کردنێکەوە بەشتێکی پێویست بزانرێت. بۆ نموونە رەنگە کوبرای لۆژیکی ئەوەبێت: "ئەگەر دەتانەوێ لە پشێوی و ئاژاوە رزگارتان بێتو لە کۆمەڵگایەکی لەبار و سیستماتیك دا بژین...." کە دەتوانین وای دابنێین لەبەر ئەوەیە کە خەڵك حەز ناکەن لە کۆمەڵگایەکی بێنەزم و نالەباردا بژین. هەندێ جاریش

رەنگە پێشەکییە حەزفکراوەکە ئەوە بێت: "ئەگەر دەتانەوێ مرۆڤ بن...." لە رووی لۆژیکیشەوە کەس ناچار نییە ئەم پێشەکییە قبوولْ بکات، بەلاّم دروستترین تەسەور ئەوەیە کە بەکردەوە هەموو خەلْك ئەم پێشەکییەیان قبوولە چونکە ئەلتەرناتیڤەکان یان مرۆڤبوونە، یان ئاژەلْبوون، کە مرۆڤیش ئەوەی ناویّ" یان خوابوونە کە بۆ مرۆڤ شتێکی مەحالە" یان حەزکردن بە خۆکوشتنە کە مرۆڤی ئاقلّیش ئەوەی ناویّ.

ئەم باسە لە سادەترین شێوەشی‌دا، واتە "ئەگەر دەتانهەویّ مرۆڤ بن، دەبیّ...." ئاماژە بە پێداویستی و زەروورەتە جەستەییەکان و هەروەها مانەوە دەکات. بۆ نموونە هۆبس لە تیۆرە سیاسییەکانیدا زەروورەتی "مرۆڤبوون"ی بەو مانایە وەردەگرت. بەبڕوای ئەو، سروشت مرۆڤەکانی والێکردووە کە توانای هێرش کردنە سەرو لە ناو بردنی یەکدییان تیاهاتۆتە ئاراوە. ئەلْبەتە ئەو توانایەش لە ئارادایەکە لەو هەل و مەرجە نالەبار و نەفرەتئامێزە رزگاریان ببێت، ئەوەش لە کاتێکدا دەبیّ کە مرۆڤەکان خۆیان تەسلیمی رژێمێکی سیاسی دیکتاتۆر بکەن. هۆبس زۆربەی تیۆرە سیاسییەکانی بۆ روونکردنەوەی ئەم زەروورەتە تەرخان کردووە. ئەو، پێی وایە لەبەر ئەوەی مرۆڤ ژیانی ئارام و بیّکێشە و گرفتی بەلاوە پەسەندترە وەك لە ژیانی پڕ لە ئاژاوە و توندوتیژی، کەواتە لە بەرانبەر هێز و دەسەلاّتی

حکوومەتدا چۆك دائەدات. بە کورتی، مانەوەو دابینکردنی ئاسایشی گیانی تاکەکان یەکێکە لە ئاسایی‌ترین و زەرووری‌ترین پێداویستییەکانی مرۆڤ و دەبێ بێ ئەملاو ئەولا مسۆگەر بکرێت.

لای زۆربەی تیۆرسێنەکان "مرۆڤبوون" بە تەنها بە مانای مانەوەی فیزیکی نییە. رەنگە مرۆڤ بتوانێت لە بارودۆخێکدا بژی کە تەنها مانەوەی فیزیکی بۆ مسۆگەر بکرێت، بەڵام ئەو بارودۆخە مۆڵەت بە گەشەکردنی سیفەتە مرۆییەکان نادات. کەواتە هەندێ پلان و بەرنامەی سیاسی، یان دامەزراندنی هەندێ دەزگای سیاسی بەمەبەستی گەشەپێدان و پێشخستنی مرۆڤ لە هەموو روویەکەوە، بەشێکە لە زەروورەتەکان. ئەوانە، بەشێکن لە زەروورەتە سەرەتاییەکانی ژیان بەمەبەستی بەدی هێنانی مرۆڤییەت. بۆ نموونە ئۆرگانێك بوونی کۆمەڵگا، یەکێك لە مەرجە سەرەکی و بنەڕەتییەکانی مرۆڤبوونە. کاتێ ئەرستۆ وتی "مرۆڤ بەفیترەت شارستانییە" مەبەستی هەمان ئەو مەسەلەیە بوو. هەروەها ئەیوت مرۆڤێك کە حەزی لە تەنیاییە و ناتوانێت بچێتەریزی کۆمەڵگای سیاسییەوە، یان بە هۆی سەربەخۆیی تاکەکەسییەوە پێویستی بەژیانی کۆمەڵایەتی نییە، ناتوانرێ بە ئەندامێکی کۆمەڵگای سیاسی لەقەڵەم بدرێت بەڵکوو یان لە ریزی ئاژەڵاندایە، یان خوایان.

ڕەنگە سیستمە سیاسییەکانیتر لەبەر ئەوەی کە لەگەڵ زەرورەتەکانی ژیانی مرۆڤدا یەك ناگرنەوە، ڕەخنە یان لێ بگیردرێت. بۆ نموونە زۆربەی تیۆرسێنە سیاسییەکان، چۆکدادان لەبەرانبەر هەر سیستمێکی سیاسییان بە نادروست و نائاقڵانە لە قەڵەم داوە. مرۆڤی ڕاستەقینە دەبێ تا ڕادەیەك سەربەخۆ بێت. ڕۆسۆ لە کتێبی پەیمانی کۆمەڵایەتی دا دەڵێ: نکوڵی کردنی ئازادی لەگەڵ پێکهاتەی مرۆڤدا یەك ناگرنەوە". ئەفلاتوونیش دەڵێ:

حاڵەتێکی سیاسی پێچەوانەی ئەو پێوەندییەی نێوان مرۆڤ و ئازادیش ـ واتە دیکتاتۆرییەت و حوکمڕانی ملهۆڕانە بەسەر ئەوانی تردا ـ لەگەڵ تایبەتمەندی و سیفەتەکانی مرۆڤی ڕاستەقینەدا یەك ناگرنەوە. مرۆڤی دیکتاتۆر لە بارودۆخێکدایە کە هەموو خەسڵەتە مرۆییەکانی لەدەست داوە و وەك گورگێکی لێهاتووە.

ئەگەر قسەکانی ئەفلاتوون و ڕۆسۆ ڕاست بن، پێداویستییەکانی فیترەتیەکانی مرۆڤ، هەندێ لە سیستمە سیاسییەکان بە مەشرووع و هەندێکی تریان بەنامەشرووع بە ئەژمار دێنن. ئەگەر کەسێك دەیەوێ مرۆڤ بێت، دەبێ نە "کۆیلە" بێت، نە "دیکتاتۆر". ئەڵبەتە ئەگەر کەسێك ناخوازێ مرۆڤ بێت، ئەی دەیەوێ چی بێت؟ لە ڕاستیدا دەکرێ چی بین؟

## واقعییەکان و وەهمەکان

تیۆرە سیاسییەکان لەسەر بنەمای "حوکمە راستەقینەکان"یش پێشنیارگەلێکی گرنگ ئاراستە دەکەن. ئەگەر لەکۆمەڵگایەکی رێك و پێکدا، زەروورەتەکان وەك زەویی ناومالْ و ئیمکاناتەکانیش وەك سەربانەکەی وابن“ واقعییەتەکانیش حەتمەن وەك دیوارەکانی وان.

لە سادەترین ئاستدا جیاکردنەوەی واقعییەت لە ناواقعییەت کارێکی سەخت نییە. بۆ نموونە سەلماندنی دروستی و نادروستی ئەم قسانە "چوار سێو لەسەر مێزەکەن" یان "ئەوانە بایی یەك دۆلارن" کارێکی یەکجار ئاسانەو پێویستی بە دیکۆمێنت و بەڵگەهێنانەوە نییە.

بەلاّم هەرچی تێگەیشتنی مرۆڤ لە جیهان، کاملْتر و هەمەلایەنەتر و روولەزیادبوون بێت، ئەو جۆرە مەسەلانەش سەختتر دەرکیان پێ دەکریْ. رەت کردنەوەی ئاستی تێگەیشتنیکی هەمەلایەنەی حەقیقەتەکان، لە پێوەندی لەگەلْ سەرجەم بابەتەکەدا فۆرم بەخۆوە دەگرێت.

بەشە پێکهێنەرەکانی هەر بابەتێك، بەهۆی رەهەندە لاوەکییەکانی هەمان ئەو بابەتەوە، شوناس بەخۆوە دەگرن. ئایا "رووناکییەك کە لە ئاسماندایە، ئەستێرەیە، یان هەسارە؟" تەنها کەسانێك دەتوانن لەو پرسیارە تیْبگەن، کە لەو بوارەدا

زانیارییان هەبێت، یان هەر پێیان خۆش بێت وەلامێکیان دابێتەوە.

لەبەر ئەوەی کە ئەم باسە، بوارگەلێکی لاوەکی قورس و ئالۆزی هەیە، دەستنیشانکردنیواقعییەت لە ناواقعییەت لە ژیانی کۆمەلایەتیدا یەکجار دژوارە. لەبەر ئەوەش کە ئێمە مرۆڤین، کاردانەوەکانمان بەرانبەر ئەو بوارانە، بەهۆی تێگەیشتنمان لەسەریان، گۆڕانیان بەسەرا دێت. راستە کە "کردەوەیەك" و بینینی ئەو کردەوەیە وەکوویەك وان، بەلام بینینی پیاوێك کە خەریکە لە مندالێك ئەدا، جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەلْ لێدانی منالێك لەلایەن باوکیەوە بەمەبەستی ژێرکردن و راهێنان. لە ئاستێکی بالاتردا، واتای ئەو کردەوانە گەلە کە ئەوەی یەکەم بەواتای "راهێنانی رۆح" و ئەوەی دووهەم بە واتای "سەرکوت کردنی رۆح" دەبیْ، جیاوازییەکی یەکجار زۆریان لەگەلْ یەکدا هەیە. ئامانجی هەرکام لەم رستانە، یان رستەی "لێدانی مندالْ" وەسفکردنی واقعییەتەکانە بەشێوەی تەجروبی. لەگەلْ ئەوەشدا لەڕادەبەدەر خۆ بەتەعبیرکردن و راڤەکارییەوە خەریك دەکەن (واتە لە چوارچێوەی تیۆرە قورسەکانیتردا). کەواتە بە سەختی دەتوانریْ ئەم بانگەشانە بسەلمێنرێن.

ئەلبەتە رەنگە تەنانەت لە ئاستێکی یەکجار سادەشدا، تێگەیشتنمان لە واقعییەتەکان دروست نەبێت. بۆ نموونە "چلێك

لە ناو ئاودا شکاوەتەوە". "نەخێر وانییە چاوی ئێمە بەهەڵە وادەیبینێ". یان "لەبەر چاوتاندا ئاوێک دەبینرێت". "نەخێر ئاونییە، بەڵکوو تراویلکەیە". لە ئاستێکی باڵاتردا کەمەسەلەکان قورس و ئاڵۆزتردەبن، ئەو جۆرە هەڵەکردنانەش روولەزیادبوون دەکەن. لەوەها قۆناغێکدا رەنگە ئەوە زۆر سەخت بێت کە بزانین چ شتێک "حەقیقەتی راستەقینە"یە. لە باڵاترین ئاستدا هەندێ داوەری کردنی قورس و ئاڵۆزتر دەور ئەبینن. هەموو ئەو تیۆرە سیاسییانەی کە ئامانجیان خستنە ڕووی جیهانبینییەکی هەمەلایەنەیە لەسەر جۆرە ژیانێکی ئاڵۆزدا، ئەو جۆرە داوەری کردنانەیان تیایە.

هەموو زمانەکانی دنیا پڕن لە وشەگەلێک کە نادروستی داوەریکردن لەسەر واقعییەت وەسف دەکەن. بۆ نموونە وشەگەلی خەون، خەیاڵ، وەهم، تراویلکە، فریودان، فڕوفێڵ، خورافات و ئەفسانە، بۆ ئەو مەبەستە بەکار دەهێنرێن. یەکێک لە دیاردە ئاساییەکان ئەوەیە کە مرۆۋ گیرۆدەی کێشە زەینییەکانی خۆی ببێت و داوەریگەلێکی لەو جۆرە بکات. دیارە دەرەنجامی ئەوجۆرە داوەریکردنانە یەکجار خراپ و مەترسیدار دەبێت. کاتێ کە مرۆۋ فریوی خواردبێت، ناتوانرێ چاوەڕێی رەفتاری باشی لێبکرێت.

کەواتە زۆربەی ئیدیعاکانی تیۆرسێنە سیاسییەکان، لەسەر بنەمای تێگەیشتن لە واقعییەتەکان و جیاوازییان لە وەهم و

خەیاڵ بنیات نراون. ژمارەیەك لە بەناوبانگترین تیۆرسێنەکان، بەشێکی زۆری لێکۆڵینەوەکانیان بۆ ئەم بابەتە، کە بەڕای ئەوان بەسەر رەفتار و بیرکردنەوەکانی خەڵکدا زاڵە، تەرخان کردووە. لەو روەوە کە رەفتاری عەقلانی، بە هۆی تێگەیشتنی دروستی حەقیقەتەکانەوە دێتە ئاراوە، کەواتە ئەم رەهەندەی تیۆرە سیاسییەکان، هەمیشە بایەخی ئەوەی هەیە پێشنیار بکرێت.

بە کەڵك وەرگرتن لە تەمسیلە بەناوبانگەکەی ئەفلاتوون، یەکێك لە لایەنە گرنگەکانی تیۆرە سیاسییە حەماسییەکان، رێنمایی کردنی خەڵکە بۆ چوونەدەرەوە لە "ئەشکەوت"کە. ئەفلاتوون لە کۆماردا بە تەواوەتی هەر بەو هۆیەوە گرنگییەکی زۆر ئەدات بە گەلاڵەی سیستمی فێرکاری. بەڕای ئەفلاتوون دەرەنجامە سیاسییەکەی ئەم پرۆسەیە، گرنگییەکی زۆری هەیە، چونکە ئەو خەڵکانەی کە فێربوونەو دەتوانن سێبەر و خودی حەقیقەت لێك جیا بکەنەوە، دەشتوانن رێگەگەلێکی سیاسی ئاقلانەش بگرنەبەر.

زۆربەی تیۆرسێنە سیاسییە گەورەکان، ئەرکی گرنگی سەرشانیان، بەکەڵك وەرگرتن لە چەمكگەلێکی لەو جۆرەوە وەسف دەکەن. ئامانجی ئەوان، دژایەتی کردن لەگەڵ ئەو هێزە درۆزن و وەهمی و خەیاڵییانەیە کە لە رووی سیاسییەوە مرۆییەکانیان دیل کردووە. ئەوان لە قۆناغە هەرە گرنگەکانی بیروڕاکانیاندا جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە واقعییەتە

ڕاستەقینەکان کامانەن و وەهم و خەیاڵەکان کامانەن؟ هەروەها ئەوان هێرش دەکەنە سەر ئەو دەزگا سیاسی و تێگەیشتنانەی کە لەسەر بناغەی زانیاریگەلی هەڵەو نادروستەوە هاتوونەتە ئاراوە.

مارکس هیچ هەڵەیەك لە زانستەکەی خۆیدا، سەبارەت بە واقعییەتەکان بەدی ناکات و پێیوایە زانستێکی تەواو بێهەڵەیە. بەڕای مارکس ئایین نەك هەر تەنها یەکێکە لە وەهمەکان، بەڵکوو وەك تلیاك بۆ کۆمەڵانی خەڵك وایە. هەروەها بەڕای ئەو، چینی کرێکار دوچاری شتێك بووە کە ئەو بەگاڵتەجاڕییەوە بە "شعووری سەندیکا کرێکارییەکان" ناودێری دەکات. ئەم تەعبیرە، لە بناغەوە وەسف کردنێکی نادروستی بارودۆخی ئەو چینەیە. چینی بۆرژوازی خاڵی بەرانبەری ئەو چینە کرێکارییەیە. ئەم چینە لە ناودنیای خەون و خەیاڵەکانیاندا دەژین. هزرمەندە بۆرژواکان، تاڕادەیەك بە قازانجی بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکانیان، بە پشتبەستن بە خەیاڵ و وەهمی "ئاکاری بۆرژوایی"یەوە و هەروەها ئەم وێنا نادروستە کە سیستەمی سەرمایەداری، سیستەمێکی سروشتی و نەگۆڕیشە، خەڵك فریو ئەدەن.

یەکێك لە ئامانجە سەرەکییەکانی تیۆرە سیاسییەکەی مارکس ئەوە بوو کە ئەو خەیاڵ و ئەفسانانە لەناو بەرێت. مارکس دەیویست بە هۆی "چاك کردنی شعوورەکان"ەوە، ئەو

تەلیسمە شەیتانییەی کە بەسەرزەینی خەڵکدا زاڵ بوو، لەناو بەرێت. لە کاتێکدا ئەفلاتوون بیری لە ڕێنمایی کردنی خەڵك و یارمەتی دانیان بۆ هاتنەدەرەوە لە سێبەرەکانی ئەشکەوەتەوە، دەکردەوە، مارکس هەوڵی ئەدا بە یارمەتی خوازەکان، خەڵك لە خەوەکانیان رابچڵەکێنێ و هۆشیاریان بکاتەوە. ئەو دەیەویست کە "شعووری ئەفسانەیی" جیهان (کە بەهاوتای خەونی بە ئەژماردێنا) بخاتە بەر راڤەکاری و ئەوە پیشان بدات کە جیهان سالانێکی زۆرە لە خەونەکانیدا بیر لە ئامانجێك دەکاتەوە کە بۆشیـنایەتە دی و تەنها لە کاتێکدا دێتەدی کە بەرانبەر واقعییەتەکان ئاگا بێت. ئامانجی مارکس ئەوە بوو کە جیهان لەخەو راچڵەکێنێ و واقعییەتەکان وەك خۆیان پیشان بدات.

سەرجەم چەمکی رۆشنگەریش هەر ئەم ئایدیایە دەخاتە ڕوو. رۆشنگەری، دژی سەردەمێك بوو کە تارمایی خورافات و نەزانی وجیاوازیو هەڵاواردن هەموو لایەکی گرتبووەو تەنگی بە هەموو لایەك هەڵچنیبوو. دەتوانین "سەردەمی تاریکی" بە ئەشکەوتێك لە قەڵەم بدەین کەتاکە رێگەی چوونەدەرەوەی، لۆژیك و فەلسەفەیە و دەرەنجامە کۆتاییە سیاسییەکەشی ئازادییە. حوکمڕانان و خاوەن کڵێسەکان بە قازانجی بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکانیان، بە ئەنقەست خەڵك گومڕا دەکەن و فریویان دەدەن و دەیانخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە. بەڵام هێز و توانای زانست و زانایی، ئەو تەلیسمەیان شکاند. بە

پێی بیروڕاکانی کانت "مرۆڤ ئیدی لە لایەن مرۆڤەوە کۆنترۆڵ و چاودێری ناکرێت و بە توانایییەکی تازەوە واقعییەتە ڕەهاکان، لەو خورافات و هەڵواردنانە کە حوکمڕانان بەسەریاندا سەپاندبوویان، جیا دەکاتەوەو ڕێگەچارەیەکی تازەی سیاسی دەخاتە ڕوو.

هەرچەند نموونەگەلێکی زۆری دیکەش هەن، بەڵام مەکیاڤیلی و هۆبس دواهەمین نموونەن بۆ هێزی سیاسی تەجویزی و راستەقینە لە تیۆرە سیاسییەکاندا. دەتوانین بڵێین مەکیاڤیلی بیروڕاکانی ئەفلاتوونی سەبارەت بە حەقیقەتەکان و وەهمەکان چاك کرد و وەك دەڵێن ورە و توانای پێ بەخشی. ئەفلاتوون بە شەوقێکی زۆرەوە قسەی لەسەر ئەوە دەکرد کە حەقیقەتە دروستەکان لە بەهەشت و یۆتۆپیادا دەبینرێنەوە و دەست دەکەون. هەروەها ئەیوت کارەساتە سیاسییەکان لەبەر ئەوە روو ئەدەن کە خەڵك "سێبەرەکانی" ئەم جیهانە، بە دوا حەقیقەت لە قەڵەم ئەدەن. مەکیاڤیلی بە تەواوەتی خاڵی بەرانبەری ئەفلاتوون بوو. بەڕای مەکیاڤیلی، ئەفلاتوون جگەلە وەهمی زیاتر هیچی تر نەبوو. کارەساتەکانی ژیان لەوێوە دەست پێ دەکەن کە خەڵك وەك ئەفلاتوون بەدوای "کۆمارگەلی خەیاڵی"دا بگەڕێن و هەوڵی دامەزراندنیان بدەن. لەم رووەوە، یەکەم یاسا بۆ رزگار بوون لەم کارەساتانە، "واقیع گەرایی"یە ئێمە نابێ خەیاڵە پووچەکان و واقعییەتە حەقیقییەکان تێکەڵ

بکەین و نەتوانین جیایان بکەینەوە. مەکیاڤیلی دەڵێ: "بەڕای من واگونجاوترە کە مرۆڤ خوێندنەوە لەسەر خودی حەقیقەت بکات، نەك وەهمەکان. کۆمار و پاشایەتیگەلێکی زۆر [واتە حکوومەتگەلی کۆماری و سەڵتەنەتی] لە جیهانی خەونەکاندا وێناکراون کە هەرگیز لە دنیای راستەقینەدا نەهاتوونەتە ئاراوەو نەبینراون. ئەو جۆرە ژیانەی کە خەڵك هەیانە لەگەڵ ئەوجۆرە ژیانەی کە دەبێ هەیانبێت فەرقێکی زۆری هەیەو هەربەم هۆیەشەوە، ئەو کەسەی کە بە ئومێدی ئەوشتانەی کە قەرارە ڕوو بدەن، واز لە شتە راستەقینەکان دێنێ، لە جیاتی رزگار کردنی خۆی، بە پێچەوانەوە بەرەو نابوودی هەنگاو هەڵدەگرێ.

هۆبس بە کەڵك وەرگرتن لە جوانترین و زیندووترین خوازە، بە باشترین شێوە گیرۆدەبوونی مرۆڤی بەدەست وەهمکانەوە پیشان داوە. بەڕای ئەو، زۆربەی کارەساتە سیاسییەکانی ئەورووپا دوو سەرچاوەیان هەیە: فەلسەفەی ئەرستۆ و کڵێسەی کاتۆلیك. هەردووکیان بە ڕادەیەکی زۆر تەنگیان بە بیرۆکەکانی خەڵك هەڵچنیبوو. بەڵام هەردووکیشیان قسەکانیان لەسەر بنەمای وەهمگەلێکی فریودەرانەوە بنیاتنرابوون. "فەلسەفە پووچە فێرکارییەکەی ئەرستۆ، جگەلە ڕستێ وشەی ناباو و سەیرو سەمەر زیاتر هیچ نین". بەمجۆرە، زۆربەی تەعالیمە چارەنووسسازەکان، کە کڵێسە دەسەڵاتی خۆی لەسەر ئەوانەوە دامەزراندبوو، تەنها وەهم بوون و هیچی تر.

بەم هۆیەوە هۆبس، فەلسەفەی ئەرستۆی بەداهۆڵێکی مەترسیدار و "پاپا"یشی بە تارماییەك لە قەڵەم ئەدا. ئامانجی تیۆرە سیاسییەکەشی ئەوە بوو کە مرۆڤایەتی لەدەست ئەو دوو تراویلکەیە رزگار بکات. هۆبس لەسەبارەت بە ئەرستۆ نووسی کە ئامانجی تیۆرە سیاسییەکەی ئەوەیە کە خەڵك ئاگادار بکاتەوە تاکوو نەهێڵن فریویان بدەن و کەڵکی خراپیان لێوەربگیردرێت. تیۆری "جیایی نەفسەکان" کە بەشێکی سەرەکی و یەکجار گرنگی فەلسەفە بێماناکەی ئەرستۆی گرتۆتەوە، بەکەڵك وەرگرتن لە وشەگەلی پووچ و بێمانا، رێ لەگوێرایەڵی خەڵك یاساکان دەگرێ و بەتەواوەتی وەك باڵندەیەك چۆن بەدیتنی داهۆڵێکی دروست کراو لە کڵاوو چێوێکی لاروگێڕ، دەترسێ و هەڵدێت، خەڵك دەترسێنێ. سەبارەت بە کڵێسەی کاتۆلیکیش وای نووسی: دەتوانین سەرجەم زنجیرە پلەو پایەکانیان، واتە پاشایەتی تاریکی، لەگەڵ پاشایەتی دێوو پەرییەکان بەراورد بکەین و بیانشوبهێنین. هەروەها دەتوانین بە چیرۆکگەلی منالان سەبارەت بە دێوو پەری و رۆح و بوونەوەرە سەیرەکان، یان بەشانۆنامەی شانۆکانی بەریتانیا بیانشوبهێنین. سیستمی کڵێسەی پاپاکان، تەنها تارماییەکە کە پاش رووخانی ئیمپراتۆریەتی رۆما، لەسەرگۆڕەکەیەوە پاشایەتی ئەکەن.

وەك چۆن لەم راڤەکارییە کورتانەدا دەبێ ئەوەمان بۆ روون بووبێتەوە کە داوەری کردنی سەرەکی سەبارەت بەوە کەچ شتێك

واقعییەو چ شتێك گومڕاكەرە، بەشێكی زۆری تیۆرە سیاسییەكانی گرتۆتەوە" دەبێ ئەوەشمان بۆ روون بووبێتەوە كە ئەم داوەری كردنانە، دەرەنجامگەلێكی گرنگی تەجویزیشیان هەیە. سێبەر و خەیاڵ و تارماییەكان، هێندەی حەقیقەتەكان مرۆڤ ناچار بە بەرپەرچدانەوە ناكەن.

هەروەها ئەم نموونە بچووكە دەبێ ئەوەی روون كردبێتەوە ئەو شتەی كە لای كەسێك حەقیقەت بێت، رەنگە لای كەسانیتر تەنها وەهم و خەیاڵ بێت. ئەڵبەتە ئەم جیاوازییانە، بە هۆی مەیل و سەلیقەو ویستە تاكەكەسییەكانەوە نەهاتۆتە ئاراوە، بەڵكوو گوزارشت لە جیاوازیگەلی سەرەكی باوەڕەكان دەكا سەبارەت بە فیترەتی مرۆڤ و پێكهاتەی جیهان. هەموو تیۆرسێنە گەورەكان مرۆڤانێكی لۆژیكین، بەلام قووڵبوون و ئالۆزێتی لێكۆڵینەوەكانیان بەشێوەیەكە كە تەنانەت مرۆڤە ئاقڵەكانیش والیدەكا لەسەریان تەبا نەبن و بیروڕاگەلی جیاوازیان هەبێ. ئەم رەهەندەی تیۆرە سیاسییەكان، لە لایەكەوە مرۆڤ هانئەدات بەتاسەوە بیانخوێنێتەوە و لەلایەكی تریشەوە مرۆڤ لە خوێندنەوەیان نائومێد دەكا. لایەنی پۆزەتیڤی تیۆرە سیاسییەكان، فرەچەشن بوونیانەو، لایەنی نێگەتیڤیشیان ئەوەیە كە لێبڕاو (قاطع) نین. هەموو خوێنەرێك دەبێ بە پێی واقعییەتەكانی بەردەستی، باشترین داوەریكردن لە خۆ پیشان بدات.

## واقعییەتە کێشەسازەکان

لەو روەوە کە داوەری کردنە قورس و ئاڵۆزەکان سەبارەت بە "ئەوەی کە هەیە"، کاریگەرییەکی زۆری بەسەر خەڵکەوە هەیە، رەنگە هەندێ جاریش واقعییەتە تەجروبییەکان ئامانجە سیاسییەکان تەعدیل بکەن. ئەمە هەمان ئەو مەسەلەیە بوو کە کۆمەڵناسی بەرجستەی ئەڵمانی "ماکس‌وێبر"، کاتێك سەبارەت بەو واقعییەتانەی کە بۆ قوتابخانە سیاسییەکان کێشە سازئەکەن، قسەی دەکرد، لەبەرچاوی دەگرت. رەنگە بە هۆی زیاد بوونی ژمارەی واقعییەتە کێشەسازەکانەوە، کاریگەرێتی و تەنانەت فۆرمی تیۆرە سیاسییە نۆرماتیڤەکانیش گۆڕانیان بەسەرابێت. رەنگە کەس حازر نەبێت لە رووی ئاگاییەوە دەستکاری تیۆرێکی سیاسی بکات، بەڵام هەردەبێ رۆژێك مرۆڤ ئەوە بزانێ کە ئەو تیۆرییە هێدی هێدی و بە شێوەیەکی بەردەوام، ماناو کاریگەرێتی و زۆربەی بەراییە حەقیقییە قورس و ئاڵۆزەکانی خۆی لەدەست داوە.

باشترین و گرنگترین نموونەی ئەم دیاردە چارەنووسسازە، تیۆری کلاسیکی دیمۆکراسییە لەم دەیە دواییانەدا. لەم سەردەمەدا بیروڕاگەلێکی زۆر خراونەتەڕوو کە پێوەندی نێوان "ئامانجەکان" و "بونیادە ئەزمونگەرییەکان"ی دیمۆکراسی کلاسیکیان سست و لاواز کردووە. سەرەتا" رۆبێرت میشلز"

بانگەشەی ئەوەی کرد کە گەشەکردنی چینی هەڵبژاردەی دەسەڵاتدار لە کۆمەڵگاکاندا، شتێکی حەتمی و حاشاهەڵنەگرە. ئەم تیۆرە بەناوی "یاسای ئاسنینی ئۆلیگارشی" ناوبانگی دەرکرد. ماوەیەك دواتر رەفتاری "دەنگدەران" ئەوەی دەرخست کە رەفتارەکانیان بە تەواوەتی لە نۆرمەکانی دیموکراسی بەدوورن [بەکورتی و کوردی" فریان بەسەر دیموکراسییەوە نییە]. ئەوەش ئاشکرا کرا کە دەنگ دەرەکان بەگشتی، ئەو هاوولاتییە عەقلانییا نەنین کە دیموکراسی بانگەشەیان دەکاو داکۆکییان لیدەکا. ئەوان نە پاڵێوراوەکان (کاندیداکان) دەناسن و نەلەسەر مەسەلە سیاسییەکانی رۆژ، ئاگاییان هەیەو، لەگەڵ ئەوەشدا بیر لە لەناوبردنی نەفامی و نەزانینیان ناکەنەوە. ئەوان بەتەواوەتی بەوە دڵخۆشن کە وەك دایك و باوکیان لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداری دەکەن و دەنگەکانیشیان دەخەنە سندووقەوە" چونکە بەپێی عادەت پێرەوی لە حیزبێکی تایبەت دەکەن. سەرەنجام لێکۆڵینەوەکانی دواتریش ئەوەیان دەرخست کە ئەم خەڵکە لەرووی سیاسییەوە نەزانن و جگە لە هەندێ دەستەبژێری ناسیاسی [واتە بەدوور لە کاروبارە سیاسییەکان] کەس پابەندی هەندێ لە پرەنیسبە بنەرەتییەکانی دیموکراسی، وەك ئازادی رادەربرین و ئازادی هەڵبژاردن نییە.

دەرەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوانە، هەندێ لە توێژەرەوەکانی زانستە سیاسییەکانیان ناچار کرد بانگەشەی ئەوەبکەن کە دەبێ

تیۆری کلاسیکی دیمۆکراسی، چاکسازی تیابکرێت تاکوو لەم ڕێگەیەوە لەسەر بناغەی حەقیقەتەکانی ژیانی سیاسییەوە، سەقامگیرتر بێت. نووسەرانی راڤەکارییەکی گرنگ سەبارەت بە رەفتاری "دەنگدەران" لەدەیەی ١٩٥٠ دا، کتێبێکیان نووسی کە لە دوابەشیدا، پەرەیان بەم بابەتە دا: چۆن دەتوانین شیکردنەوەو راڤەکارییەکان، لەگەڵ تیۆری کلاسیکی دیمۆکراسیدا بگونجێنین؟ ئایا تیۆری دیمۆکراسی، کەم و کوڕی تێدایە؟ ئایا دەبێ بە قازانجی سۆسیۆلۆژی سیاسی تەجروبی، لە تیۆری دیمۆکراسی چاوپۆشی بکەین؟ ئایا دەبێ ناوەڕۆکە ئاکارییەکەی، بەشتێکی جیاواز لە مرۆڤی هاوچەرخ و کۆمەڵگا مرۆییە ئەمڕۆژییەکان لەقەڵەم بدەین؟ ئێمە باوەڕێکی لەو جۆرەمان نییە، بەڵکوو بەڕای ئێمە دەبێ تیۆرە سیاسییە تازەکانی سەبارەت بە دیمۆکراسی، چاکسازییان تیابکرێت، نەك سۆسیۆلۆژیای ئەزموونگەرییان لەجێ دابنێین".

بە ئاسانی دەتوانین گومان لەم دەرەنجامانە بکەین و بڵێین کە جەختکردنیان لەسەر چاککردنی تیۆری دیمۆکراسی، کارێکی تەواو هەڵەیە. چاکسازییەکی لەو جۆرە لەرووی لۆژیکییەوە، هیچ زەرووره‌تێکی نییە. بەهۆی "لۆژیکی رەها"وە ناتوانین کەس ناچار بکەین لەبەرخاتری دەسکەوتە ئەزموونگەرییەکانی لەسەر حەقیقەتەکان، چاوپۆشی لە ئامانجە تایبەتەکەی خۆی بکات و پشت گوێی بخات، بەڵام دەسکەوتە

ئەزمونگەریەکان رەنگە ئامانجەکان ـواتە "دەبێ"یەکان ـ بخەنە بەرمەترسی هەڵوەشانەوەوە. ئەگەر کەسێك ئامانجێکی هەبێت و نەتوانێت ئەو بانگەشانەی کە لەسەر بنەمای حەقیقەتەوە راوەستاون، رەت بکاتەوە، ناچارە پشت بە "دەبێ"یەکەوە ببەستێت کە لە دنیای راستەقینەدا هیچ بناغەو پاڵپشتێکی نییە. راستییەکەی ئەوەیە کە ئامانجە تەواو هاندەرەکان، بەو شێوەیە کارناکەن. کاتێك ناواخنی راستەقینەی ئامانجەکان ـ کە مانایان پێ دەبەخشێ ـ بە تەواوەتی لەناوببرێت، ئامانجیش هەر لەخۆوە لەناودەچێت. لەو حاڵەتەدا واتاو ناوەڕوەکیان لەدەستئەدەن و ئەگۆڕێن بە ئامانجگەلێکی وەهمی وخەیاڵی.

ئەو توێژەرەوانەی کە کتێبی سەبارەت بە رەفتاری دەنگدەرانیان بڵاوکردۆتەوە [ئەو کتێبەی کە پێشتر قسەمان لەسەر کرد] لەو باوەڕەدان کە ئەمە هەمان ئەو کێشە و نەهامەتەیە کە تیۆری کلاسیکی دیموکراسی، رووبەڕووی بوەتەوە. ئەگەر حوکمڕانی و بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات لە لایەن نوخبەکانەوە، شتێکی حەتمی و حاشاهەڵنەگر بێت، کەواتە جەخت کردن لەسەر دیموکراسی یەکسانیخواز، مەسەلەیەکی نادروست و ناواقعییە. جیا لەوەش، ئەگەر هەروەك ئەم دەرەنجامانە پیشانی ئەدەن وابێت، "ئەگەری" نەزانی و ناعەقڵانی بوونی هاووڵاتییە ئاساییەکان و هەروەها کاریگەرێتی و دەسەڵاتدارێتی نوخبەکان یەکجار زۆرە. لە راستیدا رەنگە

قازانجی ئەم یەکسانییە رواڵەتییە زیاتر بێت، چونکە نوخبەکان هەم بە پرەنسیپەکانی سیاسەت ئاشنان و هەمیش پابەندن بە پرەنسیپەکانی دیموکراسییەوە. کەواتە رەنگە تێکەڵەیەك لە دەسەڵاتی نوخبەکان و کەمتەرخەمییەکانی خەڵکی رەمەکی بەرانبەر پاراستنی سیستمی دیموکراسی، گرنگییەکی زۆری هەبێت. ئەڵبەتە ئەگەر پاش پێدانەگرتنی خەڵك بۆ یەکسانیخوازی و بەشداریکردن لە سیاسەتیشدا، دیسانەوە بمانەوێ پاشماوەی ئەم چاکسازییانە بە دیموکراسی ناودێربکەین، پێویستە تاڕادەیەك پێناسکردنە کلاسیکەکەی دیموکراسی چاکتربکەینەوە. تەعدیلی پێناسکردنەکەی دیموکراسی کارێکی تەواو لۆژیکییە چونکە بە پێی دەرەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوانە، جەختکردن لەسەر یەکسانی و بەشداری کردنی خەڵك، جەختکردنێکی نامومکینە. لە لایەکی ترەوە لەم ساڵانەی دواییدا تیۆری "پیاچوونەوە بەسەر دیموکراسیدا" بەتوندی رەخنەی لێگیراوەو ئەوەش پڕبایەخترین قسەو باسەکانی ئەمڕۆی زانستی سیاسین. ئەو رەخنەگرانە دەڵێن کە "پیاچوونەوەخوازەکان" داواکارییەکانیان کەمتر بوەتەوەو لە پرۆسەی پیاچوونەوەدا هەندێك لە پرەنسیپە سەرەکییەکانی دیموکراسییان پشت گوێ خستووە. ئەم"کلاسیکە هاوچەرخانە" بۆ ئەوەی باسەکانیان قەناعەت پێکەربن، هەم جەخت لەسەر واقعییەتەکان دەکەن و هەم لەسەر

ئامانجەکان" چونکە ئەوە دەزانن کە ئەگەر پیاچوونەوەخوازەکان تەنها ئامانجە مەحاڵەکانیان خستبێتە لاوە، کەواتە ناتوانین بڵێین کە ئەوان بە کەم رازین و داواکارییەکانیان کەمتربۆتەوە.

کلاسیکە هاوچەرخەکان دەڵێن کە یاسای ئاسنینی ئۆلیگارشی، بەڕاستی لە ئاسن دروست نەکراوە. راستە لە هەموو کۆمەڵگاکاندا ئارەزوویەکی زۆر لەئارادایە بۆ زیادبوونی ژمارەی نوخبەگەلی دەسەڵاتدار، بەڵام دەتوانرێ دژایەتی ئەو ئارەوانە بکرێت و بەکەمترین ئاستی خۆیان بگەیەنرێن. لەلایەکی تریشەوە هاوولاتییە ئاساییەکان، وەك چۆن ئەو خوێندنەوانەی باسمان کردن، بانگەشە دەکەن، ناعەقلانی و دژە دیموکراسی نین. ئەوان هەروەها بانگەشەی ئەوەیان کردووەکە، راستە بەشداری هەموو لایەك لە سیاسەتدا، بە قازانجی سیستمی دیموکراس تەواو دەبێ، بەڵام بە مەرجێکی پێویست و حەتمی لە قەڵەم نادرێت. لە راستیدا ئەمکارە، لە ئەسڵدا بە قازانجی تاکە، بە وەك مرۆڤێك. لایەنگرێکی هاوچەرخی دیموکراسی، ئیدیعای ئەوە ناکات کە حکوومەتی دیموکراتیك لە جۆری کلاسیك، باشترین جۆری حکوومەتە، هەروەها هاوشێوەی لایەنگرە سەرەتاییەکانی، دامەزراندنی حکوومەتێکی لەوجۆرە بەزەرووەرەتێکی مێژوویی ناهێنێتە ئەژمار" بەڵام ئەو مۆڵەتەی پێ ئەدات کە خۆی تاقیبکاتەوە و کەڵك لە دەرفەتەکان وەربگرێت.

## بەرنامەو پلانەکان و ئەولەویەتەکان

ئەو ڕێگەچارە تەجویزییانەی کە دەرەنجامی تێگەیشتنی هەمەلایەنەی سیاسەت و تیۆرە سیاسییەکانن، لەخۆگری هەموو چارەسەرەکان نین. بەگشتی، تێگەیشتنی تیۆرە سیاسییەکان لە ڕێگەی سیاسەتەوە، دەبێتە هۆی سڕینەوەی ژمارەیەکی زۆری ئەو پلانە سیاسییە پێشبینیکراوانەی کە بانگەشەی ناعەقلانی بوونیان دەکات. ئەم لایەنە دەزفکەرو نێگەتیڤە، بەلایەنی تەجویزی تیۆرە سیاسییەکان دەژمێردرێت. تیۆرە سیاسییەکان لە ڕەهەندی ئیجابییەوە ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە کام سیستمی سیاسی بۆ گەشە کردنی مرۆۋ پێویستە و کام سیستمی داواکراو لە لایەن مرۆڤەوە زەرووریيەو کامیان دەتوانرێ بخرێتە بواری جێبەجێ کردنەوە. لە چوارچێوەی ئەم پێشنیارانەدا پێش ئەوەی بەرنامەیەکی تایبەتی سیاسی بەڕێوە ببرێت، دەبی هەندێ بڕیاری تریش دەربکرێن. گونجاوبوونی هەریەك لەو بڕیارانە، گرێدراوە بە هەندێ بەرنامەو مەسەلەی جۆراوجۆری تریشەوە. کەواتە بۆ نموونە تیۆرسێنە مارکسیستەکان و هەروەها لایەنگرانیشیان، سەرەڕای ئەوەش کە تێکڕا باوەڕیان بە دامەزراندنی کۆمەڵگای ناچینایەتی کۆمۆنیستی هەیە، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا لەمەڕ باشترین ڕێگە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە ناتەباو ناکۆکن و بیروڕای جیاوازیان هەیە.

لایەنی تەجویزی تیۆرەسیاسییەکان ناتوانێت مرۆڤ لە کاتی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پێداویستی و دیاردەگەلێکی یەکسان و بەرابەردا، یارمەتی بدات بۆ هەڵبژاردنیان. ئێمە لە دنیایەکدا دەژین کە زۆربەی کات هەموو شتەکانمان لەبەردەستدا نییە، کەواتە ناچار دەبین بڕیاری نابەدڵیش بدەین. هەندێ جار تەنها رێگەچارەی سیاسی کردەیی، سازشکردنێکە کە هیچ کەسیش لەسەداسەد پێی‌رازی نییە. لەوانەیە هەندێ‌جار ئەو ئامانجانەی مەبەستمانن، ناتەبابن و پێکەوە نەگونجێن. بۆ نموونە زۆربەی کات زەروورەتی لێهاتوویی (کارامەیی) سیاسی، دژە لەگەڵ ئامانجێکی هاوتای‌خۆیدا و لەوانەشە سەقامگیری سیاسی، پێویستی بەهەندێ پلان و بەرنامە هەبێت کە لە رێگەیانەوە بەناچار مافە کۆمەڵایەتییەکان ژێر پێ دەخرێن. تیۆرە سیاسییەکان، بە چاوپۆشی کردن لە لایەنە تەجویزییەکەیان، ناتوانن ئەم کێشە گەورە و ئاڵۆزە کە سەرچاوەی زۆربەی بابەتە سیاسییەکانیشە، چارەسەر بکەن.

ئەڵبەتە تیۆرە سیاسییەکان لەم قۆناغەشدا تاڕادەیەک ئەولەوییەتەکان دەس‌نیشان دەکەن. ئەوان بە پێی تێگەیشتنە جۆراوجۆرەکانیان لەسەر حەقیقەتەکان و ئیمکاناتەکان و زەروورەتەکان، رێگەچارەگەلێکی جۆراوجۆریش پێشنیاردەکەن. بۆنموونە دیارە هزرمەندێکی وەك جیمز مەدیسۆن بایەخێکی زیاتر بۆ ئازادی دادەنێ، تا هزرمەندانی وەك ئەفلاتوون، یان بی.ئێف. سکینێر. ئەم‌دوو کەسەی دوایی، زیاتر بۆ سەقامگیر سیاسی نرخ دادەنێن. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە هەرکام لەم

هزرمەندانە بەشێوازی تایبەتی خۆیان دەرك بە بابەتەکە دەکەن. ڕێگەچارەکانیشیان لەسەر بنەمای تێگەیشتنەکانیانەوە رائەوەستن. ئەوان وەك یەك لەبابەتەکان تێناگەن و ڕێگەچارەکانیشیان وەکوو یەك نین. بەگشتی ئەوان بە شێوەگەلی جۆراوجۆر دەبینن، کەواتە ڕێگەگەلی زۆریشیان لەبەردەمدایە بۆ بەدەستەوەدانی ڕێگەچارەکانیان.

بۆ نموونە مەدیسۆن لەو باوەڕەدا بوو کە سیستمێکی سیاسی لەبارو سەقامگرتوو، دەتوانێ لە چوارچێوەیەکی گونجاوو تاڕادەیەك دادپەروەرانەدا، ئازادی هاووڵاتییانی دابین بکات. لەلایەکی ترەوە ئەفلاتوون لەو باوەڕەدابوو کە ئازادی، یەکێتی و یەکپارچەیی و سەقامگیریی کۆمەڵگای سیاسی دەخاتە بەردەم مەترسییەوە و بەرەو نابوودی ئەیبات. ئەم دوو هزرمەندە بەدوو جۆری جیاواز بیریان ئەکردەوەو ئەولەوییەتەکانیشیان پێکەوە جیاوازییان هەیە" چونکە بیروڕاکانیان سەبارەت بە ئیمکاناتە سیاسییەکان تاڕادەیەکی زۆر جیاوازبوون. (ئەم باسە هێشتا بە ئاکام نەگەیشتووە. لەم ساڵانەی دواییدا کە ناکۆکی و کێشە دەروونییەکانی کۆمەڵگای سیاسی، بەدەرەنجامی ئازادی لەڕادەبەدەر لەقەڵەم ئەدرێن، راڤەو لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنەکانی لەجۆری ئەوانە ئەفلاتوون، زیاتر بایەخیان پێدەدرێ و پەرەیان سەندووە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەمان لەیاد بێت کە فەلسەفە سیاسییەکەی مەدیسۆن و

دەسکەوتەکەشی ــ واتە کۆمەڵگای سیاسی راوەستاو لەسەر بنەمای یاسای ئەمریکا ــ دووسەد ساڵی خایاندووەو کاری پیٚکراوە).

کاتیٚ کە قسە لەسەر گرنگیی و زەروورەتی ئازادی تاکەکەسی و ئازادی کۆمەڵایەتی دەکریٚ، ئەولەوییەتەکان لای بی.ئێف.ئسکینێر و مەدیسۆن فەرق دەکەن. دەتوانین بڵێین کە لەبنەڕەتدا ئەولەوییەت لای مەدیسۆن هیچ گرنگییەکی نییە. بەڕای ئەو "ئازادی" هەر چۆنێك بێت، لە خەیاڵ و وەهم زیاتر هیچ نییە. سەرجەم رەفتارەکانی ئێمە بە هۆی بارودۆخە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکانەوە بەسەرماندا ئەسەپێنرێن و باشتریش وایە بە شێوەیەك کۆنترۆڵ و تەعدیل بکرێن کە بەلای کەمەوە ئارامی و هێمنایەتی و ڕەزامەندیی کۆمەڵگا بپارێزرێت. بەڕای ئەو، ئەولەوییەتەکان شتانێکی رواڵەتی و رووکەشن. مەدیسۆن و سکینێر بە دوو رێگای جیاوازدا دەڕۆشتن" چونکە تێگەیشتنەکانیان لەسەر حەقیقەتەکان تەواو جیاوازبوون.

## پێشنیارەکان، وەك بیروڕاگەلی دوورئەندێش

تەجویز (پێشنیار)ەکانی تیۆرە سیاسییەکان تاڕادەیەکی زۆر لەرەچەتەی پزیشك ئەچن: ئەوانیش وەك رەچەتەی پزیشك لەخۆگری جۆرە ئیجبارکردنێکی تایبەتن. ئەوانە حوکمگەلی رەهای ئاکاری نین ("ئێوە دەبیٚ تەنها ئەو کارە بکەن!")، بەڵکوو

پێشنیارگەلێکن بۆ کەسانێك کە بایەخ ئەدەن بە سلامەتی خۆیان . ("ئەگەر دەتانەوێ تەندروست و سلامەت بن، دەبێ ئەم دەرمانە بخۆن!") ئەمانە بیروڕاگەلێکی دوورئەندێشانەن.

تیۆرسێنە گەورەکان بە پێی تێڕوانینیان لەسەر حەقیقەتە سیاسییەکان، بیروڕاکانیان دەخەنەڕوو. ئەگەر ئێمە تێڕوانینەکانی ئەوان پەسەند بکەین، بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیك بەرانبەر ڕێگەچارە پێشنیارکراوەکان ڕەغبەت پەیدا ئەکەین، کەواتە دەچینە ناو بەشەوردترەکانی کارەکانیانەوە. ئەوان پێ لەسەر ئەوە دائەگرن کە تیۆرەکانیان بە تەنها پڕوپاگەندەکردن بۆ ویست و داخوازە تاکەکەسییەکانیان نییە، ئەوان جەخت لەسەر بابەتگەلێك دەکەنەوە کە پێیانوایە هەموو قازانجەکانی ئەو بابەتانە دەگەڕێتەوە بۆ خودی خەڵك.

## وتاری شەشەم

# ئەنجام گیری: تێ ڕوانین، ڕێگەچارەو باشترین زانست

ئامانجی ئەم کتێبە، خستنە ڕووی چوارچێوەیەکە بۆ تێگەیشتنی تیۆرە سیاسییەکان و بۆ ئەم مەبەستەش کەڵك لەو پرۆسەی راڤەو لێکۆڵینەوانە وەرگیراوە کە تیۆرسێنەکان بەکاریان هێناوە. هەوڵمان دا جۆری بیرکردنەوەی زەینی تیۆرسێن، هەر لە قۆناغی سەرەتایی و سەرلێشێواوییەوە بگرە تا قۆناغی ئەنجامگیری، بخەینەبەر راڤەو لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی لەسەر بکەین. هەوڵمان دا قۆناغە جۆراوجۆرەکانی ئەم پرۆسەیە (واتە قۆناغگەلێك کە تیۆرسێنەکان وەك دەسکەوتێك بۆ داهاتووان بەجێیان هێشتوون، هەندێ جار و تاڕادەیەکیش تەماوی و تێکەڵپێکەڵن) بناسین و کێشە و گرفتەکانی چارەسەر بکەین. هەروەها هەوڵ دراوە ئەوە روون بکرێتەوە کە هەر قۆناغێکی لێکۆڵینەوە قۆناغێکی تازەتری بەدواوە دەبێت و بوار بۆ قۆناغی دوای خۆی دەڕەخسێنێ.

## توێژینەوەی تیۆری

پێــداگرتن لەســەر رەوتــی لێکۆڵینــەوە و خوێندنــەوەی "چالاکیی" زەینی تیۆرسێن، سەبارەت بە تیۆرسازیی سیاسی، مۆدێلێکی چالاکترمان دەخاتە بەردەست.ئەم چوارچێوەیە زیاتر لە فیلمێکی راستەوخۆ دەچێ، وەك لە وێنەیەك. ئەم راڤەکردنەی تیۆرە سیاسییەکانیش وەکوو هەر فیلمێك دیمەن و سێکانس و دەورو ئەکتەرگەلێکی هەیە. تیۆرە سیاسییەکان، سەرەتایەکیان هەیە و لووتکەیەك. لە مەودای نێوان مەیلی دەسپێکردن و کۆتایی شانۆکەدا ڕستیٚ کاری تەواو قورس و فرۆفێلگەلێکی دارێــژراو بوونیــان هەیــە. لەراســتیدا رەوتــی فیکــری هەرتیۆرســێنیکی پڕکــاری سیاســی، لــەکاری کۆمیســێرێکی بەتواناو لێهاتوو دەچێت. کێشەی تیۆرسێنیش، وەك کێشەی کۆمیسێر، لە بێنەزمی و پشێوی و ئاژاوەوە دەست پێدەکا" بەو جیاوازییەوە کە کێشەی تیۆرسێن، تاوانی تاکەکەسی نییە، بەڵکوو شڵەژاوێتی و پشێوی هەموو کۆمەڵگایە بەگشتی.

تیۆرسێن سەرەتا لە بێنەزمییە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەس پێدەکاو وەك کۆمیسێرێك بەدوای "سەرەداو"دا دەگەڕێت. ئەو

دەبێ گومان لە هەموو شتێك بكات و بەدوای هۆكاری سەرەكی كێشەكاندا بگەڕێ كە زۆربەی كاتیش نادیار و تەماوین. "بۆچی كۆمەڵگا ئاژاوەی تێكەوتووە؟". "بۆچی ژیانی تاكەكان نالەبار و شڵەژاوەو ئەوانیش ناڕەزاییدەرئەبڕن؟". ئەفلاتوون دەڵێ بۆچی دەبێ ئەسینا شەریفترین و چاكترین هاووڵاتی خۆی دادگایی بكات و حوكمی لە سێدارەدانیشی بۆ دەربكات؟ ماركس دەڵێ بۆچی زۆربەی خەڵك دەبێ بە خۆنامۆبن و بچەوسێنرێنەوە؟ هۆبس دەڵێ بۆچی دەبێ بەریتانیا پڕبێ لە كێشەگەلی كۆمەڵایەتی؟ خوێندنەوەی چاككییە رەینییەكانی تیۆرسێن لە قۆناغی لێكۆڵینەوە و پۆلێنكردنی بەڵگەو نووسینەكانیدا، هێندەی شەڕی نێوان كۆمیسێری بە ناوبانگ "شێرلۆك هوڵمێز" و ئاژاوەچیترین پیاو "دوكتۆر موریاتی" سەرنج راكێشە.

سەرەنجام تیۆرسێن پەروەندەكەی تەواو دەكاو ئەوشتەی كەبەڕای ئەو، هۆكاری سەرەكی پشێویەكانە ئەدۆزێتەوە. بۆنموونە هۆبس كۆمەڵگای سیاسی و چالاكیی هەموو بەشەكانیشی دەخاتەبەر راڤەو لێكۆڵینەوە و سەرچاوەی پشێویەكانیش دەگەڕێنێتەوە بۆ حەزو تاسە بەردەوامەكانی مرۆڤ و، بەو دەرەنجامە دەگات كە رەفتاری مرۆڤە

دەسەڵاتخوازەکان، سەرەنجام دەبێتە هۆی هەڵگیرسانی شەڕە ناوخۆییەکان، کەواتە دەوڵەت دەبێ کۆنترۆڵیان بکات. مارکسیش دوای خوێندنەوەی هەموو سەرەداوەکان، دیاردەی موڵکایەتی تاکەکەسی، بەهۆکاری سەرەکی هەموو کێشەکان لەقەڵەم ئەدات. هەروەها برێك، شێتی و توندڕەوی شۆڕشی فەرەنسە، بەدەرەنجامی خەونە ئامانجخوازانەکانی رۆشنبیرە بۆرژواکانی فەرەنسە لە قەڵەم ئەدات.

لەگەڵ ئەوەشدا، هەروەك ئەم نموونانە دەری دەخەن، تیۆرسێن لە بوارەکانی تریشدا پەروەندەکانی تەواو دەکات. بەو مانایە کە لە راڤە و شیکردنەوەکانیدا زۆربەیکات کەسانێکی گەورە و بەرجستە بەتاوانی بەشداربوون لەتاوانێکدا بە تاوانبار دەزانێت. کەواتە ئەفلاتوون لە راڤەکارییەکانیدا سەبارەت بە مەرگی سوقرات، کۆمەڵگای ئەسینا و رێبەرە گەندەڵەکانی تاوانبار دەکات. لە لێکۆڵینەوەکانی مارکسدا، بۆرژوازی لە ژێرناوی "زانستی بوونەوە" تاوانبار دەکرێ و هەروەها مەکیاڤیلی لە کاتی راڤەکردنی بارودۆخی نالەباری دەوڵەتەشارەکانی ئیتاڵیادا، لە راستیدا رێبەرە نەفس نزم و ترسنۆکەکانی ئەو دەوڵەتەشارانە بە تاوانبار دەزانێت. هۆبس و رۆشنبیرە ئازادیخوازەکانیش هەرکام لە روانگەی خۆیانەوە

هێرش دەكەنە سەر كڵێسەی كاتۆلیك و فەلسەفەی ئەرستۆ و بە توندی رەخنەیان لێ دەگرن.

دەسكەوتەكانی تیۆرسێنە سیاسییەكانیش وەك دەسكەوتەكانی كۆمیسێرێكی كارامەو لێهاتوو، هەرگیز بەتەواوەتی بەدوور لە ویست و مەبەستگەلی تاكەكەسی نین. ئەڵبەتە تیۆرسێن بە پشتبەستن بەوەی كە سەروكاری لەگەڵ سەرچاوە سەرەكییەكان و كێشەكان وپاشان رێگەچارەگەلی لۆژیكییەوە هەیە، هەوڵ ئەدات كارەكانی تەواو "عەینی" بن. بەڵام بێگومان دۆزینەوەی سەرچاوەكان لە لایەن ئەم تیۆرسێنەوە، دەبێتە هۆی ئەوە كە هەندێ لە ئەندیشە و كردەوەكان بە مەشرووع و عەقڵانی و هەندێكیتریان بە نادروست و بێمانا لە قەڵەم بدات.

لەبەر ئەوەشە كە تیۆرە سیاسییەكان، دەمەتەقێ و قسەو باسی زۆر ئەوروژێنن. زۆربەی كات بابەتگەلی گرنگ و هەروەها بەرژەوەندییە حەقیقییەكان دەورێكی سەرەكی دەبینن. بۆ نموونە لایەنگرێكی موتەعسیبی دیمۆكراسی، بەبێ موناقەشەیەكی گەورەی لۆژیكی، حازر نییە نە قسەكەی ئەفلاتوون قبووڵ بكات سەبارەت بەوەی كە خەڵكی رەمەكی مەترسیدارە و قابیلی متمانە پێكردنیش نییە، نە قسەكەی

میشلز سەبارەت بە یاسای ئاسنینی ئەلیگارشی قبووڵ دەکات. بەڕاست زانینی قسەکانی ئەوجۆرە کەسانە بە ئاشکرا ئەوە دەگەینێ کە دەبێ بە بیروڕا تاکەکەسییەکانی خۆیاندا بچنەوە، کە ئەوەش کارێکی سەخت و ئازاردەرە. هەر بەم پێیە مارکسیستێکی باش، رەخنە لە باوەڕەکانی فرۆید سەبارەت بە هۆکارەکانی رەفتاری مرۆڤ دەگرێت و، بەرپرسی کۆمپانییەکی گەورە، ناتوانێت پاش شیکردنەوەو راڤەکارییەکانی مارکس سەبارەت بە نامۆبوونی کۆمەڵگای سەرمایەداری، هەست بە ئارامی و هێمنایەتی بکات.

ئەو باوەڕانەی کە لە تیۆرە سیاسییەکاندا دەخرێنەڕوو، دەرەنجامگەلێکی گرنگی زۆریان بە دواوەیە. کەسانێك کە لەو دەرەنجامانە دەترسن، ئەوە مەیلە دەروونییەکانیانن کە هانیان ئەدەن دژایەتی ئەو باوەڕانە بکەن. زوربەی کات ئەو قسەو باسانە لە تیۆرە سیاسییەکاندا دەخرێنەڕوو، یەکجار توندو ئاگرینن، چونکە ئەوانە بەتەنها وەك وانەگەلی پۆلەکان و قوتابخانەکان نین. ئەگەر تیۆرێکی تایبەتی سیاسی، قبووڵ بکرێت و پاشان ناوبانگ دەربکات، زۆرێك لە خەڵك زیانیان بەر دەکەوێ و زۆرێکی تریش قازانج ئەبینن.

## مۆدێلەکان

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ڕەوشی "فیلمی ڕاستەوخۆ" لە کاتی خوێندنەوەی قۆناغە جۆراوجۆرەکانی تیۆرسازیدا ئەوەیە کە یارمەتی مرۆڤ ئەدا تا بتوانێت مەسەلە هەمیشەیی و جیهانییەکان بخاتە نێو ژیانییەوەو پیشانیان بدات. لە هەر کات و شوێنێکدا کە ئامانجی مرۆڤ، تێگەیشتنی چییەتی کێشەیەکی سیاسی بێت، هەندێ پرسیاری گرنگی لادروست دەبێ وەك ئەمانەی خوارەوە: هیوایەتە سروشتییەکانی مرۆڤ کامانەن؟ چۆن دەتوانرێ کۆمەڵگا، هەم لە دەست شەڕە ناوخۆییەکان ڕزگار بکرێت و هەمیشە ڕێك‌وپێکی پێ‌ببەخشرێت؟ ئەگەر کاری لەو جۆرە لە تواناداییە، چۆن دەتوانرێ ئاشتی و سەقامگیری پێکەوە ئاشت بکرێنەوە؟ سیاسەت تا چەند دەتوانێ مرۆڤ بەختەوەربکات و لەو بوارەدا یارمەتی بدات؟ بەدەرك پێ‌کردنی جموجۆڵی تیۆرە سیاسییەکان، دەزانین کە کەی و بۆچی ئەو جۆرە پرسیارانە قوت دەبنەوە؟ هەروەها لەوەش تێ‌دەگەین کە ئەم پرسیارانە مرۆڤ بەرەو کوێ دەبەن و بۆچی وەڵامەکانیشان گرنگی زۆریان هەیە؟

یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی ڕەوشی "فیلمی ڕاستەوخۆ" ئەوەیە کە لایەنە مرۆییەکانی لێکۆڵینەوە سیاسییەکان باشتر ڕوون دەکاتەوە. تیۆرە سیاسییەکان

بەرهەمی بارودۆخگەلێکی "بابەتی"ن، نەک بینینیان بە شێوەیەکی ئەبستراکت و بەهۆی کەسانێکەوە کە بە حەزو تاسەیەکی زۆرەوە سەروکاریان لەگەڵ ئەو مەسەلانەدا هەیە. لەراستیدا تیۆرسێنەکان بەشێکن لە سیستمی سیاسی، کەواتە هەم خوێنەرن و هەمیش بابەتی خوێندنەوە. شیکردنەوە و راڤەکارییەکانی تیۆرسێن، هەمیشە تاڕادەیەک خوێندنەوە لەسەر خودی خۆیەتی و کەواتە تیۆرەسیاییەکان لە راستیدا "ئیعتراف نامە"ن. تیۆرسێن بەخستنەڕووی تیۆرە سیاسییەکەی خۆی، لە راستیدا خودی خۆی دەخاتەڕوو. ئەو، واتای "بوون"ی خۆی بە عینوانی ئاژەڵێکی سیاسی، سەلماندووە.

هێزە عاتیفییەکانی مرۆڤ، لە دواراڤەکاریدا، سەرەتا تاکۆتایی تیۆرێکی سیاسی پێک دێنن. یەکەم هاندەری سەرەتایی توێژینەوە سیاسییەکان لە کاتێکدایە کە مرۆڤ گیرۆدەی قەیرانە ئازاردەرە سیاسییەکان ببێت و لە ڕووی فیترییەوە کاری تێبکەن و وەڕەز بێت بەدەستیانەوە. وە ئەو ئارەزووە سروشتییانەی مرۆڤ کە ناچاری دەکەن رەفتارگەلێکی راستەقینەو سیستماتیک کە پڕبەپێیستی فشارە سیاسییەکانیشن لەخۆ پیشان بدات، پێک هێنەری هێزە تەجویزییەکانی تیۆرە سیاسییەکانن. ئەگەر ئەم لایەنەی تیۆرە سیاسییەکان بسڕدرێتەوە، رشتەی فەلسەفەی سیاسی، وەک رووکەشێك وایە کە هێز و ماناو گرنگیی خۆی لە دەست دابێت.

تیۆرە سیاسییەکان، دەرەنجامی ئەو شتەن کە ئەرستۆ بە "ئەقڵی کردەیی" مرۆڤ ناودێری دەکا. ئەوانە زنجیرەیەك لە باوەڕگەل و تێگەیشتنە سیاسییەکانن کە بە مەبەستی زاڵ بوونی مرۆڤ بەسەر کێشە سیاسییەکاندا خراونەتەڕوو. هێنانە ئارای تیۆرە سیاسییەکان، قۆناغ گەلی دوابەدوای یەکی "گریمانە" تا "دەرەنجام" نابڕن، بەڵکوو پرۆسەیەکە کە لە خوێندنەوەی کێشەکانەوە دەس پێ دەکاو بەرەو ڕێگەچارەکان دەچێت. جموجۆڵە دەروونییەکەشی هەڵقوڵاوی گوشاری "لۆژیك"ی ئەبستراکت نییە، بەڵکوو دەرەنجامی تێڕامان و بیرکردنەوەی هزرمەندانێکە کە خۆیان بە بارودۆخە سیاسییەکانی مرۆڤەوە خەریك دەکەن و پێیانەوە ماندوو دەبن.

لە وتارەکانی پێشتردا هەوڵمان دا ڕەوتی ئەم ئەقڵە کردەییە ڕوون بکرێتەوە. هیوادارم ئەو چوارچێوانەی لەم کتێبەدا خراونەتەڕوو، بۆ ئەو کەسانەی کە حەز ئەکەن دەرك بە تیۆرسازییە سیاسییەکان بکەن، قازانج و کەڵکی زۆری هەبێ.

لە پلەی یەکەمدا هیوادارم کە چوارچێوە ئاراستەکراوەکانی ئەم کتێبە تێگەیشتنی بیرۆکە تاکەکەسییەکانی تیۆرسێنەکانی وەك ئەفلاتوون و هۆبس و ئەرستۆ ئاسانتر بکەن. خوێنەری ژیرو بە توانا دەبێ بتوانێت بە بێ هیچ کێشە و گرفتێك، لەویست و ئامانجی تیۆرسێنیك تێبگات. بە تایبەت دەبێ بتوانێت مانا بە "لۆژیك"ی توێژینەوەیی تیۆرسێن ببەخشێت. واتە ئەو دەبێ بتوانێت ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی ڕەوتی بیرکردنەوەی تیۆرسێن

و پێوەندییەکانیشیان بەیەکەوە دەرك بکات. ئەو دەبێ بتوانێت نەك تەنها لە باوەڕەکانیان تێبگات بەڵکوو هۆی خستنەڕووی ئەو باوەڕانەش بناسێت. خۆ ئەگەر ڕەهەندێکی تیۆری نادیار و تەم مژاوییە، یان نوقسانی هەیە، ئەو دەبێ بتوانێت ئەو نوقسانییە چارەسەر بکات، یان بزانێت چۆن دەبێ بەدوایدا بچێت.

ئەم ڕەوشە، دەرك پێکردنی دینامیزمی تیۆرسازی سیاسی و هەروەها هەڵسەنگاندنی تیۆرە سیاسییە جۆراوجۆرەکان ئاسانتر دەکا. لەو ڕوەوە کە تیۆرسێنەکان هەڵقولاوی فەرهەنگ و بارودۆخگەلێکی جۆراوجۆرن، کەواتە تیۆرە سیاسییەکانیشیان ناتوانن بە تەواوەتی لەیەك بچن و وەك یەك بن. ئەڵبەتە مێژووی تیۆرە سیاسییەکان، وتووێژو دیالۆگێکە کە تیایدا تیۆرسێنەکان بۆ یەکدی و لەگەڵ یەکدا قسەدەکەن هەرچەند ئەو پشێوییانەی کە هەر کام لەوانە بینیویانە جیاوازییان هەیە و لەیەك ناچن، بەڵام بایی ئەوە وێکچوونیان تێدا هەیە کە بتوانرێت قسە لەسەر "کێشەگەلی وێکچوو" بکرێت. سەرەڕای ئەوە کە لەگەڵ کێشەگەلێکی وێکچوودا ڕووبەڕوون، بەڵام هەر تیۆرسێنێك بەدەرەنجامی تایبەتی خۆی دەگا. واتە بەم پێیە دەتوانین تێڕوانینەکانی هۆبس و ڕۆسۆ لێك جیا بکەینەوە. خوێنەری لێزان دەبێ بتوانێ لایەنە ناهاوبەشەکانیان بناسێت و فەلسەفەو هۆی ئەو جیاوازییانەش دەرك بکات.

سەرەنجام ئەم چوارچێوەیە، یارمەتی خوێنەری جیدی ئەدات کە تێڕوانینە سیاسییەکەی خۆی باشتر بناسێت، هەروەها وای لێدێ بتوانێت لە "ئایدۆلۆژیای ناخودئاگا"ی خۆی تێبگات و باش بیناسێت. ئەو توانایەش بەدەس ئەهێنێ کە دەرك بەو

باوەڕە هەستیارە سیاسییانەی بکات کە باوەڕ و ڕەفتارەکانی ئەویان پێك هێناوە و لەگەڵ ئەوەشدا داوەری کردنە سەرەکی و بنەڕەتییەکانیان بناسێت و بیانخاتە بەرڕاڤە و لێکۆڵینەوەی وردەوە. بە پێی نەریتی سوقراتی "مێشوولە"، تێگەیشتنی تیۆرە سیاسییەکان ڕەنگە ئەو باوەڕانەی کە لای خوێنەران بە حەقیقەتی ڕەها لە قەڵەم ئەدرێن، بچزێنێت و گومانیان لێ بکات.

ئامانجی ئەم کتێبە تەنها خستنەڕووی ئەم چوارچێوە بوو، بەڵام هەندێ جاریش لە میانەی باسەکاندا، نموونەگەلێکیش لە تیۆرسێنە سیاسییە گەورەکان هێنرایەوە. ئەڵبەتە هێندەی بۆمان کرا، ئەو نموونانەمان کورت کردەوە. ئەگەر بمانەوێ بە تەواوەتی هەموو لایەنەکانی ئەم چوارچێوە دەرك بکەین، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ سەرچاوە سەرەکییەکان. واتە کتێبە کلاسیکیەکانی تیۆرە سیاسییەکان. هەوڵمانداوە پرۆسە و میتۆدی تیۆرەکانیان روونتر و ئاشکراتر لە ڕەوشی خودی تیۆرسێنەکان روون بکرێتەوە. بەڵام بەمەبەستی تێگەیشتنی گرنگیی و ناوەڕۆکی تیۆرە سیاسییەکان، هیچ شتێ لەوە باشتر نیە کەراستەوخۆ بەرهەمەکانی بخوێنینەوە.

خوێندنەوەی راستەوخۆی دەقی تیۆرە سیاسییەکان مانا بە هەندێ بوار دەبەخشێت کە کاری روونکردنەوە دەکەن (ئێمەش لێرەدا تەنها ئاماژەمان پێکردوون). بۆ نموونە لە پلەی یەکەمدا دەبێ ناوەڕۆك ببەخشین بەو بانگەشەیەی کە دەڵێ تیۆرە سیاسییەکان زۆربەی کات بە "باشترین زانست" [تاجی سەری زانستەکان] ناودێرئەکرێن. دەبێ ئەوەمان بۆ روون بووبێتەوە کە بۆچی تیۆرە سیاسییەکان بە جۆرە "تێڕوانین"ێکی سیاسی

لەقەڵـەم دەدرێـن. هـەروەها دەبـێ ئـەوەش روون بووبێتـەوە کـە بۆچی تیۆرە سیاسییەکان بە جۆرە چارەسەرێك لە قەڵەم دراون.

## باشترین زانست

تیـۆرە سیاسـییەکان تـەنها لەبـەر ئـەوەی کـە بایـەخیان لـە زانسـتەکانی تـر زیـاترە، یـان لەبـەر ئـەوەی کـە لـە دیقـەت و وردبینییـەکی زیـاتر بەهرەمەنـدن، بـە باشـترین زانسـت لـە قەڵـەم نـادرێن. لـە راسـتیدا هـەروەك ئاماژەمـان پێکـرد، هـیچ تیـۆرێکی سیاسی بانگەشەی ئەوە ناکات کە بەدەرەنجامێکی پەسەندکراو گەیشتووە، دەرەنجامێك کـە قـابیلی ئیسبات کـردن بێـت. تیـۆرە سیاسـییەکان هەمیشـە لـە هەنـدێك لـە لایەنـەکانی ژیانـدا، پەنادەبەنە بەر حەدس و گومان. بە پێچەوانەوە، هۆی ئـەوەی کـە تیۆرە سیاسییەکان خۆیان بە باشترین زانسـت ئـەزانن ئەوەیـە کـە ئەوانە لە گونجاوێتی و بەرفراوانییەك بەهەرەمەندن کە لـەو روەوە هـیچ زانسـتێکی تـر نـاتوانێ شـانلەشـانیان بـدات. تیـۆرە سیاسییەکان هەم لە توێژینەوەکانی‌تر بەرفراوان تـرن و هـەمیش کاریگەرییـەکی سـەرەکیتر و راسـتەوخۆتر لەسـەر رەفتـاری مـرۆڤ دادەنێن.

تیـۆری سیاسـی، بـە تـێروانینێکـی هەمەلایەنـە لەسـەر سیاسـەت لـە قەڵـەم ئـەدرێ و وەکـوو لووتکـەی هـەرەمێك،

لەسەرەوەی (ر أس) هەرەمی ئەندیشەدایە. لە تەبەقەکانی خوارتری ئەوهەرەمەدا رشتەگەلی تایبەتی زانستی مرۆڤی (علوم انساني) وەك ئابووری و دەروونناسی لەنگەریان گرتووە. ئەڵبەتە هەندێ جاریش زانستی سروشتی (علوم طبيعي) توانای ئەوەیان دەبێت بچنە ئەو خانەیەوە. تیۆرە سیاسییەکان لەو روەوە کە وەکوو "سەری هەرەم" لەسەرەوەی چینەکانی ترەوەن، دەشتوانن بە باڵاتر لە زانستەکانی تر لە قەڵەم بدرێن. لایەنێکی تری مەسەلەکە ئەوەیە کە تیۆرە سیاسییەکان گرێدراون بە هەموو ئەو زانستانەی تر کە لە تەبەقەکانی خوارتردان. وەك پاڵەوانێکی "ژیمناستیك" کە لە سەری هەرەمی وەرزشکارەکانی تردا وەستاوە. تیۆرە سیاسییەکان دەبێ لەوە دڵنیابن کە ئەندامانی پێکهێنەری هەرەمەکە [واتە زانستەکانیتر] باوەڕ پێکراو و قابیلی متمانە پێکردن بن، چونکە ئەگەر تەبەقەکانی خوارتر کە پشتیوانی تیۆرێکن، کەم و کوڕییان تیا هەبێت، سەرجەم بینای تیۆرەکە تێك دەشکێ و دەڕووخێت.

هەندێ لە تیۆرسێنەکان بە تەواوەتی پشت بە تیۆرە ئابوورییەکان دەبەستن. مارکس نموونەیەکی ئاشکرایەتی. مارکس کتێب گەلێکی زۆری تەرخان کردووە بۆ راڤەکاری و

شیکردنەوەی ئابووری سەرمایەداری. لیبراڵەکانی لایەنگری ئابووری ئازادو تیۆرە کلاسیکە ئابوورییەکانیش پێوەندییەکی ئاشکرا و تەواویان بەیەکەوە هەیە. بەهەرحاڵ، کاریگەرێتی ئەم تیۆرە سیاسییانە تاڕادەیەکی زۆر گرێدراوە بە تێگەیشتنە جۆراوجۆرە ئابوورییەکانەوە.

زۆرن ئەو تیۆرە سیکۆلۆژیکییانەی کە بناغەی تیۆرە سیاسییەکان پێك دێنن، چونکە بە دەگمەن دەتوانرێت ئاوڕ لە فیترەت و پێکهاتەی مرۆڤ نەدرێتەوە و بتوانرێ وێنایەکی کامڵ لەسەر سیاسەت بەدەستەوە بدرێت. شیکردنەوەو راڤەکارییەکانی ئەفلاتوون لەسەر کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکان، لەسەر بنەمای تێگەیشتنی ئەو لە رۆحی مرۆڤ بنیات نراوە. هۆبس و رۆسۆ و ئەرستۆ هەریەکەو بەشێواز و سیاقی خۆیان راڤەکارییەکی بەرفراوان لەسەر ویست و ئارەزووە مرۆییەکان ئەنجام ئەدەن. تێگەیشتنی سیاسی مارکۆزە و فرۆم لەگەڵ تێگەیشتنی رەشبینانەی فرۆیددا جیاوازییان هەیە، چونکە لێکدانەوەیان لەسەر دینامیزمی رۆحی مرۆڤ، وەك یەك نییە. نموونەی لەو جۆرە زۆرن. تەقریبەن هەموو تیۆرە سیاسییەکان پشت بەراڤەکاریگەلێکی جۆراوجۆری سیکۆلۆژیکی لەو جۆرەوە دەبەستن. جۆرەکانی فەلسەفەی مێژوو و هەروەها تیۆرە

جۆراوجۆرەکانی سەبارەت بە زانستە مرۆییەکانیش، دەتوانن ببنە بناغەی تیۆرە سیاسییەکان. بۆ نموونە هێگڵ و مەکیاڤیلی، ئەو رۆشنگەرییەی کە سەبارەت بە دینامیزمی مێژوو دەیخەنەڕوو، بەتایبەتمەندی سەرەکی تیۆرە سیاسییەکانی خۆیان لەقەڵەم ئەدەن. ئەفلاتوون و هەروەها فەیلەسوفانی سەردەمی رێنسانسیش خوێندنەوەی زۆریان سەبارەت بە تیۆرە جۆراوجۆرەکانی زانستە مرۆییەکان و هەروەها سیستەمەکانی فێرکاری و راهێنان ئەنجام داوە. تێگەیشتنی ئەوان، لەسەر ئەم مەسەلانە، دەرەنجامگەلێکی زۆر و گرنگیان لێ کەوتەوە.

تەنانەت رەنگە تیۆرە سیاسییەکان بۆ دانانی بەردی بناغەی تیۆرەکانیان، کەڵك لە زانستی سروشتیش وەربگرن. بۆ نموونە هۆبس خوێندنەوەیەکی زۆری لەسەر کرۆکی "بزاوت" ئەنجام دا، چونکە لەو باوەڕەدابوو کە دەرك کردنی جموجۆلی کۆمەڵگای سیاسی، بە بێدەرك کردنی دینامیزمی رەوتی "بزاوت" لە تواناادا نابێت. هەر بەم پێیە، "داروینیزمی کۆمەڵایەتی" بۆ شرۆڤەکردنی ژیانی سیاسی، کەڵك لە تیۆری "تەکامول"ی داروین وەردەگرێت. بەڕای هزرمەندانی ئەم تیۆرە، دەرك کردنی سیاسەت گرێدراوە بە دەرك کردنێکی گونجاوی هێزەکانی ژینگەناسییەوە.

کەواتە ناتوانین بە ئاسانی پێشبینی ئەوە بکەین خوێنەرێك کە دەس ئەکا بە خوێندنەوەی کتێبەکانی تیۆرە سیاسییەکان، بە چ ئاقارێکدا دەچێ و سەرەنجامی چی دەبێت؟ ڕەنگە بکێشرێتە قەڵەمڕەوی خوێندنەوەی ستاتیك و مەعریفەناسی و ژیننناسی، یان ئابوورییەوە. بەڵام ئەگەر لە شێوەی لەنگەرگرتنی تیۆرە سیاسییەکان لە هەرەمی زانستەکاندا تێبگات، پەی بەوە دەبا کە بۆ سەر سفرەیەکی ناڕێكوپێك و قەرەباڵغی فیکری بانگهێشت نەکراوە. تیۆرسێن تەنها بناغەی هەنگاوەکانی دواتر دەخاتە ڕوو.

خوێنەر نەك تەنها نابێ لەو لاڕێ فکرییانە (ڕێی چەوت و نادروست) بترسێت کە تیۆرسێن ڕووبەڕووی دەکاتەوە، بەڵکوو دەبێ هەوڵ بدات تا لە مەبەستی تیۆرسێن بۆ هەڵبژاردنی ئەو لاڕێ گەلە تێبگات. ئەو دەبێ هەوڵ بدات بزانێ بۆچی لای تیۆرسێن، هەندێ تیۆر سەبارەت بە دەروونناسی و مێژوو و فیزیك، گرنگیی زۆریان هەیە؟ تێگەیشتنی پێوەندی نێوان ڕوانینی سیاسی تیۆرسێن و ئەو زانستانەی کە تیۆرەکەی لەسەر دامەزراندوون، کلیلی ڕاستەقینەی تێگەیشتن لە تێڕوانینی ئەو لەسەر جیهانە.

## < ڕوانگەی چارەسەرئامێزو > و عەقڵی کرداری

بۆ جارێکی تریش ڕووبەڕووی وشەی "تێڕوانین" دەبینەوە کە لەم کتێبەدا زۆر دووپات بۆتەوە. لە کۆتاییدا باشتروایە جارێکی تریش جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە ئەو خوازانەی بە کارهێنراون، بەهەڵکەوت و تەسادوف نەبوە. هەروەك ئەم چوارچێوەیە دەری دەخات، تیۆرە سیاسییەکان لە پلەی دووهەمدا و بە شێوەیەکی "ئیشتقاقی" زنجیرە بابەتگەلێکی ئەبستراکتن. یان دروستتر بڵێن" تیۆرە سیاسییەکان تێگەیشتنگەلێکی سیستماتیك و زنجیرەئاسان سەبارەت بە ژیان.

سەرەنجام، ئەوانە وەك جۆرە جیهانبینییەك وان. لەبەر ئەوەش کە بینەر خۆی بەشێکە لە دنیای سیاسەت، نەك بەتەنها توخمێکی بێ لایەن" کەواتە شێوازی بینین دەبێتە ڕێگایەکیش بۆ بینینی خۆی. دەرەنجامەکەش ئەوە دەبێ کە تێڕوانینە جۆراوجۆرە سیاسییەکان، ڕەفتارگەلێکی جۆراوجۆری سیاسییان لێ دەکەوێتەوە.

پاش شیکردنەوەی تیۆرە سیاسییەکان و خوێندنەوەی هەموو بەشەکانیان ـ واتەخوێندنەوەی قۆناغی بینینی بێنەزمی، دەستنیشانکردنیهۆکارەکان، بنیاتنانەوەی کۆمەڵگا و سەرەنجام قۆناغی پێشنیارەکان (تەجویزەکان) ــ لە کۆتاییشدا

دەبێ قسە لەسەر گشتێتی جیهانبینیش بکرێت. دەبێ لەدەلاقەی تێڕوانینی تیۆرسێنەوە جیهان ببینین، نەك تەنها باوەڕەکانی ببینین و هیچی‌تر. دیارە بۆ تێگەیشتنی تیۆرێکی سیاسی، پێویستە "لۆژیك"ە کەشی دەرك بکەین. هەروەها هەموو قۆناغەکانی توێژینەوەی تیۆرسێن دەرك بکەین و بزانین هەریەکە لەم قۆناغانە چ پێوەندی گەلێکیان بە یەکەوە هەیە؟ بەلام کاتێك ئەم قۆناغە دوایی هات، مرۆڤ دەبێ لە تێگەیشتنی باوەڕەکانیش تێی بپەڕێنێت و بگاتە قۆناغی "ڕووبەڕووبوونەوەی خەیالی" ــ واتە بینینی جیهان لە ڕوانگەی تیۆرسێنەوە ــ و جیهان لەو ڕێگەیەوە تاقی بکاتەوە.

بێگومان هیوایەتی تیۆرسێن ئەوەیە کە هاوڕایی و تێگەیشتنی خوێنەر لە باوەڕەکانی ئەو، بە شێوەیەکی دەرسی و وانەئاسا نەبێت، [بەڵکوو قووڵتر لەوە بێت]. ئەو حەز ئەکات خوێنەر بۆ هەمیشە جیهان لە ڕوانگەی ئەوەوە ــ کە بەروانگەیەکی تەواو دروستی دەزانێت ــ ببینێ. تیۆرسێن بە تەنها بۆ ئاگاداری خوێنەرانی شت نانووسێ، بەڵکوو دەیەوێ وەرچەرخانێکی فکری تیا بێنێتەئاراوە. هەروەها دەیەوێ تێڕوانین و جیهان بینی خوێنەرەکانی، چاکسازییان تیابکرێت، تاکوە لەو ڕێگەیەوە ژیانێکی سیاسی ئاقڵانەتریان هەبێت.

بەکورتی، ئەو زانستەی کە تیۆرسێنەکان دەیخەنەڕوو، هەندیٚویستی مەیلەو (چارەسەرکردنیشیان) تیایە. وشەی periagoge (کە لە زمانی یۆنانیدا بەواتای وەرچەخانی فکری دیٚت، مانا قامووسییەکەی "گەڕانەوەو گۆڕینی ئاڕاستە"ە) کە سەرەنجام بەواتای (چارەسەر کردن) بەخشیٚ. بەرهەم و دەرەنجامی تیٚرۆشنگەرانە، ئەقڵی کردارییە، واتە جۆرە زانستیٚکی رزگارکردن. کەسیٚك زاناو ئاقڵە کە بابەتە سیاسییەکان وەکوو خۆیان دەبینیٚ و ئەوەش دەزانیٚ کە دەبیٚ چۆن رەفتار بکات. ئەوەش دەزانیٚ کە بەمەبەستی دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی باش و دادپەروەر، دەبیٚ چۆن چالاکی بنویٚنیٚ.

تەنانەت ئەو تیۆرسێنەی کە ناتوانیٚت بە تەواوەتی خویٚنەرانی قەناعەت پیٚ بکات، رەنگە بە هۆی چاکسازی کردن لە "تیٚروانین" یاندا ژیانیان بگۆڕیٚت و بەلایەکی باشتریاندا بەریٚت. تەنانەت ئەگەر خویٚنەرانیشی، جیهان لە روانگەی ئەوەوە نەبینن، بەو حاڵەشەوە جیهانبینییەکی باشتر پەیدا دەکەن بەرانبەر حەقیقەتەکانی ژیان و بە تایبەت ئەو حەقیقەتانەی کە هەرگیز بیریان لیٚ نەکردوونەتەوە. خویٚنەریٚك کە پاش خویٚندنەوەی ئەفلاتوون، مارکس، هۆبس و رۆسۆ نەتوانیٚت ئاگاییەکی قووڵ سەبارەت بە کیٚشەگەل و ئیمکاناتە سیاسییەکان بەدەس بهیٚنیٚت، بیٚگومان خویٚنەریٚکی سست و ناوردبینە.

کاتێ کەسێك پرسیار دەکا کە ئامانجی تیۆرە سیاسییەکان چییە؟ یان خوێندنەوە و خۆخەریککردن پێیانەوە، چ قازانجێکی هەیە؟ دەمخاتەوە یادی ئەو پۆسکارتانەی ساڵی تازە، کە "ئەدلی ئستیۆنسۆن" سیاسەتمەداری ئەمریکی بۆ هاوڕێکانی دەناردن و تیایاندا نووسرابوو: "لەسەرەتای ئەم ساڵە تازەیەدا حەز ئەکەم دۆعایەکتان وەبیر بێنمەوە کە لەسەرۆکی قەبیلەیەکی سوورپێستەکانەوە فێری‌بووم. لەو دۆعایەدا داوا لە "رۆحی گەورە" کرابوو کە رووناکی بخاتە سەر ئەو رێگە تاریك و پڕ لە بەردانەی کە لە پێشماندان.

تیۆرە سیاسییەکان، نیعمەت و نێردراوی خودایی نین. ئەڵبەتە رەنگە هەندێ جار لای خوێنەرانیان، یان هزرمەندێك، نرخ و توانای "وحی" یان هەبێت و بەو چاوە تەماشایان بکەن. لە راستیدا تیۆرە سیاسییەکان بەرهەمی فکری ئەو مرۆڤانەن کە لە پێناویاندا هەوڵ و تەقەلایەکی یەکجار زۆریان داوەو تەنانەت هەندێ تاقیکردنەوەی پڕووکێنەریشیان پشت‌سەرناوە. ئەو دۆعایەی سەرۆکی سوورپێستەکان کە ستیۆنسۆن باسی دەکا، لەراستیدا ئامانجی سەرەکی تیۆرە سیاسییەکانە. واتە ئامانجیان ئەوەیە کە رووناکی بخەنە سەر ئەو رێگە تاریك و پڕ لە بەردانەی کە لە پێشماندان.

# بۆ ئاگاداری زیاتر

ئاگۆستین: Saint Augustine قەشە ئاگۆستین. قەشەی شاری هیپۆن (٣٥٤-٤٣٠) گرنگترین کتێبەکانی بریتین لە "شاری خوا" و "دا پێدانان".

ئارمادای ئسپانیا: ئاماژەیە بە شەڕی دەریایی ئسپانیا و بەریتانیا لە ساڵی ١٥٨٨ دا کە تیایدا هێزی دەریایی ئسپانیا بە تەواوەتی تێك شکێنرا.

ئەرستۆ: Aristotle فەیلەسوفی یۆنانی (٣٢١-٣٨٢پ.ز)

ئەفلاتوون: Platon فەیلەسوفی یۆنانی (٣٤٧-١٢٧پ.ز)

ئاکویناس: Aquinas تۆماس. فەیلەسوفی ئیتالی (١٢٢٥-١٢٧٤)

ئەنگلس: Engeles فریدریش. سۆسیالیستی ئەڵمانی (١٨٢٠-١٨٩٥)

سپینۆزا: Spinoza باروخ. فەیلەسوفی هۆڵەندی (١٦٣٢-١٦٧٧)

ستالین: Stalin جۆزیف ویسار یۆنۆڤیچ. ڕێبەری حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی پێشوو (١٨٧٩-١٩٣٥)

شتراوس Leo Strauss نووسەری کتێبی "فەلسەفەی سیاسی چییە؟"

سکینێر: B.F.Skinner (١٩٠٤-.....) دەروونشیکاری ڕەفتارخوازی ئەمریکی.

بانگەوازی ئیلاهی: Daimon لە زمانی یۆنانیدا بە مانای بوونەوەری ئیلاهییە.

برێك: Edmund Burke (١٧٢٩-١٧٩٧) سیاسەتمەداری بەریتانی و یەکێکە لە نووسەرە سیاسییەکانی سەدەی هەژدەهەم و نەیاری سەرسەختی شۆڕشی مەزنی فەرەنسە بوو. کتێبە بەناوبانگەکەی "هەندێ تێڕامان سەبارەت بە شۆڕشی فەرەنسە"یە.

بەرنامەی نوێ: New Deal دەستەواژەیەکە یەکەم جار ریمۆندموولی سیاسەتمەداری ئەمریکی دەری بڕیوەو، بۆ وەسف کردنی سیاسەتەکان و یاسادانانی یەکەم خولی سەرۆك کۆماری

ڕۆژقڵت (١٩٣٣-١٩٣٧) بە کار دەهێنرێت، کە ئامانجیشی ئەوەبوو ئەمریکا لە کێشەکانی "قەیرانی گەورە" ڕزگار بکات.

بەهیمووس: Bahemoth یەکێکە لە کتێبەکانی تۆماس هۆبس. بەهیمووس وشەیەکی عیبرییە و بەواتای بوونەوەری زل و زەبەلاح دێت.

بیکەن: Francis Bacon فەیلەسوف و سیاسەتمەداری بەریتانی و دامەزرێنەری زانستی ئەزمونگەری.

بێنتام Jeremy Bentham (١٧٤٨-١٨٣٢) فەیلەسوفی ئاکار و تیۆری سیاسی - حقوقی بەریتانی

پۆل تیلیش: Paul Tillich (١٨٨٦-١٩٦٥) زانایەکی خواپەرەست و فەیلەسوفێکی پرۆتستانی ئەڵمانی بوو. لە کتێبەکانی ئەمانەن" ئازایەتی "بوون"، "ئیلاهیاتی فەرهەنگ".

تاناتۆس: Thanatos لە ئەفسانەکانی یۆناندا "دەرکەوتنی مەرگ"،جمکە برای "خەو" (Hypnos). هیسیۆد دەڵێ تاناتووس بە بێباوك، لە "شەو"ەوە لە دایك بوە.

تۆماس پاین: Thomas Paine نووسەری کتێبی ماف مرۆڤ. (The Rights of Man. ١٩٧٣)

**جـان مینـارد کینـز:** John Maynard Keynes (١٩٤٦-١٨٨٣)

**جۆرج بێرناردشۆ:** George Bermard Shaw نووسـەری ئیرلەندی (١٩٥٠-١٨٥٦)

**چەپی‌نوێ:** تـەوژمێکی سیاسـیە کـە لەدەیـەی ١٩٥٠ دا ودوا بـەدوای نـاڕازی بـوون لـە چەپی‌کـۆن سـەری هـەڵدا. چەپی نـوێ ژمارەیـــەکی زۆری ڕەوتـــە سیاســـییەکان دەگرێتـــەوە وەك، سۆسیالیزم، ئەنارشیزم، سەندیکالیزم، تروتسکیزم، مائۆییزم و کاسترۆییزم و....

**دۆمسـتێر:** De Maistre فەیلەسـوف فەرەنسـی و نـەیاری سەرسەختی شۆڕشی فەرەنسە و دەسکەوتەکانی.

**داروێــن:** Darwin پزیشــك و سروشــت ناســی بــەریتانی. "بنــەڕەتی جۆرەکــان" (اصـل انـواع) یـەکێك لـە کتێبەکانیـەتی (١٨٠٢-١٧٣١)

**دێکـارت:** Descartes ڕێنـە. فەیلەسـوف و ماتماتیـك زانـی فەرەنسی (١٥٩٦-١٦٥٠)

دیۆنۆسیۆس: یان "دیۆنۆسیۆسی ولات" (٤٣٠-٣٦٧ پ.ن) دیکتاتۆری شاری سیراکوز، لە بنەماڵەیەکی پلەنزم هاتە دنیاو دوایی چوە ناوسیاسەتەوەو داکۆکی لە چینی هەژار دەکرد، پاشان دەسەلاتی گرتە دەست (٤٠٠پ.ن)، ئەوە بوو هاوڕێکانی لەناوبردو بوو بە دیکتاتۆرێکی تەواو

رۆسۆ: Rousseau ژان ژاك. فەیلەسوف و نووسەری فەرەنسی (١٧١٢-١٧٧٨) "ئیمیل" لە کتێبەکانیەتی کە سەبارەت بە راهێنان و پەروەردەی منالان و مێرمنالانە.

رێکاردۆ. Ricardo دەیفد. ئابووری زانی بەریتانی (١٧٧٢-١٨٢٣)

ریچارد هۆکد: Hooked Richard (١٥٨٦-١٦٤٧) خواپەرستی بەریتانی.

سان سیمۆن: Saint-Simon فەیلەسوف و بیرمەندی فەرەنسی (١٧٦٠-١٨٢٥) پێشەوای قوتابخانەی سیاسی و کۆمەلایەتی "سان سیمۆنییەکان"بوو.

سۆرێل: Sorel ژۆرژ. فەیلەسوف فەرەنسی (١٨٤٧-١٩٢٢)

سەرمایە: Capital لە نووسینەکانی مارکسە و لە راستیدا گرنگترین کتێبی مارکسە.

سیملهۆڕەکە: Thirty Tyrants لە مێژووی یۆنانی کۆندا، لیژنەیەکی سی کەسی لە ئەریستۆکراتەکانی ئەسینا، لەدوای شەڕی پلۆپۆنزیدا (٤٠٤پ.ز) بە پشتیوانی ئسپارت، حکوومەتی ئەسینایان گرتە دەستکە کاریان هەڕەشەو تۆقاندن و جینایەت و مرۆڤ کوژی و داگیرکردنی سامان و دارایی خەڵك بوو.

شۆڕشگێڕە پارساکان: puritans پرۆتستانە توندڕەوەکانی ناوەوە دەرەوەی کڵێسەی بەریتانیا بوون کە بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ خاتوو ئەلیزابێتدا ڕێك نەدەکەوتن و خوازیاری چاکسازی کردنی زیاتر لە ناو مەزهەبدا.

شۆڕشی شکۆمەند: لە بەریتانیادا بە ساڵانی ١٦٨٨-١٦٨٩ دەڵێن کە بوە هۆی لەسەر کار لابرانی جیمزی دووهەم.

فرۆم: Erich Fromm نووسەری کتێبی "کۆمەڵگای بێخەوش" (The Sama Society ١٩٦٧).

فرۆید: Freud دەرونشیکاری ئۆتریشی، لە بنەماڵەیەکی جوولەکە لە دایك بوە (١٩٥٦-١٩٣٩). فرۆید لەوباوەڕەدابوو کە سەرچاوەی زۆربەی نەخۆشییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ناکامی سێکسی. تەوتەم و تابو گرنگترین کتێبیەتی.

**فیۆرباخ:** Feuerbach **لودڤیك ئاندراس فەیلەسوفی ئەڵمانی (١٨٠٤-١٨٧٢)**

**فۆریـــە:** Marie Fourier **فەیلەســـوف و بیرمەنـــدی کۆمەڵایـەتی فەرەنسـی (١٧٧٢-١٨٣٧) سـاڵی ١٨٠٤ کتێبێکـی بەناوی "هاوئاهەنگی جیهانی" (Univer Harmonic) نووسـی و دەیویست ئامانجەکانی مرۆڤ بە ئاقارێکدا بەریت کە قازانجی تیابێت. لـەو باوەڕەشدا بوو کە "کار" تـەنها ڕێگـەی بەختـەوەر بـوونی مرۆڤـە. فۆریـە بـە دامەزرێنـەری سۆسـیالیزمی خـەیاڵی (یۆتۆپیسم) لە قەڵەم ئەدرێت.**

**قـەیرانی ئـابووری سـاڵی ١٩٣٠:** Great Depre Ssion. **سـەردەمی دابـەزینی ئـابووری و بێکـاری بـەرفراوان کـە سـاڵانی نێـوان دوو شــەڕی جیهــانی بــە تایبــەت ســاڵانی ١٩٢٩-١٩٣٥ گرتبووەوە.**

**کارلایـل:** carlyle **تۆمــاس نووســـەر و ئـەدیبی بــەریتانی (١٧٩٥-١٨٥١)**

**کاسـترۆ:** Castro **فیـدل. ڕێبــەری سیاسـی کووبـا (١٩٢٦-.....)**

**کافکا:** Franz Kafka (١٨٨٣-١٩٢٤) رۆماننوسی چیك. توخمی سەرەکی رۆمانەکانی کافکا بە تایبەت لە "کۆشك و دادگایی‌کردن"دا، بێ شوناسی و نامۆبوون و دەستەوەستانی و نەهامەتی‌یە.

**کانت:** Kant ئیمانۆئیل. فەیلەسوفی ئەڵمانی (١٧٢٤-١٨٠٤)

**کانووت:** Canute. ناوی شەش کەس لە پاشایانی دانیمارکە کە دوانیان، پاشای بەریتانیاش بوون. کانووتی دووهەم ناسراوبە "مەزن" (٩٩٤-١٠٣٥) شای دانیماریك و بەریتانیا بوو.

**کۆندرسە:** Marquisde condorcet (١٧٤٣-١٧٩٤) ماتماتیك زان و فەیلەسوفی فەرەنسی لە سیاسەتدا پێڕەوی دیمۆکراسی و کۆماری بوو. کتێبی "گەڵاڵەیەکی مێژوویی لە پێشکەوتنە رۆحییەکانی مرۆڤ"ی لە ساڵی ١٧٩٤دا نووسی. وختەی بیروراکانی لەم کتێبەدا بریتییە لە باوەڕمەندی بە نەکامولی مرۆڤ و پێشکەوتنی هێدی هێدی مێژووی مرۆڤ.

**کۆنفسیۆس:** (٥٥١-٤٧٩پ.ز) فەیلەسوف و هزرمەندی چینی کە بیروڕاکانی، کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر سەرجەم شارستانییەتی ئاسیای رۆژهەڵاتدا داناوە.

کـۆهن: Thomas Kuhn نووسـەری کتـێبی "پێکهاتـەی شۆڕشەزانسـتییەکان" ( The structure of Scientific Revalution ١٩٧٠)

لوسەر: Luther مارتین. خێرخوازی ئەڵمانی و دەسپێکەری بزاڤی پرۆتستان (١٤٨٣-١٥٤٦)

لـۆك: John Locke (١٦٣٢-١٧٠٤) فەیلەسـوف بـەریتانی. "لێکۆڵینەوەیـەك لەسـەر تێگەیشـتنی مـرۆڤ" بـەناوبانگترین کتێبیەتی.

لویاتـان: Leviathan کتێبێکە لەنووسـینی تۆمـاس هـۆبس (١٦٥١) کـە نووسـەر تیایـدا پرەنسـیپەکانی سانسـوالیزم، ماتریالیزم، قازانجخوازی و دیکتاتۆرییەتی روون کردۆتەوە.

لیپمەن Walter Lippmann نووسەری کتێبی "فەلسـەفەی کۆمەڵگا" (The public philosophy ١٩٥٦)

مـارکس: Marx کـارل هـاینریش. فەیلەسـوف و کۆمەڵناسـی ئەڵمانی (١٨١٨-١٨٨٣)

مارکۆزە: Herbert Marcuse نووسەری کتێبی "مرۆڤی تاك رەهەند" لە ساڵی ١٩٤٦ دا.

مەدیسۆن: James Madison (١٧٥١-١٨٣٦) چوارەمین سەرۆك کۆماری ئەمریکا (١٨٠٩-١٨١٧) ئەندامی کۆنگرەی پەنابەران و نووسەری سەرەکی یاسای بنچینەیی ئەمریکا بوو و، بە نووسینی وتارەکانی، هەوڵی دابێتە پەسەندکردن. رۆڵێکی سەرەکی لە جێگیرکردنی فەلسەفەی سیاسی حکوومەتی ئەمریکا دابینیوە.

بلاوکراوەی ماف: Bill of Rights یەکێکە لە گرنگترین بەڵگەکانی یاسای بنچینەیی بەریتانیایە کە مادەکانی دەورێکی زۆریان هەبوە لە کامڵ بوونی یاسای بنچینەیی هەردوو وڵاتی بەریتانیا و ئەمریکادا.

میلتۆن فریدمەن: Milton Freedman (....-١٩١٢)

واڵتەر: Voltaire فرانسواماری ئارۆئە. فەیلەسوف و نووسەری فەرەنسی (١٦٩٤-١٧٧٨)

ڤیبەر: Weber ماکس ڤیبەر، کۆمەڵناسی ئەڵمانی (١٨٦٤-١٩٢٠)

وتارگـەلی فدرالیسـت: The Federalist papers.
لـەخۆگری ٨٥ وتـاری ئەلکسـاندر هـەمیلتۆن (١٧٥٧-١٨٠٤) جیمـز مەدیسـۆن (١٧٥١-١٨٣٦) و، جـان جـەی (١٧٤٥-١٨٢٩) کـە نێـوان سـاڵانی ١٧٨٧ تـا ١٨٨٨ دا نووسـراون. ئـەم کتێبـە یـەکێك لـە گـرنگترین کتێبـەکانی ئەمریکایـە لـە بـواری تیـۆرە سیاسییەکاندا.

هـۆبس: Thomas Hobbes (١٥٨٨-١٦٧٩) فەیلەسـوف بەریتانی "لویتان" بەناو بانگترین کتێبیەتی.

هـــەمیلتۆن: Alexander Hamilton (١٧٥٧-١٨٠٤) سیاســەتمەداری ئـــەمریکی لایـــەنگری داخوازەکـــانی نەتـــەوە پەرســتان و هـەروەها یـەکێك بـوو لـە جـەنگاوەرەکانی شۆڕشـی ئەمریکا.

هێگـڵ: Hegel گیـۆرگ ویلـهۆلم فریـدریش، فەیلەسـوف ئەڵمانی (١٧٧٠-١٨٣١)

هیتلـــەر: Hitler. ئـــادۆلۆف. دیکتـــاتۆری ئـــەڵمانی و دامەزرێنەرو ڕێبەری ناسیۆنال سۆسیالیزم (١٨٨٩-١٩٤٥)

هیـوٚم: Hume فەیلەسـوف و مێژوونووسـی ئیسـکاتلەندی (١٧١١-١٧٧٦)

یەکسـانیخـوازان: Levellers پێدەچێت سـاڵی ١٦٤٧ ئـەم ناوەیـان لـێنرابێـت. چونکە باوەڕان بە دامەزرانـدنی یەکسانی و بەرابەری کۆمەڵایەتی هەبوو. ڕێبـەری ئەم بزاڤـە. ج.لیـبرێن بـوو و ئامـانجی سەرەکیشـی یەکسـانی تـەواوی ئـاینی و سیاسـی بـوو. ساڵی ١٦٤٩ لە لایەن کرامولەوە سەرکوتکران.

# واژەنامە

| ئینگلیزی | فارسي | کوردی |
| --- | --- | --- |
| Industrialecono my | اقتصاد صنعتي | ئابووری پیشەسازی |
| Social level | سطح اجتماعي | ئاستی کۆمەڵایەتی |
| Moral - ethics | اخلاق | ئاکار |
| Idealism | آرمانگرايي | ئامانجخوازی . ئایدیالیزم |
| Ideal | آرمان | ئایدیال، ئامانج |
| Value | ارزش | ئەرزش، بەها |
| Absolute Value | ارزش | بەهای رەها |
| Gentry | اعيان- اشراف | ئەرستۆکرات |
| Reasoning | استدلال | ئیستدلال |
| Will | اراده | ئیرادە |
| Homo-politicus | انسان سياسي | مرۆڤی سیاسی |
| Life conditions | شرايط زندگي | بارودۆخی ژیان |
| Social condition | اوضاع اجتماعي | باردۆخی کۆمەڵایەتی |
| Chaos | آشفتگي، نابسامانی | پشێوی |
| Movement | نهضت | بزاڤ، جوڵانەوە |
| Archetype | عالي ـــ متعالي | باڵا |
| Potential | بالقوّه | بالقوە |
| Variable | متغّير | بگۆڕ- گۆڕاو |
| Class interests | منافع طبقه اي | بەرژەوەندییە چینایەتییەکان |
| Productiom | توليد | بەرهەم هێنان |
| Alienation from | بيگانگي با خود | بەخۆ نامۆبوون |

| | | |
|---|---|---|
| بەدیهاتن | تحقق یافتن | self Actualization |
| بەدەزگاییکردن | نهادي كردن | Institutionalazation |
| بەشداری کردن | مشاركت | Participation |
| بەکۆمەڵایەتی بوون | اجتماعي شدن | Socialization |
| بەهای کۆمەڵایەتی | ارزش اجتماعي | Cocialvalue |
| پاساو هێنانەوە | توجيه | Justification |
| سیکۆلۆژی- دەروونناسی | روانكاوي | Psychologism |
| پاشـــایەتی مەشـــرووتە، پاشایەتی دەستوری | سلطنت مشروطه | Parliamentary monarchy |
| پاشایەتی تاکەکەسی | سلطنت فردي | Autocracy |
| پەرچەکرداری | كنش متقابل | Inter-action |
| پێشکەوتن | ترقي ـ پيشرفت | Progress |
| پیرۆز | مقدس | Sacred |
| پێکهاتەی ئابووری | ساخت اقتصادي | Economic Structure |
| پێکەوە ژیان | همزيستي | Symbiosis |
| پێگەی کۆمەڵایەتی | پايگاه اجتماعي | Social –status |
| پێوەندی کۆمەڵایەتی | ارتباط اجتماعي | Social communication |
| پێشگوییی کردن | پيشگويي | Prophecy |
| توند و تیژی | خشونت | Violence |
| تەبایی | انطباق | Adaptation |
| تەجروبی، ئەزموونگەریی | تجربي | Empirical |
| تەکامول | تكوين ـ تكامل | Evolution |
| تەمسیل (لەلۆژیکدا) | تمثيل (در منطق) | Analogy |
| تێکەڵ بوونی رەگەز | اختلاط نژاد | Amalgamation |

| | | |
|---|---|---|
| هەڵاواردن،جیاوازی قایل بوون | تبعيض | Discrimination |
| جیاواز | متمايز – متفاوت | Differentiated – |
| چڕبوونەوە، چەقێتی | تمركز | Centralization |
| کەڵەکەبوون | تراكم | Concentration |
| چەمکی ئەبستراکت | مفهوم انتزاعي | Abstract concept |
| چەوساندنەوە | استثمار | exploit |
| توێژی کۆمەڵایەتی | قشر اجتماعي | Social Stratum |
| چییەتی | ماهيت | Essence |
| حاشا هەڵنەگر ـ حەتمی | اجتناب ناپذير | Inevitable |
| حەقیقەتی ڕەها | حقيقت مطلق | Absolute |
| حکوومەتی دیکتاتۆری | حكومت استبدادي | Absolulism |
| خراپکاری ـ ئاژاوەنانەوە | خرابكاري – ويرانگري | Sabotage - criminality |
| خورافات | خرافات | Prejudices |
| خود | خود | ego |
| خەڵکی ڕەمەکی | عامة مردم | Plebs |
| خەڵکی ڕەمەکی، ڕەشۆك | عوام – تودة مردم | rabble |
| خەیاڵی | خيالي – رؤيايي | dreamer |
| خێڵ | قبيله | Tribe |
| داب و نەریت | آداب و رسوم | Mores |
| داگەڕان | گرايش | Tendency |
| دادوەر | داور – قاضي | Dicastes |
| داهێنان | آفرينش | Creation |
| داهێنەر | خلاق – آفريننده | creative |
| دۆزینەوە | اختراع | Invention |

| | | |
|---|---|---|
| دژایەتی | تضاد | Contras |
| دژوازی | تناقض | Contradiction |
| دژە کۆمەڵایەتی | ضد اجتماعي | Antisocial |
| دەروون شیکاری | روانکاوي | Psychologism |
| دەزگا، دامەزراوە | نهاد | Institution |
| دەسەڵات | اقتدار | Authority |
| دەسەڵاتداریتی، فەرمانڕەوایی | حاکمیت | Sovereignty |
| دەستێوەردان | مداخله | Intervention |
| دەسەڵاتیڕەها | قدرت مطلق | Absolute power |
| دەسەڵات خواز، داگیرگەر | تسلط طلب – سلطەجو | Authoritarian |
| دەستنیشان کردن | تشخیص | diagnosis |
| دیاردە | پدیده | Phenomenon |
| دەسنیشان کردن | تشخیص | diagnosis |
| ڕاوەستان ـ وەستان | رکود | Stagnation |
| ڕای گشتی | افکار عمومي | Publicopinion |
| ڕەوایی | مشروعیت | Legitimite |
| ڕێژەیی بوون | نسبیت | Relativity |
| ڕۆشنبیران | روشنفکران | Intelligentsia |
| ڕۆشنبیر | روشنفکر | intellectual |
| ڕەفتاری باو | رفتار رایج | Usage |
| ڕێکخستن | سازماندهي | Structuration |
| ڕەفتاری کۆمەڵایەتی | رفتار اجتماعي | Social communication |
| ریفۆرم خوازی | اصلاح طلبي | Reformism |
| ڕەگەز | نژاد | Race |
| ڕێژەیی | نسبي | Proportional |
| ڕێگر ـ لەمپەر | مانع | restraint |
| ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی | سازمان اجتماعي | Social |

| | | |
|---|---|---|
| organization | | |
| Socialhierarchy | سلسله مراتب اجتماعي | زەنجیرەی پلە و پایەی کۆمەڵایەتی |
| Natality | زاد و ولد | زاوزێ |
| Necessity | ضرورت ـ لزوم | زەروورەت |
| Historical | ضرورت تاريخي | زەروورەتی مێژوویی |
| objective | ضرورت عيني | زەروورەتی عەینی، بابەتی |
| İnfra-structure – | زيرساخت شالوده | ژێرخان |
| Aesthetics | زيبايي شناسي | جوانناسی، ئیستاتیکا |
| Diplomat | ديپلمات | سیاسەتمەدار |
| flop | ضعف ـ سستي | سستی، کەموکوڕی |
| Demostration | اثبات كردن | سەلماندن |
| Stabilization | تثبيت | سەقامگیرکردن |
| Pattern | الگو | سەرمەشق |
| Syndicate | صنف | سەندیکا |
| Repression | سركوب | سەرکوت کردن |
| Industrial revolution | انقلاب صنعتي | شۆڕشی پیشەسازی |
| Abequacy – | شايستگي لياقت | شایستەیی ـ لێهاتوویی |
| | مضمر | شاراوە |
| Aggressiveness | پرخاشگري | شەڕاشۆیی ـ شەڕەنگێزی |
| Aggressive | پرخاشگر | شەڕاشۆ |
| Comba ativeness | جنگ طلبي | شەڕخوازی |
| Civilization | تمدن ـ مدنيت | شارستانییەت |

| | | |
|---|---|---|
| عاتیفی، سۆزاوی | عاطفي | Affective |
| ئەقلانی | مجردانه – عاقلانه | rational |
| | | |
| فراوانی | وفور – فراواني | Abondance |
| فرەیی | كثرت – كثرت گرايي | pluralism |
| فەزیلەت ـ لە سەروو بوون | برتري – اولويت | virtus |
| فەلسەفەی رەها | فلسفة مطلق | Absolute philosophy |
| | | |
| قەیران | بحران | Crisis |
| قەیرانی کۆمەلآیەتی | بحران اجتماعي | Cocial crisis |
| قەیرانی ئابووری | بحران اقتصادي | Economic crisis |
| | | |
| کۆمەڵ ناسی . سۆسیۆلۆژی | سوسيولوژي | Sociology |
| کێشمەکێش ـ ناکۆکی | كشمكش | Conflict |
| کۆمەلآنی خەڵك | انبوه خلق، توده مردم | Crowd |
| کایەی زمانی، زمانبازی | زبان بازي | tautologe |
| کارکردخواز | كاركردگرا | Functionalist |
| کۆمەڵگای ناچینایەتی | جامعه بيطبقه | Class-less-society |
| کردە | عمل | Action |
| کۆنەپارێز | محافظه كار | Conservatis |
| کوێلەداری | برده داري | Slavery |
| | | |
| گوشاری کۆمەلآیەتی | فشار اجتماعي | Social pressure |
| گەشەسەندن | توسعه | Development |
| گرووپ | دسته | Corps |
| گرێدراو | وابسته | Dependenc |

| | | |
|---|---|---|
| گریمانه | فرضیه ـ مفروض | Assu mption |
| گواستنه‌وه | انتقال | Transfer |
| گوشار، جه‌بر | اجبار | Compulsion |
| گۆشه‌گیری | انزوا | Isolation |
| گشتێتی | کلیت | Totality |
| گۆڕان | تبدیل شدن | Transformation |
| لاڕێ، کوێره‌ڕێ | بیراهه ـ کوره‌راه | |
| لادانی کۆمه‌لایه‌تی | انحراف اجتماعي | Social deviation |
| لیژنه | هیأت - انجمن | Configuration |
| مانه‌وه | بقاء | Survie |
| ململانێی چینایه‌تی | مبارزة طبقاتي | Class struggle |
| ملهوڕ زۆردار | جبّار ـ ظالم | Authoritative |
| مه‌یل | انگیزه | Affection |
| مه‌حافیزه‌کاری | محافظه‌کاري | concervatism |
| میتۆد | روش | Method |
| ناهاوچه‌شنی | ناهمگوني | Heterogeneity |
| نامۆبوون | بیگانه شدن | Alienation |
| نامومکین- مه‌حاڵ | ناممکن | Hon-pussumus |
| نوخبه- ده‌سته‌بژێر | سرآمد، برگزیده | Elite |
| نه‌ته‌وه | ملّت | nation |
| نه‌زمی کۆمه‌لایه‌تی | نظم اجتماعي | Social order |
| نۆرم - نۆرماتیڤ | هنجار ـ هنجاري | Norm – Normative |
| وابه‌سته‌یی | وابستگي | Dependency |
| واقعییه‌تی ره‌ها | واقعیّت مطلق | Absolute reality |
| واقیع گه‌را- ریالیستی | واقعگرا | realist |

| | | |
|---|---|---|
| هۆشیاری چینایەتی | آگاهي طبقاتي | Class consciousneess |
| وەرگۆڕان | دگرگوني، تحول | change |
| وەرچەرخان | چرخش | Rotation |
| وێکچوون | شباهت | affinity |
| هاوچەشنی | همگوني | Homogeneity |
| هاندەر-بزوێنەر | محرك | Mover |
| هەست پێکراو | ملموس | Tangible |
| هاووڵاتی | شهروند | Citizen |
| هۆکار | علّت | Cause |
| هەڵوەشانەوە | از هم پاشيدگي | Decomposition |
| هەڵکشان و داکشانی ئابووری | نوسان اقتصادي | Economic fluctualion |
| هەیەجان | هيجان | Emotion |
| ناچالاک | آرامش طلب | Pasifist |
| هێزە کۆمەڵایەتییەکان | نيروهاي اجتماعي | Social-forces |
| هێزە سیاسییەکان | نيروهاي سياسي | Political - forces |
| هەڵێنجانی بەراوردکارانە | استنتاج قياسي | Extrapolation |
| هۆکار- فاکتەر | عامل | Factor |
| هاوسەنگی کۆمەڵایەتی | تعادل اجتماعي | Social eguilibrium |
| هەڵکەوت- رێکەوت | تصادفي - اتفاقي | Aleatory |
| هاوڕایی | همفكري | Syncretism |
| یاسادانان | قانونگذاري | Legislation |
| یاسای ئەساسی- دەستور | قانون اساسي | Constitution |
| یۆتۆپیا | آرمان شهر - مدينه فاضله | utopia |

## سەرچاوەکان:


١. Scheldon S.Wolin, political Theroy as a vocation, American political science١٩٦٩

٢. Eric vogelim, the new science of political (chicago ١٩٢٥)

٣. William T.Bluhm Theory of political system, (Englewood, califfs.N.J.prentice Hill, ١٩٦٥)

٤. Thomas Hobbes, leviathan, (N.Y:E.P.dutton ١٩٥٠)

٥. Michael oakeshott, introduction to the leviathan (oxford, Basil Blak well, ١٩٧٤)

٦. Herbert Marcuse One Dimensional Man, (Boston ١٩٦٤)

٧. Glenn Tinder political Thinking, the perennail Questions, ٢nd ed. (Boston ١٩٧٤)

٨. Leo Strauss. Wath is political philosophy? (N.Y. free press, ١٩٥٩)

٩. Abraham caplan The conduct of Inqiry (San Froncisco, chandler ١٩٦٤)

١٠. Thomas Kuhn The struture of scientific Revolution, ٢nd ed. (chicago, ١٩٧٠)

١١. Charles Tayloy, "Neutrality in political science" in laslette and runciman, eds, philosophy, politics and society (N,Y, ١٩٦٧)

١٢. Stephen Toulmin, Human understanding, (primceton, N,J,١٩٧٢)

١٣. David Easton, The political system, (N,Y. knopf ١٩٧١)

١٤. سەبارەت بەدەستنیشان کردنی "ئایدۆلۆژیای نادیار" بڕوانە
Robert E. political Ideology (N.Y. ١٩٦٢)

١٥. Quote by Daniel Boorstin Genius Americon politics, (chicago ١٩٥٣)

١٦. Louis Hartz, The liberal Tradition in America (N.Y. harcourt Brace, ١٩٥٥)

١٧. Lillian Smith Killers of the Dream (N.Y. ١٩٦٣)

١٨. Leo Strauss, persecution and the Art of writing (N.Y. The free press ١٩٥٢)

١٩. Edmund cahn, The Sense of Injustice (Lndiana ١٩٤٥)

٢٠. Walter Lippmann The public philosophy (N.Y. ١٩٥٦)

٢١. Susanne K. Langer philosophy in a New Key (N.Y. ١٩٥١)

٢٢. George Sabine, A History of political Theory (N.Y. ١٩٥٠)

٢٣. Thomas Hobbes, Behemoth, (N.Y. ١٩٦٣)

٢٤. John loke, Second Trealise of civil government true origin Extent and End of civil Government.

٢٥. Edmund Burke Reflections on the Revolution in Frence (N.Y. ١٩٥٥)

٢٦. Robert Tucker, Marx-Engles Reader (N.Y. ١٩٧٢)

٢٧. Kar Marx, Economic and philosophical of ١٨٤٤.

٢٨. Jeam-Jacques Rousseau, The social contract (N.Y. ١٩٥٠).

٢٩. " بڕوانە بۆ: Apologyبۆ خوێندنەوەی راڤەکارییەکی "
Plato, Apology tran by F.J. church (indianapolis, ١٩٥٨)

٣٠. Erich Fromm, The Sana Society (N.Y. ١٩٦٧)

٣١. Robert Tucker, philosophy and Myth in karl Marx (carnbridge, England, ١٩٨٤).

۳۲. Peter Berger "Between System and Horde" in Berger and Neuhaus Movement and revolution (۱۹۷۰)
۳۳. Richard Neuhaus "The Thorough Revolutionary".
۳٤. Herbert Marcuse, Eros and civilization (N.Y.۱۹٥٦).
۳٥. Mechael P.lerner, The New socialist Revolution (N.Y. ۱۹۷۳).
۳٦. Thomas paine, The Rights of Man (N.Y. ۱۹۷۳)
۳۷. Marin Luther "Secular Authority: To what Extent Should b obeyed?" in wiliam Ebenstein, great political Thinker (N.Y.۱۹٦۰)
۳۸. Hobbes English works, ed wiliam Moles worth (london ۱۸۳۹).
۳۹. Sigmund Freud civilization and Its Discontents, Trans. James Strachey (N.Y. ۱۹٦۲).
٤۰. Aristotle physice
٤۱. Aristotle Ethics
٤۲. Aristotle politics
٤۳. Jean-jacques Rousseau, Discourse/on the origin ofinequality (N.Y. ۱۹٥۰).
٤٤. Cited Fred H.Willhoite jr. "Ethology and the Tradition of political Thought," journal of politics (۱۹۷۱)
٤٥. Edward banefield The unheavenly city (boston ۱۹٦۳)
٤٦. Henri de Simon, The Reorganization. Of the European community, The Science of Mam and other writing, Felix Markham (N.Y. ۱۹٦٤).
٤۷. Shelon Wolin, politcs and Experience (cambrige, ۱۹٦۸)
٤۸. Paul Tilich, utopia and utopian Thought (boston, ۱۹٦٦)
٤۹. Michael Polany, The Tacit Dimension (N.Y. ۱۹٦٦)

٥٠. Konrod Lorens, on Aggression, Trans. Morjorie Kerr (N.Y. ١٩٦٦)

٥١. Robertjay Lifton Revolutionary innorTality (N.Y. ١٩٦٨)

٥٢. Theodore Rozak, The Making of a counter-culture (N.Y. ١٩٦٩)

٥٣. Edmund Stillman and william pfaff, The politics of Hysteria (N.Y. ١٩٦٤)

٥٤. Michael Oakeshott, Rationalism in politics (N.Y. ١٩٦٢)

٥٥. James Madison "The Federalist ١٠", in the Federalist paper٨ (N.Y. ١٩٦١)

٥٦. Korl Marx, The German idiology, in the Marx Engles Reader, Robert Tueker (N.Y. ١٩٧٣)

٥٧. R.G.Colling wood, The New leviathan (oxford ١٩٤٢)

٥٨. David Hume Atrealise of Human Nature. Book٣, pare١.

٥٩. Karl Marx in Robert Tucker The Marx-Engels Reader (N.Y. ١٩٧٢).

٦٠. Bernard Berelson. Paul lazarsfeld wiliam mc phee voting (chicago, ١٩٥٠)

٦١. بۆ خوێندنەوەی زیاتر سەبارەت بە "کەمتەرخەمی بەرانبەر زانستی سیاسی" بڕوانە:

Peter lastett, W.G. Runciman, philosophy, politics and society (N.Y. ١٩٧٦)

٦٢. J.W.N. Watkins, Hobbes system of ideals (london, ١٩٦٥=

## بەرهەمەکانی تری وەرگێڕ:

١ . هەشت نامە ـ گۆنتەرگراس، کینزابۆرۆئە ـ لەگەڵ شۆڕش جوانرۆیی ـ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ـ ٢٠٠٢

٢ . فێربین چۆن بەسەر ترس و دڵەڕاوکێی خۆماندا زاڵ بین ـ جۆرج باربارن ـ لەگەڵ شۆڕش جوانڕۆیی ـ بنکەی ئەدەبی گەلاوێژ ـ ٢٠٠٢

٣ . نامەیەك دەربارەی لێکبووردن ـ جۆن لۆك ـ لەگەڵ شۆڕش جوانڕۆیی ـ خانەی وەگێڕان ـ ٢٠٠٤

٤ . دامەزرێنەران و سەرهەڵدانی کۆمەڵناسی ـ د.بوتول ـ (چاپ نەکراوە)

٥ . جیهانی راستەقینەی دیمۆکراسی (چاپ نەکراوە)

٦ . فەرهەنگی زاراوەکانی فەلسەفە و زانستە کۆمەڵایەتییەکان ـ ئینگلیزی ـ فارسی ـ کوردی (چاپ نەکراوە)

## زنجیرەی بڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێڕان لە ساڵی ٢٠٠٤

| ناوی کتێب | زمان | نووسەر | بابەت | ساڵی دەرچوون | وەرگێڕ |
|---|---|---|---|---|---|
| بیرەوەرییەکانی هەڵەبجە | کوردی | بەکر حەمە صدیق | مێژووی | ٢٠٠٤ | بەکرحمە صدیق/ کورد<br>دلێرمیراز/ فارسی<br>م. حسن عبدالکریم/ عەرەبی<br>فوئاد تاهیر/ ئینگلیز |
| رەهەندەکانی ناسیۆنالیزم | فارسی | کۆمەڵێ نووسەر | نەتەوەیی | ٢٠٠٤ | ئارام جمال |
| ریفراندۆم باشترین شێوازی خەباتە | سویدییەوە | تۆم گولبێری | سیاسی | ٢٠٠٤ | ئیدریس ئیبراهیم |
| شانۆی پانتۆمایم | عەرەبی | بورهان قەرەداخی | شانۆی | ٢٠٠٤ | بورهان قەرەداخی |
| گوڵەزەر | عەرەبی | جەنگیز ئیمتاتۆف | رۆمان | ٢٠٠٤ | جەوهەر کرماج |
| پاژنەی ئاسنین | عەرەبی | جاك لەندەن | رۆمان | ٢٠٠٤ | کەمال غەمبار |
| خەناوکەیەك بۆ سەر میناز | فارسی | ئەحمەدخان ئەبوبەکر | رۆمان | ٢٠٠٤ | ئەبوبەکر خۆشناو |
| ئەندامێکی میت | تورکی | محەمەد ئەیمور | سیاسی | ٢٠٠٤ | ئارام عەلی عەزیز |
| کورتترین رێگەی سەرکەوتن | فارسی | رۆبێرت ئۆرێلی | دەروونناسی | ٢٠٠٤ | سالار عەبدلرەحمان |
| کۆماری مهاباد | کوردی | عەبدوڵڵا ئەحمەد رەسول | مێژوویی | ٢٠٠٤ | سەلمان عەلی |
| چوار وتاری شیشرۆن | فارسی | رحمەت اللە مقدم مراغەی | فەلسەفی | ٢٠٠٤ | شۆرش جوانرۆی- کامل ئەحمەد بەگ |
| جوغزە گەچینە | عەرەبی | بریخت | شانۆ | ٢٠٠٤ | عومەر عەلی ئەمین |
| نیوەکەی تری جیهان | عەرەبی | چەند نووسەرێکی بیانی | چیرۆك | ٢٠٠٤ | نوری سەعید قادر |
| مافەکانی ژن لەدەتپێکەوە | فارسی | نای بن سەعدون | رۆشنبیری | ٢٠٠٤ | کارزان محەمەد |
| بەناو ئیسلامەکان | عەرەبی | د.رەفعت ئەلسەعید | فیکرییە | ٢٠٠٤ | حەسەن عبدالکریم |
| سەرچاوەکانی زانی و نەزانی | فارسی | کارل پۆپەر | فیکرییە | ٢٠٠٤ | ناسر سەلاحی |
| دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنی | فارسی | ئەنتۆنیۆ گرامشی | فیکرییە | ٢٠٠٤ | مامەند |
| کاریگەریی هەڵچوون | عەرەبی | هیمداد مەجید عەلی | یاساییە | ٢٠٠٤ | دلێر میرزا |
| خاکەکە ماچ کە | ئینگلیزی | ئەلیزابیث لایارد | رۆمان | ٢٠٠٤ | عەزیز گەردی |
| ئازارەکانی هونەرمەندێك | عەرەبی | یوسف رانسیس | هونەرییە | ٢٠٠٤ | ئاری بابان |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| جینۆساید له عێراقدا | ئینگلیزیه وه | میدل ئیست ووچ | سیاسییه | ٢٠٠٤ | محەمەد حەمەسالح توفیق |
| لوکاچ | فارسییەوه | ئیمری جورج | فیکرییه | ٢٠٠٤ | مەنسوری تەیفووری |
| ئەلف و بێ کوانتەم | ئینگلیزی | ف. ریدنیک | فیزیایی | ٢٠٠٤ | د. بایەزید حسن عبدالله |
| قبور غیر هادئه | ئینگلیزی | هیومان رایتس | دمافی مرۆڤ | ٢٠٠٤ | محمد حمه صالح توفیق |
| هونەری جەنگ | عەرەبی | سون- تزو | عەسکەریی | ٢٠٠٤ | رئووف حەسەن |
| لەنێو دڵی شانۆدا | | | شانۆیی | ٢٠٠٤ | مەحموود زامدار |
| یەکبوونی قەومی کوردو ماد | فارسی | حەبیبوڵلای تابانی | فارسی | ٢٠٠٤ | جەلیل گادانی |
| گۆڕینی رژێم | ئینگلیزی | کریستۆفەر هیچنس | مافی مرۆڤ | ٢٠٠٤ | محمد حمه سالح |
| ئیتنۆ نەتەوایەتی کوردی | ئینگلیزی | نادر ئینتیسار | نەتەوایەتی | ٢٠٠٤ | عەتا قەرەداخی |
| ئەخلاقی رۆژنامەگەریی | عەرەبی | د. حسن عماد مکاوی | لێکۆڵینەوه | ٢٠٠٤ | مەم بورهان قانع |
| کۆمۆنیزمی ئەوروپایی | ئەلمانی | ڤۆلگانگ لیۆنهارد | سیاسی | ٢٠٠٤ | د. کوردۆ عەلی |
| رێنیسانس | عەرەبی | د.کمال مەزهەر | لێکۆڵینەوه | ٢٠٠٤ | فوئاد مجید میسری |
| ژنانه یاری بکەو پیاوانه بیبەرەوه | فارسی | گیل ئیڤانس | دەروونناسی | ٢٠٠٤ | شەیدا سەلاح |
| عیراق و بەردەوامی قەیرانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست | ئینگلیزی | د. ئەوان و ئەندرسن د. خەلیل. هـ. رەشیدیان | سیاسی | ٢٠٠٤ | فوئادی تاهیر سادق |
| ئاسیا لەبەرامبەر خۆرئاوادا | فارسی | داریوشی شایگان | فکری | ٢٠٠٤ | شۆرش جوانڕۆیی- مامەند رۆژە |
| بەفر | فارسی | ماکینس فیزمین | رۆمان | ٢٠٠٤ | ئازاد بەرزنجی |
| شانۆگەری ئارماییەکان | ئینگلیزی | هێنریک ئیبسن | شانۆگەری | ٢٠٠٤ | عەتا قەرەداخی |
| مشیل ئێرانیەکان چۆن بیر ئەکەنەوه؟ | فارسی | میشیل فۆکۆ | وتار | ٢٠٠٥ | هەژار جوانڕۆیی |